# وەرزنامەی

# ئێرانناسی

ژمارە (٤)، ساڵی یەکەم، تەمموزی ٢٠٢٢

CFS
سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی
وەرزانە دەریدەکات


- ئێران: سیاسەتی دەرەوە و ناوخۆ
- دیدی ئێران بۆ پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ ئەمریکا و ئیسرائیل
- ڕۆڵی چینی مامناوەندی نوێ لە نارەزایەتییەکانی ئێراندا
- دوو جەمسەری باکوور و باشووری ستراتیجی ئێران
- سیاسەتی شووناس، پەروەردە و فێرکردن و ئاسایشی نەتەوەیی لە ئێران
- خۆبەخۆرهەڵاتیکردن و بێمانایی: بەکارهێنان و هەڵەبەکارهێنانی گوتاری "ئاریایی" لە ئێران
- زیائەدین تەباتەبایی، ڕۆژنامەنووسێکی کودەتاچی

وەرزنامەی
# ئێرانناسی

CFS
Center for Future Studies

گۆڤارێکە گرنگی بە توێژینەوەی سراتیجی و ئایندەیی سەبارەت
بە ئێران دەدات، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی دەریدەکات

ژمارە (٤)، ساڵی یەکەم، تەمموزی ٢٠٢٢

خاوەنی ئیمتیاز: سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی

سەرنووسەر: بارام مەجیدخان

بەڕێوەبەری نووسین:

هەورامان فەریق کەریم

بۆردی ڕاوێژکاران:

د. یوسف گۆران
د. ئومێد رفیق فتاح
د. عابد خالد رسول
د. هەردی مەهدی میکە

دیزاین: شێرکۆ خانزادی

هەڵەبڕ: هاشم خدر

شوێن:

عێراق: هەرێمی کوردستان. سلێمانی

Address: Iraq, Kurdistan, Slemani

Tel: (+964) 0773 836 3758 - (+964) 0751 833 9135

ناونیشانی ئەلیکترۆنی:

www.centerfs.org

Facebook: Center.of.Future.Studies

Instagram: centerfs

Email: info@centerfs.org

وەرزنامەی

# ئێرانناسی

وەرزنامەی ئێرانناسی؛ گرنگی بە توێژینەوەی سراتیجی و ئایندەیی سەبارەت بە ئێران دەدات و سێ مانگ جارێک سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی بڵاویدەکاتەوە. ئامانجی گرنگیدانە بە لێکۆڵینەوە ستراتیجی و سیاسییەکانی ئێران و کارلێکە هەرێمایەتی و جیهانییەکان و کاریگەرییان لەسەر هەرێمی کوردستان و ناوچەکە. مەودای کاری گۆڤاری ئێرانناسی بریتی دەبێت لە توێژینەوە لە سیاسەتی کورتمەودا و دوورمەودای ئێران و شرۆڤەی سیاسی و ستراتیجیی ئێران و ناوچەکە و توانای ئابووری، سەربازی، سیاسی و کولتووریی پەیوەست بە ئێران. مەرجە بابەتەکانی لەخۆگری دیدگای ئایندەی و ستراتیژی بن و سیناریۆکان و ئەگەرەکان بخەنەڕوو، لە پێناو سیاسەتڕێژیکردنی پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و ئێران. هەوڵێکە لە پێناو هاوکاریکردنی پڕۆسەی سیاسەتڕێژی و سیاسەتی پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و ئێران.

# ناوەڕۆک

ئێران: سیاسەتی دەرەوە و ناوخۆ
بارام مەجیدخان.......................................................................٦-٧
دیدی ئێران بۆ پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ ئەمریکا و ئیسرائیل
ئەژی ئازاد ئەبوبەکر، ژیلوان لەتیف یارئەحمەد.............................................١٠-٣١
ڕۆڵی چینی مامناوەندی نوێ لە نارەزایەتییەکانی ئێراندا
عەباس ش. ئەحمەدی..............................................................٣٢-٤١
دوو جەمسەری باکوور و باشووری ستراتیجی ئێران
بارام مەجیدخان.......................................................................٤٢-٥٣
سیاسەتی شوناس، پەروەردە و فێرکردن و ئاسایشی نەتەوەیی لە ئێران
ڕەزا خەلیلی، حامد میهرەبان ئینچەبرون.................................................٥٦-٨١
خۆبەخۆرهەڵاتیکردن و بێمانایی: بەکارهێنان و هەڵەبەکارهێنانی گوتاری "ئاریایی" لە ئێران
ڕەزا زیا ئیبراهیمی، و. بۆ فارسی: فاتیح موورادی نیاز، و. بۆ کوردی: عەبدوڵڵا ڕەسووڵی............٨٢-١٢٥
کەسایەتییەکانی ئێران: زیائەدین تەباتەبایی؛ ڕۆژنامەنووسێکی کودەتاچی
هەردی مەهدی.......................................................................١٢٨-١٣٣
ڕانانی کتێب: کتێبی ئێراننامە......................................................١٣٦-١٣٩
چەمکناسی: ئیرانشەهری
هەورامان فەریق.......................................................................١٤٢-١٤٥
بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی.......................................١٤٦-١٤٩

سەروتار

# ئێران؛ سیاسەتی دەرەوە و ناوخۆ



**بارام مەجیدخان**........................................................................

ئێران زۆرکات چەقی گۆڕانکارییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بووە. ئەگەر ئەو تیۆرەی ڕیالیستەکان لەبەرچاو بگرین کە "سیاسەتی دەرەوە ڕەنگدانەوەی سیاسەتی ناوخۆیە" ئەوا ئەم بنەمایە تا چەند لەگەڵ بارودۆخی ئێستای ئێران گونجاوە؟ دیارە هەر دەوڵەتێک لە ژینگە و هەلومەرجی تایبەت بە خۆیدا دەژی. لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست مەرج نییە سیاسەتی دەرەوە ڕەنگدانەوەی سیاسەتی ناوخۆ بێت، بەڵکو زۆر جار ئەم بنەمایە ڕێک بە پێچەوانەوە کار دەکات.

گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتیی و ئابوورییەکان لە ئێران بە ڕادەیەک دەست و پەنجەی لەگەڵ داخوازییەکانی خەڵکی ئێران نەرم کردووە، کە بووەتە بابەتی ڕۆژی هەموو تاک و خێزانێکی ئێران. چین و توێژە کۆمەڵایەتییەکان بە تایبەت چینی ناوەڕاستی هەژاری ئێران لە درێژەی خۆپیشاندانەکانی ڕابردوو شەقامەکانی ئێرانیان پڕ کرد لە دەنگی ناڕەزایی لە هەمبەر دۆخی نالەباری ئابووریی و ئەو هەڵاوسانە تاقەت پڕوکێنەی کە پەستانی زۆری خستووەتە سەر کۆمەڵانی خەڵکی ئێران. بەڵام بە پێچەوانەی چاوەڕوانییەکانی حکومەتی ئێران بە پشوودرێژی و سنگ فراوانییەوە ڕووبەڕوویان بوویەوە و بە بەراورد بە بەرفراوانی خۆپیشاندانەکان کەمترین قوربانی لێکەوتەوە. فشارەکانی خۆپیشاندەران بۆ چاکسازی و بەرزکردنەوەی ئاستی ئابووریی ژیانی خەڵک کاریگەریی لەسەر حکومەت داناوە بەوەی کە زیاتر لە جاران ئێران پێویستی بە ڕێکەوتن لەگەڵ وڵاتانی ڕۆژئاوا هەبێت. هاوتەریب لەگەڵ خۆپیشاندانەکان و ناڕەزایەتییەکانی خەڵک بابەتی ئینتیما و شووناسی کولتووری و نەتەوەیی زیاتر لە هەموو قۆناغێکی شۆڕشی ئێران ڕۆشنتر لە ناوەندەکانی زانستی و کولتووری گشتی خەڵک هەستی پێدەکرێت. ململانێی شووناس و هەویەی زمانیی بە تایبەت زمانی کوردی وەک شێوازێک لە دەربڕینی ناڕەزایەتی لە سیاسەتە ڕەسمی و یاسا بنەڕەتییەکانی ئێران لەگەڵ دەربڕینی ناڕەزایەتی مامۆستایان سیاسەتی کولتووری دەخاتە بەردەم کێشەی دوورمەودای کولتووری و کۆمەڵایەتی. لەگەڵ گەشەکردنی هەویەی زمان و کولتوور لە ئێران بە بەراورد لەگەڵ سەرەتای شۆڕشی ئێران هەنگاویان بۆ پێشەوە ناوە. چەندین ناوەندی چاپ و بڵاوکردنەوەی کتێب بە زمانی کوردی بوونیان هەیە. بەڵام ڕێگریکردن لە بە فەرمیناساندنی زمانی کوردی لە

قوتابخانەکان تا ئێستا گرێکوێرەی داخوازییەکانی خەڵکە لەگەڵ ئەوەی کە دەستووری ئێران ڕێگای بەو مافە داوە.

لەسەر ئاستی سیاسەتی دەرەوە، ئێران لە ململانێیەکی قورسدایە لەگەڵ وڵاتانی (٥+١) درێژترین دۆسیەی دبلۆماسی نیوەی دووەمی سەدەی ڕابردوو تا ئێستا دۆسیەی ئەتۆمیی ئێرانە. جهیان و ئێران لە چاوەڕوانی چارەسەری ئەم دۆسیە و گەڕانەوەی ئەمریکا بۆ ڕێککەوتننامەکە و لە لایەکی ترەوە بە گوێرەی لێدوانی کەمالی خەرازی وەزیری پێشووتری دەرەوەی ئێران و ڕاوێژکاری ئێستای ڕابەری ئێران "ئێران توانای دروستکردنی بۆمبی ئەتۆمیی هەیە، بەڵام فەرمانی دروستکردنی نییە" ئەمەش نیگەرانییەکانی ناوەندە نێودەوڵەتییەکان زیاتر دەکات بۆ ڕێکەوتن یا ڕووبەڕووبوونەوەی یەکجاری لەگەڵ ئەم دۆسیەدا. سەرۆکی ئەمریکا لە میانەی بەشداریکردنی لوتکەی وڵاتانی کەنداو ڕایگەیاند کە بژاردەی دبلۆماسی بژاردەی یەکەمی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایە. ریزبەندی و جەمسەربەندییە ناوچەیی و جیهانییەکان ئاماژەن بۆ ئەوەی شەڕێکی ساردی نوێ لە ناوچەکەدا لە ئاستی ڕوودان زۆر نزیکبووەتەوە. لەگەڵ سەردانی سەرۆکی ئەمریکا بۆ "ریاز" و سەردانی پێشبینی کراوی سەرۆکی ڕووسیا بۆ ئێران لە چوارچێوەی دانیشتنەکانی ئاستانە و بە دیارخستنی ئاسۆیەکی نوێ بۆ چارەسەری کێشەکانی سووریا ئەم جەمسەربەندییانە تۆختر دەبنەوە. دۆسیەی موشەکە بالستییەکانی ئێران بەردەوام مایەی نیگەرانی وڵاتانی ناوچەکە و ئەمریکا و ئیسرائیلە. ئێران درۆن و فڕۆکەی بێ فڕۆکەوان بە ڕووسیا دەفرۆشێت لە جەنگ لە دژی ئۆکرانیا ئەمەش مایەی نیگەرانی وڵاتانی ئەورووپایە کە کاریگەریی نەرێنی لە سەر دانوستانەکانی ئێران و ڕۆژئاوا دادەنێت. لە لایەکی ترەوە ئەم بابەتە ئەوە دەخاتەڕوو کە دۆسیەی توانا سەربازییەکانی ئێران بابەتی دانوستان نییە لەگەڵ هیچ لایەنێک. هەلومەرجی نوێی ئێران لە ناوچەکە لەگەڵ ئەوەی کە ئێران زیاتر لە حکومەتی ڕۆحانی پێداگرە لەسەر مافەکانی لە چوارچێوەی بەرجام، بە شوێن ڕێکەوتنێکی ئابڕومەندایە لەگەڵ جیهان. ئێران لە ژێر فشارێکی زۆری ئابووریدایە، بەڵام هیچ گۆڕانکارییەکی ئەوتۆ لە سیاسەتە بنچینەییەکانی نەهاتووەتە ئاراوە. ڕۆڵی ناوچەی ئێران و کاریگەرییەکانی لە وڵاتانی ناوچەکە لەگەڵ ئەوەی کە پاشەکشەیەکیان پێوە دیارە بە تایبەت لە لوبنان و یەمەن و عێراق و سووریا، بەڵام ناکاتە ئەوەی کە بڵێین ڕۆڵی ئێران کۆتایی پێهاتووە، بەڵکو لەکاتی پێوستدا دەتوانێت کارلێکی قورسی هەبێت بەرامبەر مەترسی هێرش بۆ سەر بەرژەوەندییەکانی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بە تایبەتریش بەرامبەر بە ئیسرائیل.

وەرزنامەی

# ئێرانناسی

# توێژینەوەکان

# دیدی ئێران بۆ پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ ئەمریکا و ئیسرائیل

## ستراتیژی نوێ و جەنگی درۆنەکان


ئەژی ئازاد ئەبوبەکر


ژیلوان لەتیف یارئەحمەد



**بەرایی**

پەیوەندییە مێژووییەکانی باشووری کوردستان لەگەڵ ئەمریکا و ئیسرائیل بە هەموو هەڵبەز و دابەزەکانییەوە لە پشتیوانی ئەم دوو وڵاتە بۆ شۆڕشی ئەیلول تاوەکو پشتگیری ئەمریکا بۆ قەوارەی هەرێمی کوردستان لە پاش ساڵی (٢٠٠٣) و ڕووداوەکانی دواتر، وایکردووە کە کۆماری ئیسلامیی ئێران بەردەوام بەهەستیارییەوە بڕوانێتە پەیوەندییەکانی هەرێم لەگەڵ ئەم دوو وڵاتە و ئاگاداربووە، کە سیاسەت و هەنگاوەکانی هەرێم لە هێڵی سووریی عێراقی یەکگرتوو و یەکپارچە تێنەپەڕێت و نەگاتە ئاستی ویستی سەربەخۆیی. لەگەڵ ئەمەشدا گۆڕانی هاوکێشەکانی ناوچەکە بە هۆی دەرکەوتنی داعش و هاتنەسەر دەسەڵاتی دۆناڵد ترەمپ لە ئەمریکا و بە تایبەتی بەڕێوەچوونی ڕیفراندۆمی (٢٠١٧) لە هەرێمی کوردستان، بەتەواوی ئێرانی بەدگومان کرد. ئەم بەدگومانییە لە پاش قۆناغی پۆست داعشەوە بەرەو هەنگاوی کرداریی و کردەیی ڕۆیشتوون و ئێران لە دۆخی تازەی عێراق و هەرێمی کوردستاندا پەنای بۆ جموجوڵی سەربازیی لە ڕێگەی جەنگی درۆنەوە بردووە. لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدراوە لە ڕوانگەی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە، پەیوەندییەکانی هەرێم لەگەڵ وڵاتانی ئەمریکا و ئیسرائیل و نیگەرانی و چاوەڕوانییەکانی بۆ هەرێم و ئایندەی جەنگی درۆنەکان لەسەر هەرێمی کوردستان بخرێتە بەر لێکۆڵینەوە.

**هەرێمی کوردستان و عێراق؛ پاراستنی یەکپارچەیی**

لە دوای ڕووداوەکانی شەڕی دووەمی کەنداو و ڕاکێشانی هێڵی دژەفڕین بۆ ناوچەکانی هەرێمی کوردستان و دروستبوونی حکومەتێکی خۆجێیی، هێرشی ئەمریکا بۆ عێراق و پێکهاتنی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەهاری عەرەبی (٢٠١١) و ڕەخساندنی هەل بۆ بەهێزبوونی ناوچەیی کوردەکان و داواکاری خواستە نەوتەوەییەکەیان، دواجار دەرکەوتنی داعش، گرنگترین هۆکاری بەهێزبوونی کوردەکان لە عێراق و هەڵکشانی پێگەی ناوچەیی و نێودەوڵەتیان بووە[1]. ئەم بەهێزبوونە لەگەڵ کۆمەڵێک هۆکاری تر وەکو گرنگی پێگەی هەرێم بۆ کارەکتەرە هەرێمییەکان، گرتنەبەری سیاسەتی سەربەخۆ لە بەرامبەر حکومەتی ناوەندیی عێراق، لێکچوونی کولتووریی نێوان هەرێم و ناوچە کوردنشینەکانی ئێران، هەوڵەکانی ئەمریکا، ئیسرائیل و وڵاتانی کەنداو بۆ دروستکردنی کاریگەری لەسەر هەرێم بە قازانجی خۆیان و دژ بە بەرژەوەندییەکانی ئێران و بوونی حیزبە ئۆپۆزسیۆنەکانی ئێران لە خاکی هەرێم، هەروەها بایەخی ئابووری و بازرگانی، بووە هۆی ئەوەی کۆماری ئیسلامیی ئێران بەگرنگییەوە بڕوانێتە هەرێمی کوردستان.

تایبەتمەندیی جیوپۆلەتیکی، سەرچاوەکانی وزە، سەرچاوەکانی ئاو و شوێنگەی لەبار بۆ گەشتیاری، هەروەها ڕێڕەوی هەناردەی

نەوت، پێگەیەکی تایبەتی بەخشیوە بە هەرێمی کوردستان کە لە لایەکەوە بتوانێت لە چوارچێوەی دەسەڵاتە نیمچە سەربەخۆییەکەیدا پێگەی ئابووریی و سیاسی خۆی لە عێراقدا بەهێز بکات و لە لایەکی ترەوە بایەخ و گرنگی خۆی بۆ وڵاتانی هەرێمی زیاتر دەربخات[2]. ئەگەرچی بەرپرسانی ئێران بەردەوام جەختیان لە ڕۆڵبینینی ئەرێنی حکومەتی هەرێم لە پتەوبوونی پەیوەندییەکانی نێوان ئێران و عێراق کردووە، بەڵام لە هەمانکاتدا، سیاسەتی "ئاسایش میحوەر"ی کۆماری ئیسلامی ئێران وایکردووە کە بەرەوام دیدێکی گوماناویی لە لای دەسەڵاتدارانی ئێران بۆ بەشێک لە خواستی کوردەکان وەک هەوڵەکانی بۆ جیابوونەوە لە حکومەتی ناوەندیی عێراق بێتەکایەوە، هەروەها نیگەرانی لەوەی کە هەرێم نەبێتە شوێنێک بۆ دابینکردنی بەرژوەندییەکانی وڵاتانی ئەمریکا، ئیسرائیل و وڵاتانی عەرەبیی ناوچەکە و نەچێتە چوارچێوەی پلانێکی هەرێمی و نێودەوڵەتییەوە بە مەبەستی لێدانی بەرژەوەندییەکانی ئێران و دروستکردنی دیوارێک لە نێوان ئێران و عێراق، بوونی هەبووە.

بەدرێژای ساڵانی دوای کەوتنی ڕژێمی بەعس لە عێراق و هاتنەسەر دەسەڵاتی حکومەتێک کە تیایدا شیعەکان باڵادەستبوون، ئێران بەردەوام هەوڵیداوە کە عێراق لە چوارچێوەی پێناسەکانی "دراوسێیەکی ستراتیژیی"، "هاوپەیمانێکی ناوچەیی" بناسێنێت، هەروەها وەک بابەتێکی "ئاسایشی نیشتمانی" لێی بڕوانێت و هەژموونگەرایی خۆی لەم وڵاتە زیاتر بکات. پشتیوانیکردنی ڕەهای ئێران بۆ حکومەتی شیعی، بۆ دابینکردنی جێگیری (ثبات) و ئاسایشی هەرێمییە لە چوارچێوەی "جیوپۆلەتیکی شیعە" لە ناوچەکەدا کە تیایدا عێراق گرنگترین ڕۆڵ دەگێڕێت[3]. ڕۆڵ و پێگەی عێراقە لەو هێڵەی کە ئێران ناوی لێناوە "بەرەی خۆڕاگری" (محور مقاومت)، بەدیهێنەری ئامانجە ستراتیژی و پرۆژەی جیۆپۆلەتیکی ئێرانە لە ڕێگەی دروستکردنی هێزە بەوەکالەتەکان (نیابی) و شەڕی بەوەکالەت[4]. گرنگیی پێگەی عێراق لەم هێڵەدا لە دوای سەرهەڵدانی قەیرانی سوریا و درێژەکێشانی زیاتر بووە، بەو پێیەی کە ستراتیژی ئێران لەم وڵاتانە بەیەکەوە بەستراوەتەوە و لاوازی هەرکامێکیان کاریگەریی ڕاستەوخۆی لە سەر لایەنەکانی تر دەبێت، بەتایبەتی کە یەکێک لە هەنگاوەکانی ئێران و سوپای پاسداران (سوپای قودس) بۆ پتەوکردنی ئەم هێڵە، دروستکردنی ڕایەڵەی پەیوەندییە لە نێوان ئەم هێزانە و بەیەکەوە بەستنیانە[5].

لەم چوارچێوەیەدا، ئێران پێیوایە کە دەرکەوتنی داعش و بەرزبوونەوەی پێگەی هەرێم بە هۆی دەرهاویشتەکانی شەڕی داعش لە ئاستی نێودەوڵەتیدا، هەلی ئەوەی ڕەخساند کە کورد "بانگەشە کۆنەکانی" دووبارە بکاتەوە و بە هاندانی ئەمریکا و ئیسرائیل و

پیلانی وڵاتە عەرەبە سوننەکان، کوردەکان بەرەو ویستی "سەربەخۆیی" پەلکێش بکەن. هەرجۆرە جیابوونەوەیەك لە عێراق چ لە لایەن کوردەکان یان عەرەبە سوننەکانەوە ڕوو بدات، دەبێتە هۆی پچڕانی هێڵی بەرەی خۆڕاگری و دەستکراوەیی ئەو وڵاتانەی کە ئێران بە دوژمنی خۆی دەزانێت. بۆ کورد جیا لەم بابەتە ستراتیژییە، داوای سەربەخۆیی، هاندەرێك دەبێت بۆ کوردەکانی ئێران کە لە سەر هەڵوێستی "دوورکەوتنەوە لە ناوەند" (گریز از مرکز) موکرتر بن، کە ئەمەش بە هۆی بوونی کەمایەتییە تورک، ئازەری، عەرەب و ...تاد، لەم وڵاتە و مەترسی لە سەر یەکپارچەیی شووناس و خاکی ئێران، دەچێتە چوارچێوەی "ئاسایشی نیشتمانی"ی کۆماری ئیسلامی ئێران-ەوە. بابەتێک کە بە درێژایی مێژووی هاوچەرخی ئێران (بە هەموو حکومەتەکانییەوە) ترسێکی بەردەوامی دەسەڵاتداران، ڕۆشنبیران و تەنانەت ڕای گشتیی ئێران بووە(6).

## پەیوەندی هەرێمی کوردستان و ئەمریکا؛ دیفاکتۆی سەپێنراو

بەشێکی گەورە لە گومانەکانی دەسەڵاتدارانی ئێران لە پێگەی هەرێم و سیاسەتەکانی بەرامبەر حکومەتی ناوەندی عێراق و ئێران، بۆ خەسڵەتی پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەمریکا و دواتر ئیسرائیل دەگەڕێتەوە. ئەمە لە کاتێکدایە کە سیاسەتی دەرەوەی ئێران لە سەردەمی ئەحمەدی نەژادەوە بەرامبەر ئەم دوو وڵاتە بریتیبووە لە: "سازکردنی پەیوەندی تەندروست و چالاکانە لەگەڵ هەر وڵاتێک جگە لە ڕژێمی داگیرکاری قودس (ئیسرائیل) بۆ هەمیشە و ڕژێمی سیاسی ئەمریکا، بە مەرجێک ئامادەبێت ڕەچاوی سەرفرازی و بەرژەوەندییەکانی خەڵکی ئێمە بکات"(7). لە دیدی ئێرانەوە یەکێک لەو هۆکارانەی کە وایکردووە هەرێمی کوردستان لە ئێستادا گرنگییەکی جیوپۆلەتیکی هەبێت و لە هاوکێشە ئابووری و سیاسییەکانی عێراقدا ڕۆڵ و قورسایی هەبێت، بوونی ڕاستەوخۆی ئەمریکایە لە عێراق و پشتگیرکردنی کوردەکانە، هەر لە دوای شەڕی دووەمی کەنداو (١٩٩١) تاوەکو ڕووخانی ڕژێمی بەعس بە دابینکردنی ناوچەی دژ فڕین و دواتر جێگیرکردنی حکومەتێکی خۆجێی لە عێراقی نوێدا، کە هەرچەندە بەدیهێنەری ئامانجەکانی خۆیەتی لە ناوچەکەدا، بەڵام بووەتە هۆی بەهێزبوونی پێگەی هەرێمی کوردستان(8). ئێران پێیوایە لە قۆناغی دوای کشانەوەی بەشێکی زۆر لە هێزە سەربازییەکانی ئەمریکا لە عێراق (٢٠١١) و هاتنەسەر دەسەڵاتی دۆناڵد ترامپ، ئەمریکا دەیەوێت بە بوونی لوجستیکی و سیاسیی زیاتری لە هەرێم، سیاسەتەکانی ئێران لە هەرێم و دواتر لە عێراق کۆنترۆڵ بکات و هەرێم بکاتە ناوچەیەکی نائەمن بۆ ئێران(9). بیرۆکەی "ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورە" لە

دیدی ئێرانەوە، وەك ستراتیژییەكی بەردەوام و هاوبەشی ئەمریكا و ئیسرائیلە بۆ ناوچەكە و پێیانوایە ئەمریكا بۆ بەجێگەیاندنی ئەم نەخشە نوێیە پێویستی بە دەوڵەتە نوێ و سەربەخۆكان هەیە و بەم ئاراستەیە بیرۆكەی دروستكردنی "هەرێمە سوننەكان" لە عێراق لەم چوارچێوەیەدایە و پشتگیری كوردەكان بۆ ئەم پرۆژەیە، بە مەبەستی بەهێزكردنی پێگەی سەربەخۆیانەی هەرێمەكەیانە[10]. لە ڕاڤەی ئێران بۆ ئەم پرۆژەیە، بەشێك لە وڵاتانی ئێران، توركیا، عێراق و سوریا لە پێناو دروستكردنی كوردستانێكی سەربەخۆ جیادەكرێنەوە و تەنانەت پاڵپشتی نەكردنی ئەمریكا بۆ ڕیفراندۆم (كە هەنگاوێك بوو بە ئاراستەی ئەم پرۆژەیە) ڕاستگۆیانە نەبووە و تەنیا بەهۆی نارەزایەتی گشتی وڵاتانی ناوچەكە و لەبارنەبوونی دۆخی هەرێمی ئەو هەوڵوێستەی نواندووە[11].

لەم ڕوانگەیەوە ئێران بە هەستیارییەكی بەردەوامەوە دەڕوانێتە هەنگاوەكانی ئەمریكا لە پەیوەندییەكانی لەگەڵ هەرێمی كوردستاندا، ئەمە لە چەندین ڕووداو و پێشهات بە ئاشكرا دەبینرێت؛ كردنەوەی گەورەترین باڵیۆزخانەی ئەمریكا لە جیهان لە شاری هەولێر، مانای ئەوەیە كە ئەمریكا بەدوای ئامانج و بەرنامە درێژخایەنەكانی لە هەرێمدا دەگەڕێت و لە ستراتیژی ئایندەی خوێ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و عێراق و لە ڕووبەڕووبوونەوەی هەژموونی ئێراندا، هەرێمی كوردستان پێگەیەكی ستراتیژی دەبێت[12]. ڕێككەوتننامەی سەربازیی نێوان حكومەتی هەرێم و ئەمەریكا لە (٢٠١٦/٧/١٢) لە گەرمەی شەڕی داعشدا، بابەتێكی تر بوو، كە سەرنجی میدیاكانی ئێرانی بەلای خۆیەوە ڕاكێشا كە پێیانوابوو، ئەم ڕێككەتننامەیە جیا لە ئامانجە كورت مەوداكانی وەك ڕووبەڕووبوونەوەی داعش، ئامانجی دوورمەودای بۆ هەردوو لا هەیە؛ بۆ كورد، بوونی هێزە سەربازییەكانی بیانی، دەتوانێت وەك خاڵێكی پاڵپشتی بۆ سووربوون لەسەر خواستەكانی بەرامبەر بە حكومەتی ناوەندی عێراق بەكاردێت بەتایبەت لە دۆسییەكانی پەیوەست بە نەوتی كەركوك و چارەنووسی ناوچە جێناكۆكەكان، بۆ

**ئێران بەردەوام پێیوایە كە هەرێمی كوردستان بە هۆی پەیوەندییە مێژوویی و توندوتۆڵەكەی لەگەڵ ئێران و زانینی ئەوڕاستییەی كە "ئاسایشی ئێران واتا ئاسایشی هەرێمی كوردستان"، ڕێگە نادات كە هەرێم ببێتە پێگەیەك بۆ لێدانی ئێران لە لایەن ئەمریكاوە.**

ئەمریکاش ئەم ڕێککەوتننامەیە بۆ ماوەی دەساڵە دەتوانێت گەرەنتی مانەوەی هێزەکانی ئەمریکا بکات لە ناوچەکانی هەرێم[13].

دەنگ نەدانی کوردەکان بۆ پرۆژەیاسای چوونەدەرەوەی ئەمریکا لە عێراق لە پەرلەمانی ئەم وڵاتە، پێشهاتێکی تر بوو، کە سەرەڕای ئەوەی ئێران ڕەچاوی پەیوەندییەکانی ئێران و ئەمریکای کردبوو، بەڵام پێیوابوو ئەم هەڵوێستەی پەرلەمانتارانی هەرێم بە مانای ئەوە دێت کە کوردەکان بە هۆی کێشەکانیان لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندی عێراقدا، لە ئەمریکا وەك پشتیوانێك دەڕوانن[14]. هەروەها هەوڵەکانی ئەمریکا بۆ کشانەوە لە پێگە سەربازییە جیاوازەکانیان لە عێراق و کەمکردنەوەیان لە چەند پێگەیەك کە بەشێکیان دەکەوێتە هەرێمی کوردستان، سەرنجی ئێرانییەکانی بۆ لای خۆی ڕاکێشابوو. لەم بابەتەشدا ئەگەرچی ئێران ڕەچاوی تایبەتمەندییەکانی هەرێم دەکات و سەرەڕای ئەوەی بەشێك لە دەسەڵاتدارانی ئێران چاوەڕێی ڕەتکردنەوەی هەرێمیان دەکرد، بەڵام ئێران بەردەوام پێیوایە کە هەرێمی کوردستان بە هۆی پەیوەندییە مێژوویی و توندوتۆڵەکەی لەگەڵ ئێران و زانینی ئەو ڕاستییەی کە "ئاسایشی ئێران واتا ئاسایشی هەرێمی کوردستان"، ڕێگە نادات کە هەرێم ببێتە پێگەیەك بۆ لێدانی ئێران لە لایەن ئەمریکاوە[15].

## پەیوەندی هەرێمی کوردستان و ئیسرائیل؛ هێڵێکی سووری ڕەها

کۆماری ئیسلامیی ئێران هەر لە سەرەتای دامەزراندنییەوە سەبارەت بە ئیسرائیل، هەڵوێستێکی فەرمیی نەگۆڕ و بێ سازشی هەبووە و هەر لەو کاتەوەی کە ئایەتوڵڵا خومەینی لە وتارێکدا لە ساڵی (١٩٨٢) ڕایگەیاند کە "دەبێت ئیسرائیل لە پەڕەی ڕۆژگار بسڕدرێتەوە..."[16]. بەردەوام ئیسرائیلی بە مەترسی یەکەمی لەسەر کیانی حکومەتە ئیسلامییەکەی زانیوە و هۆکاری گرتنەبەری سیاسەتە ئەمنی و سەربازییەکانشی لە ناوچەکانیتر بۆ بەرگریکردن لەخۆی زانیوە، تەنانەت پێیوایە کە ڕیشەی زۆربەی فشارەکانی ئەمریکا، بۆ لۆبییەکانی ئیسرائیل و پشتیوانی ڕەهای ئەمریکا بۆ ئیسرائیل دەگەڕێتەوە[17]. هەربۆیە بابەتێکی سەرەکی و نەگۆڕ لە سیاسەتی دەرەوەی ئێران کە پەیوەندیدارە بە گوتاری شۆڕشەوە، دژایەتیکردنی ئیسرائیلە؛ لەسەر ئەم بنەمایە، ئێران بە درێژایی ساڵانی دوای شۆڕش، پشتگیری هێزە چەکدارە بەرهەڵستکارەکانی ئەم وڵاتەی لە فەڵەستین و لوبنان کردووە[18]. بۆیە نەك سەبارەت بە هەرێمی کوردستان، بەڵکو سەبارەت بە سەرجەم وڵاتانی ناوچەکە، ئێران هەوڵی خستنەژێر چاودێری جموجۆڵ و پەیوەندییەکانی ئیسرائیلی داوە.

سەبارەت بە پەیوەندییەکانی دەوڵەتی ئیسرائیل لەگەڵ کورد لە ڕۆژهەڵاتی

ناوەڕاستدا، ئێران پێیوایە ئیسرائیل چەند ئامانجێکی دیاریکراوی هەیە:

١. لاوازکردن و لێکجیاکردنەوەی ناوخۆیی وڵاتانی دوژمنی ئیسرائیل لە وڵاتەکانی ئێران، عێراق و سوریا لە ڕێگەی پشتگیریکردن لە جودابیخوازی "کەمینەی کورد زمان".

٢. ڕاگرتنی هاوسەنگی هێز بەرامبەر بە دوژمنەکانی.

٣. کۆنترۆڵکردن و چاودێری لەسەر وڵاتانی ناوچەکە لە ڕێگەی فراونکردنی پەیوەندییەکان لەگەڵ کوردەکان.

٤. بەدەستهێنانی شەرعییەتی سیاسی.

٥. چارەسەکردنی کێشە بنەرەتییەکانی وەک نەوت و ئاو.

٦. بەدەستهێنانی بازاڕێک بۆ وەبەرهێنان.

٧. بڵاوەکردنی دیموکراسیەتی سکۆلار لە ناوچەکە.

٨. نفوزی زیاتر لە ڕۆژهەڵاتی ناوەراست.

٩. بەدیهێنانی بانگەشە مێژووییەکەی سەبارەت بە ناوچەکانی نیل تا فورات[19].

هەر لەسەر ئەم بنەمایە پشتگیری ئیسرائیل بۆ ویستی سەربەخۆیی کورد لە عێراقدا، لە دیدی ئێران، "پرۆژەیەکی ئایندەییە" کە تەنیا بە هاندانی کوردەکانی عێراق و ئێران ناوەستێت و هانی گەلانی تری ئێران وەك تورک، عەرەب، بلوچ و پێکهاتەکانیتری ئێران دەدات کە داواکاری هاوشێوەیان هەبێت یان بە لانیکەمەوە داوای ئەزمونی فیدراڵیزم بکەن، کە دواجار یەکپارچەیی خاکی ئێران دەخاتە مەترسییەوە[20].

ئەم گومانە بەردەوامانەی ئێران لە سیاسەتی ئیسرائیل بە ئاراستەی هەرێم، سەبارەت بە شاری کەرکوك ڕەهەندی جیاوازی وەرگرتووە؛ لە لای ئەوان هۆکاری سەرەکی پشتیوانی ئیسرائیل بۆ جیابوونەوەی هەرێم لە بەغدا، دابینکردنی سەرچاوەی دڵنیاکەرەوەی وزە و سوتەمەنییە. بە شێوەیەك کە دەوڵەتی ئیسرائیل بە هۆی کێشەی دابینکردنی وزەوە، دەیەوێت لە ڕێی هەرێمی کوردستانەوە دەستی بە سەرچاوەی پرداهاتی کەرکوک بگات و لە ڕێگەی وەبەرهێنانی نەوت لەم شارە و گواستنەوەی نەوت بە بۆری کەرکوك-حەیفا، لەم لایەنەوە لە وڵاتانی تری ناوچەکە بێمننەت بێت. تاران باوەڕی وایە ئێستاش ئیسرائیل گەورەترین کڕیاری نەوتی هەرێمی کوردستانە[21]. ئەمە جیا لەوەی کە لە ساڵانی ڕابردوودا بەردەوام بەشێك لە میدیا و توێژەرانی ناوخۆی ئێران، باسیان لە پلان و هەوڵەکانی ئیسرائیل بۆ گۆڕینی دیمۆگرافیای شاری کەرکوك دەکەن لە ڕێگەی هێنانی "کوردە یەهودییەکان" بۆ ئەم شارە و کەمکردنەوەی ڕێژەی عەرەب و تورکمانەکان، کە ئەمەش لە ڕێگەی پیدانی قەرزی بانکی بە کوردەکان بۆ کڕینی زەوییە کشتوکاڵی و نەوتییەکانی عەرەبی ناوچەکە و دەرکردنی خاوەنەکانیان ئەنجام دەدرێت[22]. بەڵام سەرەڕای هەموو ئەمانە، بۆچوونێکیتر

ئەوەیە کە ئیسرائیل، وەک ئامرازێکی سیاسی لە هەرێمی کوردستان دەڕوانێت و پشتگیرییەکانی بۆ کورد زیاتر لەوەی بۆ پاراستنی بەرژەوەندی کوردەکان بێت، هەوڵدانە بۆ هێنانەکایەوەی دۆخێکی جیۆپۆلەتیکی کە تیایدا کوردستانی سەربەخۆ، ببێتە شوێنێک بۆ کۆنترۆڵکردنی چوار وڵاتی ئێران، سوریا، تورکیا و عێراق[23].

هەر بۆیە یەکێك لە تۆمەتە بەردەوامانەی کە ئێران دەیداتە پاڵ ئیسرائیل، بۆ هەوڵە ئاشکرا و نهێنییەکانی ئەم وڵاتە لە پێناو پێکهێنانی "کوردستانی گەورە"، لە ڕێگەی دابەشکردنی عێراق، کە زەمینە بۆ دەستبەسەراگرتنی ئیسرائیل و ئەمریکا بۆ کەرکوك و سەرچاوە نەوتییەکانی هەرێم ئاماد دەکات و تەنانەت ئیسرائیل چاوی لەوەیە کە لە ڕێگەی قایلکردنی هەولێر، پێگەی سەربازیی - ئەمنی دابمەزرێنێت و لە سنورەکانی ڕۆژئاوای ئێران نزیك ببووتەوە[24]. ئەمە جیا لەوەی کە لە ساڵانی ڕابردوودا بەشێك لە ڕۆژنامە و میدیا ئوسوڵگەراکانی ئێران هەواڵی پەیوەندییە نهێنییەکانی ئیسرائیل لەگەڵ هێزە کوردییەکان لە ناو خاکی هەرێمی کوردستان بڵاودەکەنەوە؛ بۆ نمونە باس لە کۆبوونەوەیەکی نێوان ئاویگدۆر لیبرمان (وەزیری پێشووی بەرگری ئیسرائیل) و نوێنەرانی بەشێك لە هێزە کوردییەکانی سوریا لە شاری شەقڵاوە لە هاوینی (٢٠١٩) دەکات. بەپێی زانیارییەکانی ماڵپەڕی فارس نیوز، کۆبوونەوەکە سەبارەت بە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی هێزەکانی سوریای دیموکراتیك (قەسەدە) و پشتگیری ئیسرائیل بۆ کوردەکان بووە. ڕاپۆرتەکە لە درێژە زانیارییەکانیدا باس لە ناردنی چەك لە لایەن ئیسرائیل و ئەمریکا بۆ ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی کوردەکان لە سوریا لە ڕێگەی هەرێمی کوردستانەوە دەکات[25].

## ڕیفراندۆمی هەرێمی کوردستان؛ گەڕانەوەی گومانەکان

لە دیدی بەشێکی زۆر لە دەسەڵاتدارنی کۆماری ئیسلامی ئێران، سوپای پاسدارن بە گشتی ئوسوڵگەراکان، بە هۆی شێوازی پێکهاتنی حکومەتی هەرێمی کوردستان و دەسەڵاتە سەرو فیدراڵییەکانی، کە ئێران پێیوایە بەشێکی زۆری بۆ پشتیوانییەکانی ئەمریکا دەگەڕێتەوە، هەروەها مێژووی پەیوەندییەکانی کورد و ئیسرائیل لە باشووری کوردستان بە جەختکردنەوە بە هاوکارییەکانی ئیسرائیل بۆ جووڵانەوەی کورد لە ساڵانی شەست بەملاوە، پەیوەندییە دەرەکییەکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ ئەمریکا و ئیسرائیل بەردەوام جێگەی تێبینی و گومانن. بەڵام بەهۆی واقیعی چەسپاو و هەژموونی ئەمریکا لە ناوچەکە بەگشتی و عێراق بەتایبەتی، قایلبوونێکی ناچاریانەی بەرپرسانی ئێران لەم پەیوەندیانە دەبینرێت و سەرەڕای تۆمەتە جاروبارەکان بۆ ڕۆڵ و نفوزی ئەم دوو وڵاتە لە هەرێمی کوردستان، ئەم ڕاستییەیان قبووڵکردووە، کە هەرێمی

کوردستان ناتوانێت بە قازانجی لایەنێك دژ بە ئەوی تر ڕەفتار بکات.

دەشێت بڵێین تێڕوانینی گشتی دەسەڵاتدارانی ئێران سەبارەت بە هەرێمی کوردستان تاوەکو پێش ئەنجامدانی ڕیفراندۆمی (٢٠١٧)ی هەرێمی کوردستان، تێڕوانینێکی تەواو ئەمنی و نەرێنی نەبووە، سەرباری پرسەکانی وەك مانەوەی و چالاکی ناوەبەناوەی هێزە کوردییە بەرهەڵستکارەکانی ئێران، شەڕی ئەفغانستان و دواتر هاتنی ئەمریکا بۆ عێراق. لە پرسی هێزە کوردییە بەرهەڵستکارەکانی ئێران، هەرێم ئەگەرچی بووە شوێنێك بۆ داڵدەدانی ئەم هێزانە، بەڵام لە بەرامبەردا چالاکی چەکداری ئەم هێزانەش بە ڕێژەیەکی زۆر سنووردار کرا. سەبارەت بە ئەمریکاش تاوەکو هاتنی دۆناڵد ترەمپ، سازشکردنێکی و لێکتێگەیشتنێکی نەنووسراو سەبارەت بە شێوازی ئیدارەی عێراق و پاراستنی بەرژەوەندییەکان، لە نێوان ئێران و ئەمریکا هاتەکایەوە. بەڵام ڕیفراندۆمی هەرێمی کوردستان، ئەو ناوەندانەی هێز کە گومانی بەردەوامیان بۆ هەرێمی کوردستان و هەڵسوکەوتەکانی هەبوو، هەستیان کرد و سەرەڕای ئەوەی کابینەی میانەڕەوەی نزیك لە ڕیفۆرمخوازەکان لەسەر دەسەڵات بوو، بەڵام دواجار کاردانەوەی ئێران بۆ بڕیاری ڕیفراندۆم، کاردانەوەی ناوەندە ئوسوڵگەراکان بوو.

تێڕوانینی هاوبەشی ناوەندەکانی هێز لە ناوخۆی ئێران و بەرەی ئوسوڵگەرا، سەبارەت بە ڕیفراندۆم و ئەنجامدەرانی ئەوەبوو کە ئەم پرۆسەیە زیاتر لەوەی کە پرۆسەیەکی ناوخۆیی کوردی و ویستێکی هاوبەشی هەموو لایەنە کوردییەکان بێت، پیلانێکی دەرەکییە کە بە ئاڕاستەکراوی وڵاتانی وەک ئەمریکا و ئیسرائیل، عەرەبستانی سعودی، ئیمارات و تەنانەت لە دیدی بەشێکیان تورکیا داڕێژراوە، بۆ ئەوەی دەستڕۆیشتوویی ئێران لە عێراق کەم بکەنەوە و هەرێمی کوردستان وەک قەڵغانێک بەرامبەر هەژمونگەرایی ئێران لە عێراق و ناوچەکە بەکار بهێنن. بەڵگەی زۆربەی ئەم بۆچوونانە ئەوە بوو کە تەنیا ”پارتی دیموکراتی کوردستان“ و خودی سەرۆکی حیزب ”مەسعود بارزانی“، پێداگری

> **پرۆسەی ڕیفراندۆم لە ڕاستیدا ئەو بۆچوونەی ئێرانی زیاتر بەهێزکرد کە کورد لە هەرێمی کوردستان هەرکاتێك هەلی بۆ بڕەخسێت و حکومەتی ناوەندیی عێراق بە لاوازی ببینێت، هەوڵی جیابوونەوەی زیاتر لە بەغدا دەدات تا ئەوڕادەیەی کە داوای سەربەخۆیی بکات.**

لە ئەنجامدانی ڕیفراندۆم و جیابوونەوەیان لە عێراق دەکرد و لایەنەکانی تر لەسەر ئەنجامدانی پرۆسەکە جیدی نەبوون[26]. ئەگەرچی بەشێك لە ڕاڤەکانی ئەم بەرەیە ئاماژەیان بەوە دەدا کە ئامانجی ڕاستەقینەی کوردەکان بەتایبەتی مەسعود بارزانی، ئەوە بووە کە ڕیفراندۆم وەك کارتێکی فشار بۆ سەر بەغدا لە بابەتەکانی وزە و دابەشکردنی دەسەڵاتەکان و وەرگرتنی ئیمتیازاتی زیاتر بەکار بهێنن[27]، بەڵام لە زۆرینەی ڕاڤەی ئوسوڵگەرایانی ئێران، ئاماژەدان بە ڕۆڵی ئەمریکا و ئیسرائیل لە هاندانی هەرێمی کوردستان بۆ ئەنجامدانی ڕیفراندۆم و لێکهەڵوەشاندنەوەی عێراق، دەبینرا و تۆمەتێکی بەردەوام بوو کە ئاڕاستەی دەسەڵاتدارانی هەرێم و بەتایبەتی پارتی دیموکراتی کوردستان دەکران[28]. ئایەتوڵڵا خامنەیی، ڕابەری ئێران و بەشێك لە ئەندامانی سوپای پاسدارانی ئێران لە یەکەم کاردانەوەکانیاندا بۆ بڕیاردانی ڕیفراندۆم، بەتوندی بەرپەرچی ئەم هەوڵەیان دا و بە "پیلانێکی دەرەکی" و "هەوڵێکی نائاسایی" و بەزاندنی "هێڵی سوور"ی یەکپارچەیی عێراق، پێناسەیان کرد[29].

پرۆسەی ڕیفراندۆم لە ڕاستیدا ئەو بۆچوونەی ئێرانی زیاتر بەهێز کرد کە کورد لە هەرێمی کوردستان هەرکاتێك هەلی بۆ برەخسێت و حکومەتی ناوەندیی عێراق بە لاوازی ببینێت، هەوڵی جیابوونەوەی زیاتر لە بەغدا دەدات تا ئەو ڕادەیەی کە داوای سەربەخۆیی بکات. ئەم دیدگایە پێیوایە کە چەنێك داوای سەربەخۆیی کوردەکان بۆ ئاواتی دێرینەی کوردەکان، کێشە و ناکۆکییە بەردەوامەکانی هەولێر و بەغدا دەگەڕێتەوە، بە هەمان ڕادە، بۆ هاندان و پلانی وڵاتانی ئەمریکا و ئیسرائیل دەگەڕێتەوە کە بە سودوەرگرتن لە هەستی نەتەوایەتی کوردەکان و ئاگاداربوون لە ململانێیەکانی هەرێم و بەغدا، هەروەها پەیوەندییە تایبەتەکانیان لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان، دەیانەوێت ئامانجە ستراتیژییەکانی خۆیان بەدیبێنن. دەسەڵاتدارانی ئێران زۆرجار لە دوای ڕیفراندۆم، پشتگیری نەکردنی ئەمریکا بۆ ڕیفراندۆمی هەرێم و لە بەرامبەردا یارمەتی ئێران بۆ هەرێم لە ڕووبەڕووبوونەوەی داعش، وەك نمونەیەك لە وەفاداری خۆیان بەرامبەر بە هەرێم و بێ بەڵێنی ئەمریکا بەرامبەر بە هەرێم دەهێننەوە.

## قۆناغی پۆست داعش:
## بەرەو ڕێکخستنەوەی هاوسەنگیی هێز

لە پاش ڕەوینەوەی جەنگی داعش، جەمسەرە سەرەکییەکانی بەرگریی دژ بە تیرۆر لە عێراق و هەرێمی کوردستان، چ هێزەکانی هاوپەیمانان و چ ئێران ڕووبەڕووی ئەو قۆناغە بوونەوە کە هەلومەرجی پاش جەنگ هێنابوویە گۆڕێ، ئەمەش کاریگەریی لەسەر تێڕوانینی ئێران بۆ پێداچوونەوە بە پەیوەندییەکانی لەگەڵ هەرێمی

کوردستاندا هەبوو، لێکەوتەی ئەو گۆڕانکارییە نوێیە سەرلەنوێ ڕێکخستنەوەی هاوسەنگی هێز بوو، ئەویش پاش ئەو سەردانە دوو خولییەی هەریەک لە (جۆ بایدن)ی سەرۆکی ئەمریکا و پاشان (سێرگی لاڤرۆڤ)ی وەزیری دەرەوەی ڕووسیا بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دوابەدوای یەک ئەنجامیاندا و وا نیشاندەدرا کە مەبەستی سەردانەکان ڕەخساندنی دەرفەتی سەقامگیریی ئەمنی و سیاسییە لە ناوچەکەدا، بەڵام کارنامەی کۆبوونەوەکانیان هەڵگرتنی هەنگاوی کردەیی بوون بۆ بەشداری پێکردنی ناوچەکە لە ململانێ چاوەڕوانکراوە نوێیەکەی ئەمریکا بەرامبەر بە ڕووسیا و چین [31]، ئەمەش نیشاندەری گرنگی و بایەخی وڵاتانی کەنداو و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بوو لەو کێبڕکێ نوێیەدا لەسەر ئاستەکانی سیاسیی، ئەمنی و وزە لە ئایندەدا.

ململانێی ئەمریکا لەگەڵ ڕووسیا و چین، لە ناوچە جیۆئیکۆنۆمییەکانی لە دەریای عەرەب و دەریای ئەدریاتیک و کەنداو و دەریای هیندی، پاشان ناکۆکییە داراییەکانی ناتۆ لە نێوان ئەمریکا و ئەورووپا، پەرەگرتنی کێشەی تورکیا و فەرەنسا، میسر و تورکیا، تورکیا و ڕۆژئاوای کوردستان، شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا و هەڵوێست وەرگرتنی بەرامبەر یەکێتی ئەورووپا، کاتێکیش ئیدارەی دۆناڵد ترامپ هەڵوێستێکی جیاوازی لەبەرامبەر کێشە ئەتۆمییەکەی ئێران وەرگرت و بە پێچەوانەی نزیکبوونەوەی ئێران و ڕۆژئاوا لەسەر کێشە ئەتۆمییەکەی هەڵوێستی وەرگرت، ئێرانیش کەوتە ناو دۆخێکی نوێ و نەخوازراو، هەموو ئەمانە ئەمریکای خستەسەر ئەو بۆچوونەی کە جەخت بکاتەوە لە کاراکردنی ڕێککەوتنی(2U2)[٣٢]، کە لە مانگی ئۆکتۆبەری (٢٠٢١) لە نێوان ئەمریکا، ئیسرائیل، هیندستان و ئیمارات بۆ ڕەخساندنی سەقامگیریی سیاسی و ئەمنی ڕۆژئاوای ئاسیا ڕێکخرابوو، ئەم ڕێککەوتنە گوژمێکی تری نا بە ئاراستەی ڕێکەوتنی عەرەب – ئیسرائیل. لەمبارەیەوە سەرۆک وەزیرانی ئیسرائیل بە بایەخەوە ستایشی ڕۆڵی بایدنی کرد لە سەرپەرشتیکردنی هاوپەیمانێتییەکی ئەمنی نوێ لە نێوان ئیسرائیل و وڵاتانی عەرەبی، ئەمەش وێڕای خاوکردنەوەی کێشمەکێشی ئیسرائیل لەگەڵ وڵاتانی عەرەب، هێوربوونەوەی پەیوەندییەکانی نێوان ئیسرائیل، تورکیا و ئیمارات، پاشان نزیکبوونەوەی عێراق لەگەڵ وڵاتانی ئوردون و ئیمارات و سعودیە [33]، کە بێگومان ئەم هەنگاوانە دەکەوێتە چوارچێوەی دژایەتیکردنی هەر سێ لایەنی ئێران – ڕووسی – چینی، کە لە سێ ساڵی ڕابردوودا زۆرترین لێکنزیکبوونەوەیان هەبووە.

### جەنگی درۆنەکان؛ هەنگاونانی کردەیی

لە لایەکی ترەوە دەرفەتی خۆسازدانی وڵاتان بۆ خۆ پڕچەککردن و دوور خستنەوەی مەترسی لەسەریان و پاراستنی پەرژەوەندییەکانیانی هێناوەتە کایەوە، بەتایبەت پاش شکستی

دانووستانەکانی تایبەت بە پرسی وزەی ناوەکیی ئێران، دڵەڕاوکێی ئێرانی لەبەرامبەر جووڵە مەترسیدارە چەکدارییەکەی ئیسرائیل چەند هێندە زیادکردووە. لەم ڕووەوە بەپێی ناوەندی داتاکانی USPA کە تایبەتە بە لێکۆڵینەوەی پرسی ئەمنی ئەمریکی، لە مانگی نیسانی (٢٠٢١) تا حوزەیرانی (٢٠٢٢) قەبارەی بازرگانی چەک لە نێوان ئەمریکا و ئیسرائیل بەڕێژەی (٨.١٧) زیادیکردووە، ئەمەش لە شەڕی عەرەب – ئیسرائیلدا لە ساڵی (٢٠٢١) لێکەوتەکەی بینرا و پتر لە (٩٠%)ی هێرشەکانی کەرتی غەزە کە (٤٣٠٠) موشەک بوون زۆرینەیان تێکشکێنراون[34]، ئەمە مەترسی لەسەر ئێران و دوژمنانی ئیسرائیل چەند هێندە زیادکردووە، بە تایبەت، کە ئیسرائیل خاوەنی باشترین جۆرەکانی درۆنە DRONE)) کە هەڵگری (١٢٣) لێنزی ئێچ دیی دوور مەودایە، هاوکات بەرهەمهێنەر و فرۆشیارییەتی، هەروەها خاوەنی سیستەمی بەرگری کڵاوەی ئاسنینییە، کە هەندێکیانی بە گوژمەی (١١.٢%) فرۆشتووەتە وڵاتانی کەنداو بە مەرجی خۆپاراستن لە ئەگەری جموجووڵەکانی ئێران لە ناوچەکەدا. لە لایەکی ترەوە، کاراکردنی ڕێککەوتنی هاوپەیمانێتی چەکداریی – ئەمنی نێوان ئەمریکا و ئیسرائیل، مەترسی گەورەن بۆ سەر ئاسایشی ئەمنیی ئێران کە لە کۆتاییەکانی ساڵی (٢٠٢١) تا ناوەڕاستی (٢٠٢٢) بە ئەندازەیەکی هەستپێکراو زیادیکردووە. هەریەک لە سعودیە، هەشت سیستەمی بەرگری دژە موشەکی پاتریۆت دژ بە حوسییەکان و حکومەتی یەمەن، سێ سیستەمی بەرگریی ئایۆنیی و لوبنان، پێنج سیستەمی بەرگریی ئایۆنی ئەی دژ بە حیزبوڵڵا و (٢٧) درۆنی بۆ کوەیت لەلایەن ئەمریکاوە بە شێوەی مەزادی ئاشکرا و لە دەرەوەی ڕێککەوتنی ئەمنی فرۆشراون[35]، ئەمانە وایکردووە کە توانای ئەو سیستەمە درۆنییە نوێیە بۆ بەرەنگاربوونەوەی موشەکە کورتمەودا و مامناوەندییەکان دەرکەوێت و دەشێت ئەم بابەتەش بۆ وڵاتانی کەنداو و عێراق بە کوردستانەوە جێی سەرنج بێت کە مەترسی هێرشی موشەکی و درۆنییان لەسەرە.

لەبەرامبەر فروانبوونی مەترسیە کردەییەکانی تەوژمی دژەئێرانی و هاوپەیمانە "ئیمپریالی" و "زایۆنییە" سەرسەختەکەیدا، کۆماری ئیسلامیی لە هەوڵی خۆ بەهێزکردندایە لە ڕووی پەرەپێدانی توانا سەربازیی و چەکدارییەکانی خۆی بە تایبەت لە بەرهەمهێنانی درۆنی نوێ. هەر بۆیە بە گەرمبوونی ململانێی پەرەپێدانی هێز و نیشاندانی بازوو، چوارچێوەی هاوپەیمانێتی ناوچەیی و گرووپ و هێزی وەلائی لەلای هەریەک لە ئەمریکا، ئێران و ئیسرائیلی لە ناوچەکەدا زیادکردووە، هاوکات دەرگای لەسەر ئاڵۆزبوونی گرژییەکانی نێوان ئێران و ئیسرائیل کردووە، کە تا ئەم دەمە لەلایەن "مایکل سترۆبسۆن" بە جەنگی سێبەر و شاراوە ناودەبرێت، کە بە دیاریکراوی لە ساڵی (٢٠٢٢) بەغداد و هەولێر بە شێوەیەکی چاوەڕوانکراو

بۆتە چەق ئەم ململانێ و کێبڕکێیە[36].

ململانێ کردەیی بەر سێبەری نێوان هەردوو لا، سەری کێشاوە بۆهێرشکردنە سەر ناوەندەکانی بەرهەمهێنانی چەک و درۆن یاخود کوشتن و هەڕەشەی سەر هاوپەیمانانی یەکدی، یاخود پاساوی وەلائیەت بۆ هاوپەیمانەکانی یەکتری بەکاردەهێنن و شەرعیەت بە کردەی هەڕەشە و چاوسوورکردنەوە دەدەن لە بە ئامانج گرتنی دیارترین کەسایەتییە سەربازیی و ئەمنییەکانی ئێران لە نموونەی حەسەن سەیاد خودایی و هەشت کەسایەتی پەیوەست بە دامەزراوەی ئەتۆمیی و هێزەکانی سوپای پاسداران لە ناو خاکی ئێران و کوشتنیان. لە ماوەی دوو ساڵی ڕابردوودا زیاتر لە هەشت کەسایەتی سوپایی لە نێو ئێراندا کوژراون و ئیسرائیلیش بەرپرسیارێتی هەندێکیان هەڵگرتووە، هەروەها لێدان لە دوو بنکەی سوپای پاسداران لە مانگەکانی شوبات و ئازاری (٢٠٢٢)، هێرشکردنە سەر کێڵگەی پەترۆڵ لە شارەکانی ئابادان و تاران، دیارترین ئەو دیمەنانەن کە بوونەتە هەڕەشەی درۆنەکانی ئیسرائیل لەسەر ئێران و بەرژەوەندییەکانی [37].

لەبەرامبەردا ئێران، بەهۆی بەدگومانی لە جووڵەی بەشێک لە لایەنە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان و تێگەیشتنی نزیکایەتیان لەگەڵ تەلئەبیب و بەشێک لە ڕێبەرانی سیاسیی جولەکە، چەندینجار ڕایگەیاندووە کە لە هەرێمی کوردستان "بارەگای ئیسرائیلی" کردۆتە ئامانج، کە دیاترینیان هێرشکردنە سەر هەولێر بوو (١٣)ی ئازار بە دوانزە مووشەکی بالیستی لە جۆری مووشەکی (فاتح-١١٠) لە دەرەوەی عێراق، کە ناوچەی کونسوڵخانەی ئەمریکای کردبووە ئامانج، پاشان لە (٨)ی نیسان و (٢٢) ی هەمان مانگدا لە ڕێگەی درۆنەوە هێرش کرایە سەر بنکەی سەربازی عەین ئەسەد کە دەکەوێتە پارێزگاری ئەنبار و نزیکەی (١٨٠) کم لە ڕۆژئاوای بەغداداوە دوورە و بنکەی سەرەکی هێزەکانی ئەمریکای لێ جێگیر بووە. پاشان ئەو هێزانەی ئەمریکا کە لە کۆمپلێکسی فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێر جێگیربوون، کەوتنە بەر هێرشێکی سەر فڕۆکەخانەی هەولێر و پاڵاوگەی خەبات بە چوار موشەکی بالیستی دوورمەودا، کە لە دەشتی نەینەواوە بە هاوکاری گرووپە وەلائیەکان و ناوەندی هەواڵگری سوپای پاسداران لە کرماشانەوە ئاراستەی هەولێر کرابوون. ئێران بەرپرسیارێتی هێرشەکەی گرتە ئەستۆ بە پاساوی لێدان لە بنکە و بارەگاکانی مۆسادی ئیسرائیل لە هەرێمی کوردستاندا کە مەترسین بۆ سەر ئاسایشی نیشتمانیی ئێران[38].

لە پەرچەکرداردا وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا ڕایگەیاند، "ئێمە ئیدانەی ئەو هێرشە توڕەیە دەکەین بۆ سەر کونسوڵخانەکەمان لە هەولێر، دەسەڵاتدارانی عێراق و کوردیش بەدواداچوون بۆ ڕووداوەکە دەکەن". لە ڕاگەیەندراوی وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان هاتووە کە

ئەو مووشەکانەی کە ئێران کە بە هێرشی ڕۆژی یەکشەممە ناسراوە شاری هەولێری کردۆتە ئامانج، "جەنگێکی زیرەکی سنووربەزاندنە کە تەنیا لە حاڵەتەکانی شەڕدا بەکاردەهێنرێت". هەروەها حکومەتی عێراقیش بەو قسانەی ئێران قایل نەبوو، بۆ ئەم مەبەستەش لیژنەیەکی لێکۆڵینەوەی پێکهێنا و لەیەکەمین ڕاگەیەندراویدا بۆردومانکردنی هەولێری بە پێشێلکردنی سەروەری عێراق و پێشێلکردنی ڕێککەوتن و پەیماننامەکانی دراوسێیەتی باش ناوبرد، بە تایبەت موشەکی زیرەکی جەنگی کە سنووری دوورمەودا دەبەزێنن و تەنیا لە حاڵەتی جەنگی گەورەدا بەکاردەهێنرێت، پاشان حاکم ئەلزەمیلی سەرۆکی لیژنەی دۆزینەوەی ڕاستییەکان لە میانی کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا ڕایگەیاند، ئەنجامی لێکۆڵینەوەکان ڕەوانەی حکومەت دەکرێت بۆ ئەوەی ڕێوشوێن بگرێتەبەر لە بەرامبەر ئەوەی بە "هەڕەشەی ئێران" وەسفی کرد و ئەوەشی خستەڕوو، "عێراق پەیوەندی لەگەڵ ئێراندا هەیە، هەروەک چۆن لە شەڕی دژی (ڕێکخراوی تیرۆریستی) داعشدا هاوکاریمان کرد، بەڵام ئەمە بەو مانایە نییە کە پەلاماری ئێمە دەدەن، هەر بۆیە هێرشکردن بۆ سەر عێراق لاوازکردنی ئێرانە، بەهێزی عێراقیش لە هێزی ئێران و وڵاتانی دراوسێیەوەیە، هەروەها لۆژیکی نییە بکرێنە ئامانج و هەڵوێستی ئێمەش شەرمەزارکەر دەبێت لەبەردەم وڵاتانی جیهان". [39].

### هەرێمی کوردستان لەبەردەم گۆڕینی یاساکانی شەڕدا

لە چوارچێوەی دوژمنایەتی کۆن و ڕقاویی ئێران و ئیسرائیل، شێوازێکی جەنگی نوێی جەنگی درۆنی لەبەرامبەر یەکدا لە شێوەی کردارەکیی و لە خاکی هەرێمی کوردستاندا بەرپابوو، بەمەش ئێران بە ئاڕاستەی "گۆڕینی یاسای شەڕ" هەنگاوی نا، لەم ڕووەوە ئێران لە کاردانەوەی بۆردومانی هەولێر و بەرپابوونی ئەم جەنگە نوێیەدا، کە بە ناوی هەولێر بوو ئەگەر چی پەیامەکی بۆ ئیسرائیل بوو، هەر بۆیە ڕەوایەتی بە مافی خۆی داوە لە هەرکاتێکدا وەڵامدانەوەی بۆ هەر هەڕەشەیەک هەبێت، بێ ئەوەی وردەکاریی هێرشەکە ڕوون بکاتەوە، هەر بۆیە وتەبێژی سوپای پاسدارانی ئێران لە بەرەبەیانی ڕۆژی یەکشەممەی (١٣)ی ئازاردا بەرگرییەکی ئاشکرای لە بۆردومانی مووشەکی شاری هەولێر کرد. سوپای پاسداران لە بەیاننامەیەکدا بەرپرسیارێتی خۆی لەو هێرشە ڕاگەیاند کە ناوەندێکی کردۆتە ئامانج و بە مووشەکی ورد بە "بارەگای ستراتیجی و پلانی دوژمنکارانەی زایۆنییەکان" وەسف کرد و جەختی لەوە کردەوە کە ئەو هێرشە لە وەڵامی "ئەو تاوانانەی ئەم دواییانەدا ئەنجامدراون لەلایەن قەوارەی زایۆنییەوە"، جەختی لەوە کردەوە کە وڵاتەکەی مافی خۆیەتی لە بارەگاکانی ئیسرائیل بدات کە ئاسایشی ئەو وڵاتە دەکەنە ئامانج، پاشان بە مافی خۆی زانی لە کاتێکدا

ئیسرائیل دانی بەوەدا ناوە کە یەکێك لە بنکەکانی سوپای پاسدارانی کردۆتە ئامانج. سوپای پاسدارانی ئێران ئاماژەی بەوەشکردووە، هێرشەکە "ناوەندە ستراتیژییەکان"ی ئیسرائیلی کردووەتە ئامانج و لە وەڵامی هێرشێکی ئاسمانی ئیسرائیل بووە کە هەفتەی ڕابردوو دوو ئەندامی ئەو وڵاتەی لە سووریا کوشتووە، جەختیشیکردەوە "مامەڵە نەکردنی عێراق لەگەڵ ئەو لایەنانەی مەترسییان بۆ سەر ئاسایشی ئێمە بەبێ دوودڵی بێ وەڵام نامێنێتەوە"[40]. لای خۆیەوە ئاژانسی هەواڵی کۆماری ئیسلامیی ئێران (ایرنا) هەڵوێستەکانی سەرکردەی ئێران، عەلی خامنەیی، دە ساڵ لەمەوبەر بە خێرایی بڵاوکردەوەتەوە، کە تیایدا گوتبووی "دەبێت ئەمریکا و کەسایەتی ئیسرائیلی باش ئاگاداری ئەوە بن کە... وەڵامی ئێران بۆ هەر دەستدرێژییەک دەبێتە هۆی لەناوچوونی ئەو قەوارە و داڕمانی لە ناوەوە"[41].

لە ڕوانگەی عێراقیانەوە، ئەنجامی کۆتایی لێژنەی لێکۆڵینەوە، کە دەقەکەی ئاڕاستەی پەرلەمانی عێراق کراوە، تێیدا ڕەتیکردەوە هیچ بوونێکی ئیسرائیل لە ناوچەکەدا هەبێت، هەروەها پشتڕاستیکردەوە کە ئەو شوێنەی کە کراوەتە ئامانج ماڵی وەبەرهێنەرێکی ناسراوی کورد بووە لە عێراق، بە ئاماژەیەک بۆ بازرگانی کورد بەناوی باز ڕەئوف کەریم کە هاوکات وەک بەڕێوەبەری کۆمپانیایەک کاردەکات. هێرشەکانی هەولێر و دەستپێکی جەنگی درۆنەکان لە هەرێمی کوردستاندا جگە لە بوونی ڕەهەندە سیاسییە دوژمنکارانە مێژووییەکەی ئەمریکا – ئێران – ئیسرائیل، لە کاتێکدایە کە دۆخی سیاسی عێراق لە دۆخی چەقبەستوویی نزیک بۆتەوە، بەهۆی ململانێی نێوان هاوپەیمانی سێ لایەنە کە بریتییە لە بلۆکی سەدری و هاوپەیمانی سەروەری سوننە و پارتی دیموکراتی کوردستان لە لایەک و ئەوەی هەیە بە چوارچێوەی هەماهەنگی ناسراوە کە هێزە دیارەکانی شیعە و یەکێتی نیشتمانیی کوردستان لەخۆدەگرێت، ئەمەش سەرەتایەکی نوێی ئەو هاوسەنگییە نوێیەیە کە لە سەرەتای (٢٠٢٢)دا سەنگەربەندی گرتووە، چونکە ڕکابەرییە نوێیەکانی ناوخۆی عێراق تەنیا دینامیکێکی ناوخۆییان نییە و ڕەنگدانەوەیەکی ئەو ڕکابەریی و جەمسەربەندییەن کە ئەمڕۆ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا خەریکە شکڵ دەگرن. ئەگەری کەمکردنەوەی بایەخی ئەمریکا بە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ڕێککەوتنی وزەی ناوەکیی لەگەڵ تاران و شەڕی ئۆکرانیا، سێ ڕووداوی گرنگن کە ئاڕاستەی سەرەکیی ڕکابەرییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەرەو ڕێککەوتنێکی نوێ دەبەن. ئەمریکا وای دەبینێ کە پێویستە ئێران و سعودیە ڕێگایەك بۆ بەشکردنی ناوچەی نفوزی خۆیان لە دەوروبەر و دراوسێکانیان بدۆزنەوە، لە بەرامبەردا ڕکابەرە ناوچەییەکانی تارانیش دەیانەوێت لەڕێی هاوپەیمانیی نوێوە فریای خۆیان بکەون و تەنیا پشت بە ئەمریکا

هاوسەنگی هێز لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، لە کاتێکدا و پێشتر درۆنی ئیسرائیلی گورزێکی گەورەی لە ناوچەی جۆلانی سووریا دابوو کە لە ساڵی (٢٠١٨)دا فرۆکەخانەی سەربازیی (T4)ی لە شاری حومس-ی سووریا کردە ئامانج و حەوت هێزی ئێرانی کوژران. ئەگەرچی ئێران نەچووەتە ناو قۆناغی جەنگی درۆنی، بەڵام لە ئێستادا کە دانوستانەکان بۆ زیندووکردنەوەی ڕێککەوتنی ئەتۆمی ئێران ڕووبەڕووی مەترسی بۆتەوە و مەترسییەکانی شەڕ لە ناوچەی کەنداویش لە زیادبووندان بەتایبەت کە لە سەرەتای ئەمساڵەوە چوار بنکەی جەنگی دەریایی ئیسرائیل بە ڕەزامەندی ئەمریکا لە سنووره ئاوییەکانی دەریای سوور و نزیک گەورەترین بنکەی سەربازیی ئەمریکا کە لە کەنداو بەدرێژایی (٢٠٠)کم لە سنووری ئێرانەوە دووره بۆتە گەورەترین مەترسی لەسەر ئێران[42].

ئەمەش لە کاتێکدا لایەنەکانی عێراق لە بەغدا لە هەوڵی پێکهێنانی حکومەتێکی نوێدان و دوور لە کاریگەریی ئێران، ئەم دوو پێشهاتە کە یارمەتیدەرن بۆ ڕوونکردنەوەی ئەوەی کە بۆچی ئێران ئەم ساتەوەختەی هەڵبژاردووە بۆ پیشاندانی ئامادەیی خۆی بۆ بەکارهێنانی مووشەکی بالیستی بە تایبەت لە هەرێمی کوردستان، کە تاران هەمیشە وەک ڕێگرییەک بۆ ئەمریکا و ئیسرائیل و دەوڵەتانی عەرەبیی کەنداو دەزانێت کە

> **ئەگەرچی ئێران لە هێرشەکانی بۆسەر هەرێمی کوردستان، پاساوەکەی وڵامدانەوەی هێرشی درۆنەکانی ئیسرائیل بوو لە هەولێرەوە بۆسەردوو بنکەی سەربازیی هەواڵگریی پاسداران لە تەورێز وکرماشان، بەڵام ویستی ئەوەشی هەبوو کە توانای مووشەکی وڵاتەکەی کە زیاترو خێراتر دیقەت هەڵدەگرن و لە ئێستاشدا کاریگەریان زۆرزیاتره پیشان بدات.**

نەبەستن. هەر بۆیە لە پێناو هاوسەنگگردنی ڕکابەرییە هێزدارییەکان، ئەم هەنگاوە نوێیانە کاریگەری بەرچاویان لەسەر عێراق و هەرێمی کوردستان دەبێت.

لەم چوارچێوەیەدا زیادبوونی مەترسییەکانی ئێران و کاردانەوەی خێرای دژ بە ئیسرائیل و هەڵبژاردنی خاکی هەرێمی کوردستاندا و نمایشکردنی توانا مووشەکییەکانی لە ئێستادا گرنگترین ئەو مژارانەن کە شیاوی هەڵوێستەی جدین، چونکە هاوکاتە لەگەڵ خاڵی وەرچەرخانی

کێبڕکێ لەگەڵ تاران دەکەن بۆ خۆسەپاندن و زیادکردنی کاریگەریی ناوچەیی. ئەگەرچی ئێران لە هێرشەکانی بۆ سەر هەرێمی کوردستان، پاساوەکەی وڵامدانەوەی هێرشی درۆنەکانی ئیسرائیل بوو لە هەولێرەوە بۆسەر دوو بنکەی سەربازیی هەواڵگریی پاسداران لە تەورێز و کرماشان، بەڵام ویستی ئەوەشی هەبوو کە توانای مووشەکی وڵاتەکەی کە زیاتر و خێراتر دیقەت هەڵدەگرن و لە ئێستاشدا کاریگەرییان زۆر زیاترە پیشان بدات. هەر بۆیە "حسێن دلێریان"، توێژەری ئێرانی لە کاروباری سەربازیی و ئەمنی ڕایگەیاند پەسەندکردنی ئەم پرۆسەیە بەو مانایەیە کە سوپای پاسداران دەیەوێت بنکەیەکی نوێی شەڕکردن دابنێت و پەیامێک بنێرێت کە هەر ئۆپەراسیۆنێکی ئیسرائیل دژی بەرژەوەندییەکانی ئێران ڕووبەڕووی وەڵامێکی بەهێزتر و تاڵتر دەبێتەوە. هەروەها محەمەد مەهدی یەزدی، شارەزا لە کاروباری سەربازیی، لەم بارەیەوە پێیوایە کە تاران هۆشداری داوە کە بەرگەی بوونی توخمەکانی ئەو قەوارە ئیسرائیلییە ناگرێت لە نزیک سنوورەکانی، جەختیشی لەوە کردەوە کە ئۆپەراسیۆنی هەولێر پەیامێکی لاوەکی بۆ سەرکردەکانی هەرێمی کوردستان هەڵگرتووە عێراق بۆ ئەوەی هۆشداری ئێران بە جیددی وەربگرێت. ئاماژەی بەوەشکردووە، وڵاتەکەی زانیاری دروست لەسەر بوونی توخمەکانی ئیسرائیل لە وڵاتانی دراوسێ و هەرێمی کوردستان کۆدەکاتەوە، ئەم فایلە بە یەکێک لە هێڵە سوورەکانی پەیوەندیدار بە ئاسایشی نیشتمانیی ئێران دەزانێت، ئاماژەی بەوەشکردووە کە ئێران "کاردەکات بۆ دوورخستنەوەی ئەو قەوارە ئیسرائیلییە لە سنوورەکانی" و ڕێگە نادات زایۆنییەکان گەمارۆ بدەن[43].

پێدەچێت زیادبوونی ژمارەی کوژراوانی ئەندام و سەرکردەکانی سوپای پاسدارانی ئێران لەلایەن ئیسرائیلەوە بە تایبەت لە سووریا، بەشێک بێت لە پاڵنەری هێرشەکانی هەولێر بێت، بەڵام کارابوونی جەنگی درۆنەکان هۆشدارییەك بوو بۆ ئەمریکا و هاوبەشە عەرەبەکانی کەنداو هەروەها بۆ سەرکردەکانی عێراق کە هەڕەشە دەکەن بۆ پێکهێنانی حکومەتێک کە هاوپەیمانە سەرەکییەکانی تاران لە بەغدا ڕەت بکاتەوە[44]، ئەمەش ناردنی ئەو پەیامە نوێیانەیە کە تاران هەڵوەستەی لەسەر دەکات، لەم بارەیەوە تۆبی دۆج، پرۆفیسۆری قوتابخانەی ئابووریی لەندەن پێیوایە، "لێرە سێ شت دەگوزەرێت، پلانی گشتگیری هاوبەشی کارکردن هەیە (ڕێککەوتنی ئەتۆمی ئێران)، دوژمنایەتی نێو ماڵی شیعەکان، ئیسرائیلییەکان و ئەمریکا، هەروەها ئێستا کاتی پێکهێنانی حکومەتی عێراقە، بۆیە تاران زنجیرەیەک پەیام دەنێرێت".

وێڕای ئەوە ئیسرائیل هێرشەکانی بۆ سەر سوپای پاسداران و گروپە وەلائییەکانی لە ناوچەکە چڕتر کردووەتەوە و جەنگی درۆنی

ئیسرائیل دژ بە ئێران خزاوەتە خاکی سووریا، بەڵام ئێرانییەکان پەرچەکرداری جەنگی درۆنی لە سنوری خۆی و لە خاکی کوردستاندا پەرە پێدەدات، لەم ڕووە ئیسرائیل لە ماوەی یەک ساڵی ڕابردوودا لانیکەم (١٥) هێرشی ئاسمانی لە سووریا ئەنجامداوە، بەپێی ئامارێکی ئاژانسی ڕۆیتەرز، نۆ هێرشیان لە ماوەی چوار مانگی ڕابردوودا ئەنجامداوە، لە بەرامبەردا میلیشیاکانی عێراق کە لە لایەن ئێرانەوە پشتیوانی دەکرێن لە ساڵانی ڕابردوودا چەندینجار هێرشی ئاڵۆزتریان بۆ سەر ئامانجەکانی ئەمریکا دەستپێکردووە، لە نێویاندا مانگی شوباتی (٢٠٢٢) بۆ سەر هێزێکی نزیکەی دوو هەزار سەرباز کە لە عێراق و سووریا جێگیرکراون بۆ بەرەنگاربوونەوەی پاشماوەکانی دەوڵەتی ئیسلامی، ئەمە لە کاتێکدا کە هەرەسهێنانی وتووێژەکانی ئێران و ڕۆژئاوا ئەگەری هەیە ئێران لە پەرەپێدانی چەکی ناوەکیی نزیکتر بکاتەوە، ئەگەر بڕیاری ئەو کارە بدات، بەمەش دەتوانێت ناوچەکە بخاتە گێژاوەوە، چونکە تاران ڕەتیدەکاتەوە هەوڵی هەڵگرتنی بۆمبی ئەتۆمیی بدات. لەمەشەوە وا دەردەکەوێت کە تەقەلاکانی ئێران بۆ پەرەپێدانی پەرچەکرداری جەنگی درۆنەکان لە خاکی هەرێمی کوردستاندا ئاڕاستەیەکی دوو سەرەی هەیە، لەلایەک ئێران لە نزیک خولەکانی پێشووی دانوستانەکاندا فشاری سەربازیی بەکارهێناوە بۆ ئەوەی کاریگەریی هەبێت[45].

**وزە وەک توخمی سەرەکی ململانێی نوێ**

هاوسەنگی نوێی یاسا جیۆئیکۆنۆمییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، وایکردووە بەخێرایی وزە وەك فاکتەرێکی کاریگەر بۆ سیاسەتی نێودەوڵەتی بگەڕێتەوە. ئەمە پێگەی کەنداو و عێراق و هەرێمی کوردستان وەك بەرهەمهێنەری گرنگی وزە بۆ جیهان زیاتر دەکات. ئەمەش لە کاتێکدا، کە سندوقی دراوی نێودەوڵەتی ڕاپۆرتێکی تایبەت بە ڕەوشی ئابووری وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ناوەندی ئاسیا بڵاوکردەوە، بەپێی ڕاپۆرتەکە، ئابووریی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ناوەندی ئاسیا زیاتر گەشەدەکەن، بەڵام کۆمەڵێک ئاڵەنگاری گەورە و نادڵنیایی لەبەردەم گەشەی ئابووریی ئەو وڵاتانەیە بە تایبەتی شەڕی ئۆکرانیا، لەنێویاندا عێراق بە یەکێك لەو وڵاتانە داناوە کە پێشبینی زیاترین گەشەی ئابووریی دەکەن لەمساڵدا کە بە (6.3٪) خەمڵێنراوە. هەروەها پێشبینی دەکات، هۆکاری گەشەی ئابووریی وڵاتانی ئاسیای ناوەڕاست و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، گەڕاندوەتەوە بۆ بەرزبوونەوەی نرخی نەوت و داهاتی نەوتی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە ساڵی (٢٠٢٢) دا بەڕێژەی (5.3٪)ی کۆی بەرهەمی ناوخۆی ئەو وڵاتانە زیاد دەکات و بەرزدەبێتەوە بۆ (818) ملیار دۆلار[46].

بەواتایەکی دیکە ڕۆڵی کەنداو، ئێران و ئیسرائیل لە سیاسەتی عێراق و کورد زیاتر بێت.

لانیکەم تاوەکو ئێستا یەکانگیری زیاتری عەرەبی سوننەی عێراق و هێرشی درۆن بۆسەر هەرێمی کوردستان هەڕەشەکانی سەر بەبازاڕکردنی گازی کۆرمۆر یەکێك لە دەرهاوێشتەکانی ئەو دۆخە نوێیە. بێجگە لەو پاڵپشتییە ناڕاستەوخۆیەی کە کەنداو لە هاوپەیمانێی سێ قۆڵی سەدر- بارزانی و حەلبوسی دەیکات. بایەخی وزە، وادەکات دۆخی عێراق و هەرێمی کوردستان وەك وڵاتێکی بەرهەمهێنەری نەوت و گاز زیاتر بێت. بۆیە ئاڵۆزکردنی عێراق و هەرێمی کوردستان بۆ لایەنێک سەقامگیرییەوە بۆ لایەکی دی نا ئارامییە.

لەدوای شەڕی ئۆکرانیاوە ئەوەی زیاتر ئێرانی لەبەرامبەر ئەمریکا و تورکیا و ئیسرائیلدا نیگەران کردووە، پێگەی جیۆپۆلیتکی تورکیایە بایەخێکی زیاتری پەیداکردووە کە هەم وەك مەیدانێکی نفوز و هەمیش وەك بازاڕێکی گەورە تەماشای عێراق و کوردستان دەکات. ئەمەش بە زیادبوونی ڕۆڵی تورکیا لە عێراق و سوریا وەردەگێڕدرێت. سەرککۆماری تورکیا پەیوەندییەکی پتەوتر لە جارانی لەگەڵ کورد و سوننەی عێراق دروستکردۆتەوە کە ئێستا یەکانگیرترن و حکومەتی بەغداش مەیلی بۆ پەیوەندی زیاتر لەگەڵ تورکیا هەیە. ئاڕاستەی سەرەکی سیاسەتی ڕکابەرە سەرەکییەکان لە ناوچەکە نەك شەڕی ڕاستەوخۆ بەڵکو هاوسەنگکردنی هێزی یەکترە. بۆیە نە کەنداو، نە ئێران و نە

> **ئێران لە بابەتی ڕیفراندۆمدا کە بووە هۆی زیادبوونی گومانەکانی لە نیازی ڕاستەقینەی هەرێم، ئیسرائیلی بە هاندەری سەرەکی کورد دەزانێت و پێیوابوو کە بەشێك لە هەنگاوەکانی ئەمریکا لە هەرێم بە ئامانجی دابینکردنی بەرژەوەندییەکانی ئیسرائیلە.**

تورکیاش نایانەوێ لەم کاتەدا عێراقێك ببینن کە شەڕی ناوخۆیی تێدابێت، چونکە ئەمە واتای لە کیسدانی بازاڕێکی (40) ملیۆنی، واتای لەکیسدانی دەرفەتی وەبەرهێنانە زەبەلاحەکانی وەك پرۆژەکانی وزە، گواستنەوە و ڕێگە و ئاوەدانکردنەوە دەدات. بێجگە لەوەش، لەوانەیە شەڕی ناوخۆی عێراق واتای تەشەنەکردنی نائارامی و شەڕ بۆ تورکیا، کەنداو تەنانەت ئێرانیش بدات[47].

### ئەنجام

عێراق و هەرێمی کوردستان لە ڕووی جیۆسیاسیی و جیۆ ئیکۆنۆمییەوە بایەخێکی

گەورەیان بۆ کۆماری ئیسلامیی ئێران هەیە، هەر بۆیە دەسەڵاتدارانی ئێران بە ناچاری ڕەچاوی پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان وەک ناوچەیەکی بایەخدار لەگەڵ ئەمریکا دەکات و تەنانەت ئەم ڕەچاوکردنە زیاترە بە بەراورد بە پەیوەندییەکانی عێراق و ئەمریکا. سەرەڕای ئەوەی کە دەسەڵاتدارانی ئێران چاوەڕێی ئەوە ناکەن کە لە بابەتەکانی وەك دانانی پێگەی سەربازی ئەمریکا لە ناوچەکانی هەرێم، حکومەتی هەرێم ڕێگری لە ئەمریکا بکات یان پەیوەندی سیاسییەکانی لەگەڵ ئەمریکا سنووردار بکات، بەڵام لە هەمانکاتدا هێڵی سووری ئێران ئەوەیە کە ئەم پەیوەندییانە لە لایەکەوە نەگاتە ئەو ڕادەیەی کە ببێتە مایەی مەترسی بۆ یەکپارچەیی عێراق و لە لایەکی ترەوە هەرێم بە هاندانی ئەمریکا داوای سەربەخۆیی بکات، ئەمە جیا لەوەی کە خاکی هەرێم نەبێتە شوێنیك بۆ لێدانی بەرژەوەندییەکانی ئێران لە لایەن ئەمریکا و ئیسرائیلەوە. ئەوەی پەیوەندی بە ئیسرائیلەوە هەبێت، ئێران بە هەر چالاکییەکی ئەم وڵاتە لە هەرێم بە گومانە و بەردەوام سەرکۆنەی هەنگاوەکانی هەرێم بە ئاڕاستەی بەستنی پەیوەندی لەگەڵ ئیسرائیل دەکات. ئێران لە بابەتی ڕیفراندۆمدا کە بووە هۆی زیادبوونی گومانەکانی لە نیازی ڕاستەقینەی هەرێم، ئیسرائیلی بە هاندەری سەرەکی کورد دەزانێت و پێیوابوو کە بەشێك لە هەنگاوەکانی ئەمریکا لە هەرێم بە ئامانجی دابینکردنی بەرژەوەندییەکانی ئیسرائیلە. بەشێوەیەکی گشتی لە هەمبەر ئەم پەیوەندییانە، ئێران چاوەڕێی لانیکەم لە بێلایەنیی حکومەتی هەرێم لە گرژییەکانی ئەمریکا و ئێران و ڕێزگرتن لە پەیوەندییە مێژووییەکانی نێوان خۆی و هەرێم دەکات، بەڵام لە قۆناغی پۆست داعشدا و بە گەرمبوونی ململانێ نوێیەکان، قۆناغی نوێی ڕووبەڕووبوونەوەکان لە شێوەی جەنگی درۆنەکان لە نێوان ئێران و ئیسرائیلدا هاتووەتە کایەوە. بە ڕووانین لە پەیوەندییە هەرێمییەکانی ئێران و هەرێمی کوردستان، زیادبوونی گومانەکانی ئێران لە پێگەی هەرێم، ئاڕاستەی بەشێك لە لایەنی کوردی بۆ هاوپەیمانییەتییەکی دژ بە خواستەکانی ئێران، فشارە کۆتانەهاتووەکانی ئێران بۆ سەر ئەمریکا و پێداگری زیاتری ئیسرائیل بۆ لێدانی ڕاستەوخۆی ئێران، لە ئەگەری بەردەوامبوونی ئەم ململانێیە، هەرێمی کوردستان دەبێتە شوێنگەی پەرچەکرداری کێبڕکێ درۆنییە نوێیەکەی ئێران لەبەرامبەر پاساوی شەڕی ئیسرائیل و ئەگەری بەرپابوونی جەنگی ڕاستەوخۆ بە بیانووی هەبوونی پەیوەندیی ئیسرائیل بە کوردەوە، کە دەشێ لە ئایندەدا کاریگەریی لەسەر دیمەنی پەیوەندییە نوێیەکانی ئێران و هەرێمی کوردستان هەبێت.

## سەرچاوە و پەراوێزەکان:

(1) احمدیان، قدرت (١٣٩٦)، "پیامدهای خاورمیانه ای و بین المللی استقلال اقلیم کردستان!"، قابل مشاهده در: http://www.faratab.com/news/6475/.

(2) عبدالرضا فرجی راد و ریباز قربانی نژاد (١٣٩٥)، "بررسی و تحلیل موقعیت ژئوپلیتکی کردستان عراق"، فصلنامه نگرش های نو در جغرافیای انسانی، سال هشتم، شماره ٤، صص 12-7.

(3) ابراهیم متقی و اسماعیل سلطانی (١٣٩٢)، "سیاست خارجی جمهوری اسلامی ایران نسبت به عراق و تاثیر آن بر جایگاه منطقه‌ای ایران"، فصلنامه دانش سیاسی و بین الملل، سال دوم، شماره ٥، ص51.

(4) ورقة سیاسات (2016)، "القتل باسم اللة" الجماعات الارهابية، البنية، و المسارات، و المآلات، العدد 5، ابوظبي: مركز الامارات للسياسات، ص31.

(5) شعیب، بهمن (1396)، " نقش نیروی قدس در حل بحران¬های غرب آسیا"، فصلنامه مطالعات راهبردی جهان اسلام، سال هجدهم، شماره ١، پیاپی ٦٩، ص20.

(6) فرهاد درویشی و فتح الله پرتو (١٣٩٠)، "عراق جدید و استراتژی سیاسی-امنیتی ایران"، http: pishkesvat.ir/index.php?option=com_content&view=article&id=172:1390-01-19-13-35-08&catid=1:report ticle 7258.

(7) برنامه دولت نهم (١٣٨٤)، دبیرخانه دولت، تهران: دبیرخانه شورای اطلاع رسانی دولت، ص40.

(8) باقری، حسین (١٣٩٢)، "بازیگران داخلی در ساختار سیاسی عراق نوین و تاثیر أن بر امنیت ملی جمهوری اسلامی ایران"، فصلنامه آفاق امنیت، شماره نوزدهم، ص154؛ فیروز نجفی وحسین مسعودنیا و سید جواد امام جمعه‌زاده و حمید نساج(١٣٩٥)، "فدرالیسم و مثلث(شیعیان، کردها و سنی ها) در ساختار سیاسی عراق نوین، فصلنامه جستارهای سیاسی معاصر، سال هفتم، شماره اول. ص149.

(9) رجبی، محمد (1398)، " جایگاه اقلیم کردستان عراق در سیاستهای منطق های ایالات متحده آمریکا در غرب آسیا"، فصلنامه پژوهش های سیاسی جهان اسلام، سال نهم، شماره2، ص19.

(10) ایرنا (1398)، "آمریکا می‌خواهد با ایجاد اقلیم جدید در عراق با ایران مقابله کند"، https://www.irna.ir/news/83569304/.

(11) تسنیم نیوز (1396)، "همه‌پرسی اقلیم کردستان گامی در راستای طرح «خاورمیانه بزرگ» آمریکا"، https://www.tasnim-news.com/fa/news/1396/07/09/1534005/.

(12) خدیو، صلاح الدین (١٣٩٧)، " اهداف عیان و نهان ساخت بزرگترین کنسولگری امریکا در کردستان"، قابل مشاهده در: http://www.irdiplomacy.ir/fa/news/1977737/.

(13) تسنیم نیوز (1395)، " نگاهی به توافقنامه نظامی اربیل-واشنگتن اهداف بلند مدت آمریکا و بارزانی بعد از داعش چیست"، https://www.tasnimnews.com/fa/news/1395/05/15/1138440/.

(14) دیدارنیوز (1398)، " اهداف موشک‌های ایران؛ انتقام سخت از آمریکا و هشدار به اقلیم کردستان!"، https://didarnews.ir/fa/news/47876/.

(15) دیپلماسی ایرانی( ١٣٩٧)، " کردها نمی گذارند امریکا از پایگاه اربیل برای ضربه به امنیت ایران استفاده کند"، http://www.irdiplomacy.ir/fa/news/1980977/.

(16) امام (1361)، " سخنرانی در جمع رهبران مسلمان بنگلادش (اتحاد مسلمین- جنایات صدام)"، قابل مشاهده در: http://emam.com/posts/view/3065.

(17) قاسمی، فرهاد (١٣٨٦)، "نگرشی تئوریک بر طراحی مدل بازدارندگی سیاست خارجی ایران"، فصلنامه ژئوپلتیک، دوره سوم، شماره ٧، صص 110-109.

(18) مجموعة من الباحثين (2012)، العرب و ایران: مراجعة في التاريخ و السياسة، تحرير: عزمي بشارة و محجوب الزويري، بيروت: المركز العربية للابحاث و دراسات السياسات، ص117.

(19) مسعود اخوان کاظمی و فرزاد رستمی و فرهاد شاهملکی (1397)، "تحیل رابطه اسرائیل و اقلیم کردستان عراق و پیامدهای امنیتی آن برای جمهوری اسلامی ایران"، فصلنامه جستارهای سیاسی معاصر، سال هشتم، شماره ٤، ص7.

(20) محمد جواد ملکوتی و سید شاهو قاسمی و سجاد ملکوتی (١٣٩٤)، "تحولات اقلیم کردستان عراق و تاثیرات آن بر امنیت جمهوری اسلامی ایران پس از سرنگونی صدام"، شماره 15، صص 63-68.

(21) موسوی زاده. علیرضا و جاودانی مقدم، مهدی (1388)، "جایگاه استراتژیك کردستان عراق در سیاست خارجی اسرائیل و الزامات سیاست خارجی جمهوری اسلامی ایران"، دانشنامه حقوق و سیاست، شماره 11، ص212؛ حاجت پور، مهدی (25/7/1396)، "چرا کرکوک تا این اندازه مهم است؟"، https://www.yjc.ir/fa/news/6284599/.

(22) اخوان کاظمی و دیگران، همان، ص11.

(23) زهرا پیشگامی فرد و حسن کریمی (١٣٩٧)، "بررسی پیامدهای منطقه‌ای همه‌پرسی در کردستان عراق"، فصلنامه

پژوهش های جغرافیای انسانی، دوره ٥٠، شماره ٤، ص104.

(24) تسنیم نیوز (1396)، "همه‌پرسی اقلیم کردستان گامی در راستای طرح «خاورمیانه بزرگ» آمریکا"، https://www.tasnim-news.com/fa/news/1396/07/09/1534005/.

(25) جام نیوز (31/4/1398)، "سفر محرمانه وزیر دفاع سابق اسرائیل به کردستان عراق"، https://www.jamnews.com/detail/News/954473؛ فارس نیوز (30/4/1398)، "سفر محرمانه لیبرمن به کردستان عراق برای تشکیل «کردستان سوریه»"، https://www.farsnews.ir/news/13980430000197/.

(26) زارعی، سعدالله (27/4/1396)، "همه‌پرسی موزائیکی را نمی‌پذیریم(یادداشت روز)"، قابل مشاهده در: http://kayhan.ir/fa/news/109162/.

(27) تسنیم نیوز (١٣٩٦)، "آمریکا و اسرائیل صحنه‌گردان همه‌پرسی اقلیم کردستان عراق هستند"، https://www.tasnim-news.com/fa/news/1396/07/15/1539028/.

(28) ڕێککەوتنی "2U2" لە مانگی ئۆکتۆبەری ساڵی (٢٠٢١) لە لایەن هەریەک لە ئەمریکا، ئیسرائیل و هیندستان و ئیمارات لە دەڵهی و پاشان دوبەی ئەنجامدرا، ئامانجی سەرەکی ڕێککەوتنەکە پەرەپێدانی بەرنامە مرۆییەکانی هەر سێ وڵات بوو لە هەمبەر کێشە بنەڕەتییەکانی کۆنترۆڵی خۆراک و ڕێگاکانی هاتووچۆ، کاروباری بازرگانی و پاشان پاراستنی هاوسەنگی و سەقامگیریی ئەمنی ناوچەکانی باشووری ڕۆژئاوای ئاسیا.

(29) تسنیم نیوز (26/4/1396)، "جنگ بزرگ اعراب سنی و کردها؛ اولین نتیجه استقلال کردستان چرا هیچ کشوری از طرح همه پرسی بارزانی حمایت نمی‌کند؟"، https://www.tasnimnews.com/fa/news/1396/04/26/1466962/.

(30) خامنه‌ای (30/3/1396)، "دیدار نخست‌وزیر عراق با رهبر انقلاب"، http://farsi.khamenei.ir/news-content?id=36913.

(31) کەنعان بەهادین (6/7/2022)، "ڕۆژنامەیەکی ئێرانی: سەردانی بایدن بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دوا ئاگادارکردنەوەی تارانە"، https://cutt.us/PaEvf.

(32) ڕۆژهەڵاتی، زریان (21/6/2022)، "دەنگی وەرچەرخان دێت"، http://rudawrc.net/?p=2161.

(33) بي بي سي عربي (28/6/2022)، "الاتفاق النووي الإيراني: انطلاق المحادثات الإيرانية الأمريكية غير المباشرة لإحياء الاتفاق في قطر اليوم"، https: www.bbc.com/arabic/middleeast-61950143

(34) An INS Special Forum: intelligence and drones (2022), https://www.tandfonline.com/doi/abs/10.1080/02684527.2017.1303127

(35) bbc (17\5\2021), "How Israel's Iron Dome missile shield works (2022), BBC Nwes", https://www.bbc.com/news/world-middle-east-20385306.

(36) الحل (8/1/2022)،"حرب الظل الإيرانية في العراق وسوريا.. إلى العلن؟"، https://cutt.us/mLMON

(٣٧) Zicif Sibiv (2022), "srails War With Iran", https://heinonline.org/HOL/LandingPage?handle=hein.journals/fora85&div=97&id=&page=

(38) الجزيرة (13/3/2022)، "تغيير قواعد الاشتباك.. الحرس الثوري يتبنى للمرة الأولى مسؤولية استهداف "مقر إسرائيلي" في أربيل بكردستان العراق"، https://cutt.us/qr6my.

(٣٣) عەلي جواد (17/3/2022)، " أربيل: إيران هاجمتنا بصواريخ ذكية لا تُستخدم إلا في الحرب"، https://cutt.us/WBTyI.

(39) الحرة (19/1/2022)، "تهديدات إيران.. إسرائيل تعد "خيارات هجومية" وتحذير من السفر إلى بلدان عربية"، https://cutt.us/burmQ.

(40) الجزيرة (13/3/2022)، "تغيير قواعد الاشتباك.. الحرس الثوري يتبنى للمرة الأولى مسؤولية استهداف "مقر إسرائيلي" في أربيل بكردستان العراق"، https://cutt.us/qr6my.

(41) حەقیقی، فواد (7/7/2021)، "سوپای پاسداران مووشەکێکی لیزەری بۆ درۆنە خۆکوژەکانی نمایش دەکات"، https://(www.rudaw.net/sorani/middleeast/iran/070720211.

(42 المصدر نفسه.

(43) الجزيرة (9/3/2022)، "تأهب إسرائيلي بعد تعهد إيران بالثأر لمقتل اثنين من ضباطها بقصف جوي في سوريا"، https://www.aljazeera.net/news/politics/2022/3/9/%D8%A7%D8%A7

(44)المدن (22/6/2022)، "هجمات اسرائيل على إيران..من دون علم واشنطن"، https://cutt.us/Mh2h6.

(45) الجزيرة (15/3/2022)، "تداعيات قصف كردستان العراق.. لماذا اختارت إيران هذا التوقيت لاستعراض قدراتها الصاروخية؟" (٢٠٢٢)، https://cutt.us/cN3sO.

(46) زەمەن (28/4/2022)، "ئابوری عێراق لە مساڵدا 6.3٪ گەشە دەکات"، https://www.zamenpress.com/Details.aspx?jimare=57348

(47) ڕۆژهەڵاتی، زریان (29/3/2022) "سوڵحی سارد"ی ڕکابەرەکان و بارودۆخی عێراق!"، https://www.haremnews.com/detailsWtar/3295



# ڕۆڵی چینی مامناوەندی نوێ لە ناڕەزایەتییەکانی ئێراندا

**عەباس ش. ئەحمەدی** | خوێندکاری دکتۆرا لە کۆمەڵناسی

**بەرایی**

چینی مامناوەندی نوێ یەکێکە لە هێزە سەرەکییەکانی گۆڕانکاریی سیاسی و کۆمەڵایەتی لەو وڵاتانەی کە لە نوێبوونەوەدان، بە واتایەکی دیکە سەرهەڵدانی ئەم چینە بەرهەمی نوێبوونەوەیە. هەروەها ئەم چینە کۆمەڵایەتییە وەکو ئالاهەڵگری دیموکراسی بووە لە سەدەی ڕابردوودا و ڕۆڵێکی سەرەکی (چەندی و چۆنی) هەبووە لە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکاندا.

ئەم چینە لە پێش و پاش چارەکی یەکەمی سەدەی بیستەم لە ئێران سەریهەڵداو لە دەیەی کۆتایی سەدەی بیستەمدا بەشێوەیەکی بەرچاو پەرەیسەند و کاریگەرییە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی لەسەر کۆمەڵگەی ئێران دەرکەوت. ئەم توێژینەوەیە هەوڵدەدات بەشێوەیەکی خێرا سەرنج بخانە سەر پەرەسەندنی ئەم چینە و بەشێوەی ئاماریی ڕۆڵی لە ناڕەزایەتییەکان ڕوون بکاتەوە.

### ١. پێناسەی چینی مامناوەندی نوێ

چینی مامناوەند لە پێناسە ئابووری-کۆمەڵایەتییەکەیدا بریتییە لەو چینەی کە دەکەوێتە نێوان چینی بەرز و خوارووی کۆمەڵگە و خاوەنی دۆخێکی مامناوەندی داهات، پەروەردە و سەلیقە (Income, education, tastes) و .. هتد[1].

لە ڕوانگەی مارکسەوە چینی مامناوەند زیاتر لەسەر بنەمای ئابووریی و خاوەنداریەتی کەرەستەکانی بەرهەمهێنان پێناسە دەکرێت، بەڵام لە ڕوانگەی "ماکس ڤیبەر" و "دوتوکویل"ەوە گەشەی ئابووری چینێکی نوێ بەرهەم دەهێنێت، کە دەرفەتی هاوبەشیان لە پەیوەندییەکانی بازاڕدا هەیە (کڕین، داهات و بەکارهێنان) دەکەوێتە نێوان چینی بەرز و خوارەوەی کۆمەڵگە و خاوەنی ئاستی خوێندەواری، ئاستی داهات، شێوازی ژیان و پێگە و وشیاری کۆمەڵایەتی کەم و زۆر یەکسان[2]. هەروەها لە ڕوانگەی "دوتوکویل"ەوە بەهۆی پەرەسەندنی ئابووری و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتییەوە چینێکی کۆمەڵایەتی مامناوەند سەرهەڵدەدات کە لە ئاستی خوێندەواری و کولتوورییەوە هاوشێوەی چینی باڵای کۆمەڵگەیەو تایبەتمەندیی شارنشینی هەیە[3].

بەم شێوەیە تەواوی هێزە کۆمەڵایەتییە خوێندەوار و خاوەن بڕوانامەکان، واتە خاوەن پیشەکانی وەکو کارمەندانی حکومەتی، یاساناسان، ئەندازیاران، وەکیلەکان، مامۆستایانی زانکۆ، خوێندکاران، تەکنیککارەکان، ڕووناکبیران، مامۆستایان، نووسەران، هونەرمەندان، بەڕێوەبەران و هەر کەسێك کە بەشێوەی هزری لە هەوڵی دابینکردنی بژێوی و گۆڕانی کۆمەڵایەتی و سیاسی بێت بەشێکە لە چینی مامناوەندی نوێ[4] لە کۆمەڵناسیی سیاسیی ئێراندا، ئەندامانی چینی مامناوەند بۆ دوو گرووپی نەریتی و نوێ دابەش دەبن، کە هەر یەك لەم دوو گرووپە چەندین توێژ، پیشە و پێگەی کۆمەڵایەتی لەخۆ دەگرێت. چینی مامناوەندی نەریتی بریتییە لە دوو توێژی کۆمەڵایەتی پیاوانی ئایینی و بازرگان و بازاڕییە نەریتییەکان، بەڵام چینی مامناوەندی نوێ کە بەرهەمی پرۆسەی مۆدێرنیزاسیۆن، گەشە و پەرەسەندنی ئابووری، پەرەسەندنی شارنشینی، بیرۆکراسی و خوێندنی باڵایە لە ئێران، لە ئێستادا لەڕووی چەندایەتییەوە لە پەرەسەندن دایە و توێژی کۆمەڵایەتی و کارمەندان، بەڕێوەبەران، ڕووناکبیران، خوێندکاران و پسپۆڕان یان کۆمەڵێ پسپۆڕیی وەکو ئەندازیاران، پزیشکان و ... هتد دەگرێتەوە[5].

چینی مامناوەندی نەریتی بەرهەمی پرۆسەیەکی مێژوویی دوور و درێژی گۆڕانکاری ئابووریی و سیاسییە، بەڵام چینی مامناوەندی نوێ بەرهەمی نوێبوونەوەیە کە لە سەردەمی ڕەزاخانەوە دەستی پێکردوە و ئەنجامەکەی بریتیبووە لە پەرەسەندنی شارنشینی،

پەیوەندییەکان، بەهێزبوون و پەرەسەندنی حکومەت، بیرۆکراسی و ئەرتەش.

بە مەبەستی پێوانە و هەڵسەنگاندنی چینی مامناوەندی نوێ، چەند پێنوێنێك هەیە کە لە نێوانیاندا بڕوانامە گرنگترە. پێنوێنەکانی دیکە بریتین لە: ڕێژەی شارنشینیی، داهات، شێوازی ژیان و بەکارهێنان. شێوازی ژیان بریتییە لە کۆمەڵێ پێنوێن وەکو خانوو، سەیارە، چۆنیەتی بەسەربردنی کاتی دەستبەتاڵی، بوونی کەرەستەی مۆدێرنی ژیان (جل شۆر، تەلەفیزیۆنی فلات و ... هتد)، پلان دانان بۆ داهاتوو و پاشکەوت. لە جیاکردنەوەی چینەکاندا ئەم پێونوێنانە پێکەوە گرنگن نەوەك یەکێکیان بە تەنهایی[6].

## ٢. چوارچێوەی تیۆری توێژینەوەکە:

هانتینگتۆن لە کتێبی "نەزمی سیاسی لەو کۆمەڵگەیانەی لە حاڵی گۆڕاندان"، بە تێڕوانینێکی دوورکهایمییەوە دەڕوانێتە گۆڕانی کۆمەڵایەتی و بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان[7]، و هەوڵدەدات پەیوەندیی بدۆزێتەوە لە نێوان نوێبوونەوە و پەرەسەندنی سیاسیدا. هانتینگتۆن بەو ئەنجامە گەیشت کە لە کۆمەڵگە سەقامگیرە نەریتییەکاندا کە ڕادەی بەشداری سیاسی زیاد ناکات شۆڕش ڕوونادات، هەروەها لە کۆمەڵگە پێشکەوتووە دیموکراتیکەکان کە تێیدا دامەزراوەی سیاسی نوێ بۆ وەرگرتنی بەشداری خەڵك دابینکراوە، شۆڕش ڕوونادات، بەڵکو تەنیا لە وڵاتانی لە حاڵی پەرەسەندندا ئەم دیاردەیە ڕوودەدات کە لە لایەکەوە خواستی بەشداری زیاد دەکات و لەلایەکی دیکەوە دامەزراوەی پێویستییان بۆ وەرگرتنی ئەم بەشدارییە نییە[8]. بەم شێوەیە پێویستە سیستەمی سیاسی بەستێن و توانایی پێویستی بۆ گۆڕانکاری دۆخی هەنووکەی هەبێت، بە پێچەوانەوە سیستەمی تووشی ناسەقامگیری، بێسەروبەرەیی و داڕووخانی سیاسی دەبێت و لەوانەیە وەڵامی کۆمەڵگە بەم دۆخە لە فۆرمی ڕاپەڕیندا خوی بنوێنێت[9].

لە ڕوانگەی "هانتینگتۆن"ەوە، نوێبوونەوەی ئابووری دەبێتە هۆی گەشەی چینی مامناوەندی نوێ و گەشەی ئەم چینە دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی خواستی بەشداری سیاسی[10]. نوێبوونەوەی ئابووری هەر لە قۆناغە سەرەتاییەکانەوە دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی ئامانج و چاوەڕوانییەکان و کاتێك دوای قۆناغێك لە گەشەی ئابووری دابەزینی ئابووری بەدواوە دێت، شۆڕش ڕوودەدات[11]. ئەمەش لەبەرئەوەی کە نوێبوونەوە ڕەهەندی سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابووری هەیە. نوێبوونەوە لە سۆنگەی ئابوورییەوە هەڵگری شارنشینیی، بەپیشەسازیبوون و پەرەسەندنی ئابوورییە. لە سۆنگەی کۆمەڵایەتییەوە هەڵگری ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی، دارمانی پابەندبوونە نەریتییەکان و جێگرتنەوەیان بەهۆی پەیوەندیی و تێڕوانینە نوێیەکانەوەیە. هەروەها لە سۆنگەی سیاسییەوە

دەبێتە هۆی گواستنەوە لە کۆمەڵگەی سیاسی نەریتییەوە بۆ کۆمەڵگەی سیاسی مۆدێرن. نوێبوونەوەی ئابووری و ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی گرووپەکانیش خواستی نوێ دەهێنێتە کایەوە[12]. لەسەر بنەمای ئەم خواستەش گرووپەکان لە فۆرمی بزووتنەوەی کۆمەڵایەتیدا هەوڵی بەدیهێنانی خواستەکانیان دەدەن.

### ۳. پەرەسەندنی چینی مامناوەند لە ئێران


چینی مامناوەندی نوێ لە ئێراندا بەرهەمی پەرەسەندنی شارەکان و بەرزبوونەوەی ئاستی خوێندەواری و کارمەندانی حکومەتە، لە خوارەوە تاوتوێ دەکرێن.

### ۱.۳. ڕێژەی شارنشینی لە ئێران

شارنشینی لە ئێراندا لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم بەدوا بەشێوەیەکی بەرچاو پەرەیسەندووە، بە چەشنێك کە وەکو لە خشتەی خوارەوە دەردەکەوێت، لە ساڵی (1956) ڕێژەی شارنشینی لە (31.4٪) بووە، ئەم ڕێژەیە لە ساڵی (1986) دەبێتە لە (54.3٪) لە ساڵی (2016) بۆ لە (74٪) بەرز دەبێتەوە.

خشتەی (١): ڕێژەی شارنشینی نیشاندەدات

| ساڵ | ڕێژەی شارنشینی |
|---|---|
| ساڵی 1956 | 31.4 |
| ساڵی 1966 | 37.9 |
| ساڵی 1976 | 47 |
| ساڵی 1986 | 54.3 |
| ساڵی 1991 | 57.1 |
| ساڵی 1996 | 61.3 |
| ساڵی 2006 | 68.5 |
| ساڵی 2011 | 71.4 |
| ساڵی 2016 | 74 |




سەرچاوە: سەرژمێری دانیشتوان، ساڵانی (١٩٥٦-٢٠١٦)[13]

### ٢.٣. ئاستی خوێندەواری

ڕێژەی خوێندەواری لە ئاستی ئێراندا لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم بەدواوە بەشێوەیەکی خێرا بەرزبووەتەوە، بەچەشنێك کە لە ساڵی (١٩٥٦) ڕێژەی خوێندەواری لە (15.1٪) بوو، بەڵام بە گوێرەی دواین سەرژمێری لە ساڵی (٢٠١٦) گەیشتوەتە لە (87.6٪). هاوکات لەگەڵ ئەمە ژمارەی ئەوانەی خاوەن بڕوانامەی بەرزن بەشێوەیەکی بەرچاو بەرزبووەتەوە، بەچەشنێك کە وەزیری زانست و توێژینەوە و تەکنۆلۆژی لە ساڵی (٢٠١٦) ڕایگەیاند کە لە ئێراندا (١١) میلیۆن کەس هەڵگری بڕوانامەی زانکۆین.

بەرزبوونەوەی ئاستی خوێندەواری و پەرەسەندنی چەندی و چۆنێتی سیستەمی خوێندنی باڵا، هەنگاو بەهەنگاو چەندین دواهاتی دەبێت؛ چونکە پێویستییەکانی کەسێکی خاوەن بڕوانامە و کەسێکی نەخوێندەوار یان کەم خوێندەوار بە تەواوی جیاوازە و تێگەیشتنیان لە پرسە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان و ...تاد دەگۆڕێت، تاك خوازیاری مافی هاووڵاتییەتی زیاتر دەبێت. هەروەها تاکی خوێندەوار لەگەڵ ئەوەی کە سەربەخۆیی زیاتری هەیە، هەستی بەشداری زیاتری لە پرسە جۆراوجۆرەکان[14] و پابەندییە نەریتی و ئاینییەکانیان کەمتر دەبێت.

| شرح | نێر | مێ | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|
| ساڵی 1956 | 22.4 | 8 | 15.1 |
| ساڵی 1966 | 40.1 | 17.9 | 29.4 |
| ساڵی 1976 | 58.9 | 35.5 | 47.5 |
| ساڵی 1986 | 71 | 52.1 | 61.8 |
| ساڵی 1991 | 80.6 | 67.1 | 74.1 |
| ساڵی 1996 | 84.7 | 74.2 | 79.5 |
| ساڵی 2006 | 88.7 | 80.3 | 84.6 |
| ساڵی 2011 | 88.4 | 81.1 | 84.7 |
| ساڵی 2016 | 91 | 84.2 | 87.6 |

**خشتەی (١):**
**ڕێژەی شارنشینی نیشاندەدات**

### ٤. ڕۆڵی چینی مامناوەند لە گۆڕانکارییە سیاسییەکاندا

چینی مامناوەندی نەریتی لانیکەم لە دوو سەدەی ڕابردوودا لە گرنگترین گۆڕانکارییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکاندا ڕۆڵی سەرەکی هەبووە یان ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبووە. لە بزووتنەوەی تەنباکۆ و شۆڕشی مەشرووتەدا ئەم چینە ڕۆڵی سەرەکی هەبووە لە بزووتنەوەی خۆماڵیکردنی نەوتدا یەکێك لە فاکتەرە سەرەکییەکان و لە کۆتایدا لە شۆڕشی ساڵی (١٩٧٩)دا ڕۆڵی بەرچاویان هەبوو[15].

لە ساڵانی (١٩٧٧ و ١٩٧٨) چینی مامناوەندی نوێ لە سۆنگەی داهات و پێداویستییەکانی ژیانەوە لە بارودۆخێکی لەباردا بوو، بەشێوەی یەکانگیر و بەردەوام خوازیاری گۆڕانکاری سیاسی و کرانەوەی ئێران بوو، ئەمەش بوو بە بەشێك لە دروشمەکانی شۆڕشی (١٩٧٩)[16]. بەڵام پاش شۆڕش و بەهۆی گوشاری چینی مامناوەندی نەریتی (پیاوانی ئایینی) و سەرکوت و پەراوێزخراو تاکو ساڵی (١٩٩٧) بەشێوەیەکی جدی بەشداری پرۆسەی سیاسیی ئێرانی نەکرد. دواتر پاش ئەو گۆڕانکارییانەی کە لە ساڵی (١٩٩٥) بەدواوە سەریهەڵداو لە (١٩٩٧) بە ئەنجام گەیشت، چینی مامناوەندی نوێ هیوادارببوو کە بتوانێت کۆمەڵگەی ئێران کرانەوەی سیاسی و هزری، کۆمەڵگەی مەدەنی و پەرەسەندنی سیاسی بەخۆیەوە ببینێت[17]. ئەم چینە لە ڕووداوە سیاسییەکانی دوای هەڵبژاردنی خولی دەیەمی سەرۆك کۆماریش لە ئێران ڕۆڵێکی سەرەکی هەبوو. هەندێ لە کۆمەڵناسان خۆپیشاندانەکانی دوای هەڵبژاردن بۆ هەستی بێ سوودی و بێ کاریگەرببوونی سیاسی چینی مامناوەندی شاری دەگێڕنەوە، لەم پەیوەندییەدا حسێن بەشیرییە دەڵێت: "بزووتنەوەیەکی سیاسی .کۆمەڵایەتی کە لەسەر بنەمای چینی مامناوەندی شاری دامەزرابوو، لە دەوری دوو بەربژێری ڕیفۆرمخواز واتە (موسەوی و کەڕوبی) دروست بوو کە بەشێکی گەورەی دانیشتوانی لە ژێر ناوی بزووتنەوەی سەوز بۆ گۆڕانکاری و ڕیفۆرم ڕێکخست[18]. هەرچەند کە ئەم بزووتنەوەیە بە[19]هۆی کاریگەریی فاکتەری نەتەوەیی هیچ کات لە ناوچە فارسەکان نەترازاو بەرەو هەرێمی دانیشتوانی کورد، عەرەبی، تورك و بەلوچ پەرەینەسەند. ئەمەش بە خوێندنەوەیەکی ڤیبەری هۆکارەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە چینی مامناوەند تەنها فاکتەری ئابووریی کۆی ناکاتەوە، بەڵکو حیزب یان خواستی سیاسی ڕۆڵی گرنگی هەیە. لەسەر ئەم بنەمایە خواستی سیاسی چینی مامناوەندی نوێ لە نێو دانیشتوانی نەتەوە جیاوازەکانی ئێراندا جیاوازبوو. بەڵام ڕووداوەکانی دواتر نیشانیانادا کە گۆڕانکاریی لە سیستەمی دیکتاتۆریی کۆماری ئیسلامیدا بە چاکسازی بە ئەنجام ناگات. ئەمەش جارێکی دیکە پاشەکشەی چینی مامناوەندی نوێی لێ کەوتەوە.

پاش هاتنە سەرکاری ئیبراهیم ڕەئیسی وەکو نوێنەری دەسەڵاتی کۆنەپارێز لە ئێران و بەردەوامبوونی گەمارۆکان لەسەر ئێران و خۆاپتربوونی دۆخی ئابووری خەڵك، چینی مامناوەندی نوێ کە لەلایەکەوە خواستەکانی لەبەرزبوونەوە دایە (بەهۆی بەراوردکردنی ژیانی خۆی بە هاوپیشەکانی لە وڵاتانی دیکە لە ڕێگای تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە) لە لایەکی دیکەوە بەدیهاتنی پێداویستییەکان لە ژیانی ڕاستەقینەدا لە دابەزینە، ئەمەش وایکردووە کە جیاوازییەکی بەرچاو بکەوێتە نێوان ئامانج و چاوەڕوانییەکان لەگەڵ ژیانی ڕاستەقینە، ئەمەش پێدەچێت بەستێنی ناڕەزایەتییەکانی ئەم دوایەی ئەم چینەی دروستکردبێت. بە واتایەکی دیکە:

١. ئەم چینە بەهۆی بڕوانامەی بەرز و پەیوەستبوون بە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەردەوام کۆمەڵگەی خۆی بە کۆمەڵگە پێشکەوتووەکان بەراورد دەکات، ئەمەش چاوەڕوانییەکانی بەرزتر دەکاتەوە. ئەمە لە حاڵێکدایە کە بەهۆی گەمارۆکانی سەر ئێران و سیاسەتی هەڵەی ئابووری، دۆخی ژیانیان بەرەو خراپتربوون دەچێت و توانای ئابوورییان لە دابەزیندایە.

٣. چینی مامناوەند، خوازیاری بەشداری سیاسی و ئیدارەدانی وڵاتەکەیەتی، بەڵام سیستەمی داخراوی کۆماری ئیسلامی ئەم دەرفەتە ناڕەخسێنێت.

بە سەرنجدان بەم دۆخە، پێدەچێت ئەم چینە، هاوشان لەگەڵ چین و توێژەکانی دیکەو بە کارتێکەری فاکتەرەکانی دیکەی وەکو نەتەوەیی، مافی ژنان و ... هتد هەنگاو بەرەو ناڕەزایەتی سەر شەقام بنێت، بە چەشنێك کە لە لە شەش مانگی یەکەمی ساڵی (٢٠٢٢)دا لە ئێراندا ناڕەزایەتییەکانی ئەم چینە بەڕوونی لەسەر شەقام دەبینرێت. بە جۆرێك کە:

١. بەسەریەکەوە (٢٣٧) کۆبوونەوەی ناڕەزایەتی و مانگرتن ڕوویانداوە کە لەم ژمارەیە (٢١٩) کۆبوونەوەی ناڕەزایەتی و (١٨) مانگرتن ڕوویداوە. (هەریەك لەم ناڕەزایەتیانە دەکرێت لە چەند شار و پارێزگایەك بێت).

٢. بەشداری گرنگترین توێژەکانی ئەم چینە لە خشتەی (٣) خراوەتەڕوو کە بەم شێوەیە بووە: فەرمانبەران؛ (٥٧) کۆبوونەوەی ناڕەزایەتییان و (٤) مانگرتن. خانەنیشینەکان (٥٧) ناڕەزایەتی و (١) مانگرتن، مامۆستایان (٢٦) ناڕەزایەتی و (٤) مانگرتن، پزشکەکان (١٦) مانگرتن و (٥) مانگرتنیان کردووە.

| چینەکان | کۆبوونەوەی ناڕەزایەتی | | مانگرتن | | کۆی گشتی | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | ژمارە | ڕێژە | ژمارە | ڕێژە | ژمارە | ڕێژە |
| ئەندازیاران | 2 | 0.9 | – | – | 2 | 0.8 |
| کاسبکاران | 2 | 0.9 | 3 | 16.7 | 5 | 2.1 |
| شارەوانی | 3 | 1.4 | | | 3 | 1.3 |
| پزیشکان | 16 | 7.3 | 5 | 27.8 | 21 | 8.9 |
| خوێندکاران | 23 | 10.5 | 1 | 5.6 | 24 | 10.1 |
| مامۆستایان | 26 | 11.9 | 4 | 22.2 | 30 | 12.7 |
| ماڵ خوراوەکان | 33 | 15.1 | – | – | 33 | 13.9 |
| خانەنشینان | 57 | 26.0 | 1 | 5.6 | 58 | 24.5 |
| فەرمانبەران | 57 | 26.0 | 4 | 22.2 | 61 | 25.7 |
| کۆی گشتی | 219 | 100 | 18 | 100 | 237 | 100 |

**خشتەی (٣):** بەشداری چین و توێژە جۆراوجۆرەکانی چینی مامناوەندی نوێ لە ناڕەزایەتییەکان نیشاندەدات

لە کوردستانی ئێرانیش ئەم چینە لە شەش مانگی ڕابردوودا، بەشداری نارەزایەتییەکانیان کردووە، هەرچەند کە لێکدانەوەی دۆخی چینی ناوەند لە کوردستانی ئێران پێویستە لە ڕوانگەی ڤیبەرییەوە بێت (لەسەر بنەمای ئابووری، پێگە و حیزب)، بەواتایەکی دیکە ڕووداوەکانی کوردستانی ئێران لەگەڵ ئەوەی کە ڕەهەندی ئابووری و چینایەتی هەیە، بنەمای نەتەوەیی و سیاسی هەیە کە خۆی لە چوارچێوەی داواکارییەکانی نەتەوەیی کورد لەم بەشەی کوردستان دەبینێتەوە. وەکو لە خشتەی خوارەوە دەبینرێت؛ مامۆستایان (١٠) کۆبوونەوەی نارەزایەتی و (٦) مانگرتنیان ئەنجامداوە، خانەنشینەکان (١٨) کۆبوونەوەی نارەزایەتی، فەرمانبەران (٦) کۆبوونەوەی نارەزایەتی، مامۆستایانی زانکۆ (٢) کۆبووونەوەی نارەزایەتی.

| چینەکان | کۆبوونەوەی نارەزایەتی | | مانگرتن | | کۆی گشتی | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | ژمارە | ڕێژە | ژمارە | ڕێژە | ژمارە | ڕێژە |
| خوێندکاران | 1 | 2.6 | – | – | 1 | 2.1 |
| کاسبکاران | – | – | 1 | 12.5 | 1 | 2.1 |
| پزیشکیان | 2 | 5.1 | 1 | 12.5 | 3 | 6.4 |
| مامۆستایانی زانکۆ | 2 | 5.1 | – | – | 2 | 4.3 |
| خانەنشینان | 18 | 46.2 | – | – | 18 | 38.3 |
| مامۆستایان | 10 | 25.6 | 6 | 75 | 16 | 34.0 |
| فەرمانبەران | 6 | 15.4 | – | – | 6 | 12.8 |
| کۆی گشتی | 39 | 100 | 8 | 100 | 47 | 100 |

**خشتەی (٤): بەشداری چینی مامناوەندی نوێ لە نارەزایەتییەکانی کوردستانی ئێران نیشاندەدات**

**لە پارێزگا کوردییەکانیش لە ماوەی شەش مانگی ڕابردوودا چینی مامناوەندی نوێ نارەزایەتی دەربڕیوە.**

بەمەبەستی تێگەیشتن لەبەربڵاوی نارەزایەتییەکانی چینی مامناوەندی نوێ، ژمارەی نارەزایەتییەکانمان بە گوێرەی پارێزگا دەرهێنا کە وەکو لە خشتەی خوارەوە دەبینرێت، لە زۆربەی پارێزگاکانی ئێراندا لەماوەی ئەم (٦) مانگەدا نارەزایەتی چینی مامناوەند لەتوێژە جۆراوجۆرەکان دەبینرێت، بەچەشنێك کە (٨) نارەزایەتی سەرتاسەری ئێرانی گرتووەتەوە، لەتاران (94) نارەزایەتی هەبووە، لەخوزستان (33)، لەئیسفەهان (30)و لەئازەربایجانی ڕۆژئاوا (32)و ... هتد.

| ز | پارێزگا | فەرمانبەران | پزشکان | مامۆستایان | خانەنشینان | خوێندکاران | ئەندازیاران | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | هەموو ئێران | | | 7 | 1 | | | 8 |
| 2 | تاران | 26 | 12 | 14 | 27 | 15 | | 94 |
| 3 | خوزستان | 8 | 1 | 5 | 19 | | | 33 |
| 4 | ئیسفەهان | 6 | 3 | 5 | 15 | 1 | | 30 |
| 5 | ئازربایجانی شەرقی | 5 | 2 | 5 | 14 | 5 | 1 | 32 |
| 6 | چەهارمحال و بەختیاری | 5 | | 3 | 2 | 1 | | 11 |
| 7 | گەیلان | 4 | 1 | 6 | 15 | | | 26 |
| 8 | فارس | 3 | 3 | 5 | 5 | 2 | | 18 |
| 9 | سمنان | 2 | | | | | | 2 |
| 10 | گولستان | 2 | | 3 | | | | 5 |
| 11 | خۆراسانی جنوبی | | | 2 | | | | 2 |
| 12 | خۆراسانی شمالی | 2 | | 1 | 3 | | | 6 |
| 13 | خۆراسانی ڕەزەوی | 2 | 2 | 5 | 12 | | 1 | 22 |
| 14 | زنجان | 2 | 1 | 3 | 4 | | | 10 |
| 15 | مەرکزی | 1 | | 3 | 13 | | | 17 |
| 16 | هەمەدان | 1 | 2 | 5 | 1 | | | 9 |
| 17 | مازندەران | 1 | 1 | 4 | 3 | 1 | | 10 |
| 18 | قوم | 1 | | 3 | 1 | | | 5 |
| 19 | هورمزگان | 1 | | 2 | 1 | 1 | | 5 |
| 20 | لوڕستان | 1 | 1 | 4 | 4 | | | 10 |
| 21 | کرمان | 1 | | 1 | 5 | 1 | | 8 |
| 22 | کهکیلویه و بویر احمد | | 1 | 7 | | | | 8 |
| 23 | یەزد | | | 4 | 2 | 1 | | 7 |
| 24 | قەزوین | | | 3 | 11 | 1 | | 15 |
| 25 | البرز | 1 | | 4 | 7 | | | 12 |
| 26 | بوشەهر | | | 5 | | | | 5 |
| 27 | سیستان و بلوچستان | | | 1 | | | | 1 |
| 28 | سمنان | | | 1 | 2 | | | 3 |
| 29 | اردەبیل | | | 1 | 8 | | | 9 |
| | کۆی گشتی | 75 | 30 | 112 | 175 | 29 | 2 | 423 |

**خشتەی (٥): ناڕەزایەتی توێژە جۆراوجۆرەکانی چینی مامناوەندی نوێ لە ئێران نیشاندەدات**

بە هەمان شێوەی سەرەوە لە پارێزگا کوردییەکانیش لە ماوەی شەش مانگی ڕابردوودا چینی مامناوەندی نوێ ناڕەزایەتی دەربڕیوە، وەکو لە خشتەی خوارەوە دەبینرێت؛ لە پارێزگای کرماشان کە زۆرترین ڕێژەی چینی مامناوەندی تێدایە، زۆرتر لە پارێزگاکانی دیکە ئەم چینە ناڕەزایەتی دەربڕیوە کە (28) حاڵەت بووە، بەدوای ئەودا پارێزگای سنە (23) ناڕەزایەتی و پاشان ئیلام (20) ناڕەزایەتی و دواتر ورمێ (12) ناڕەزایەتی.

**چاوەڕوان دەکرێت کە ناڕەزایەتییەکان لە سەنتەری شارەکاندا بەشێوەی جۆراوجۆر پەرەبستێنن.**

خشتەی (٦): نارەزایەتی توێژە جۆراوجۆرەکانی چینی ماماوەندی نوێ لە کوردستانی خۆرهەڵات نیشاندەدات

| پارێزگا | فەرمانبەران | مامۆستایان | خانەنشینان | پزیشکان | خوێندکاران | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ورمێ | 1 | 9 | | 1 | 1 | 12 |
| سنە | 2 | 16 | 4 | 1 | | 23 |
| ئیلام | 2 | 9 | 7 | 2 | | 20 |
| کرماشان | 4 | 6 | 16 | 2 | | 28 |
| کۆی گشتی | 9 | 40 | 27 | 6 | 1 | 83 |

## ئەنجام:

بە سەرەنجدان بەم دۆخی سیاسیی، ئابووریی و کۆمەڵایەتیی ئێستای ئێران و چینی ماماوەندی نوێ، چاوەروان دەکرێت کە نارەزایەتییەکان لە سەنتەری شارەکاندا بەشێوەی جۆراوجۆر پەرەبستێنێت و ئەمەش سیستەمی سیاسی لە ئێران بنکۆڵ بکات.

## سەرچاوەکان:

1- Tarkhnishvili Anna and Tarkhnishvili Levan (2013) Middle Class: Definition, Role and Development, Global Journal of HUMAN SOCIAL SCIENCE Sociology & Culture Volume 13 Issue - 7 Version 1.0 Year 2013 Type: Double Blind Peer Reviewed International Research Journal Publisher: Global Journals Inc. (USA) Online ISSN: 2249-460x & Print ISSN: 0975-587X.

٢- فوزی، یحیی و رمضانی، ملیحه (٢٠٠٩) طبقه متوسط جدید و تاثیرات آن در تحولات سیاسی بعد از انقلاب اسلامی در ایران، فصلنامه علمی . پژوهشی مطالعات انقلاب اسلامی، سال پنجم، شماره ١٧، تابستان،ص 15.

3- De Tocqueville, Alexis, 1994, Democracy in America, edited by: Larry Siedentop, Oxford University Press.p.63.

٤- ازغندی، علیرضا (٢٠٠٦). درآمدی بر جامعه شناسی ایران، تهران: نشر توس.ص117.

٥- مطلبی، مسعود (٢٠١٧)، نقش و کارکرد سیاسی طبقه متوسط جدید در جمهوری اسلامی ایران، مجله جامعه‌شناسی، شماره ٨، زمستان، ص80.

٦- فوزی، یحیی و رمضانی، ملیحه (٢٠٠٩) طبقه متوسط جدید و تاثیرات آن در تحولات سیاسی بعد از انقلاب اسلامی در ایران، فصلنامه علمی . پژوهشی مطالعات انقلاب اسلامی، سال پنجم، شماره ١٧، تابستان.ص6.

٧- احمد، ش. عەباس (٢٠١٧)، پەیوەندیی بە جهانیبوون بە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەددین. ل24.

٨- بشیریه، حسین (٢٠٠٨)، انقلاب و بسیج سیاسی، (چاپ هشتم)، تهران: انتشارات دانشگاه تهران.ص55.

٩- قوام، عبدالعلی (٢٠٠٠). چالش های توسعه سیاسی، تهران: نشر قومس،ص16.

١٠- هانتینگتون، ساموئل (١٩٩٦)، موج سوم دموکراسی در پایان سده بیستم، ترجمه احمد شهسا، تهران: نشر روزنه،ص11.

11- Huntington, Samual P. (1973), Political order in changing societies. (7ed), London: Colonial Press Inc.p.56.

١٢- تیلور، استن (٢٠٠٩)، علوم اجتماعی و انقلابها، مترجم: علی مرشدی زاد، تهران: انتشارات دانشگاه شاهد. ص112

١٣- درگاه ملی آمار (amar.org.ir)

١٤- قاسمی، صفت الله و زارع زاده، رسول (٢٠١٣) پیامدهای (اجتماعی، فەرهەنگی، ئابووری، سیاسی و امنیتی) ظهور طبقه متوسط جدید در ایران، فصلنامه آفاق امنیت، سال پنجم، شماره هجدهم، بهار.ص79.

١٥- مرادی جو، علی جان (٢٠١٩) نقش طبقه متوسط سنتی در تحولات سیاسی ایران (مطلالعه موردی: دوران شکل گیری انقلاب اسلامی).ص132.

١٦- دارابی، علی (٢٠١٥). طبقه متوسط و توسعه سیاسد در ایران پس از انقلاب اسلامی، مجله مطالعات توسعه اجتماعی ایران، سال هشتم، شماره اول، زمستان،ص9.


١٧- دارابی، علی (٢٠١٥). طبقه متوسط و توسعه سیاسد در ایران پس از انقلاب اسلامی، مجله مطالعات توسعه اجتماعی ایران، سال هشتم، شماره اول، زمستان،ص9.

١٨- یامین پور، وحید (٢٠٢١)، طبقه متوسط جدید، تفاوت (یا گسست) نسلی و بایسته‌های سیاست گذاری رسانه، رسانه، سال بیست و یکم، شماره ٣.ص11.

# دوو جەمسەری باکوور و باشووری ستراتیجی ئێران



بارام مەجیدخان




**بەرایی**

هێرشی ڕووسیا بۆ ئۆکرانیا لە پاش شەڕی باڵکان گرنگترین ڕووداوی مێژوویی لە پاش شەڕی سارد هەژمار دەکرێت. لەگەڵ ئەوەی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە دەسپێکی شەڕەکەدا هەڵوێستێکی نەرمی نواند بەرامبەر ڕۆژئاوا بە ئومێدی ئەوەی وتووێژەکانی ڤیەننا، لەهەمبەر دۆسیەی ئەتۆمی بە ئەنجام بگات. بەڵام بە تێپەڕبوونی کات و ئەو گۆڕانکاریانەی کە لە سیستەمی نێودەوڵەتی ڕوویاندا، هەڵوێستی ئێران و ڕووسیاش گۆڕانکاریان بەسەرداهات و نزیکبوونەوەی زیاتریان بە خۆیانەوە بینی.

ئێران و وڵاتانی (٥+١)یش نەیانتوانی بگەنە ڕێکەوتنی کۆتایی. ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە هەمان ئەزموونی پاش شەڕی دووەمی جیهانیی لە قۆناغی شەڕێکی ساردی نوێ پێدەنێتە قۆناغێکی هەستیارەوە. ئێران و ڕووسیا بەپێی لێدوانەکانی وەزارەتی دەرەوەی ئێران گەیشتونەتە قۆناغی ڕێکەوتنێک کە هەم بۆ ئێران و هەم بۆ ڕووسیا سوودی زۆری دەبێت لە چوارچێوەی بەرژەوەندییە ستراتیژییەکانی هەردوو وڵات. ڕووسیا لە ئەنجومەنی ئاسایش پارێزگاری لە دۆسیەی ئەتۆمی ئێران دەکات، لە بەرمبەردا ئێران دەستی ڕووسیا لە گرێبەستی نەوت و غاز لەگەڵ ئەو وڵاتە دەکاتەوە. ئەمریکا و هەوپەیمانەکانی لە ناوچەکە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لە پەیمانێکی ئەمنی و سەربازیی نزیک دەبنەوە بە ئامانجی پارێزگاریکردن لە وڵاتانی کەنداو، ئیسرائیل و بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا لە ناوچەکە. لەم لێکۆڵینەوەیەدا تیشک دەخەینە سەر هەر دوو قووڵایی ستراتیژی باکوور و باشووری ئێران بۆ خوێندنەوەی ئاڕاستەی سیاسی لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

**تەوەری یەکەم:**

**قووڵایی ستراتیژی باکووری ئێران**

لەگەڵ سەرهەڵدانی کێشە لە نێوان ڕووسیا و ئۆکرانیا و فراوانخوازیی NATO و کشانی بەرەو سنوورەکانی ڕووسیا، گۆڕانکاری گەورە لە ستراتیژ و جیۆپۆلەتیکی ئوراسیا پەردەیان لەسەر سیاسەتە شاراوەکان هەڵدایەوە. ڕووسیایەکی نوێ لە (٢٠١٥) وە سەریهەڵداوە کە خواستی گێڕانەوەی شکۆی بۆ ڕووسەکان هەیە. نەتەوەپەرەستی ئاوێتە بە ئەرتۆدۆکسی مەسیحی ئاڵای ڕووبەڕووبوونەوەی سیستەمی لیبرالی جیهانیی هەڵکردووە. پۆتینیزم وەک دیاردەیەکی مێژوویی گرفتی بۆ سیاسەتی نێودەوڵەتی و ئەورووپا و ئەمریکا دروستکردووە. مارشهایمەر بیرمەندی گەورەی قوتابخانەی ڕیالیزم هەر لە (٢٠١٥)وە درکی بە مەترسی سەرهەڵدانی کێشەی ئۆکرانیا کرد، کە خاڵی تەقینەوەی ڕووسیا بە ڕووی ئەورووپادایە، ئەگەر بە وردی هەڵسووکەوت لەگەڵ کێشەی ئۆکرانیا نەکرێت. پۆتینیزم وەک ئایدۆلۆجی باڵادەستی ڕووسەکان لەسەر چەند بنچینەیەکی ئاڵوز بونیاد نراوە. لە لایەک پشت ئەستوورە بە ئایدیای بیرمەندانی گەورەی ڕووس وەک ئەلکساندەر دۆگین و لە لایەکی دی بنچینەی کولتووری و ئایینی و مێژوویی هەیە.

وەهمی ئاسایشی نەتەوەیی ڕووس کە پۆتین پێداگری لەسەر دەکات، فراوانخوازیNATO بەڕووی سنوورەکانی ڕووسیا وەک گەورەترین مەترسی لەسەر ڕووسیا وێنا دەکات. سیاسەتی ڕووس زۆر ئاشکرایە لە هەمبەر نیگەرانییە ئەمنی و سەربازییەکانی. دوورخستنەوەی ناتۆ لە سنوورەکانی ڕووسیا. ئۆکرانیا گرنگترین جوگرافیای ئوراسیایە کە دەروازەی هەڕەشەی ناتۆیە بۆ سەر ڕووسیا. کاتێک یەکێتی سۆڤیەت هەرەسی هێنا و چەندین وڵات سەربەخۆییان

ڕاگەیاند، جیابوونەوەی هیچ کام لەو وڵاتانە بۆ ڕووسیا هێندەی ئۆکرانیا ئازاربەخش نەبوو. ئەگەر سەرۆکی ڕووسیا لە هەر هەلومەرجێکدا خۆشترین خەونی هەبێت ئەوا خەونەکەی گەڕانەوەی ئۆکرانیایە بۆ سەر خاکی ڕووسیا. ئۆکرانیا ئەندامی ناتۆ نییە. ئەمریکا و ئەورووپا سیاسەتێکی ئاشکرایان لەسەر جەنگی ئۆکرانیا نەبوو. ئۆکراین بە ئەمری واقیع بەشێك بوو لە ناتۆ. بەڵام لە ڕاستیدا ناتۆ دەست کراوە نەبوو لە پشتیوانی ئۆکرانییەکان لەو جەنگە نابەرابەرەدا. خواستی ڕووسەکان ڕاگرتنی ناتۆیە بەرامبەر ڕووسیا. بەڵام ناتۆ نەوەستاوە لە فروانکردنی هاوپەیمانییەتەکەی لە ئەورووپا.

نۆستالیژیی بەهەشتی ڕووسی تێکەڵەیەکە لە مێژوو، ئەفسانە و هەستی ڕزگاربوون و گێڕانەوەی شکۆی ڕووسیا. پەیوەستکردنەوەی ڕووسیا بە یادەوەرییەکانی پەیماننامەی ویستڤالیا و سەردەمانی شەڕی سارد پۆتین خوازیارە ناسنامەی ڕووسی دوبارە پێناسە بکاتەوە بە ئامانجی یەکخستنی نەتەوەی ڕووس. ئەم دیدگایە بە سنوورەکانی ئێستای ڕووسیا قایل نییە. بەڵکو پێیوایە ڕووسیا بریتیە لە مۆسکۆ و (١٤) کۆماری سەربەخۆ کە لە ڕووسیا جیابوونەتەوە. ڕووسیا بە هەڵبژاردنی گۆشەگیری سیاسی ڕووبەڕووی جیهانی لیبراڵ بووەتەوە. بە بێڕێزیکردن بە جیهان بوو، سیاسەتەکانی بە ئارەزووی خۆی لە سیستەمی نێودەوڵەتی هەم برین دروست

”

**ڤلادیمێر پۆتین لە پاش هێرشی بۆ سەر ئۆکرانیا لە وتارێکیدا ئاماژەی بەوە کرد، کە ئەوە ڕووسیا نییە کە کێشەی نێودەڵەتی بۆ ئەمریکا دروست کردبێت، ئاماژەی دا کە ئێمە لە سنوورەکانی ئەمریکا نیین. ئێمە هێزمان بۆ ئەمریکا ڕەوانە نەکردووە! بەڵکۆ ئەوە ناتۆ و ئەمریکان هاتوونەتە سنوورەکانمان!**

دەکات و هەم تیماریان دەکات. لە پاش ڕووخانی یەکێتی سۆڤیەتی جاران لە قۆناغی داڕمانی ئایدۆلۆجیەوە پێی نایە جیهانێکی بێ ئایدۆلۆجیا. بەڵام پۆتینیزم جارێکیتر بە ڕووسەکانی سەلماند کە بە پشت بەستن بە شکۆی نەتەوەی و ڕووس و گەڕانەوە بۆ ئەرتەدۆکسی ڕووسی و هاوپەیمانی لەگەڵ جیهانی ئیسلام و دەنگە نارازییە پۆپۆلیستییەکانی جیهان دەتوانێت مژدە بەخشی ئەو جیهانە نوێیە بێت بۆ ڕووسەکان.

ڕووسیا وەک قوربانی سیاسەتە ئیمپریالیستییەکانی ئەمریکا و وێناکردنی لە بەردەم ڕای گشتی جیهانیی ڕەوایەتی بە دیاردەی

پۆتینیزم دەدات. ڤلادیمێر پۆتین لە پاش هێرشی بۆ سەر ئۆکرانیا لە وتارێکیدا ئاماژەی بەوە کرد، کە ئەوە ڕووسیا نییە کە کێشەی نێودەڵەتی بۆ ئەمریکا دروست کردبێت، ئاماژەی دا کە ئێمە لە سنوورەکانی ئەمریکا نین. ئێمە هێزمان بۆ ئەمریکا ڕەوانە نەکردووە! بەڵکۆ ئەوە ناتۆ و ئەمریکان هاتوونەتە سنوورەکانمان! ناتۆ ئەگەر بگاتە کییێڤ ئەوا لە مۆسکۆ زۆر نزیک دەبنەوە. ئاڕاستەکردنی ڕای گشتی بەم ئاڕاستەیە هەم لەسەر ئاستی ناوخۆ و هەم لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی وەک فاکتەرێکی بەهێز لەپێناو وێناکردنی ڕووس وەک قوربانییەکی دەستی سیستەمی لیبراڵ سوودی لێ دەبینێت. بە تایبەت کە لەپێناو هەستانەوەی نەتەوەی ڕووس لە گووتاری ئایدۆلۆجی خۆی سوودی لێدەبینێت.

ڕوسیا وەک کولتووری باڵا بەردەوام لە نوێ بوونەوەدایە. میدیای ڕووسی بەردوام و ڕۆژانە باس لە مێژوو و کولتووری ڕووس دەکات، کە چۆن بێڕێزی پێدەکرێت. باڵادەستی و شکۆ تاکە چارەنووسیانە لەم دۆخەی ئێستادا. ئەوان نەتەوەیەکی تایبەتن لە مێژوودا. بەردەوام بە گوێی خەڵکی ڕووسیا ئەچپێنن کە ڕووسیا دەگەڕێتەوە دۆخی زلهێزێکی جیهانیی. نەتەوەپەرستی بەشێکی دانەبڕاوی نەتەوەی ڕووسە. ئەم دروشمە تا ڕادەیەکی زۆر لە ئاست خواستەکانی گەلی ڕووسیا بووە. ڕاپرسیەک لە ساڵی (٢٠١٥) ئاشکرایکرد کە (٨٥٪) خەڵکی ڕووسیا متمانەیان بە سوپای ڕووسیا هەیە کە شکۆ بۆ وڵاتەکەیان دەگێڕێتەوە. کەنسیەی ئەرتۆدۆکسی ڕووسی کە سەرچاوەیەکی گەورەی کۆنترۆڵی ئایدۆلۆجیە دەتوانێت ڕۆڵی مەزن بگێڕێت لەوەی کە ئەم هەستانەوەیە بە وردی بگوازێتەوە بۆ ناو دڵی کولتووری ڕووسیا. هەروەها چەندین خەسڵەتی تری پۆتینیزم کە ڕووسیای نوێی لەسەر بونیاد نراوە کە بابەتی ئەم لێکۆڵینەویە نابن.

سیاسەتی نێودەوڵەتیی، ڕووسیا وەک دەوڵەتێک کە بەردەوامە لە دانوستان و بازرگانیی لە تەک وڵاتانی دنیا لەسەر بنەمای پاراستنی بەژەوەندیەکانی بووە. ئەم بنەمایە پێناسەیەکی دروستی بۆ کراوە، بەڵام ڕووسیا بەرمەبنای تیۆری ڕیالیزمی کلاسیک دەخوازێت وا پیشان بدات کە جیهان لە فەوزایەکی قورسی نێودەوڵەتیدایە. مۆسکۆ پارێزگاریی لە بەژەوەندییە باڵاکانی خۆی دەکات لەم پەیوەندیانەدا. سیاسەتی دەرەوەی ڕووسیا دەیەوێت ئەوە بسەلمێنێت، کە لە جیهانێکی وا ناجێگیردا پێویستمان بە سەرکردە و ڕابەرێکی مەزن هەیە لەپێناو پارێزگاریکردن لە بەرژەوەندییە باڵاکانی گەلی ڕووسیا.

ئەلکساندر دۆگین ئەو بیرمەندە مەزنەی زۆربەی ڕۆژئاواییەکان پێیانوایە ئەندازیار و بیرمەندی پشت ڕەفتارە نێودەوڵەتییەکانی پۆتینە. هەرچەندە هێرش بۆ سەر ئۆکرانیا لەگەڵ تێزەکانی دۆگین یەکدەگرنەوە، بەڵام بە

تەنها دۆگین نییە کە کاریگەریی بەسەر سیاسەتی ڕووسیاوە هەیە. بەڵکو پۆتین لە وتارەکانیدا زۆرترین ئاماژەی بۆ "ئیوان ئیلین" هەیە، لە پاڵ بیرمەندانی وەک "سلاویێف" و "بردیاف" و چەندین بیرمەند و کەسایەتی نەتەوەپەرست و خواناسی ڕووس. بیری پۆتینیزم زۆربەی کات ئەم بیرمەندانەش تێدەپەڕێنێت و خۆی دەباتەوە بۆ ناو دڵی مێژووی ڕووسیا. دۆگین لە نووسینی چەندین کتێبی ئەکادیمی و سەرنجڕاکێشی جیۆپۆلەتیکی خاوەنی تیۆری چوارەمی جیهانییە. دۆگین باس لە سێ تەوژمی جیهانیی لە سەدەی ڕابردوو دەکات کە هیچکامیان لە بنەڕەتدا پەیوەندییان بە بیری ڕووسیەوە نییە. تەوژمی ناسیۆنالیزم بە هەر دوو باڵی فاشیزم و نازیزم. کە لەسەدەی ڕابردوو کۆتاییان هات. تەوژمی دووەم تەوژمی مارکسیزم کە تەوژمێکی ئەورووپی بوو، ئەم ئایدۆلۆجیایەش کۆتایی پێهات. تەوژمی سێیەم کە تەوژمی لیبراڵە و ئەمریکا و ئەورووپا نوێنەرایەتی دەکەن دژی ئەو گەلانەیە کە ناخوازن ملکەچی سەرمایەداری ئەمریکا و ئەورووپا بن. ئەم تەوژمە ڕووبەڕووی ڕەخنەی زۆر بووەتەوە لە لایەن بیرمەندانی جیهانەوە. تەوژمی چوارەم کە ڕووسیا نوێنەرایەتی دەکات وەک شۆڕشێکی جیهانیی وایە بەرامبەر سیستەمی سەرمایەداریی جیهانیی و فراوانخوازیی ڕۆژئاواییەکان. تیۆری چوارەم باس لە یەکگرتنی دنیای ئیسلام و ئەرتۆدۆکسی مەسیحی و ڕۆحی نەتەوەپەرستی ڕووسیا دەکات. تێزەکانی دۆگین سەرنج ڕاکێشن، کاریگەرن، بەڵام لە هەمانکاتدا ڕووسیای لە چەقێکی جیۆپۆلەتیکی داخراودا قەتیس کردوە.

ئێران وەک نزیکترین هاوپەیمانی ڕووس چاوی لەسەر ئەو گۆڕانکارییە مەزنەیە کە لە قووڵایی باکووری وڵاتەکەی ڕوودەدەن. ئێران لە ڕووی جیۆپۆلەتیک و جیۆئیکۆنۆمییەوە بە بەراورد بە وڵاتێکی وەک تورکیا داخراوترە. ئێران لەگەڵ ئەو هەلومەرجەی ئێستا تێدا دەژی پشت ئەستورە بە ڕووسیا. بەڵام وەک هاوپەیمانێکی هەمیشەیی بەرچاو ناکەوێت. ڕووسیا وەک کارتێکی فشاری نێودەوڵەتی کاریگەریی لەسەر ئێران هەیە. لە دووسەدەی ڕابردوودا ئێران هێزێکی ئابووریی و سەربازیی نەبووە. بە تایبەت دەستی ناگاتە قووڵایی قەوقاز و دەریای ڕەش و دەریای سپی ناوەڕاست. ئامادەباشی ئێران لە کەنداو درێژخایەن نییە و ڕێڕەوی ئابووریی و سیاسیی ناوچەکەی لە چوارچێوەی هاوپەیمانی قووڵ لەگەڵ دراوسێکانی نەکردووەتە ئەولەویەتی ستراتیژی خۆی. باشتر بڵێم کەنداو دەرگای کرانەوەی ئێران نییە بە ڕووی جیهاندا. مەترسییە مێژووییەکانی ئێران لە بەهێزبوونی ڕووسیا هێندەی مەترسی تورکیا نییە لەوەی ڕووسەکان جارێکی تر لە ڕێگەی قەوقازەوە بگەنە سنوورەکانی تورکیا و یادەوەری سەردەمی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی زیندوو بکاتەوە. سیاسەتی باکووری ئاسیا خەونی جیاوازی تێدا دەبینرێت. ڕووسیا خەونی

گەڕانەوەی بۆ شکۆی دێرین و مێژوویی خۆی هەیە. تورکیا خەونی گەڕانەوە بۆ ئیمپراتۆریەتی عوسمانی هەیە. بەڵام ئێران خەون بە چییەوە دەبینێت؟ خەونی گەڕانەوە بۆ شکۆی ئێران یاخود خەونی دامەزراندنی بەهێزترین دەوڵەتی شیعە لە هەموو جیهاندا. ئەم پارادۆکسە کاریگەریی نەرێنی هەبووە لەسەر دنیابینی ئێرانییەکان و لێڵ و تاریک بینینی ستراتیژی داهاتوویان بۆ حوکمڕانییەکی بەهێز.

ڕووسیا و ئێران ئاڕاستەیەک و دوو ڕوانگەیان بۆ دۆسیەی ئەتۆمی ئێران هەیە. ڕووسەکان بە هەموو شێوەیەک فشارەکانیان لە کۆبوونەوەکانی ڤییەننا بۆ پشتیوانیکردنێکی

”

**ڕووسیا لە ڕێگەی ئێرانەوە کە بەهێزترین هاوپەیمانی باشووری ڕووسیایە لەسەر کێشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئاڕاستەی نوێی گرتوەتە بەر. ئەویش بابەتی وزە و چارەسەرکردنی کێشەکانی سووریایە لەگەڵ تورکیا لە چوارچێوەی دانووستانەکانی ئاستانە.**

سنووردار لە دۆسیەی ئەتۆمی ئێران کردووە. ئەوە هەڵوێستەکانی ئێرانە لە بەرامبەر ڕووسیا و شەڕی ئۆکراین و ململانێی ڕووسیا لەگەڵ ئەمریکا و ئەورووپا دیاریدەکات، کە ڕێژەی پشتیوانی ڕووسیا بۆ ئێران لە دۆسیەی ئەتۆمی چەندە. لەسەرەتای دەسپێکی جەنگی ئۆکرانیا ئێران هەڵوێستێکی نەرمی بەرامبەر جەنگی ئۆکرانیا دەربڕی، لە پێناو تێکنەچوونی باڵانسی دانوستانەکانی وڵاتانی (٥+١) لە ڤییەننا کە ئەمریکا بە ناڕاستەوخۆ بەشداری تیداکرد. بەڵام خاوبوونەوەی دانوستانەکان و دوا پەرەسەندنەکانی دۆسیەی ئەتۆمی لە ژێر کاریگەریی ڕاپۆرتەکانی ئاژانسی وزەی نێودەوڵەتی، جارێکی تر ئێرانی لە ڕووسەکان زیاتر نزیککردەوە. دەنگۆی پێدانی فڕۆکەی بێ فڕۆکەوانی ئێران بە ڕووسیا جارێکی تر سەرنجەکانی بۆ سەر ئێران توندتر کرد.

ڕووسیا لە ڕێگەی ئێرانەوە کە بەهێزترین هاوپەیمانی باشووری ڕووسیایە لەسەر کێشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئاڕاستەی نوێی گرتوەتە بەر. ئەویش بابەتی وزە و چارەسەرکردنی کێشەکانی سووریایە لەگەڵ تورکیا لە چوارچێوەی دانووستانەکانی ئاستانە. لەگەڵ دوورنمای نزیکبوونەوەی ڕووسیا و تورکیا و ئێران، هەڵوێستی تورکیا لە هەمبەر جەنگی ئۆکرانیا تا ڕادەیەک جیاوازە. تورکیا درۆن و فڕۆکەی بێ فڕۆکەوانی بەخشیووە بە حکومەتی ئۆکرانیا و لەهەمانکاتدا ئەندامی

ناتۆیە. تورکیا لە سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی خۆی تا ڕادەیەکی زۆر سەربەخۆیی خۆی لە چوارچێوەی ناتۆ پاراستووە. بەڵام هەلومەرجی ئێران جیاوازە بەوەی لە کاتێکدا ئومێدی زۆر بە دانوستانەکانی دۆسیەی ئەتۆمی زۆر لاوازبووە و ئێران لە ژێر فشارێکی ئابووریی قورسدایە وەک ململانی لەگەڵ ئەمریکا بە خواستی خۆێ یا بە دوودڵییەوە دەچێتە چواچێوەی شەڕێکی ساردی نوێی نێودەڵەتی، کە سەرەتاکەی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە دەستپێدەکات. لە مێژوودا ئێران لەسەرەتای جەنگی جهیانیی دووەم بە گومانەوە هەڵسوکەوتی لەگەڵ شەڕەکەدا کرد و لە چواچێوەی سیاسەتی بێلایەنی باجی قورسی دا. لەسەرەتای جەنگی سارد ئێران دوودڵ بوو لە نێوان ڕووسا و ئەمریکا، بەڵام پاشان بوو بە بەشێک لە دیواری دژە سۆڤیەت. ئێستاش ئێران دوودڵە لەوەی تاران ببێتە دەروازەی جەنگێکی نوێی ساردی نێودەوڵەتی، بەڵام لە کۆتاییدا دەبێتە بەشێک لەو جەنگە و وای دەبینم کە زەحمەتە ئێران ڕووبەڕووی ئەو هاوپەیمانییە نەبێتەوە کە ئەمریکا و ئیسرائیل لە ناوچەکە ڕابەرایەتی دەکەن بە هاوکاری سعودیە و وڵاتانی کەنداو.

**تەوەری دووەم:**

**قووڵایی ستراتیژی باشووری ئێران**

کەنداو گرێ کوێرەکەی باشووری ئێرانە. ئێران و دراوسێکانی نە لەسەر ناوی کەنداو نە لەسەر ناوەڕۆکی سیاسی و ستراتیژی ناوچەی

**هەموو کەشتییە بارهەڵگرە نەوتییەکان وکەشتییە شەڕکەرەکانی دنیا لە هورمزو بە بەرچاوی هێزە سەربازییەکانی ئێرانەوە تێپەڕدەبن. کەنداو بۆ ئێران جیاواز لە گرنگی ئابووریی و بازرگانیی و پەیوەندی لەگەڵ دراوسێکانی، وەک گۆڕەپانی ئەگەری هەرجەنگێکی کتوپڕو درێژخایەن سەیر دەکرێت.**

کەنداو پێکنەهاتوون. هەموو حکومەتە یەک لە دوا یەکەکانی ئێران هەمیشە لە هەوڵی ئەوەدابوون کە کارنامەی سیاسی خۆیان لە کەنداو بە ئاشکرا و ڕوونی باس بکەن. بە گشتی تێڕوانینی ئێران بۆ کەنداو لە کۆی هەوڵە دبلۆماسییەکانی ئێران وەها وێنا دەکرێت کە ئاسایشی ناوچەکە و دابینکردنی ئەمنی سیاسی و ئابووریی بە هاوکاری و هاوئاهەنگی لەگەڵ وڵاتانی ناوچەکە بەبێ دەست تێوەردانی دەرکی مەیسەر دەبێت. ئێران لە هەوڵی بەردەوامدا بووە کە پەیوەندیی خۆێ لەگەڵ وڵاتانی ناوچەکە بەرەوپێش ببات. بەشی هەرە زۆری

ئاڵوگۆڕی بازرگانی ئێران لە ڕێگەی کەنداوەوە ئەنجام دەدرێت. هەستیارترین ناوچەی کەنداو کە ئێران هەمیشە وەک کارتێکی فشار و هەڕەشە بە کاری هێناوە گەرووی هورمز بووە کە قورگی کەنداوە. هەموو کەشتییە بارهەڵگرە نەوتییەکان و کەشتییە شەڕکەرەکانی دنیا لە هورمز و بە بەرچاوی هێزە سەربازییەکانی ئێرانەوە تێپەڕدەبن. کەنداو بۆ ئێران جیاواز لە گرنگی ئابووریی و بازرگانیی و پەیوەندی لەگەڵ دراوسێکانی، وەک گۆڕەپانی ئەگەری هەر جەنگێکی کتوپڕ و درێژخایەن سەیر دەکرێت. وەک چۆن لە شۆڕشی ئیسلامیی ئێرانەوە و تا ئێستا چەندین ڕووبەڕووبوونەوەی نەخوازراو و تا ڕادەیەک توندی بە خۆیەوە بینیوە. چ لە ڕووبەڕووبوونەوەی هێزەکانی ئەمریکا و چ بە ئامانج گرتنی کەشتییەکانی سعودیە و وڵاتانی کەنداو.

هەبوونی کەمینەی شیعە لە ناوچەی کەنداو بە تایبەت لە بەحرەین و سعودیە، هەروەها وڵاتی یەمەن دەستی ئێرانی کراوەتر کردووە لەوەی بە پشتیوانی لە شیعەکانی ناوچەکە زۆرجاران گرژی و ئاڵۆزی بکەوێتە نێوان ئێران و وڵاتانی ناوچەکەوە. یەکێک لە بنەما سەرەکییەکانی شۆڕشی ئێران و سیاسەتی دەرەوەی ئێرانی هەمیشە داکۆکیکردن بووە لە خەباتی مسوڵمانانی جیهان لە پێناو گەیشتن بە مافە ڕەواکانیان. ئەم بنەمایە لە ژێر دروشمی هەناردەکردنی شۆڕشی ئێران بۆ دەرەوەی سنوورەکانی خۆی خوێندنەوەی بۆ کراوە. هەمیشە وەک بەربەستێک بووە لە نێوان ئێران و دروسێکانی بە تایبەت لە ناوچەی کەنداو. هەرچەندە حکومەتەکانی ئێران ویستوویانە کە ئەم نیگەرانیانە بڕەوێننەوە بە تایبەت لەسەردەمی هەردوو حکومەتی هاشمی ڕەفسەنجانی و سەید موحەمەدی خاتەمی، بەڵام باڵی پەرگیری ئێران لە ناوخۆی وڵات هەمیشە بەربەستیان بۆ ئەم شێوازە لە ئاسایی کردنەوەی پەیوەندییەکانیان داناوە. بەڵام دوو وڵاتی قەتەر و عەممان جیاوازن لەم پەیوەندیانە. هەرچی سوڵتاننشینی عەممانە وەک خەسڵەتی حکومەتەکەیان هەمیشە بێلایەنی دروشمی سەرەکییان بووە لە کێشەکانی ناوچەکە و جیهان بە گشتی. بە ڕادەیەک کە وڵاتەکەیان وەک شوێنی دانوستانە نهێنییەکانی نێوان ئێران ئەمریکا میوانداری لە هەردوو لایەن کردووە.

کێشەی سنووری نێوان ئێران و ئیمارات لەسەر دورگەکانی ئەبوو مووسا و توونبی گەورە و بچووک پێشینەی بۆ سەردەمی فەرمانڕەوایی محەمەد ڕەزا شای ئێران دەگەڕێتەوە. ئێران بە هیچ شێوەیەک نە لە ئێستا و نە لە داهاتوودا ئامادە نییە وتووێژ لەسەر ئەو دورگانە بکات لەبەرئەوەی بە خاکی دانەبڕاوی ئێرانی دەزانێت و بەپێی دەستووری وڵات ڕێگە پێدراو نییە. ئەو بابەتانەی کە ئاماژەی پێدرا وەک خەسڵەتە جێگرەکانی کێشە و ململانێی ناو کەنداو و ئێران

و دراوسێکانییەتی.

بەڵام لەسەر ئاستی سیاسەتی نێودەوڵەتی نیگەرانی وڵاتانی ناوچەکە بۆ چەند بابەتێکی هەستیار دەگەڕێتەوە. دۆسیەی ئەتۆمی ئێران کە بووەتە جێی نیگەرانی قووڵی وڵاتانی ناوچەکە، سیاسەتی نێودەوڵەتی وڵاتانی ناوچەکەی بە ئاڕاستەی هەنگاونان دژی ئەم خواستەی ئێران بردووە. وڵاتانی ناوچەکە بە تایبەت سعودیە پێشوازی لە هەر هەنگاوێک کردووە کە بە ئاڕاستەی خواستی ئێران بۆ بەدەستهێنانی چەکی ئەتۆمی بووە. نیگەرانی دووەمی وڵاتانی ناوچەکە بابەتی موشەکە بالستییەکانی ئێرانە کە گەشەی زۆریان کردووە و بووەتە جێگەی نیگەرانی قووڵی وڵاتانی ناوچەکە بە تایبەت کە موشەکە دورهاوێژ و فڕۆکە بێ فڕۆکەوانەکان گەیشتووەتە دەست حوسییەکانی یەمەن و وەک هەڕشە لەسەر چاڵە نەوتییەکانی سعودیە بە کاریان دەهێنن. ناوبەناو وێستگە نەوتییەکانی سعودیەی پێ بۆردومان دەکەن. ئەمەش نەک هەڕەشەیە بۆ سەر سعودیە، بەڵکو هەڕەشەیە بۆ سەر وزەی جیهانیی بەو پێیەی کە سعودیە پێگەیەکی بەهێزی هەیە لە دابینکردنی وزەی جیهانیی. دۆسیەی ئەتۆمی ئێران و دانوستانەکانی ئێران هاوتەریب کراوە لەگەڵ دۆسیەی ڕەفتاری سیاسی ئێران لە ناوچەکە و پشتیوانی ئێران لە گرووپە پەڕگیرەکانی ناوچەکە و دۆسیەی موشەکە بالستییەکانی ئێران. بەڵام ئێران خواستی ئەوەی نییە کە جگە لە دۆسیەی ئەتۆمی دانووستان لەسەر ئەو دۆسیانەی کە پەیوەست نین بە بابەتی ئەتۆمی بکات.

جیۆپۆلەتیکی ناوچەی کەنداو لەگەڵ دەسپێکی هەزارەی سێیەم گرنگی خۆی ڕادەستی جیۆئیکۆنۆمی دەکات. ئاسایشی کەنداو وەک ئاڵەنگارییەکە بۆ ئاسایشی وزەی جیهانیی و گرنگی خۆی لەدەست نەداوە. لە کاتێکدا کە نائارامی و جەنگی ئۆکرانیا و پەتای کۆڤید کاریگەریی زۆری لەسەر ئابووریی و پەیوەندییە ئابوورییەکانی جیهان داناوە پێویستیی دابینکردنی وەزی نەوت و گاز جارێکی تر ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی کردە چەقی ململانێیەکی نوێی جیهانیی. زلهێزەکانی جیهان وەک ئەمریکا و ڕووسیا و چین لە ململانێدان بۆ بەدەستهێنانی زۆرترین بەرژەوەندی لە ناوچەکە. ئاسایشی کەنداو بۆ وڵاتانی ناوچەکە وەک بەکاربەری ئاسایشێکی سەپێنراو پرۆژەی نوێ و ستراتیژی نوێ بە شوێن خۆیدا پەلکێش دەکات. ئیسرائیل لەگەڵ ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ بەشێک لە وڵاتانی کەنداو وەک یاریکەرێکی بەهێز و سەرەکیی بە شوێن بە دەستهێنانی پێگەیەکی بەهێزە لە ناوچەکە. گومانی وڵاتانی کەنداو لە جێهێشتنی ئەمریکا و پاشەکشەی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە بۆشاییەکی ئەمنی و سیاسی بۆ کەنداو و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دروستکردبوو. بەڵام بەشداریکردنی بایدن لە کۆبوونەوەی وڵاتانی کەنداو و بەشداری لە

**ئێران ئامادەیە لەسەر دۆسیەی یەمەن و سووریا و لوبنان ڕادەی تێگەیشتنی خۆی بۆ کێشەی ئەو ناوچانە لەگەڵ ئاستی نیگەرانیی وڵاتانی ناوچەکە هاوسەنگ بکات. بەڵام میکانیزمی جێبەجێکردنی ئەم ستراتیژە ناڕوونە.**

لوتکەی ئەو کۆبوونەوانەدا، دڵنیایی ئەوەیدا کە ئەمریکا بەرچاو ڕوونە بۆ سیاسەتەکانی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و پێویستیی هاوکاریکردنی وڵاتانی کەنداو لە خستنەڕووی نەوتی زیاتر بۆ بازاڕەکانی جیهان و ئاستی کاریگەریی ئەو قەیرانە، لەسەر ئابووریی جیهان کەم بکاتەوە. جێگیرکردنی بەهای نەوت لە بازاڕەکانی جیهان و دابینکردنی وەزی جێگرەوە بۆ وزەی ڕووسیا بۆ ئەورووپا و ئاسایشی کەنداو لە ئەولەویاتی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا دەبێت.

ئێران خوازیارە کە پەیوەندییەکانی لەگەڵ سعودیە و وڵاتانی کەنداو ئاسایی بکاتەوە. ئێران ئامادەیە لەسەر دۆسیەی یەمەن و سووریا و لوبنان ڕادەی تێگەیشتنی خۆی بۆ کێشەی ئەو ناوچانە لەگەڵ ئاستی نیگەرانیی وڵاتانی ناوچەکە هاوسەنگ بکات. بەڵام میکانیزمی جێبەجێکردنی ئەم ستراتیژە ناڕوونە. عێراق ڕۆڵی ناوبژیوان دەبینێت، بەڵام لەهەمانکاتدا گۆڕانکارییە سیاسیەکانی ناوخۆی عێراق، ئاراستەی سیاسەتی عێراق لە دراوسێیەکی گوێڕایەڵەوە دەگوازێتەوە بۆ وڵاتێک کە بە شوێن سەروەری ونبووی خۆیدا دەگەڕێت. ڕۆڵی نوێ و تا ڕادەیەک جێگەی سەرنجە ئەوەیە، کە عێراق بە بەستنەوەی تۆڕی کارەبای عێراق بە کوەیت و سعودیە و وڵاتانی کەندا و دوورکەوتنەوە لە کڕینی کارەبا و وزەی ئێران پێگەیەکی نوێی بۆ دیاریدەکات و دەسپێکی ڕۆڵ بینینی عێراقە لە بڕیاردان لەسەر داهاتووی خۆی و ناوچەکە بە گشتی. دوورکەوتنەوەی عێراق لە ئێران سەرەتای لاوازبوونی پەیوەندی ئەو دوو وڵاتەیە لەسەردەمی کابینەی ئیبراهیم ڕەئیسی، کە کاریگەریی نەرێنی دەبێت لە گۆشەگیرکردنی سیاسەتەکانی ئێران لەگەڵ دراوسێکانی لە ناوچەکە لەگەڵ خراپی باری ئابووریی ئەو وڵاتە.

نیگەرانیی هەرە گەورەی وڵاتانی کەنداو لە ئێران دۆسیەی ئەتۆمی و ئاسایشی کەنداوە لە ڕووی سیاسی و ئەمنی و ئابوورییەوە. ئەم نیگەرانییانە ڕۆڵی کەنداوی عەرەبی، لە نزیکبوونەوە لە ئیسرائیل و ئەمریکا دیارتر دەخات. ئێرانیش بەو ئاراستەیە ڕازی نابێت ئەگەر ڕێکەوتن لەسەر دۆسیەی ئەتۆمی بە ئەنجام نەگات.

دوورنمای هاوپەیمانییەکی ئەمنی و سەربازیی ئەمریکا و ئیسرائیل لە ژێر پەرەسەندنەکانی شەڕی ئۆکرانیا لە ئێستادا بەدی ناکرێت، بەڵام سیاسەتی ئەمریکا لە ئێستادا ڕوونتر لە جاران دژی هەر چەشنە خۆسەپاندنێکی سەربازیی هەرێمایەتییەوەیە، کە یەکلایەنە خۆی بە سەر ناوچەکەدا بسەپێنێت. ئەمەش وەک هەڕەشیەک بۆ سیاسەتی دوورمەودای ئێران لە قووڵایی باشووری ئەو وڵاتە. ئێران بە ناچاری لە سیاسەتی ڕووسیا لە ڕووی سەربازیی و ئابوورییەوە نزیک دەخاتەوە. بە تایبەت کە ئێران هاوکاری ڕووسیا دەکات لە شەڕی ئۆکرانیا بە فرۆشتنی درۆنی پێشکەوتوو بەو وڵاتە. دوورخستنەوەی ئێران لە سیاسەتی کەنداو کاریگەریی نەرێنی دەبێت کە ئێران نەتوانێت پەیوەندیەکانی خۆی لەگەڵ کەنداو ئاسایی بکاتەوە، ئەگەر لە یەکلاکردنەوەی دۆسیەی ئەتۆمی سەرکەوتوو نەبێت، کە لە بنەڕەتدا دۆسیەیەکی سیاسی وڵاتانی ڕۆژئاوایە دژی ئێران و بەرژەوەندییەکانی.

**ئەنجام**

ئێران دراوسێی پانزە وڵاتە. حەوت وڵات سنووری خاکییان لەگەڵ ئێران هەیە و هەشت وڵاتیش سنووری دەرییایان لەگەڵ ئێران هەیە. هەبوونی دراوسێگەلی زۆر کاری دەزگای دیبلۆماسی ئێران قورستر دەکات لە ڕاگرتنی پەیوەندی لەگەڵ ئەو وڵاتانەدا. لەهەمانکاتدا وەک دەرفەتێک وایە بۆ ئێران کە دەروازەی ڕزگاربوون بێت لە گەمارۆ و فشار بۆ سەر ئێران. ئێران چوار قووڵایی ستراتیژی مەزنی هەیە وەک دەرفەتی مێژووکرد وایە بۆ ئێران. قووڵایی ستراتیژی باکوور (ڕووسیا و وڵاتانی قەوقاز وڵاتانی گولی ئاراڵ) باشوور (وڵاتانی عەرەبی کەنداو) ڕۆژئاوا (عێراق، تورکیا، سوریا و لوبنان...) قووڵایی ڕۆژئاوا (پاکستان، ئەفغانستان و هیندستان..). بەڵام گرفتی سەرەکیی ئێران لە قووڵایی باشووری ئێرانە، کە وەک بەشێک لە خەونی مێژووی ئێران لەسەروەربوون و هێزی باڵادەستی کەنداوی فارسە بەرامبەر وڵاتانی عەرەبی. ئێران لە مێژوودا لەم قووڵاییەوە داگیرکراوە (جەنگی

> **ئێران لە هێڵی یەکەمی ڕووبەڕووبوونەوەی تا ئەندازەیەک توانیویەتی درزی مەزهەبی و دیمۆگرافی و سیاسیی بخاتە ناو دڵی ناوچەکەوە. بەڵام سەرکەوتوو نەبووە لەوەی کە پرۆژەی ئێران بۆ ئاسایشی ناوچەکە لە چوارچێوەی هاوپەیمانییەکی بەهێز بکرێتە کردار و دەستی وڵاتانی زلهێز لە ناوچەکە کەم بکاتەوە.**

جیهانیی دووەم) لەم قووڵاییەوە کەشتیگەلی بێگانە دابەزیوون و ئێرانیان خستوەتە سەردەمی کۆلۆنیال و داگیرکاریی. ئێران لە قووڵایی باشوورەوە ڕووبەڕووی هەڵتۆقانی وڵاتانی تازە و بەهێزترین ئابوورییەکانی جیهان بووەوە. قووڵایی لەکەنداوە کە وەک سەکۆی نیشتنەوەی زەبەلاحترین و بەهێزترین فڕۆکەکانی ئەمریکا و شەریکەکانی و بەهێزترین کەشتییە جەنگییە شەڕکەرەکانی ڕووبەڕووی ئەمریکا بووەتەوە. ناوچەی کەنداو بۆ ئێران وەک هێڵی یەکەمی ڕووبەڕووبوونەوەی ئێرانە لە هەر دەستدرێژییەک کە بکرێتە سەری. لەهەمانکاتدا کەنداو بۆ ئێران خاڵی لاوازی ئەمریکا و وڵاتانی زلهێزی جیهانە لەوەی کە لەبەر ڕەحمەتی درۆن و موشەکەکانی ئێرانە بۆ سەر دڵی ئابووریی جیهان و چاڵە نەوتەکانی کەنداوە. ئێران لە هێڵی یەکەمی ڕووبەڕووبوونەوەی تا ئەندازەیەک توانیویەتی درزی مەزهەبی و دیمۆگرافی و سیاسیی بخاتە ناو دڵی ناوچەکەوە. بەڵام سەرکەوتوو نەبووە لەوەی کە پرۆژەی ئێران بۆ ئاسایشی ناوچەکە لە چوارچێوەی هاوپەیمانییەکی بەهێز بکرێتە کردار و دەستی وڵاتانی زلهێز لە ناوچەکە کەم بکاتەوە. بە پێچەوانەوە قووڵایی باکوور بۆ ئێران ڕزگارکەرە لە ڕووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ ئەمریکا و ئەورووپا. هەرچەندە ئێران لەم قووڵاییەوە نەیتوانیوە گازی سروشتی خۆی هەنادرە بکات و ڕێڕەوێکی ستراتیژی و سیاسی و ئەمنی بۆ دەستەبەر نەبووە لە ئوراسیا. ئێران لەگەڵ ئەوەی یەکێکە لەو وڵاتانەی کە زۆرترین فشاری نێودەوڵەتی لەسەرە، بەڵام دەرفەتی کراوەی زۆرێشی لە پێشە کە بتوانێت لە ململانێ ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکان تا ڕادەیەک مەترسییەکانی سەر خۆی کەمبکاتەوە.

**سەرچاوەکان:**

1. ولادیمیر تیسمانانو. کیت سی. لانگدن (١٤٠٠ ) دمکراسی پوتین. ترجمە: سوودابە قیصری- تهران- بنگاه ترجمە و نشر پارسە.

2. دکتر سید جلال دهقانی فیروزابادی. (١٣٩٥)   سیاست خارجی جمهوری اسلامی ایران. تهران.چاپ هفتم. سازمان مطالعە و تدوین کتب علوم انسانی دانشگاهها( سمت) مرکز تعقیق و توسعە علوم انسانی.

3. رابرت د. شولزینگر (١٣٨٥) دیلماسی امریکا در قرن بیستم ترجمە: محمد ڕفیعی مهرابادی. تهران. دفتر مطالعات سیاسی و بین المللی.

4. لویس فاست.( ١٣٨٦ ) ڕوابط بین الملل خاورمیانە . ترجمە: احمد سلطانی. تهران. دفتر مطالعات سیاسی و بین المللی.

5. پیتر منسفیلد (١٤٠٠) تاریخ خاورمیانە. ترجمە: کیانوش امیری. تهران. انتشارات نیماژ

6. سید حسین موسویان (١٤٠٠) ایران و ایالات متحدە. نگاهی از درون گذشتەای شکست خوردە و مسیری بە سوی مصالحە. با همکاری محمدرضا بیگدلی. تهران انتشارات کتاب پارسە.

7. یرواند ابراهامیان (١٤٠٠).  ایران بین دو انقلاب. ترجمە: احمد گل محمدی و محمد ابراهیم فتاحی. تهران چاپ سی ام. نشر نی.

8. سید حسین موسویان (١٣٩٤) ڕوایت بحران هستەای ایران ، ناگفتەهای یک دیپلمات. ترجمە: ڕحمن قهرمانپور. تهران انتشارات تیسا.

9. د.کرار انور البدیری (٢٠١٨) دروب القوه العظمی. الاستراتیجیات الکبری للولایات المتحده الامریکیه. بیروت. الحمراء.

10. یرواند ابراهامیان ( ١٣٩٨) تاریخ مدرن ایران. ترجمە: محمد ابراهیم فتاحی.تهران. نشر نی.

11. جۆرج فریدمان (٢٠١٣) سەد ساڵی داهاتوو. وەرگێڕانی: د.شێرکۆ عەبدوڵڵا. سلێمانی. چاپخانەی کەمال.

## وەرزنامەی

# ئێڕانناسی

# وەرگێڕان

# سیاسەتی شوناس، پەروەردە و فێرکردن و ئاسایشی نەتەوەیی لە ئێران

ڕەزا خەلیلی[1] | حامد میهرەبان ئینچەبرون[2]

وەرگێڕانی: سامان عەبدوڵا



١- ئەندامی دەستەی زانستی گروپی سیاسی زانکۆی خوارەزمی (نووسەری بەرپرس)
٢- خوێندکاری قۆناغی دوکتۆرای کۆمەڵناسی سیاسی زانکۆی عەلامە تەباتەبایی

### بەرایی

لەم وتارەدا[3] کاریگەریی ئەو سیاسەتە شووناسە تاووتوێ دەکەین کە لە پەڕتوکەکانی پەروەردە و فێرکردندا لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی ڕەنگی داوەتەوە. پرسیاری سەرەکی ئەوەیە؛ سیاسەتی شووناسی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە پەڕتوکەکانی خوێندن، لە بەشی وانەی کۆمەڵایەتی قۆناغی یەکەمی ناوەندی، چ کاریگەرییەکیان لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی هەیە؟ شێوازی لێکۆڵینەوەکە لەسەر بنەمای تەکنیکی لێکۆڵینەوەی ناوەڕۆکی چۆنیەتی لەگەڵ ڕوانگەی پێوانەییدایە و لێکۆڵینەوە لەسەر سێ پەڕتوکی وانەی کۆمەڵایەتی قۆناغی یەکەمی ناوەندی کراوە کە ساڵی (١٣٩٩-١٤٠٠) لە خوێندنگەکانی ئێراندا خوێندراون. ئەوەی دەرکەوتووە پیشانی دەدات کە ئەو پەڕتوکانە وێنەیەکی نەشیاو و نارێکیان پێشکەشکردوە لە گرنگیدان بە لایەن و ڕەوتە جیاوازەکانی شووناسی نەتەوەیی، تایەفی، ئایینی، ئایینزایی و ڕەگەزیی. جگە لەوەش، تەنانەت گرنگیەکی کەمیان داوە بە پێکهاتەکانی شووناسی نوێگەری و سوننەکان، هەروەها بەزۆری ئاراستەی نەرێنی هەبووە. ئەم چەشنە سیاسەتە شووناسە سەپێنراوە، دەبێتە هۆی لاواز نەبوونی شووناسە چەند ئاراستەییە بەرجەستەکانی خوێندکاران و لە ئاکامدا لاوازبوونی شووناسی نەتەوەیی و هەڕەشە لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی.

**وشە سەرەکییەکان:** سیاسەتی شووناس، ئاسایشی نەتەوەیی، پەڕتوکی خوێندن، قۆناغی ناوەندی، ئێران.

---

### پێشەکی

لە تێڕوانینی کۆن و باودا بۆ ئاسایشی نەتەوەیی، ئاسایشی سەربازی تەوەرەی زۆربەی لێکۆڵینەوەکان بووە کە بە مەبەست ئاراستەی تێڕوانینەکانی بەلای دەرەوەی وڵاتدا دەبرد، بەڵام لایەنی کۆمەڵایەتیی، ئابووریی، سیاسیی و ژینگەییش لەم ئاراستە نوێیەی ئاسایشی نەتەوەیدا، گرنگی پێدراوە. ئەم گۆڕانە لە بۆچووندا، بە تایبەت دوای قۆناغی شەڕی سارد، نیگاکانی بەرەو ناوخۆی وڵاتەکان ئاراستە کردووە. لەم ڕووەوە گرنگترین لایەنی ئاسایشی نەتەوەییش ئاسایشی کۆمەڵایەتییە، کە بە شێوەیەکی تایبەت، لە شووناسی هەر وڵاتێکدا ڕەنگی داوەتەوە. شووناس دەبێتە هۆی دروستبوونی (ئێمە) و ئەگەر لە وڵاتێکیشدا (ئێمە)ی نەتەوەیی دروست نەبێت، ئاسایشی نەتەوەیی واتایەکی نابێت. هەر بۆیە دەوڵەتەکان لە ڕێگای (سیاسەتی شووناسەوە) (politics Of) Identity بەدوای زیندووکردنەوە و پاراستنی (شووناسی نەتەوەیی) (NationalIdentity) ەوەن وەک گرنگترین و ڕەواترین شێوازی شووناسی بە کۆمەڵ.

---

٣ - http://quarterly.risstudies.org/article_142870.html لینکی توێژینەوەکە بە زمانی فارسی.

لە مێژووی هاوچەرخی ئێراندا (ئسلامیبوون، ئێرانییبوون و نوێگەریی) لە ڕەوتی دروستبوونی کۆمەڵایەتیی، کولتووریی و سیاسیی خۆیدا، بوونەتە گرنگترین سەرچاوەکانی شووناسی نەتەوەیی و حکومەتەکانی هاوچەرخی ئێران، هەوڵیانداوە وەک یەک یان تێکەڵەیەک لەوان لە ڕەوتی دروستکردنی شووناسی نەتەوەیی، سوود لە سیاسەتی شووناسی تایبەت وەربگرن. کۆماری ئیسلامیی ئێرانیش بەمەبەستی دروستکردنی شووناسی نەتەوەیی، سیاسەتێکی شووناسی تایبەتی پەیڕەو کردوە کە بیەوێت یان نەیەوێت، کاریگەریی لەسەر ئاسایشەکەی دەبێت. هەر بۆیە بابەتی ئەم نووسینە ئاشکراکردنی ناوەڕۆکی سیاسەتی شووناسی کۆماری ئیسلامیی ئێران و تاوتوێکردنی کاریگەری ئەوە لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی.

ئەگەرچی شووناسی نەتەوەیی گرنگترین و ڕەواترین شووناسی بە کۆمەڵە، بەڵام ڕەوتەکانی دیکەی وەک شووناسی تایەفیی، ئایینی، ئایینزایی و ڕەگەزیش گرنگن. بە مەبەستی پێوانەکردن و ناسینی سیاسەتی شووناسی کۆماری ئیسلامیی ئێران، سەرنج خراوەتە سەر سیستەمی پەروەردە و فێرکردن کە یەکەم و کاریگەرترین باسکی سیاسەتەکانی شووناسی دەوڵەتن. لەبەرئەوەی پەڕتووکی وانەی کۆمەڵایەتی قۆناغی یەکەمی ناوەندی (کە بابەتەکانی مێژوو، جوگرافیا و کۆمەڵناسی لەخۆ دەگرێت) باشتر دەتوانێت لایەنە جیاوازەکانی سیاسەتی شووناس پیشان بدات، بۆیە وەک سەرچاوەی توێژینەوەکە دیاریکرا. لەسەر ئەم بنەمایە، هەوڵ دەدرێت وەڵامی ئەم پرسیارە بدرێتەوە کە ئەو سیاسەتی شووناسە کە لە پەڕتووکەکانی وانەی کۆمەڵایەتی قۆناغی یەکەمی ناوەندی ڕەنگی داوەتەوە، چ کارێیەریەکی لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی هەیە؟ لە ئاراستەی وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە، دوای تاووتوێکردنی سیاسەتی شووناس و ئاسایشی نەتەوەیی، چوارچێوەی هزری توێژینەوەکە دروست دەبێت. لە درێژەدا، دوای باسکردنی بنەماکانی شێواز ناسی لێکۆڵینەوە، دەست دەکرێت بە تاووتوێکردنی ئەو زانیاریانەی کە لە ڕێگای تاووتوێکردنی ناوەڕۆکی پەڕتووکەکانی زانستی کۆمەڵایەتی قۆناغی ناوەندی بەدەست دێن، لە کۆتاییشدا کاریگەریی ئەم سیاسەتی شووناسە لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی تاووتۆێ دەکرێت..

ا- سیاسەتی شووناس و ئاسایشی نەتەوەیی، ڕێژەی هزری و واتایی

بە ڕەچاوکردنی ئەوەی سیاسەتی شووناس و توێژینەوەکان لەسەر ئەو سیاسەتە لە بەستێنی تایبەتی وڵاتانی ڕۆژئاوادا، لێکۆڵینەوەی لەسەر کراوە، ئەو ڕوانگە و بیرۆکانەش لەم بوارەدا باسی لێکراوە بە گشتی گونجاوە لەگەڵ هەمان بەستێندا. ئەگەرچی لە ماوەی ساڵانی ڕابردوو هەندێک لێکۆڵینەوە لە وڵاتانی نیمچە دواکەوتووشدا ئەنجامدراوە،

بەڵام بۆچوونەکان لەسەر چییەتی سیاسەتی شووناس لەو وڵاتانەدا، بە گشتی لە ژێر کاریگەریی هاوتا ڕۆژئاواییەکانی خۆیاندا بووە. لە کۆمەڵگەکانی ڕۆژئاوا، لێکۆڵینەوەی ئەنجامدراو لەسەر سیاسەتی شووناس، بە گشتی تایبەت بووە بە چالاکی گرووپە کەمینەکان، خاوەن بەرژەوەندی و چالاکوانانی سیاسی، لەبەرئەوە، زۆرکات بواری سەرهەڵدانەکەشی لە دەیەی (١٩٦٠)و هاوتەریب لەگەڵ بزووتنەوە نوێیە کۆمەڵایەتییەکان دادەنێن. لەم وتارەدا، هەوڵ دەدرێت سیاسەتی شووناس لە ئاراستەی ئامانجەکانی لێکۆڵینەوەو گونجان لەگەڵ شوێن و کاتی توێژینەوەکە بەکاربرێت. بەواتایەکی تر، بە پێچەوانەی توێژینەوە ڕۆژئاواییەکان کە لە پەیوەندی لەگەڵ بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان و لە (خوارەوە بەرەو سەرەوە) تاووتوێیان کردووە، ئێمە لە (سەرەوە بۆ خوارەوە) و لە چوارچێوەی سیاسەتی شووناسی نەتەوەیی کە لە لایەن دەوڵەتانەوە دەسەپێندرێت، بەکاردەهێنین. لەم ئاراستەیەدا سەرەتا باس لە شووناس دەکرێت وەک کرۆکی سیاسەتی شووناس و جۆرەکانی و ئاستە جیاوازەکانی تاووتوێ دەکرێن، پاشان باس لە سیاسەتی شووناس و واتای ئاسایشی نەتەوەیی و لە کۆتایشدا پەیوەندی ئەوان لەگەڵ یەکتری باس دەکرێت.

١- واتای شووناس

چەمکی شووناس دوو واتای سەرەکی هەیە: یەکەم، لێکچوون و هاوشێوەیی ڕەها (وەک "ئەمە" بە شێوەی "ئەوە")و واتای دووەمیش، جیاوازییە کە لە جێگیری و بەردەوامی کاتییەوە سەرچاوە دەگرێت. شووناس لە باوترین و گشتیترین پۆلێندا، دابەش دەبێت بۆ دوو جۆری کەسی و گشتی. شووناسی کەسی دەگەڕێتەوە بۆ پیشاندەری وەک (ناو)و تایبەتمەندی کەسی وەک (زیرەکی)، شووناسی بە کۆمەڵیش وەڵامی کۆمەڵێ پرسیار دەداتەوە وەک "ئێمە" کێین و چین و "کەسانی تر" کێن و چین؟ ئەویش بریتییە لە کۆمەڵە تایبەتمەندییەک کە ئەندامیەتی و پەیوەندی کەس لە گرووپ و بە گشتی لێکچوونی کەس بۆ گرووپ و کۆمەڵ یان دەستەیەک پیشان دەدات (وەک یەهودی یان ئێرانی). ئەم چەشنە شووناسە ئاستی جیاوازی هەیە و دەستەیەک لە شووناسی بە کۆمەڵ و تایبەت تاکو دەگاتە شووناسی بە کۆمەڵ لە خۆ دەگرێت. بە پێی بوارە سیاسی- کۆمەڵایەتییەکان و ئامانجە جیاوازەکان، لەوانەیە دەمێک شووناسی نەتەوەیی و دەمێکی تر شووناسی ئایینی، یان تایەفیی، یان شووناسی دیکە سوودی لێ وەربگیرێت.

ئاستی نەتەوەیی شووناس گرنگترین، گشتگیرترین و ڕەواترین ئاست شووناسە لە هەموو سیستەمە کۆمەڵایەتییەکاندا. بەڵام دەستڕاگەیشتن بەپێی پێویستی پەیڕەوکردنی ستراتیجی گونجاوە لە چوارچێوەی کەمینەکان لە ڕووی زمان، ئایین، ئایینزایی و شتی دیکەوە. ئەم چەشنە ستراتیجییە دەتوانێت لە تاکتیکە

جیاوازەکانی یەکسانکردنەوە بگرە تاکو دەگاتە چەند کولتوورخوازیی- ئەندازیاریی کۆمەڵایەتی لە بەرزی نزمیدا بێت.

٢- سیاسەتی شووناس

ئەگەرچی شووناس بەشێکی گرنگبووە لە ژیانی چەند سەد ساڵەی سیاسی و کۆمەڵایەتیی هاوچەرخ، بەڵام تەنیا دوای سەرهەڵدانی نارەزایەتییە گشتییەکان لە ساڵەکانی دەیەی (١٩٦٠) بوو کە چووە ناوەندی تێکۆشانە سیاسییەکانەوە. ساڵی (١٩٧٩) ئانسپاچ بۆ یەکەمجار سوودی لە چەمکی سیاسەتی شووناس وەرگرت بۆ ئاماژەدان بە چالاکی کەسانی کەم ئەندام، تاکو چەمکی خود و کۆمەڵگەی کەم ئەندامان بگۆڕێت. لەو کاتە بەدواوە، ئەم چەمکە بەزۆری کەوتە بەر باس، بەڵام بە دەگمەن بە ڕوونی پێناسە کراوە .بە چەشنێک کە ئاپیا حەوت واتای بۆ دۆزیوەتەوە:

١- مشتومڕە سیاسییەکان لەسەر ئەوەی کە کێ لەخۆ دەگرێت و کێ لەخۆ ناگرێت.

٢- سیاسییەکان دەتوانن شووناسەکان کۆ بکەنەوە.

٣- دەوڵەتەکان دەتوانن ڕەفتاری جیاوازیان هەبێت لەگەڵ خەڵکانێک کە شووناسی جیاوازیان هەیە.

٤- خەڵکان دەتوانن بە دوای ئەو سیاسەتانەدا بچن کە دەناسرێنەوە.

٥- سیاسەتە وردەکانی کۆمەڵایەتی دەتوانن ببنە هۆی ڕەفتاری ناسینەوەی شووناس.

٦- بە شێوەیەکی خۆڕسک شووناسە سیاسییەکان وەک دیاریکردنی شووناسی حیزبی بوونیان هەیە.

٧- گرووپە کۆمەڵایەتییەکان دەتوانن کۆببنەوە بۆ پیشاندانی کاردانەوە لەسەر ئەو بابەتانەی سەرەوە.

بە پێداچوونەوە بۆ پێناسە جیاوازەکان، دەکرێت لە دوو ڕوانگەدا پۆلێن بکرێن. لە ڕوانگەی یەکەمەوە سیاسەتی شووناس بە دەستەیەکی فراوان لە کردەوە سیاسی و بیرۆکە دانان لەسەر بنەمای ئەزموونی هاوبەش لە نادادپەروەری لە لایەن گرووپی تایبەتەوە دادەنرێت. زۆرجار ئامانجی دروستبوونی سیاسیانەی شووناس بریتییە لە دابینکردنی ئازادییە سیاسییەکان بۆ کەس و گرووپ گەلێکی تایبەت کە پشتگوێ خراون. لەم ڕوانگەیەوە سیاسەتەکانی شووناس لە شیکردنەوە و توێکاری ڕەفتاری ستەمکارانەوە دەستپێدەکات و زۆرجار پانتاییەکەی بزووتنەوە سیاسییەکان دەگریتەوە.(Stanford Ency-clopedia of philosophy 2020) لە کاتێکدا کە لە ڕوانگەی دووەمدا، سیاسەتەکانی شووناس بریتییە لە مەودایەکی زانست کە لە کۆمەڵگە جیاوازەکان هەمیشە دیدێکی-تایفی، کولتووریی، ڕەگەزیی تایبەت بە خۆی وەک بانگەشە و دیدی فەرمی، سروشتی، گشتگیر و بێ ڕەچاوکردنی کات بەسەر دید و بۆچوون و بژاردەکانی دیکەدا دەسەپێندرێت و ڕێگر دەبێت

لە بە فەڕمی ناسینی بۆچوونە جیاوازەکان و گۆڕانکاری لە بۆچوون و ڕوانگەکان بۆ بابەتە جیاوازەکانی کۆمەڵایەتی و سیاسی. لەسەر ئەم بنەما، دەکرێت سیاسەتی شووناس وەک هەوڵێک لەلایەن خاوەن دەسەڵاتەکانەوە دابنرێت بۆ ئاساییکردنەوە و بە نموونەکردنی دیدێکی تایبەت بۆ یەکەیەکی سیاسی تایبەت وەک (نەتەوە، وڵات یان ڕێکخراو).

دەکرێت سیاسەتی شووناس لەڕووی ئاستەوە بۆ دوو گرووپی (لە خوارەوە بۆ سەرەوە) (Identity politics)و (لەسەرەوە بۆ خوارەوە) (politics of identity) دابەش بکرێت. ئاستی یەکەم ئاماژە دەکات بە دیاردەیەک کە خەڵک لە ڕێگەیەوە کولتوور، شووناس و پێکهاتەی ڕکابەری دەسەڵات و ئەو سەرمایەیەی کە لەسەرەوە سەپێنراوە بەسەر ژیانی کۆمەڵایەتییاندا، ڕووبەڕووی ئاڵەنگاری یان ڕووخان بکەنەوە، یان دانوستانی لەسەر بکەن. لە کاتێکدا کە ئاستی دووەم بەگشتی ئاماژە دەکات بەو دیاردانەی کە بەپێی ئەوان بوونە کۆمەڵایەتیی، سیاسیی و ئابوورییەکان لەسەرەوە هەوڵدەدات شێواز بدات بە شووناسە بە کۆمەڵەکان لەسەر بنەمای نەتەوە، ڕەگەز، زمان و شوێن، لە ئاڕاستەی تێگەیشتن لە چالاکی و پێکهاتەی سەرەکی سیاسەت، لەسەر چوارچێوە گەلێکی تا ڕادەیەک جێگیر و ئاسایی کراوە. ئاستی یەکەم زۆرجار ڕێکخستنە لەسەر تەوەرەی ئەزموونێکی تایبەت، یان ڕوانگەی گرووپێکی دیاریکراو کە دیدێکی شووناسییان هەیە و دەیانەوێت خۆیان و شکۆیان بە فەڕمی بناسرێن. کەوابوو سیاسەتی شووناس لەم ئاستەدا قاڵبێکی ستراتیجییە بۆ بەرگری و ئامرازێکە بۆ دژایەتی ئەو گوشارانەی کە دەیانەوێت تێکەڵی و یەکسانی بکەن لەو جیاوازییە کۆمەڵایەتیی و کولتوورییانە و پێداگری لەسەر دەکەن. لە کاتێکدا ئاستی دووەمی سیاسەتی شووناس بریتییە لە چەشنێک سیاسەتی فەڕمی، پێکهاتەیی و گشتی (public) کە لە لایەن دەوڵەتان، پارتەکان و ڕێکخراوە هاوبەشییەکان (Corporate institutions) لە بەستێنی سیاسی شارەکان، ناوچە و دەوڵەتان دەسەپێندرێت. لە کۆمەڵگە دیموکراتییەکاندا، دەوڵەت و کۆمەڵگە بە گشتی لەسەر سیاسەتی شووناسی سەپێنراو ڕێکن، بەڵام لە کۆمەڵگە نا دیموکراتییەکاندا بە گشتی ئەوە مەڵکەوتووەکانن کە جۆر و چۆنێتییەکەی دیاری دەکەن.

٣- واتای ئاسایشی نەتەوەیی

ئاسایشی نەتەوەیی چەمکێکی نوێیە و پەیوەندیدارە بەم سەردەمە نوێیەوە، بەڵام چەمکی ئاسایش بە ئەندازەی ژیانی مرۆڤ کۆنە و مێژووی هەیە. لە کاتێکدا مرۆڤ هاتە سەر زەوی، بەردەوام یەکەم خەم و دڵەڕاوکێی پاراستنی مانەوە و بوونی بووە، ژیانی مرۆڤ پەیوەندی بە دابینکردنی ئاسایشەوە هەبووە. بە تێڕوانینێکی مێژوویی، گۆڕانکاریی چەمکی

ئاسایش لە چوار قۆناغدا دەبینرێت. ئەو قۆناغانە لەگەڵ کۆنترین شێوەی کۆمەڵگەی مرۆڤ تاکو دەگاتە پێشکەوتووترینی ماوتایە. لەسەر ئەم بنەمایە، پێناسەکردنی ئاسایش بۆ پاراستن و مانەوەی بوون، لەگەڵ کۆمەڵگەیەکی کۆن، پێناسەی ئاسایش و نەبوونی هەڕەشە، لەگەڵ کۆمەڵگەیەکی پێشکەوتوو، پێناسەی ئاسایش لە بەدەستهێنانی دەسەڵات و توانا، لەگەڵ کۆمەڵگەیەکی مۆدێرن و لە کۆتایشدا پێناسەی ئاسایش لەگەڵ ماوتەریی و هاوکاری لە کۆمەڵگەیەکی زۆر پێشکەوتوودا، پەیوەندییەکی زۆر نزیکیان هەیە.

پێناسەکانی ئاسایش دەکرێت لە دوو ڕوانگەی ئەرێنی و نەرێنییەوە پۆلێن بکرێن. لە ڕوانگەی نەرێنییەوە ئاسایش بە واتای نەبوونی مەترسی، هەڕەشە و بوونی تا ڕادەیەك دڵنیایی و ئاسوودەیی پێناسە کراوە. لە بەرامبەردا لە ڕوانگەی ئەرێنییەوە بۆ ئاسایش پاراستنی ژیان بەتەنیا گرنگ نییە بەڵکو پاراستنی شێوازی ژیان گرنگی پەیدا دەکات. ئامانجی ئاسایش لە ڕوانگەی نەرێنییەوە جێگیرکردنی دیسپلین و جێگیرییە و مەترسییەکانیش ئامڕازین و سەرچاوەکەشیان دەرەکییە. لە کاتێکدا کە ئامانجی ڕوانگەی ئەرێنی یەکگرتوویی و یەکێتییە و سەرچاوەی مەترسی دەروونی و چۆنییەتییەکەشی بەرنامەییە.

بە پێچەوانەی ئاسایش، نەتەوە چەمکێکی مۆدێرنە کە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی لەگەڵ دەوڵەت هەیە. لە ڕاستیدا پەیوەندی ڕاستەوخۆی چەمکی نەتەوە لەگەڵ دەوڵەت بابەتێکی نوێیە کە مێژووەکەی ماوتەریبە لەگەڵ ناسیۆنالیزمی (نەتەوەپەرستی) نوێ و پەیوەستە بە گۆڕانکاری مزری و سیاسی و کۆمەڵایەتیی ئەوروپا لە دوای سەدەی نۆزدەیەم. هۆشیاری نەتەوەیی بە واتای پەیوەستبوون بە گەل و پێویستی دروستبوونی دەوڵەتی نەتەوەیی و بوونی دەسەڵات، یان دەوڵەتێکی خۆماڵییە و ئەمەش مێژوویەکی درێژی نییە، بەم هۆکارە چەمکی نەتەوەش لە ڕابردوودا واتا سیاسییەکەی ئەمڕۆی نەبووە.

تێکەڵکردنی چەمکی کۆنی ئاسایش لەگەڵ چەمکی نوێی نەتەوە، مشتومڕی مزری زۆری وروژاندووە. هەندێک کەس باوەڕیان وایە کە چەمکی ئاسایشی نەتەوەیی نەک هەر دەگمەنە، بەڵکو وێرانکەریشە، چونکە وڵاتان بەو بەهانەیە لەگەڵ یەک دەجەنگن، یان لە ناوخۆدا نەیارەکان سەرکوت دەکەن. لەگەڵ ئەوەشدا بەدواداچوونی ئاسایشی نەتەوەیی لە بواری سیاسەتی نێودەوڵەتی ئەمڕۆکەدا، ناکرێت پشتگوێ بخرێت. پشتگوێنەخستنی لەم بابەتەوە سەرچاوە دەگرێت، لەگەڵ دروستبوونی دەوڵەتە نەتەوەییەکان کە بە بەڵێننامە و دروستبوونی دەوڵەتانی خاوەن زەوی (جوگرافیایی) دەستی پێکرد، ئەوەش پاساو بوو بۆ ئاسایشی نەتەوەیەک، کە لەسەر زەوییەکی دیاریکراو و لە ژێر چاودێری دەوڵەتێکی

تایبەتدا دەژیا. کەوابوو ئاسایشی نەتەوەیی پەیوەستە بە بەرپەرچدانەوەی کۆمەڵێک مەترسی کە ڕووبەڕووی بوونی دەوڵەت-نەتەوە، لە سنووری خاکێکی دیاریکراودا دەبێتەوە. لە ئاستی نەتەوە، دەوڵەت و کۆمەڵگە کاتێک ئاسایشیان هەیە، یەکەم لەژێر مەترسی لەناوچووندا نەبن. دووەم، بە شێوەیەکی ئەرێنی بتوانن بەهاکانی ناوخۆی خۆیان پەرەپێبدەن.

٤- پەیوەندی سیاسەتی شووناس لەگەڵ ئاسایشی نەتەوەیی

ناوەڕۆکی سەرەکی ئەو لێکۆڵینەوەیەی کە ئەنجامدراوە لەسەر تێگەیشتن لە ئاسایشی نەتەوەیی، واتای (هەڕەشەکان) لەگەڵ ئەو وەڵامانەی کە دراونەتەوە بە سێ پرسیاری سەرەکی (سەرچاوە، ئامابج و شووناس)ی هەڕەشە چییە. بە ڕەچاوکردنی وەڵامی ئەو پرسیارانەی سەرەوە (مەکسوینی) (McSwee-ny) ئاماژەی بە چوار قۆناغی توێژینەوەی ئاسایشی داوە، کە ئەوانیش بریتین لە بیرۆکەی سیاسیی، زانستی سیاسیی، ئابووریی سیاسیی و کۆمەڵناسیی کە ناوەندی چڕبوونەوەی هەرکامیان بەم شێوەیە (ئاسایشی هاوبەش) (common security)، ستراتیجی، (ئاسایشی گشتی- نێودەوڵەتی) (international/com-prehensivs security) و ئاسایشی مرۆیی. بە بۆچوونی ئەو، قۆناغی کۆتا کە لەسەرەتاکانی دەیەی (١٩٩٠) دەستی پێکردووە، لەسەر ئەوە چڕبووەتەوە کە چۆن تێگەیشتن کار دەکاتە

سەر ئاسایش و لەسەر ئەم بنەمایە، پێداگری کردووە لەسەر گرنگی شووناس و دروستکردنی ئاسایش. بە واتایەکی دیکە، بەگشتی لە بواری بابەتەکانی ئاسایشیدا، ئاسایشی نەتەوەیی وەک چەمکێکی سەرەکی جێگیربووە، بەڵام سەیر ئەوەیە زۆر بیری لە نەتەوە نەکردۆتەوە وەک یەکەیەکی ئاسایشی. لە ڕاستیدا ناوەندی گرنگیدانەکەی یەکەکانی سیاسی و دەزگاکانی-دەوڵەت- بووە و بەشەکانی سیاسی و سەربازیی دروستکردووە. بەڵام ئەگەر بۆچوونی خۆمان لەسەر نەتەوە چڕبکەینەوە، ئەوا بەشێکی دیکە دەردەکەوێت کە بە ئاسایشی کۆمەڵگە دەناسرێت. کەوابوو ئاسایش دەتوانێت هەردوو شێوەی فیزیایی ڕاستەقینە و دۆخی مزری لەخۆ بگرێت. لە کاتێکدا یەکەمیان گرنگی دەدات بە ڕزگاربوون لە هەڕەشەی فیزیایی و دووەمیان گرنگی دەدات بە هەستکردن بە ئاسایش. بێگومان چڕبوونەوە لەسەر ئەو ئەدەبیاتەی کە لەم دەیەی کۆتاییە لە ئێران بەرهەم هاتووە، پیشانی دەدات کۆمەڵێ بابەت هاوشێوەی وەک ئاسایشی کۆمەڵایەتیی، ئاسایشی گشتی و... تاد، لەلایەن توێژەرانەوە بەکارهاتووە. بەڵام هیچکامیان شرۆڤەیەکیان نەداوە کە لەم چەشنە ئاسایشانەدا، مەبەست ئاسوودەیی چ کەسێک، یان چ گرووپێکە لە بەرامبەر چ شتێک و بە چ ئامراز و شێوازێک.

ئەوانەی بەدوای یەکگرتنەوەن لە ناو ڕەوتی ئینگلیزی و ڕەوتی ئەبریستویت (وەیڵز) لە ڕێگای

خستنە ژێر پرسیاری توێژینەوەی ئاسایشی نەتەوەییەوە، کەس یان مرۆڤی کۆمەڵگەکان بە ئامانجی ئاسایش دادەنێن کە کێشەی ئەوان دەوڵەتە و بە پێچەوانەی لێکۆڵینەوە کۆنەکان کێشەکە بە کێشەی دەرەکی نازانن. ڕەوتی پاریسیش وەک شەپۆلی سێیەمی بیرۆکەدانان لەبواری ئاسایش بەگشتی لە باوەڕەکانی بۆردیۆوە ئیلهامی وەرگرتووە، زیاتر حەز بە ئاسایشی ناوخۆ دەکات و تێکەڵکردنی لەگەڵ ئاسایشی دەرەکی.

بیرۆکەدانەرانی توێژینەوەی ئاسایشی، هەمیشە خوازیاری سەرهەڵدانی دەوڵەتێکی بەهێزبوون و ئاسایشیان وەک پارێزەری وڵاتێک لە هێرشی وڵاتانی دیکە داناوە. لە کۆتاییەکانی دەیەی (١٩٨٠) بەو دەرەنجامە گەیشتن، کە دەوڵەت خۆی یەکێکە لەسەرچاوە بنەڕەتییەکانی نائارامیی و توانا و ئامرازی سەرنجراکێشی هەیە بۆ سنووردارکردن و هەڕەشەکردن لە کۆمەڵگە. لەبەرئەوە ئاسایشی نەتەوەیی لەسەر تەوەرەی دەوڵەت، لە بەرامبەر سەرچاوە و تەوەربوونی کۆمەڵگە لە جێگیرکردن و قووڵکردنەوەی ئاسایشدا لاوازبوو. لەم ناوەدا، ڕەوتی کۆپنهاگ کە لە ڕیزی شەپۆلی دووەمی توێژینەوەی ئاسایشدایە، بە باسکردن لە ئاسایشی کۆمەڵگەیی (لەسەر تەوەری شووناس) شوێنگەیەکی تایبەتی لە گۆڕانکارییەکانی ئەم دواییەدا هەبووە.

کاتێک کە باری نوزان لە پەڕتووکی (خەڵک، دەوڵەتان و ترس) زانی کە ئاسایشی نەتەوەیی ئاستی جیاوازی سەربازیی، سیاسیی، ئابووریی، کۆمەڵایەتیی و ژینگەیی هەیە، بۆ یەکەمجار بوو، بابەتەکانی کۆمەڵایەتی لەسەر تەوەری شووناس وەک یەکێک لە ئاڵەنگارییە سەرەکییەکان لەبەردەم دەوڵەتەکاندا دانا. کەوابوو، هەرچەندە سەرچاوە و چییەتی هەڕەشەکان لە چاو ڕوانگەی کۆنەوە جۆراوجۆر بوو، بەڵام دەوڵەت وەک ئامانجی هەڕەشە هەر بە نەگۆڕی مابوویەوە. ساڵی (١٩٩٣) و دوای هەڵگیرسانی شەڕە نەتەوەیی و تایەفییەکان لە ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا، (لە دوای هەڵوەشانەوەی سۆڤییەت) بوزان لە پەڕتووکی (شووناس، کۆچ و بابەتی کاری ئاسایش) لە هەمان ساڵ و بە هاوکاری ئالی ڤیۆر نووسی، قوورساییەکی زیاتری دانا بۆ ناوبانگی کۆمەڵگەی ئاسایشیی. بەوشێوەیە کە لە پەڕتووکی پێشوویدا کۆمەڵگە یەکێک بوو لە ڕووەکانی دەوڵەت و شووناسی گرووپەکان، یەکێکیش بوو لە بابەتەکانی نیگەرانی و دڵەڕاوکێی دەوڵەت. بەڵام لەم بیرۆکەدا کۆمەڵگە، یان گرووپە کۆمەڵایەتییەکانیش بە یەکێک لە ڕووەکانی دەوڵەت دادەنرێن و بۆ ئاستی سەرچاوە، یان ئامانجی ئاسایش بەرزدەکرێنەوە. بابەتی ئاسایشی کۆمەڵگەیی (شووناس)، گرنگی چۆنییەتی هەیە. ئاسایشی کۆمەڵگەیی لەو هەڕەشانە دەکۆڵێتەوە کە سەرەکین. واتا ئەگەر گرووپێک شووناسی

خۆی لەدەست بدات، ئیتر (ئێمە)یەک بوونی نامێنێت کە هەوڵ بدات چاکی بکاتەوە و بەرزی بکاتەوە. ئەمە لەکاتێکدایە کە لاوازی ئابووریی، دواکەوتوویی سەربازیی، بێتوانایی سیاسی و کارەساتی ژینگەیی، دەکرێت بە چەشنێک زیندوو بکرێنەوە. لەم بوارەدا هەندێک باوەڕیان وەهایە کە دروستکردنی شووناسی بە کۆمەڵ، پێویستی سەرەتایی نەتەوەکانە، چونکە شووناس جگە لە هۆشیارکردنەوەی تاک، یان هۆشیارکردنەوەی گرووپ، واتایەکە پێکهاتووە لە چەشنێک شوێن، ئامانجی گرووپ، یان ڕەفتار و مێژووی گرووپەکەش. لەم واتایەدایە کە شووناس شتێکە مانەوە مسۆگەر دەکات.

بە بۆچوونی ڤیۆر و هاوکارەکانی بابەتەکان، یان پێکهێنەرەکانی ئاسایشی کۆمەڵگەیی (هەڕەشەکان) بە چەشنێکە کە هەموویان بابەتی ناوەندی ئاسایشی بە کۆمەڵن، واتا کار دەکەنە سەر شووناس. یەکێک لەو بابەتانە چاودێری ستوونییە. چاودێری ستوونی زیاتر لە چەشنێک دژایەتی و بەرهەڵستی دەچێت. لەم چەشنە چاودێریەدا، دەوڵەتی ناوەندی سیاسەتێکی تۆکمە و تێکەڵکار دەسەپێنێت و دەیەوێت شووناسە جیاوازەکان دەستکاری بکات و نکۆڵیان لێ بکات و لە ئاکامدا شووناسە جیاوازەکان تێکەڵ بکات. بە گشتی دەکرێت دەوڵەت بە سەرچاوەی هەڕەشە، کۆمەڵگە، ئامانجی هەڕەشە و شووناس و چییەتی هەڕەشە دابنرێت.

ب- سیاسەتی شووناس و ئاسایشی نەتەوەیی ئێران

لەم بەشەدا سەرەتا ڕەوتە سیاسی و شووناسییەکان لە ئێران تاووتوێ دەکرێت، پاشان ئاستەکانی ئاسایشی نەتەوەیی، یان کۆمەڵگەیی تاووتوێ دەکرێت، کە دەوڵەت لە ڕێگەی ئەوانەوە دەتوانێت بە چەشنێک لە ڕووی ئەرێنی، یان نەرێنییەوە هەوڵ بدات شووناس دروست بکات.

١- ڕەوتەکانی شووناس لە ئێراندا

بە ڕەچاوکردنی ئاراستەی گۆڕانکارییە مێژووییەکان، لە پەیوەندی لەگەڵ گرنگترین و ڕەواترین ئاستی شووناسی بەکۆمەڵ، یان شووناسی نەتەوەیی سێ سەرچاوەی پێکهێنەری شووناسی ئێرانی هەیە وەک ئێرانییبوون، ئیسلامییبوون و نوێگەریی، کە ناکرێت هیچ کامیان لەوی دیکە کەمتر بێت. جگە لەوەش ئاستی دیکەی سیاسەتی بەکۆمەڵیش لە ئێراندا هەیە، کە بە پێی ڕێژەی گرنگییان دەکرێت تایەفیی، ئایین و ئایینزا بێت. بەپێی یاسای بنەڕەتی کۆماری ئیسلامیی ئێران هەشت نەتەوەی ناسراوە بریتین لە : فارس، کورد، بەلوچ، عەرەب، تالش، لوڕ، تورکمان و ئازەری. شووناسی ئایینزاییش بریتییە لە سوننە و شیعە و شووناسی ئایینیش جگە لە ئیسلام، مەسیحی، یەهودی و زەردەشتییە. بە ڕەچاوکردنی ئەوەی کە شووناسەکانی دیکە لە یاسای بنەڕەتیدا بە فەرمی نەناسراون، پشتگوێ خستنیان لەلایەن

دەوڵەتەوە نیشانەی لاوازی، یان بێ توانایی دەوڵەت دانانرێت.

لە کۆتاییدا لە ئاستی تاکیشدا، سیاسەتی شووناسی ڕەگەزیی زۆر کاریگەرە. ئەم چەشنە شووناسە لە نەریتی مێژوویی ئێراندا گرنگی پێنەدراوە و ئەو بارودۆخەش تاڕادەیەک ئاشکرایە، بەڵام پاش شەڕی دووەمی جیهانی و دروستبوون و گەشەکردنی بیرۆکە فێمینیستییەکان، بوو بە کێشەیەکی گرنگ لەو کۆمەڵگەیانەی کە بەرەو پێشکەوتن دەچوون وەک ئێران. بۆیە لەپێناو دروستبوون و بەهێزبوونی شووناسی نەتەوەیی، کە یەکسانە بە یەکگرتوویی و یەکێتی نەتەوەیی، دەبێت شووناسی ژنانیش لەبەرچاو بگیرێت. گرنگی ئەم بابەتە بە گشتی لەم ڕووەوەیە کە مافی ژنان یەکێکە لە بابەتەکانی گفتوگۆی بەرەو پێشچوو لە ئاستی نێودەوڵەتی و لەلایەن ناوەندەکانی هێزەوە پشتگیری دەکرێت.

٢- ئاست و پیشاندەرەکانی ئاسایشی سیاسەتی شووناس

بەپێی ئاستە جیاوازەکانی ئاسایشی نەتەوەیی لە ئێران، دەوڵەت لە پێنج ئاستدا دەتوانێت سیاسەتە شووناسییەکان لە ئاستی گشتیدا بگرێتەبەر و بیسەپێنێت کە ئەم پێنج ئاستە بریتیین لە : سەربازیی ، سیاسیی، ئابووریی، ژینگەیی و کۆمەڵایەتیی. دەوڵەت لە ئاستی سەربازییدا بۆ یەکسانکردن، دەتوانێت لە پێناو گەیشتن بە شووناسی نەتەوەیی یەکگرتوو، هێرشی سەربازیی بکاتە سەر شووناسە تایەفیی و ئایینی و ئایینزاییەکان. لە ئاستی سیاسیشدا، دەوڵەت بە دەرکردنی یاسای جیاکاری، دەتوانێت شووناسی تایەفیی و ئایینی و ئایینزاییەکان و تەنانەت ڕەگەزی ژنانیش بە شێوەیەکی ڕێکخراو سەرکوت بکات. لە ئاستی ئابووریشدا، پێڕانەگەیشتنی دەوڵەتی ناوەندی، یان پێدانی دەسەڵات بە شووناسە جیاوازەکانی تایەفیی و ئایینی و ئایینزایی بە مەبەستی بەدواداچوونی ستراتیجی ئابووریی ناوچەیی، دەتوانێت ببێتە هۆی وەستانی ئابووریی و بێکاری. ئەم بابەتەش ئەو بۆچوونە بەهێز دەکات کە دەوڵەت بە شێوەیەکی ڕێکخراو شووناسی ئەوان سەرکوت دەکات (وا دانراوە کە دەوڵەت بە شێوەیەکی ڕێکخراو لە ئاڕاستەی یەکسانکردندا بەرنامەی دانەناوە). هەروەها پەیوەستبوونی دەوڵەت بە کۆمەڵگەوە بۆ وەرگرتنی باج، دەتوانێت لەسەر جۆری سیاسەتی شووناسی سەپێنراو کاریگەر بێت. لە ئاستی ژینگەشدا، پیسبوون و گۆڕانکاریی کەش و هەوا لەو ناوچانەی کە شووناسی تایەفیی، زمانی، یان ئایینزایی زۆرینەن، دەتوانێت ببێتە هۆی گۆڕانکاری شێوەی ژیان و دروستبوونی کێشەی زۆر بۆیان. بۆ نموونە، دەوڵەت دەتوانێت بە تاقیکردنەوە لەسەر پیتاندنی دەستکردی هەورەکان گۆڕانکاری شووناس بەڕێوە ببات. لە کۆتاییدا، دەکرێت کۆمەڵێک پیشاندەر باس بکرێت لەسەر هەڕەشەکانی

کۆمەڵگەیی، کە شووناسی گرووپەکان سەرکوت دەکەن. ئەم پیشاندەرانە دەتوانن لە هەر ئاستێکدا هەبن، وەک کۆچی زۆرەملێ، ئاستەنگی یاسایی و کرداریی لە فێرکردنی زمان و ڕێکخستنی ڕێوڕەسمی باو، وەک جەژن و پرسە و شوێنە ئایینزاییەکان. لەم خشتەیەی خوارەوەدا پەیوەندی ڕەوتە سیاسی و شووناسییەکانی دەوڵەت و ئاست و ئاسایشی نەتەوەیی دەبینرێن.

**خشتەی ١: پەیوەندی جۆرەکانی سیاسەتی شووناس لەگەڵ ئاست و پیشاندەرەکانی سیاسەتی نەتەوەیی**

| ئاسایشی نەتەوەیی<br>سیاسەتی شووناس | ئاستەکان | پیشاندەرەکان |
|---|---|---|
| | سەربازیی | هێرشی سەربازیی بۆ سەر شووناسە ئایینی و تایەفیی و ئایینزاییەکان |
| | سیاسیی | نایەکسانی لە پلە و پایە و یاساکانی جیاکاریی |
| | ئابووریی | وەستانی ئابووریی و بێکاری |
| | ژینگەیی | پیسبوون و گۆڕانکاری ئاو و هەوا بە مەبەست |
| سیاسەتەکانی شووناس (نەتەوەیی تایەفیی ئایینی ئایینزایی ڕەگەزی) | کۆمەڵگەیی | ڕێکخستنی مەراسیمی باو (جەژن، پرسە و شتی دیکە) سوود وەرگرتن لە زمان، گۆڕینی ناو، جل و بەرگ، بارودۆخی شوێنە ئایینی و ئایینزاییەکان، ناو، داخستنی شوێنە فێرکارییەکان و کۆچی زۆرەملێ و جیاوازی ماف |

٣- شێوازی لێکۆڵینەوە

بە ڕەچاوکردنی ئەوەی کە ناتوانرێت کاریگەریی سیاسەتەکانی شووناسی (پێنج ڕەوتەکە) دەوڵەتی ئێران لەسەر ئاسایشی کۆمەڵگە لە هەموو ئاستەکانیدا دیاری بکرێت (بەهۆی سنووورداری بودجە و پێوانەکاری مەیدانی لەسەرانسەری ئێران)، بۆیە پەروەردە و فێرکردن وەک گرنگترین دەزگای گشتگیر و باشترین پیشاندەری سیاسەتی شووناس دیاریکرا. لە ڕاستیدا پێشبینییەکانی ئێمە ئەوەیە کە شووناسی بە کۆمەڵ دیاردەیەکی خۆڕسک نییە، بەڵکو بە تەواوی بە دەستهاتووە و بۆ ئەوەی شووناسەکان بکەن بە دەروونی، پەروەردە و فێرکردن بە یەکێک لە گرنگترین و کاریگەرترین ئامرازەکان لە کۆمەڵگەدا هەژمار دەکرێت و پەرتووکەکانی خوێندن باشترین و جێی متمانەترین سەرچاوەن بۆ ناسینی سیاسەتی شووناس. بێگومان

ژماره و چییەتی پەڕتووکەکانی خوێندنیش جیاوازن. کەوابوو لەناو هەموو پەڕتووکەکانی خوێندندا، پەڕتووکەکانی وانەی کۆمەڵایەتی قۆناغی یەکەمی ناوەندی کە زیاتر لە هەموو پەڕتووکەکانی دیکە پێشاندەری سیاسەتی شووناسن، وەک نموونە هەڵبژێردراوە. بە مەبەستی تایبەتمەندکردنی سیاسەتی شووناسی کۆماری ئیسلامیی ئێران، بە سوودوەرگرتن لە توێژینەوە ئەنجامدراوەکان[4] و گۆڕانکارییە گونجاوەکان لەگەڵ ئامانجە بەدەستهاتووەکان، بە گشتی وەک دیاریکەر بۆ سیاسەتی شووناسی لە پەڕتووکە کۆمەڵایەتییەکاندا هەژمارکرا.

١- بەها و ڕەفتارەکان (میوانداری و جەژنی نەورۆز و یەکتاپەرستی و مافی مرۆڤ).

٢- میراتی کولتووری (ئێرانی) و شوێنە ئایینی و ئایینزاییەکان (ئیسلامی).

٣- ناوداران و کەسایەتییە دیارەکانی ئێرانی و ئیسلامی و ڕۆژئاوایی.

٤- ڕووداو و بەسەرهاتە ئێرانییەکان (خۆماڵیکردنی پیشەسازیی نەوت)، ئیسلامی (بەسەرهاتی کۆچی پێغەمبەر"د.خ").

٥- میراتی کولتووری (ئێرانی، ئیسلامی ).

٦- ڕێوڕەسمە ئایینی و ئایینزاییەکان و هێماکانی ئێران (جەژنی ڕەمەزان و ئاڵای ئێران و جل و بەرگی ڕەسەنی ئێرانی).

٧- شوێنگەی جوگرافی ئێران (ئاگاداربوون لە تایبەتمەندی ژینگەیی وڵات و شوێنگەی تایبەتی ئێران لە ناوچەکە و جیهاندا).

٨- وردە کولتوورە تایەفییەکان.

بە ڕەچاوکردنی بابەتەکە شێوازی ئەم توێژینەوەیە لە تاووتوێکردنی ناوەڕۆکی پەڕتووکەکان لەسەر بنەمای سوودوەرگرتن لە تەکنیکی شیکاری ناوەڕۆکی چۆنییەتی، یان ئاڕاستەی پێوانەیی کە شێوازێکی باوی توێژینەوەیە بۆ شیکردنەوەی سەرچاوە و زانیارییە چۆنییەکان، بە تایبەت سەرچاوە نووسراو و وێنەدارەکان، وەک پەڕتووکی خوێندن هەژمار دەکرێت و پەڕتووکەکانی وانەی کۆمەڵایەتی قۆناغی یەکەمی ناوەندی کە لە ساڵەکانی (١٤٠٠-١٣٩٩) لە قوتابخانەکانی ئێراندا خوێندراون، وەک نموونە خراونەتە ژێر لێکۆڵینەوەی ناوەڕۆکی. لە بەشی شیکاری لێکەوتەکانی ئاسایشی سیاسەتی شووناسیش، لەلایەکەوە پڕە لە شیکاری و دەرەنجامی لۆجیکی لە نێوان یەکێتی نەتەوەیی و ئاسایشی نەتەوەیی و جەخت لەسەر بنەمای هزری کراوەتەوە و لە هەر شوێنێک سیاسەتی شووناس هاوسەنگ

٤- بۆ ژماردنی پیشاندەرەکانی سیاسەتی شوناسی دەوڵەت، سوود لە لێکۆڵینەوەی جیاواز وەرگیراوە، (لەبەر ئەوەی هیچکامیان ئاڕاستە جیاوازەکانی شوناسی بەکۆمەڵیان پێکەوە تاووتوێ نەکردوە تەنیا لایەنێکی ئەویان، وەک شوناسی نەتەوەیی، شوناسی تایەفەیی،یان شوناسی ئاینی لەبەرچاوگرتووە) کە بریتین لە: یاوەری (١٣٧٣)، ساڵحی عومران و شەکیباییان(١٣٨٦)، ساڵحی عومران و ئەوانی تر(١٣٨٧)، مەنسوری و فەرەیدونی(١٣٨٨)، نەوشادی و ئەوانی تر(١٣٩٠)، هاشمی و قوربان عەلی زادە(١٣٩٣)، قادر زادە(١٣٩٣)، ڕەهبەری و ئەوانی تر(١٣٩٣)، ئەزغەندی و محەمەدی میهر(١٣٩٥)، پور شوکری و ئەوانی تر(١٣٩٩).

و گونجاو بووبێت ئەوا مەیلی بووە بەلای بەهێزکردنی یەکێتی و یەکگرتنی نەتەوەیی و لەو شوێنەدا لە ئاراستەی بەهێزکردنی ئاسایشی نەتەوەیی شیکراوەتەوە و لەهەر شوێنێکیش مەیلەکە بەرەو نەبوونی هاوسەنگی و گونجاوی بووبێت، ئەوا بە ئاراستی لاوازکردنی ئاسایشی نەتەوەیی شیمان کردووەتەوە. لەلایەکی دیکەوە بۆ بەهێزکردنی بەڵگەنامەکانی خۆمان، سوودمان لە دەرەنجامی توێژینەوە و لێکۆڵینەوەکانی هاوتەریب وەرگرتووە، وەک دوانەیەک.

ج- سیاسەتی شووناس لە پەڕتووکی وانەی کۆمەڵایەتی و ئاسایشی نەتەوەیی لە ئێران.

لەم بەشەدا سەرەتا پێناسەی دۆزینەوەکان دەکەین، پاشان ڕەوتە جیاوازەکانی سیاسەتی شووناسی دەوڵەت لە پەروەردە و فێرکردندا بە جیا تاووتوێ دەکەین و کاریگەری ئەوان لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی باس دەکەین.

١- پێناسەی دۆزراوەکان

لە سێ پەڕتووکی وانەی کۆمەڵایەتی قۆناغی یەکەمی ناوەندی، بەگشتی (٥٧٨٧) ڕستە تاووتوێ کراوە کە فراوانییەکەی پەیوەندی هەیە بە قۆناغی (٧ و ٨ و ٩)وە و بریتیین لە : ١٧٩٠ (٣٠.٩٣٪)، ١٩٤٦(٣٣.٦٣ ٪)، ٢.٠٥١(٣٥.٤٤ ٪) ڕستە. لەم ژمارەیە ٣٥٨٤(٩.٦١٪) ڕستەیان پەیوەندیان هەبووە بە سیاسەتی شووناسەوە. بەشی هەر قۆناغێکیش بەم چەشنەیە ١٢٠٣ (٣٣.٥٧ ٪)، ١٢٤٩ (٣٤.٨٥ ٪) ١١٣٢ (٣١.٥٨ ٪).

لەسەر وێنەکانیش، بە گشتی (١٣٣٣) وێنە تاووتوێ کراوە. پێویستە بگوترێت کە هەندێک لە وێنەکان چەند شووناسێکی بە کۆمەڵیان لە خۆ دەگرت، بۆ نموونە وێنەی کەسێک بە جل و بەرگی بەلوچەوە، جگە لەوەی کە پیشاندەری شووناسی تایفی بەلوچە، دەتوانین لە ڕیزی ئایینزایی شووناسی سوونییشدا پۆلێن بکرێن. کەوابوو هەندێک لە وێنەکان چەند جارێک تاووتوێ کراون. لەبەرئەوە ژمارەی وێنەکان بۆ (١٣٧٨) وێنە زیادبوون. ئەم ژمارەی وێنانە بەشی قۆناغەکانی (٧ و ٨ و ٩) بەم شێوەیە. ٤٤٦(٣٢.٣٧ ٪)، ٤٦٩(٣٤.٠٣ ٪)، ٤٦٣(٣٣.٦ ٪). لەم خشتەی خوارەوەدا فراوانی و ڕێژەی سەدی وێنە تاووتوێکراوەکان دەبینرێن.

**خشتەی ٢: فراوانی و ڕێژەی سەدی وێنە تاوتوێ کراوەکان**

| قۆناغ | ئەو ڕستانەی تاووتوێ کراون | | ئەو ڕستانەی کە سیاسەتی شووناسییان تێدایە | | وێنە تاووتوێ کراوەکان | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | فراوانی | ڕێژەی سەدی | فراوانی | ڕێژەی سەدی | فراوانی | ڕێژەی سەدی |
| حەوتەم | ١٧٩٠ | ٣٠,٩٣ | ١٢٠٣ | ٣٣,٥٧ | ٤٤٦ | ٣٢,٣٧ |
| هەشتەم | ١٩٤٦ | ٣٠,٦٣ | ١٢٤٩ | ٣٤,٨٧ | ٤٦٩ | ٣٤,٠٣ |
| نۆیەم | ٢٠٥١ | ٣٥,٤٤ | ١١٣٢ | ٣١,٥٨ | ٤٦٣ | ٣٣,٦ |
| کۆ | ٥٧٨٧ | ١٠٠ | ٣٥٨٤ | ١٠٠ | ١٣٧٨ | ١٠٠ |

هەروەک کە لە خشتەی ژمارە سێدا دەبینرێت، زۆرترین فراوانی پەیوەستە بە سیاسەتی شووناس لە ئاستی نەتەوەییدا، کە فراوانییە گشتییەکەی (٣١١٨) ڕستە بووە. دوای ئەویش سیاسەتی شووناسی ئایینزایی کە فراوانییەکەی (٢٨٢) ڕستە بووە و بە جیاوازییەکی زۆرەوە دووەم پلەی بەدەستهێناوە. سیاسەتی شووناسی تایەفیی فراوانییەکەی (١٢١) ڕستە و سیاسەتی شووناسی ئایینیش فراوانییەکەی (٦٣) ڕستە بووە کە لەڕووی گرنگییەوە لە پلەی سێ و چواردا هاتوون.

لە شیکاری ناوەڕۆکی پەڕتووکەکانی وانەی کۆمەڵایەتی قۆناغی یەکەمی ناوەندی، بە شێوەیەکی گشتی ٥٩٥ (١٦.٦ ٪) ڕستە ئاراستەیەکی نەرێنیان هەبووە بۆ شووناسە جیاوازەکان لە کۆمەڵگەدا. لەم ڕێژە فراوانەدا، شووناسی نەتەوەیی ئایینزایی و تایەفیی، ٥١٩ (٨٦.٩ ٪)، ٦٢(١٠.٤ ٪) و ١٦(٢.٧٪) ڕستە بووە.

لەپەیوەندی لەگەڵ وێنە هەڵبژێردراوەکانیش، بۆ ئەو پەڕتووکانەی لێکۆڵینەوەیان لەسەر کراوە، سیاسەتی شووناس بە ڕێژەی ٨٥٥ وێنە (٦٢.٠٥ ٪) بەرەو شووناسی نەتەوەیی ئاراستەکراون. دوای ئەویش شووناسی ڕەگەزیی بە ڕێژەی ٤١٤ وێنە (٣٠.٠٤ ٪)، شووناسی تایەفیی بە ڕێژەی ٥٨ وێنە (٤.٢١ ٪)، شووناسی ئایینزاییش بە ٤٥ وێنە (٣.٢٧٪) و شووناسی ئایینیش بە ڕێژەی (٦) وێنە زۆرترین گرنگیان لە سیاسەتەکانی شووناسی دەوڵەت بۆ خۆیان بردووە.

**خشتەی ٣: زۆری و ڕێژەی سەدی جۆرەکانی شووناس و ئاراستەکانیان**

| سیاسەتی شووناس | ناوەڕۆک | | ئاراستەی نەرێنی | | وێنەکان | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | فراوانی | ڕێژەی سەدی | فراوانی | ڕێژەی سەدی | فراوانی | ڕێژەی سەدی |
| شووناسی نەتەوەیی | ٣١١٨ | ٨٧ | ٥١٧ | ٨٦,٩ | ٨٥٥ | ٦٢,٠٥ |
| شووناسی تایەفیی | ١٢١ | ٣,٤ | ١٦ | ٢,٧ | ٥٨ | ٤,٢١ |
| شووناسی ئایینی | ٦٣ | ١٨ | – | – | ٦ | ٠,٢٤ |
| شووناسی ئایینزایی | ٢٨٢ | ٧٨ | ٦٢ | ١٠,٤ | ٤٥ | ٣,٢٧ |
| شووناسی ڕەگەزیی | – | – | – | – | ٤١٤ | ٣٠,٠٤ |
| کۆی گشتی | ٣٥٨٤ | ١٠٠ | ٥٩٥ | ١٠٠ | ١٣٧٨ | ١٠٠ |

٢- سیاسەتی شووناس و ئاسایشی نەتەوەیی ئێران

لەم بەشەدا بەپێی دۆزینەوەکانی توێژینەوەکە، پێنج ڕەوتەکەی سیاسەتی شووناس لە پەیوەندی لەگەڵ ئاسایشی نەتەوەیی تاووتوێ دەکرێن. باسی ئەم خاڵە گرنگە کە ئەم ڕیزبەندییانە وەک نموونەی خەیاڵی هەژمار دەکرێن و لە ڕاستییدا شووناسەکان لێک جیاناکرێنەوە.

١-٢. سیاسەتی شووناسی نەتەوەیی و ئاسایشی نەتەوەیی

لەگەڵ هاتنی ئیسلام بۆ ئێران چەشنێک لە دوو جەمسەری کولتووری لە ئێران دروستبوو. ڕووبەڕووبوونەوەی دوو کولتوور دەیتوانی دەزگایەکی تەواوتر و گشتیتر پێکبهێنێت، بەڵام ئەم دوو جەمسەرییە نەک هەر لەو سەردەمەدا بە شێوەیەکی گونجاو چارەسەر نەبوو، بەڵکو لە چوارچێوەیەکی نوێتردا، گواسترایەوە بۆ ئەم سەردەمە. شۆڕشێ مەشرووتە وەک خاڵێکی وەرچەرخان، ئێمەی ڕووبەڕووی میوانێکی نەخوازراوی نوێ بە ناوی نوێگەری کردەوە. لەبەرئەوە سێ سەرچاوە باسکراوە کە بە درێژایی مێژوو، بوون بە سەرچاوەی سەرەکی شووناسی نەتەوەیی ئێرانییەکان کە تاڕادەیەك لەم بوارەدا کۆدەنگییەکیش هەیە.

بەپێی دۆزینەوەکانی توێژینەوەکە لەبارەی ئاسایشی نەتەوەیی، (٣١١٨) ڕستە تاووتوێ کراون کە بەشی ئێرانییبوون، ئیسلامییبوون و نوێگەریی بریتیین لە: ١٣٥٥(٪٤٣.٤٦)، ١٤٤٣(٪٤٦.٢٨) و٣٢٠(٪١٠.٢٦) ڕستە. ئەگەرچی لە ڕواڵەتدا ڕێژەی گرنگیدان بە شووناسی ئێرانیی و ئیسلامیی تاڕادەیەک یەکسان دەردەکەوێت، بەڵام لە پەیوەندی لەگەڵ ئێرانییبووندا ٣٦٦(٪٢٧.٠١) ڕستە ئاڕاستەی نەرێنیان هەبووە. ئەم ئاڕاستە نەرێنییە لە پەیوەندی لەگەڵ شووناسی نوێگەریی ١٥١(٪٤٧.١٩) ڕستە بووە. لە کاتێکدا کە لە پەیوەندی لەگەڵ ئیسلامدا هیچ ئاڕاستەیەکی نەرێنی نەبووە. فراوانی و ڕێژەی سەدی ئەم چەشنە شووناسانە و وێنە پەیوەندیدارەکانیان لەم خشتەیەی خوارەوەدا دەرکەوتووە.

**خشتەی ٤: فراوانی و ڕێژەی سەدی سیاسەتەکانی شووناس ئاستی نەتەوەیی و ئاڕاستەکانی**

| سیاسەتی شووناسی نەتەوەیی | ناوەڕۆک | | ئاڕاستەی نەرێنی | | وێنەکان | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | فراوانی | ڕێژەی سەدی | فراوانی | ڕێژەی سەدی | فراوانی | ڕێژەی سەدی |
| ئێرانییبوون | ١٣٥٥ | ٤٣,٤٦ | ٣٦٦ | ٢٧,٠١ | ٣٦٤ | ٤٢,٥٧ |
| ئیسلامییبوون | ١٤٤٣ | ٤٦,٢٨ | - | - | ٤٢٠ | ٤٩,١٣ |
| نوێگەریی | ٣٢٠ | ١٠,٢٦ | ١٥١ | ٤٧,١٩ | ٧١ | ٨,٣ |

ئەم جۆرە سیاسەت دانانی شووناسە، بێگومان ئاسایشی نەتەوەیی ڕووبەڕووی ئاڵەنگاری دەکاتەوە. شووناسی ئێرانی و نوێگەری بە تایبەت لە نێوان لاواندا، بووەتە بەشێکی دانەبڕاو لە شووناسی نەتەوەیی ئەوان، هەروەک نازمی ئەردەکانی و ئەوانی دیکە ساڵی (١٣٩٥) پیشانیان داوە، تەنانەت لە شاری یەزد کە تاڕادەیەک ئایینی و دێرینە، نەوەی لاو بە بەراورد لەگەڵ نەوەی گەورەتر، مەیلێکی زیاتریان هەیە بۆ شووناسی نوێگەریی. لە شاری ئیسفەهانیش لێکۆڵینەوەی کەلانی و سەفیری (١٣٩٦)، دەریخستووە ئەوەی کە گومانی تیانییە، شووناسی باو و کۆن و چوارچێوە شووناس سازەکانی لە کۆمەڵگەی ڕاگوزەری ئێراندا، توانا و هێزی کۆنی خۆی نەماوە و لاوان مەیلێکی زیاتریان بۆ نوێگەریی هەبووە.

دژیەکی نێوان سیاسەتی شووناسی پەروەردە و فێرکردن و ئەوەی کە لە ناخی کۆمەڵگەدا (بەدەست ڕاگەیشتنی لاو و تازە پێگەیشتووەکان بە ئینتەرنێت و جیهانی دەرەوە و ناوەوە) خەریکە ڕوو دەدات، ئاستەنگی داناوە لە بەردەم دروستبوونی شووناسی تۆکمە و یەکگرتوو و ناکۆکی شووناسی بەدوای خۆیدا هێناوە. ئەگەرچی ئێزەدی و قاسمی (١٣٩٠)، بۆیان دەرکەوتووە کە چەندین کاتژمێر سوودوەرگرتن لە ئینتەرنێت بە هۆی سەرنجڕاکێشییەوە، لە لایەن خوێندکارانەوە، بووەتە هۆی لاوازکردنی شووناسی نەتەوەیی ئەوان. لەگەڵ ئەوەشدا بەگشتی یەکێک لە هۆکارەکانی مەیلی لاوان و تازە پێگەیشتووەکان بۆ شووناسی نوێگەریی (بە سوودوەرگرتن لە ئامڕازەکانی) بێ ئاگایی تەواوی ئەوانە لە لایەنە جیاوازەکانی. تەنانەت بۆ ڕەخنەگرتن و پێشگیری لە زاڵبوونی بابەتی شووناسی نوێگەریی لە ئێرانیش سەرەتا پێویستە تێگەیشتنێکی تەواو لەو بابەتە دروست ببێت، تاکو ئامڕاز و شێوازی ڕووبەڕووبوونەوەکەی بناسرێت.

٢-٢. سیاسەتی شووناسی تایەفیی و ئاسایشی نەتەوەیی

سیاسەتی شووناسی تایەفیی لە چاو شووناسی نەتەوەییەوە، بەگشتی زۆر کەمتر لەلایەن سیاسەتوانانی بواری شووناسی فێرکردن و پەروەردەوە گرنگی پێدراوە. هەروەک لە خشتەی (٥) دەبینرێت هەموو ئەو ڕستانەی لەم بوارەدا تاووتوێکراون ١٢١(٤٣.٤٪) ڕستە بووە، کە ١٦(١٣.٢٢٪) ڕستەیان ئاڕاستەی نەرێنیان هەبووە. ئەم ڕێژە و فراوانییەش پەیوەندی بە تایەفەی ئازەریەوە هەبووە و لە ناوەڕۆکی پەرتووکەکانی خوێندن گرنگی بە شووناسی تایەفەکانی دیکە نەدراوە. ئەم ناهاوسەنگی و ناڕێکییە لەو وێنانەی کە تاووتوێکراون، بەدیار کەوتوون. فراوانی و ڕێژەی سەدی وێنەی پەیوەست بە تایەفەکانی کورد، لوڕ، بەلوچ، عەرەب، تورکمان، ئازەریی و تالشی بەم شێوەیە: ١٠(١٧.٢٤٪)، ١٠(١٧.٢٤٪)، ٢(٣.٤٥٪)، ١٠(١٧.٢٤٪)، ٢(٣.٤٥٪)، ١٧(٢٩.٣١٪)، ٧(١٢.٠٧٪).

**خشتەی (٥): فراوانی و ڕێژەی سەدی سیاسەتەکانی شووناسی هۆزایەتی و ئاڕاستەکانیان**

| سیاسەتی شووناسی هۆز | | کورد | لوڕ | بەلوچ | عەرەب | تورکمان | ئازەریی | تالشی | هەمووی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | فراوانی | ١٠ | ١٠ | ٢ | ١٠ | ٢ | ١٧ | ٧ | ٥٨ |
| وێنەکان | ڕێژەی سەدی | ١٧,٢٤ | ١٧,٢٤ | ٣,٤٥ | ١٧,٢٤ | ٣,٤٥ | ٢٩,٣١ | ١٢,٠٧ | ١٠٠ |
| | فراوانی | – | – | – | – | – | ١٢١ | – | ١٢١ |
| ناوەرۆک | ڕێژەی سەدی | – | – | – | – | – | ١٠٠ | – | ١٠٠ |

جۆراوجۆری هۆزی لە ئێراندا، دیادەیەک نییە کە وردەوردە نەمێنێت و ڕێگە بۆ تێکەڵکردن لە کولتوورێکی هاوبەشی یەکگرتوودا خۆش بکات. گرنگ هەڵبژاردنی کۆمەڵێک شێوازە بۆ هەڵسوکەوت لەگەڵ هۆزە جیاوازەکان کە جەخت بکاتەوە لەسەر یەکێتی لەهەمانکاتدا زۆری لە چوارچێوەی سەر زەوییەکدا کە هەمیشە نشینگەی هۆزە جۆراوجۆرەکان بووە. کەوابوو گرنگی نەدان، یان بوونی ئاڕاستەی نەرێنی بۆ شووناسی تایەفەکان، دەبێتە هۆی بەهێزبوونی یەکێتی هۆزی و شکانی یەکگرتوویی نەتەوەیی. بەم شێوەیە جگە لە لاوازکردنی شووناسی نەتەوەیی، ئاسایشی نەتەوەییش ڕووبەڕووی ئاڵەنگاری دەبێتەوە.

ئەوەی لێکۆڵینەوەکە دۆزیوەتەوە لەگەڵ کارەکانی مەسعود نیا و ئەوانی دیکە (١٣٩٣) و بەهەشتی و حەق مورادی (١٣٩٨)، هاوتەریبە. ئەوانیش شووناسی ئێرانیان چەند جەمسەری و ئاوێتە داناوە و گوتویانە کە لە نێوان شووناسی نەتەوەیی و هۆزیدا، پەیوەندییەکەی هاوتەریب و ئەرێنی هەیە. واتا پەیوەندی نێوان ئەم دوانە گۆڕاوێکی پێچەوانە و کەمکەرەوە نییە. کەسەکان دەتوانن لە نموونەی بەها و ڕەفتاری هەردوو شووناسە ناوبراوەکە تێبگەن و بەشداری تێدا بکەن، بەبێ ئەوەی تووشی ناکۆکی و دژبەری شووناسی ببنەوە. کەوابوو هۆزەکان کە دەبینن شووناسی فارسی بەشێکی زۆری لە گرنگیدانی شووناسی دەوڵەتی بۆ خۆی تەرخانکردووە، هەست دەکەن کە شووناسی ئەوان سەرکوت دەکرێت (زیادبوونی ئاسایشی شووناسێک بە واتای کەمبوونەوەی ئاسایشی شووناسێکی دیکەیە).

٣-٢. سیاسەتی شووناسی ئایینی و ئاسایشی نەتەوەیی

شووناسە ئایینییە سێ لایەنەکان کە لە یاسای بنەڕەتی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا، بە فەرمی ناسراون، لە دیدی سیاسەت

داڕێژەرەکانی شووناسی پەروەردە و فێرکردنەوە شوێنگەیەکی زۆر نزمی هەبووە. کۆمەڵێ لە ڕستەکان کە لەم بوارەدا تاووتوێکراون، (٦٣) ڕستە بوون. لەم نێوەندەدا شووناسی ئایینی زەردەشتی بەبوونی ٣٠(٤٧.٦٢٪) ڕستە، لە ناوەندی گرنگیدانی سیاسەت داڕێژەراندا بووە. شووناسی ئایینی مەسیحی و یەهودیش بە گشتی ٢٥ (٣٩.٦٨٪) و ٨(١٢.٧٪) ڕستە و لە شوێنگەی گرنگیدانی دواتردا بوون.

لە پەیوەندی لەگەڵ وێنەکانیش، بە گشتی شەش وێنە پەیوەست بە شووناسی دینی بوونیان هەبووە کە ٣(٥٠ ٪) پەیوەندیان بە ئایینی زەردەشتەوە بووە، ٣(٥٠ ٪) وێنەی دیکەش پەیوەستبوون بە ئایینی مەسیحی و هیچ وێنەیەکیش پەیوەست بە ئایینی یەهودی لە پەڕتووکی وانەی کۆمەڵایەتی قۆناغی یەکەمی ناوەندی بوونی نەبووە. لەم خشتەیەی خوارەوەدا فراوانی و ڕێژەی سەدی ئەو ڕستە و وێنانە هەیە کە لەو پەڕتووکانەدایە کە تاوتوێکراون.

**خشتەی (٦): فراوانی و ڕێژەی سەدی شووناسی سیاسەتی ئایینی ئاڕاستەکەیان**

| سیاسەتی شووناسی ئایینی | | زەردەشتی | یەهودی | مەسیحی | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|
| ناوەڕۆک | فراوانی | ٣٠ | ٨ | ٢٥ | ٦٣ |
| | ڕێژەی سەدی | ٤٧,٦٢ | ١٢,٧ | ٣٩,٦٨ | ١٠٠ |
| وێنە | فراوانی | ٣ | – | ٣ | ٦ |
| | ڕێژەی سەدی | ٥٠ | – | ٥٠ | ١٠٠ |

لەبەرئەوەی کە لە ئێران بەپێی یاسای بنەڕەتی، سێ جۆر شووناسی ئایینی بە فەرمی ناسراون، پەروەردە و فێرکردن بۆ بەرزکردنەوی ئاستی ئاسایشی نەتەوەیی، جگە لە زیادکردنی بابەتەکانی پەیوەست لە وانەکاندا، پێویستە بۆ زیادکردنی وێنەش هەنگاو بنێت. ئەگەرچی شووناسی ئایینی بە ڕەچاوکردنی ژمارەی کەسەکان لەلایەن داڕێژەرانی سیاسەتەوە ڕەچاو نەکراوە، بەڵام هەر ئەو ڕێژە کەمەی کە باوەڕیان پێیان هەیە، بە بینینی ڕێژەی گرنگیدان بە ئیسلام و پشتگوێ خستنی ئەوان وەکو شووناسێکێ سەربەخۆ، لەوانەیە ئامرازە کولتوورییەکانی خۆیان چالاک بکەن و تەنانەت دژی ئیسلام بانگەشە بکەن. ئەم بابەتە بە تایبەت لەسەر ئایینی زەردەشتی، وەک ئایینی ڕەسەن و کۆنی ئێرانییەکان، گرنگییەکەی دوو هێندەی هەیە و بە گۆڕانی دیدی لایەنگرانی ئایینە

جیاوازەکان بۆ ئایینی خاوەن دەسەڵات، دەکرێت بوارەکانی یەکێتی و یەکگرتن و یەکێتی نەتەوەیی بەهێز بکرێت و لە کۆتاییشدا یارمەتی بەرزکردنەوەی ئاسایشی نەتەوەی بدرێت.

٤-٢. سیاسەتی ئایینزایی و ئاسایشی نەتەوەیی

هەروەک لە خشتەی ژمارە حەوتدا دەبینرێت، گرنگیدان بە شووناسی ئایینزایی لەو پەڕتووکانەی کە تاووتوێکراون، بە گشتی بریتی بووە لە (٢٨٢) ڕستە. لەم ژمارەیە بەشی شیعە و بەشی سوننە بەم شێوەیە بووە: ٢٠١ (٧١.٢٨٪) و ٨١(٢٨.٧٢٪). بەڵام لەسەر سوننی ٦١(٧٦.٥٤٪) بابەتیان ئاڕاستەی نەرێنیان هەبووە. پەیوەست بە وێنەکانیش بە گشتی (٤٥) وێنە پەیوەندییان هەبووە بە سیاسەتی شووناسی ئایینزاییەوە کە ٤١(٩١.١١٪) وێنەیان تایبەت بووە بە شیعە و لە بەرامبەردا تەنیا ٤(٨.٨٩٪) وێنە باسی سوننەی کردووە .

**خشتەی (٧): فراوانی و ڕێژەی سەدی سیاسەتی شووناسی ئایینزایی و ئاڕاستەکانی**

| شووناسی ئایینزایی | | ناوەڕۆک | | ئاڕاستەی نەرێنی | | وێنەکان |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | فراوانی | ڕێژەی سەدی | فراوانی | ڕێژەی سەدی | فراوانی | ڕێژەی سەدی |
| شیعە | ٢٠١ | ٧١,٢٨ | – | – | ٤١ | ٩١,١١ |
| سوننە | ٨١ | ٢٨,٧٢ | ٦٢ | ١٠٠ | ٤ | ٨,٨٩ |
| کۆی گشتی | ٢٨٢ | ١٠٠ | ٦٢ | ١٠٠ | ٤٥ | ١٠٠ |

ئەم جۆرە سیاسەت دانانە، بە گشتی لە سیاسەتی یەکسان سازییەوە سەرچاوە دەگرێت کە پیشانی داوە کارامەییەکی پێویستی بە تایبەت لە ئێراندا نییە. ئەم چەشنە ئاڕاستەیە دەبێتە هۆی بەرەنگاربوونەوە و تەنانەت خەباتی چەکدارانە بۆ بەرگری لە ئایینزا، ئەمەش ئاسایشی نەتەوەیی تێکدەدات. کاتێک کە شووناسی تایەفی و ئایینزایی تێکەڵ و ئاوێتە ببێت، ڕێژەی کاردانەوە زۆر زیاتر دەبێت و هەر وەک پیشاندراوە، بە داخەوە ئەم جیاکارییە لەهەردوو جۆری شووناسی هۆزی و ئایینزاییدا هەیە.

ئەو دۆزینەوانەی لێکۆڵینەوەکە لەگەڵ لێکۆڵینەوەی نەقی پور گیوی و ئەوانی دیکە (١٣٩٧) هاوتەریبە. توێژەرانی ناوبراو، بەپێی دۆزینەوەکانی خۆیان پێشنیار دەکەن کە ئەگەر سنووردارییەتی پێکهاتەیی لە وڵاتەکەماندا کەم ببێتەوە، ئەوا کەسەکان کە ئایینزایی جیاوازیان

هەیە، ئاوێتەی شووناسی نەتەوەیی دەبن. کەوابوو بۆ بوونی ئاستێکی ئاسایشی نەتەوەیی بەرزتر، پێویستە پەروەردە و فێرکردن لانی کەم لە ڕێژەی ئاراستەی نەرێنی خۆی لەسەر سوننە کەم بکاتەوە.

٢-٥. سیاسەتی شووناسی ڕەگەزیی و ئاسایشی نەتەوەیی

لەو وێنانەی کە بۆ ئەو پەرتووکانە هەڵبژێردراون کە توێژینەوەیان لەسەر کراوە، شووناسی ڕەگەزی هاوچەرخ بە گشتی پشتگوێ خراوە. لە بەرامبەردا زۆربەی ئەو وێنانەی هەڵبژێردراون، بە تایبەت بۆ ژنان، بەپێی شووناسی ئیسلامی بووە. جگە لەوەش، بە ڕەچاوکردنی ژمارەی دانیستوانی ژن لە بەرامبەر پیاوان لە کۆمەڵگەی ئێراندا، دیدی سیاسەت دارێژی شووناسی لەسەر ژنان لە چاو پیاوانەوە هاوسەنگ نەبووە. بەپێی دەرەنجامەکانی خشتەی ژمارە هەشت لە کۆی گشتی (٤١٤) ڕستەی پەیوەندیدار بە شووناسی ڕەگەزیی لەو پەرتووکانەدا، ٣٢٩(٧٩.٤٧٪)ڕستە پەیوەستبووە بە شووناسی ڕەگەزی پیاوانەوە. لە بەرامبەردا تەنیا ٨٥(٢٠.٥٣٪) ڕستە تایبەت بووە بە ژنان.

**خشتەی (٨): فراوانی و ڕێژەی سەدی سیاسەتی شووناسی ڕەگەزیی**

| شەناسی ڕەگەزی | ناوەڕۆک | |
|---|---|---|
| | فراوانی | ڕێژەی سەدی |
| پیاوانە | ٣٢٩ | ٧٩,٤٧ |
| ژنانە | ٨٥ | ٢٠,٥٣ |
| کۆی گشتی | ٤١٤ | ١٠٠ |

ڕەگەز لەسەردەمی مۆدێرندا، بووە بە یەکێک لە گرنگترین هۆکارەکانی کاری سیاسی کە لە ئاستی جیهانیشدا، پشتگیرییەکی جیهانی لیبراڵی هەیە. شوێنگەی دابەزیوو و لەبەرچاو نەگرتنی مافی ژنان بووەتە هۆی گوشاری کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و تەنانەت هاوتەریبی ژنان و کچانی ئێرانی لەگەڵ ئەوان، لە دژی ڕژێمی ئیسلامی. ئەو کاتەی کە شووناسی ڕەگەزیی لەگەڵ شووناسی هاوچەرخ ئاوێتە دەبێت، دەرەنجامی سەرنج ڕاکێشی لێدەکەوێتەوە و دیوارەکانی بەردەم یەکسان سازی لە بوارە جیاوازەکاندا دەڕوخێنێت.

ئەوەی لێکۆڵینەوەکە دۆزیویەتەوە لەگەڵ توێژینەوەی یەزد خواستی و ئەوانی دیکە (١٣٩١) هاوتەریبە. ئەوان لە توێژینەوەیەکدا کە لەسەر خوێندکارانی کچی زانکۆی ئیسفەهان ئەنجامینداوە، گەیشتن بەو ئەنجامەی کە زۆربەی ئەوانەی کە وەڵامیان داوەتەوە، لە ئاستێکی مامناوەند، تاکو بەرز هەستیان بە نایەکسانی ڕەگەزیی کردووە.

لێکۆڵینەوەی زانیارییەکانی توێژینەوەکەش پیشانی دەدات کە بە هەر ڕێژەیەک هەستی نایەکسانی ڕەگەزیی بەهێزتر بێت، ئەوا شووناسی نەتەوەیی ئەوان لاوازترە. کەوابوو، پەروەردە و فێرکردن پێویستە زیاتر گرنگی بە شووناسی ژنان بدات، تاکو لانی کەم بە ئەگەرێکی گەشبینیانەوە پشگیری بکات لە دابەزینی یەکگرتوویی نەتەوەیی و لە ڕاستییشدا نزمبوونەوەی ئاستی ئاسایسی نەتەوەیی.

## دەرەنجام

ئامانج لەم وتارە تاووتوێکردنی سیاسەتی شووناسی سەپێنراو لە پەروەردە و فێرکردندا، لەسەر ئاسایسی نەتەوەیی ئێران بووە و بۆ توێژینەوەی وردتری بابەتەکە پەڕتووکەکانی خوێندنی ناوەندی وەک ئەو پەڕتووکانەی کە بەهۆی بوونی بابەتی مێژوویی و جوگرافیا و کۆمەڵناسییەوە، زیاتر لە پەڕتووکەکانی دیکە پیشاندەری سیاسەتی شووناس بوون، بۆیە لە ناوەندی لێکۆڵینەوەکەدا بووە. دەرەنجامەکان پیشانی دەدەن کە لە ناوەڕۆکی ئەم پەڕتووکانەی خوێندندا، وەک نموونەیەکی گشتی، هاوسەنگی پێویست لە گرنگی پێدانی شووناسی کۆمەڵگەی ئێران، بوونی نەبووە. هەروەک باسکرا لە کۆی گشتی (٥٧٨٧) ڕستەی تاووتوێکراو لەو پەڕتووکانەدا (٣٥٨٤) (٦١.٩٪) ڕستەی ئەوان، ڕەنگدانەوەی سیاسەتی شووناسی بووە کە

**سیاسەت داڕشتنی پەروەردە و فێرکردن کە زیاتر و لە پێش هەر شتێکەوە لە پەڕتووکەکانی خوێندندا دەردەکەوێت، ڕۆڵێکی زۆر گرنگی لە برەودانی یەکسانی و ئازادی بۆ بەشەکانی شووناسی کۆمەڵگە هەیە و لەم ڕێگەیەوە ڕۆڵی سەرەکی لە یەکگرتن و یەکێتی نەتەوەیی و بەدوای ئەودا لە ئاسایشی نەتەوەییدا هەیە.**

لەم ژمارەیە (٥٩٥) ڕستە لەسەر شووناسە جیاوازەکان لە کۆمەڵگەدا ئاراستەی نەرێنیان هەبووە. لەو ڕستانەی کە پەیوەندیداربوون بە سیاسەتی شووناسەوە ٣١١٨(٨٧٪) ڕستە پەیوەندی بە شووناسی نەتەوەییەوە هەبووە. ڕستەکانی پەیوەست بە شووناسی هۆزی، ئایینزایی و ئایینیش بەم شیوەیە ١٢١(٣.٤٪)، ٦٣(١.٨ ٪)و ٢٨٢(٧.٨ ٪) ڕستە بووە. لە هەموو وێنەکانیشدا (٦٢.٠٥٪) ئەوان پەیوەندیداربوون بە سیاسەتی شووناسی نەتەوەییەوە. پاشان شووناسی ڕەگەزیی، هۆزی، ئایینزایی و ئایینی؛ (٣٠.٠٤، ٤.٢١،

٣.٢٧ ، ٠.٤٤٪) ئەو وێنانەش کە تاووتوێکراون پەیوەندیدار بوون بەوانەوە. لە (٨٥٥) وێنەی پەیوەندیدار بە شووناسی نەتەوەییەوە، ئەو وێنانەی کە هەڵبژێردراون بۆ ئیسلامیبوون و ئێرانیبوون و نوێگەریی بەم شێوەیە: ٤٢٠ (٤٩.١٣٪)، ٣٦٤(٤٢.٥٧٪) ، ٧١(٨.٣٪) ڕستە بوون.

ئەگەر گرنگی بەم بابەتە بدرێت کە بە زیادبوونی تەکنەلۆجیای زانیاری و پەیوەندییەکان لە بەجیهانیبووندا، جگە لە گۆڕاوە ماددییەکان وەک توانای سەربازیی، پێکهاتە نەرم و هزریش (بەتایبەت لە درێژمەودادا) لە پاراستن و بەهێزکردنی یەکێتی کۆمەڵایەتیی و یەکپارچەیی نەتەوەییدا ڕۆڵیان هەیە. لەم بارودۆخەی ئێستادا ئاسایشی کۆمەڵایەتیی وەک بەشێکی گرنگ لە ئاسایشی نەتەوەیی ئێران، لە درێژ مەودادا ڕووبەڕووی ئاڵەنگاری دەبێتەوە. هەروەک باسکرا ئاسایشی نەتەوەیی پەیوەندی ڕاستەوخۆی دەبێت بە یەکگرتوویی و یەکێتی نەتەوەییەوە و تا کاتێک کە بەشەکانی شووناسی کۆمەڵگەیەک هەست بە یەکسانی و ئازادی نەکات، یەکبوون و یەکێتی نەتەوەیی و بەدوای ئەودا ئاسایشی نەتەوەیی دابین نابێت. پەروەردە و فێرکردن وەک دەزگای پەسەندی کۆمەڵگەی سیاسی، شوێنگەیەکی ناوەندی لە سەپاندنی سیاسەتی شووناسی هاوسەنگ لە کۆمەڵگەدا هەیە. لەم ڕێگەیەوە دەکرێت بڵێین سیاسەت داڕشتنی پەروەردە و فێرکردن کە زیاتر و لە پێش هەر شتێکەوە لە پەڕتووکەکانی خوێندندا دەردەکەوێت، ڕۆڵێکی زۆر گرنگی لە برەودانی یەکسانی و ئازادی بۆ بەشەکانی شووناسی کۆمەڵگە هەیە و لەم ڕێگەیەوە ڕۆڵی سەرەکی لە یەکگرتن و یەکێتی نەتەوەیی و بەدوای ئەودا لە ئاسایشی نەتەوەییدا هەیە. بەپێی دۆزراوە زانستییەکان، یەک کەس (خوێندکار) دەتوانێت چەندین شووناسی جیاوازی هەبێت و بوونی ئەوان پێکەوە، وەک چەشنیک لە دژبەری و ناکۆکی، یان نکۆڵی لە یەکتری دانانرێت. بەگشتی دەکرێت بڵێین،

**دیدی نەرێنی و ناکۆک بۆ شووناسی چەند لایەنە، دەبێتە هۆی دەرەنجامی کۆی چەند یاری و کۆی بیرکارییانەی سفر. لەبەرئەوە، دەبێت هەوڵ بدرێت ناوەڕۆکی پەڕتووکە کۆمەڵایەتییەکان و پەڕتووکەکانی دیکەی پەروەدە و فێرکردن، بە چەشنێک ئامادە بکرێن کە ئەگەری ڕاکێشانی کەسەکان بۆ شووناسی چەند لایەنە زیاد بکات.**

کەسەکان شووناسی چەند لایەنەیان هەیە کە کاریگەریی هۆکارە ژینگەییەکان لە ئاستی بچووکدا (خێزان و هاوتەمەنان)، مامناوەند (نەتەوەیی) و ئاستی بەرزیش (جیهانی)، دەتوانێت هەندێکیان بەهێز و هەندێکی دیکەیان لاواز بکات. بەڵام دیدی نەرێنی و ناکۆک بۆ شووناسی چەند لایەنە، دەبێتە هۆی دەرەنجامی کۆی چەند یاری و کۆی بیرکاریيانەی سفر. لەبەرئەوە، دەبێت هەوڵ بدرێت ناوەرۆکی پەرتووکە کۆمەڵایەتییەکان و پەرتووکەکانی دیکەی پەروەدە و فێرکردن، بە چەشنێک ئامادە بکرێن کە ئەگەری ڕاکێشانی کەسەکان بۆ شووناسی چەند لایەنە زیاد بکات. بە واتایەکی دیکە سنووررداری پەرتووکەکان (گرنگی نەدان بە بابەتی شووناسی نوێگەری، هۆزی، ئایینزایی، ئایینی و ڕەگەزیی، هەروەها دیدی نەرێنی لەسەر ئەوان)، پێویستە کەم بکرێتەوە، تاکو شووناسی چەند لایەنەی خوێندکاران بەهێز بکرێت و لەم ڕێگەیەوە زەمینە بۆ بەهێزکردنی شووناسی نەتەوەیی، وەک بنەمای ئاسایشی نەتەوەیی ئامادە بکرێت. تەنیا لە بارودۆخێکی لەو چەشنەدایە کە دەکرێت چاوەڕێی بەهێزکردن و بەرزکردنەوەی ئاسایشی نەتەوەیی بین و بە ڕێزگرتن لە جیاوازییە شووناسییەکانیش ببینە هۆی بەهێزکردنی یەکێتی و یەکگرتوویی نەتەوەیی و بگەین بە بەرز کردنەوەی ئاستی ئاسایشی نەتەوەیی.

## سەرچاوەکان:


ابراهیمی، نب یالله (1393) مطالعات راهبردی، ،» بررسی مقایسهای مفهوم امنیت در مکات ب متأخ ر امنیتی « ، ( 66)17 ، 7 - 30 .

ابوالحسنی، سیدرحیم (1388)، سازگاری هویتها در فرهن گ ایرانی )مطالعه موردی: شهروندان تهرانی(، سیاست، 39 ( 2) ،23-49 .

احمدلو، حبیب 1381 ، بررسی رابطه میزان هویت ملی و قومی در بین جوانان تبریز، پایاننامه کارشناسی ارشد رشته جامعه شناسی، دانشکده علوم انسانی، دانشگاه تربیت مدرس.

احمدی، حمید (1388)، بنیادهای هوی ت ملی ایرانی: چهارچوب نظری هوی ت ملی شهروندمحور، تهران: پژوهشکده مطالعا ت فرهنگی و اجتماعی.

ازغندی، علیرضا و غلامرضا محمدیمهر 1395 مطالعات ،» بازنمایی هویت ملی در کتا بهای فارسی مقطع دبستان « ،ملی، ( 1) 17 ، 39 - 52 .

افتخاری، اصغر (1384)، بررسی تهدیدات، مباحث کلاسی، دانشگاه عالی دفاع ملی.

امیرزاده، محمدرضا و مجید بهستانس 1396 مجلس و راهبرد، ،» بررسی سیاست هویت د ر دوره معاصر ایران « ، ( 77)21 ،71-106

ایزدی، مهشید و کبری قاسمی 1390 کتاب،» تأثیر استفاده ا ز شبک ه اطلاعا ت جهان ی ب ر هویت دینی - مل ی دان ش آموزان « ،) ماه علوم اجتماعی، ( 38)2 ، 114 - 121 .

آل سید غفور، سید محمد تقی و علیرضا زهیری 1395 علوم سیاسی ،“سیاست هویت و جنبشهای اجتماعی جدید“ ،(باقرالعلوم)، ( 74)19 ، 119 - 140 .

براتعلیپور، مهدی 1393 سیاستهای راهبردی و کلان، ،» درآمدی بر سیاست هویتی در جمهوری اسلامی ایران « ، (7) 2 ، 141-158.

بوزان، باری (1378)، مردم، دولتها و هراس، ترجمه پژوهشکده مطالعات راهبردی، تهران: نشر پژوهشکده مطالعات راهبردی.

بهشتی، سید صمد و محمد حقمرادی 1396 فراتحلی ل مطالعا ت مرتب ط با رابطة بین هویت قومی و هویت مل ی د ر ایرا ن ، مسائل اجتماعی ایران، با تاکید بر نقش رسانه

( 2) 8 ، 5 - 27 .

پورشکری، علیرضا و دیگران 1399 تحلیل محتوای کتا بهای درسی مطالعات اجتماعی دوره اول متوسطه: بر اساس « ،) مطالعات ملی، ،» مؤلفههای میراث فرهنگی (1)21 ، 27 - 46 .

پژوهشکده تحقیقات راهبردی 1398 گروه ،» هویت؛ تقاضای کرامت و سیاست نفر ت « (، معرفی و خلاصه کتاب پژوهشهای بین الملل، به آدرس اینترنتی: /https://www.csr.ir files/fa/news/1398/6/13/1933_822.pdf

ثاقبفر، مرتضی (1383) در: ایران، هویت، ملیت، قومیت، حمید احمدی، تهران: نشر ،» ایران باستان و هویت ایرانی « ، موسسه تحقیقات و توسعه علوم انسانی.

حاجیانی، ابراهیم ) 1379 مطالعا ت ملی، ،» تحلیل جامعهشناختی هویت ملی در ایران و طرح چند فرضیه « ،) 2(5) ،(193-228 .

حقیقت، سیدصادق ) 1397 دو فصلنامه حقوق بشر، ،» هویت ایرانی– اسلامی: تحلیلی گفتمانی « ، 13 (1) ، 91 - 110 .

خلیلی، رضا ) 1383 مطالعات راهبردی، ،» تحول تاریخی گفتمانی مفهوم امنیت « ، (23)7 ، 7 - 29 .

خلیلی، رضا ) 1387 مطالعات راهبردی، ،» امنیت و آزادی؛ در جستجوی نگرشی معطوف به توسعه پایدار « ، (41) 11،(495-525) .

دان، رابرت ( 1385 )، نقد اجتماعی پست مدر نیته بحرانهای هویت، ترجمه صالح نجفی، تهران: پردیس دانش، شرکت نشر و پژوه شیرازه.

رهبری، مهدی و دیگران ) 1394 مطالعات ملی، ،» هویت ملی در سند تحول بنیادین آموزش و پرورش ج.ا.ا « ،) (1)16 ،(45-66 .

سری عالقلم، محمود ( 1383 )، متدلوژی فهم هویت ملی، در: هویت ملی در ایران، داود میر محمدی، تهران: نشر تمدن ایرانی .

سیدامامی، کاووس ) 1385 دانش سیاسی، ،» قومیت از منظر سیاستهای هویت « ، (1)2 ، 143 - 166

صالحی عمران، ابراهیم و دیگران ) 1387 بررسی میزان توجه به مؤلفههای هویت ملی در کتا بهای درسی دوره « ،) مطالعات ملی، ،» راهنمایی ( 35)9 ، 3 - 25 .

صالحی عمران، ابراهیم و طناز شکیبابیان ) 1386 بررسی میزان توجه به مؤلفههای هویت ملی در کتا بهای درسی دوره « ،) مطالعات ملی، ،» آموزش ابتدایی (1)8 ، 63 - 84 .

صالحنیا، علی ) 1395 دهمین کنگره پیشگامان پیشرفت، ،» بررسی نظری مفهوم امنیت ملی و ابعاد مختلف آن «

صباغ، صمد و آرزو شالفروش شتربانی ) 1387 بررسی ابعاد هویتی )جهانی، ملی، قومی یا محلی و دینی( دانشآموزان « ،) مطالعات جامعهشناسی، ،» دوره متوسطه و عوامل مرتبط با آن 1 ( 1) ، 67 - 109 .

طاهایی، سیدجواد ) 1392 رواب ط خارجی، ،» نقد نظریه امنی تملی « ،) (1)5 ،( 235 - 261 .

عبا سزاده، هادی و کامران کرمی ) 1390 مطالعات راهبردی، ،» سرمایه اجتماعی و امنیت ملی پایدار « ،) ( 14(51 ،( 31 - 58 .

عبدالهی، محمد و محمد عثمان حسینبر ) 1381 جامعهشناسی ایران، ،» گرایش دانشجویان بلوچ به هویت ملی در ایران « ،) (4)4 ،( 101-126 .

کریمی، علی ) 1386 پژوهشنامه حقوق و علوم ،» هویتهای جدید در عصر جهانی شدن و تأثیر آن بر امنیت عمومی « ،) سیاسی، (4) 2 ،( 79 - 105 .

کریمی مله، علی ) 1393 مطالعات راهبردی، ،» امنیت جامعهای و سیاسی از رهگذر سیاس تگذاری اجتماعی « ، 17(65) ، 35-70.

کلانی، سمیه و خدیجه سفیری ) 1396 مسائل اجتماعی ،» تناقضهای هویتی جوانان درکنش و واکنش ب ا خانواده و جامعه « ،)ایران، (1)8 ،( 97 - 119 .

گل محمدی، احمد ( 1381 )، جهانیشدن، فرهنگ و هویت، تهران: نشر نی.

فاضلی، حبی بالله ) 1391 علوم سیاسی، ،» ورزش و سیاست هویت « ،) (2)7 ،( 151 - 174 .

فوکویاما، فرانسیس (1397) ، هویت؛ تقاضای کرامت و سیاست نفرت، ترجمه رحمان قهرمانپور، تهران: نشر روزنه.

قادرزاده، امید ( 1393 ،») آموزش و پرورش و هویت دینی و ملی )مطالعه پیمایشی دانشآموزان مقطع متوسطه شهر بانه « ،) مطالعات ملی، (3)15 ،( 81 - 106 .

قهرمانپور، رحمان ) 1398 روزنامه دنیای اقتصاد، شماره روزنامه: ،» سیاست هویت « (، دغدغهای به نام 4652

، 1398 / 04 / 20 ، شماره خبر: 3546374 .

قهرمانپور، رحمان ( 1385 )، سیاستهای هویتی نخبگان و تأثیر آن بر سیاست خارجی در کشورهای خاورمیانه مطالعه موردی ایران، ترکیه، مصر و اسرائیل، رساله دکتری رشته علوم سیاسی، دانشکده علوم اقتصادی و سیاسی، دانشگاه شهید بهشتی.

مارتین، لنور ( 1389 )، چهره جدید امنی ت د ر خاورمیانه، ترجمه قدیر نصری، تهران: نشر پژوهشکده مطالعا ت راهبردی.

ماندل، رابرت ( 1379 )، چهره متغیر امنیت ملی، ترجمه پژوهشکده مطال عات راهبردی، تهران: نشر پژوهشکده مطالعات راهبردی.

مسعودنیا، حسن و دیگران ) 1393 (، بررسی رابطه هویت ملی و قومی: )مطالعه موردی دانشجویان دانشگاه تهران(، مطالعات توسعه اجتماعی- فرهنگی،) (2)3 ،( 139 - 165.

مطهری، مرتضی ) 1385 (، خدمات متقابل اسلام و ایران، چاپ 32 ، تهران: نشر صدرا.

معروفی، یحیی و صادق پناه یتوانا ) 1392 کتا بهای ادبیا ت فارس ی دوره متوسطه و بازنمایی مؤلف ههای هویت ملی « ،) مطالعات ملی، ،») )دیدگاه دبیران ( 3)14 ، 107 - 122 .

منصوری، علی و آزیتا فریدونی ) 1388 ،» تبلور هویت ملی در کتب درسی: بررسی محتوایی کتاب فارسی دوره ابتدایی « ،) مطالعات ملی، ( 2)10 ، 27 - 46 .

ناظمی اردکانی، مهدی و دیگران ) 1395 مقایسه تطبیقی ابعاد هویّت اسلامی، ایرانی و مدرن در نسل اول و سوم انقلا ب « ،)فصلنامه علمی دانش انتظامی یزد، ،») اسلامی) مطالعه موردی شهر یزد ( 12)3 ، 1 – 17. .

نصری، قدیر ) 1390 (، در آمدی نظری بر امنیت جامع های )مفاهیم، مؤلف هها و نظری هها(، تهران: پژوهشگاه علوم انسانی و مطالعات فرهنگی.

نصری، قدیر ) 1390 مطالعات راهبردی، ،» در بررسی ا منیت » باری بوزان « تأملی ن ظر ی در یافت هها و دشوار یهای « ،) ( 54)14 ،(105-134)

نصری، قدیر ) 1392 امنیت پژوهی، ،» امنیت جامعهای به مثابه هسته حیاتی امنیت مل ی پایدار)12 ( 43 ،( 61 - 91 .

نقیپور گیوی، بهنام و دیگران ) 1397 مطالعة نقش هویت مذهبی در شکلگیری هویت ملی دانشجویان هوادار تیمهای « ،)مدیریت د ر دانشگاه اسلامی، ،») ملی )مورد مطالعه: تیم ملی فوتبال و بسکتبا ل 17 ) 16 (،( 327 - 340 .

نوشادی، محمودرضا و دیگران ) 1390 نقش و کارکرد کتا بهای تعلیمات اجتماعی پنجم دبستان و سوم راهنمایی در « ،) پژوه شهای برنامه درسی، ،» شک لگیری هویت ملی ( 1 )1، 139 - 167 .

هاشمی، سیدضیا و مژده قربانعلیزاده ) 1393 مطالعات ملی، ،» هویت ملی در کتب مطالعات اجتماعی دوره ابتدایی « ،) 154) 71-49)

یاوری، نوشین ) 1373 فصلنامه گفتگو، ،» اقوام و قومیت در کتا بهای درسی « ،) 3 ، 97 - 119 .)

یزدخواستی، بهجت و دیگران ) 1391 علوم اجتماعی ) دانشگاه آزاد شوشتر(، ،» نابرابری جنسیتی و هویت ملی « ، ( 4)19 ،(141-160)

Idris, Amir. (2005). Conflict and politics of identity in Sudan. Palgrave: Macmillan. Appiah, K. A. (2006). The politics of identity. Daedalus, 135(4), 15-22.

Bernstein, M. (2005). Identity politics. Annu. Rev. Sociol., 31, 47-74.

Davies, R. (2009). Afrikaners in the new South Africa: identity politics in a globalised economy.

Hekman, S. (1999). Identity crises: Identity, identity politics, and beyond. Critical Review of International Social and Political Philosophy, 2(1), 3-26.

Hope, D. P. (2006). Inna di dancehall: Popular culture and the politics of identity in Jamaica. University of West Indies Press.

Hill, J. & Wilson, T. (2003). Identity politics and the politics of identities. Identities: global studies in culture and power, 10(1), 1-8.

Stanford Encyclopedia of Philosophy (2020), Identity Politics, First published Tue Jul 16, 2002; substantive revision Sat Jul 11, 2020, Available At: https://plato.stanford.edu/entries/identity-politics/

Yunespour, Ali Reza. (2011). Identity Politics: A Case Study of Afghanestan, Discipline of Government and International Relations the University of Sydney.

# خۆبەخۆرهەڵاتیکردن و بێمانایی: بەکارهێنان و هەڵەبەکارهێنانی گوتاری "ئاریایی" لە ئێران[1]

نووسینی: ڕەزا زیا ئیبراهیمی

و. بۆ فارسی: فاتیح مورادی نیاز | و. بۆ کوردی: عەبدوڵڵا ڕەسووڵی



١ - لینکی توێژینەوەکە بە زمانی فارسی و ئینگلیزی خودشرقی سازی و نابجایی: کاربردها و سوءکاربردهای گفتمان آریایی در ایران | (politeiajournal.com)
Reza Zia-Ebrahimi, "Self-Orientalization and Dislocation: The Uses and Abuses of the 'Aryan' Discourse in Iran," Iran Nameh, 30:4 (Winter 2016), 104-143.

## پوختە

بانگەشەی سەر بە "نەژادی ئاریایی" بوون، هەست دەکرێت ڕیشەی لە بەخۆداهەڵگوتنی ئاریایی کۆن بێت، یەکێکە لە بنەما سەرەکییەکان لە گوتاری نەتەوەگەرایی ئێرانیی. لەم وتارەدا دەمانەوێت پیشانی بدەین، کە داتاشینی چەمکی ئاریایی ئایدیایەکی هاوردەکراوی سەدەی بیستەمە لە ئەورووپا، شوێنێك لەوێ دوای بە ئامرازکردنی ئەم چەمکە بۆ پاساو هێنانەوەی کردارە کۆلۆنیالیستییەکان و تاوانی نازییەکان، تا ڕادەیەك بەتەواوی بێبایەخ بووە. بەمەشەوە، ئێرانییەکان دیسان بەبێ گرنگیدان (بەم باگراوندە) خۆیان بە ئاریایی ناودەنێن و بەردەوام ئەفسانەی "سەرزەمینی ئارياییەکان" تەنانەت لە ئەنجوومەنە ئەکادیمیکەکانیشدا بەکاردەهێنن. لەم وتارەدا باسی ئەوە دەکرێت، هۆکاری ئەم خۆڕاگرییە، دەگەڕێتەوە بۆ ڕۆڵێکی تایبەت، کە چەمکی ئاریایزم لە سیاسەتی شووناسی ئێرانیدا دەیگێڕێت و وەك ڕێوشوێنێك داڕێژراوە بۆ بەرێوەبردن و ڕووبەڕووبوونەوەی خەساری دروستبوو لە بەریەککەوتن لەگەڵ ئەورووپای پێشکەوتوودا.

" پشتاوپشت .... لە نەژادی ئارایی..."

(لە نەژادی ئاریایی) ئاهەنگی پاپا لە شەکیلا و شەهریار 2009[(2)]

## بەرایی و میتۆدناسی

بێگومان حەسەن تەقی زادە (1970-1878) یەکێك لە گەورەترین ڕۆشنبیرانی هاوچەرخی ئێران بوو. ئەو زۆربەی کات ڕوانگەیەکی ڕەخنەگرانەی بۆ گوتارە سیاسییەکانی ڕەوتی سەرەکی لە وڵاتەکەی هەبوو. لە کۆتایی ساڵەکانی 1940، ئەو دڵی بۆ ئەوە دەسووتا، کە حکومەتی ئێران "مافی هاووڵاتیبوونی بە کەسانێکی بیانی دەدات، کە چەند ساڵە لەم وڵاتەدا دەژین"، لە کاتێکدا خۆی دەدزێتەوە لە "مافی بە ئێرانییکردنی" "وشە وەرگیراوەکان لە زمانی عەرەبی، کە هەزار ساڵە لە ئێران بەکار دەهێنرێن".[(3)] ئەو هاوکات ئاماژە بە ئینتیما و شکاندنەوە بە لای هێنان و کەڵك وەرگرتنی هەڕەمەکی لە وشە فەرەنساییەکان و زمانەکانی دیکەی ئەورووپی بۆ نێو زمانی فارسی دەدات، کە ئەم نەگونجاندنە بە هۆی "بەڵا لە جۆری تێڕوانین" دەزانێت، ئەوەی کە یەکێك ئارياییە و ئەویتر سامی و ئاڵتاییە[(4)].

محەمەد ڕەزا پەهلەوی . کە نازناوی خۆی کردبووە ئاریامێهر واتە "نوری ئارياییەکان"، نازناوێك، کە هیچ پێشینەیەکی لە مێژووی ئێراندا نییە . لە ساڵی 1973 ڕایگەیاند "بەڵێ، ئێمە خۆرهەڵاتیین، بەڵام ئاریاییین. ئیدی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست چییە، کوێیە؟ ئیدی ناتوانن ئێمە لەوێدا ببیننەوە. بەڵام لە بارەی ئاسیاوە، بەڵێ، ئێمە دەسەڵاتێکی ئاریایی ئاسیاییین، کە زهنییەت و فەلسەفەی ئەو

زیاتر لە هەمووان بە وڵاتانی ئەورووپایی و بە تایبەت فەرەنساوە نزیکە."[5] ئەو لە گفتوگۆیەکی تایبەتدا بە سێر ئەنتۆنی پارسۆنزی باڵیۆزی ئەوکاتی بەریتانیا دەڵێت: وەك "ئارياييەکان"، لە ڕاستیدا ئێرانییەکان بەشێك لە خێزانی وڵاتانی ئەورووپی بوون و ئەمە تەنیا "هەڵەیەکی جوگرافیایی" بووە، کە ئێران خۆی لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا بینێتەوە، نەك لە نێو وڵاتانی ئەورووپایی[6].

لە ئێران ئەوەی کە بە خزمایەتی "نەژادی" ئێرانییەکان لەگەڵ هاونەژادە ئارياييە ئەرووپاييەکانی خۆیان ناودەبرێت، دزەی کردۆتە نێو توێژ و چینەکانی گوتاری جەماوەرپەسەندەوە، کولتووری، سیاسی و مێژوویی شووناسەوە. بەشێوەیەکی بەربڵاو باسی ڕۆڵی بەرجەستە کۆنەکان و هاوشێوەیی زمانی بۆ سەلماندنی ئەم بابەتە کراوە، بە شێوەیەك کە هەست دەکەی بانگەشەی نەژادی نەتەوەگەرا هاوچەرخەکان پشتی بە نەریتێکی بەردەوام و کۆن بەستووە، کە ڕیشەی بۆ ئەخمینییەکان، یان تەنانەت خەڵکی ئاڤێستای پێش لەوان دەگەڕێتەوە. ئەم وتارە بە ئامانجی دروستکردنی قەیران بۆ گریمانە نەژادییەکان و زاڵ بەسەر گوتاری ئاریایی لە ئێران نووسراوە. بەم کارە، دەمانەوێت دوو ئامانج دەستەبەر بکەین:

یەکەم، هەندێ بەڵگە دەخرێتەڕوو، کە گوتاری ئاریایی بەرهەمێکی هاوردەکراو لە ئەورووپای هاوچەرخ و لە ئەنجامی چاوخشاندنەوە بە سەرچاوە ئەورووپاييەکان و یەکەمین سیماکانی ئەو لە دەقی ئێرانییدا.

دووەم، پێشان دەدرێت، ئەم جۆرە چەمك داتاشینە لە خزمەتی ستراتیژییەکی تایبەت لە چوارچێوەی سیاسەتی شووناس لە ئێران دایە. من ئەم ستراتیژیانە بە "خۆبەخۆرهەڵاتیکردن" و "بێمانایی" ناودەنێم و ئەوان تەنیا بە گوتارێك دەزانم. لە ڕاستیدا، نەتەوەگەرایی وەك گوتارێك بە پیشاندانی ئێرانییەکان وەك خەڵکانێك کە بە شێوەی خودی پێشکەوتنخوازن و لە هەوڵی دەستەبەرکردنی پێگەیەکی بەرز لەنێو نەتەوەکان دان و بە دووی ئەوەوە بوون، لاڕێیەك بێت بۆ سەردەمی مۆدێرنیتە و لە ئەنجامدا لەم ڕێگەیەوە بەریەککەوتنی خەسارسازی ئێران (دواکەوتوویی) لەگەڵ ئەورووپای مۆدێرنی بەڕێوەبەرێت و کارگێڕی بکات. لەلایەکی دیکەوە بزووتنەوەی مۆدێرنیستی پەرە بە پرۆگرامێکی پراکتیکی چاکسازی و نۆژەنکردنەوە بدات و هەوڵی جێبەجێکردنی بدات، بۆیە زۆرتر ناوەڕۆکی "پرۆگرام"ێکی هەبوو نەك گوتار. هەروەها ئەم توێژینەوەیە کاریگەریی ئەو ئایدیۆلۆژیانەی، کە ئەمڕۆ دەتوانین ئەوان بە " فاشیستی" ناو بنێین، لە پێناسەی ئاریاییستی لە شووناسی ئێرانیی بەرجەستە دەکات.

سەیرە کە بەپێچەوانەی پەیوەندی

بەرفراوان و قووڵی ئەم چەمکە لەگەڵ هەڵسەنگاندنی وردی شووناسی مۆدێرن یان هزری سیاسی و مێژوویی لە ئێران، هێشتا گوتاری ئارییایە و بەجدی تاوتوێی (زانستی و ئەکادیمیك)ی بۆ نەکراوە. دروستبوونێکی لەو چەشنە بە سەرنجدان بە خۆڕاگری لەبەرامبەر ئەم گوتارە و نەبوونی هەر جۆرە هەڵسەنگاندنی ڕەخنەگران لە یەکبوونی زانستی یان تەنانەت میراتی بێوێنەی مێژوویی ئەو، پێویستییەکی تایبەت پەیدا دەکات.

لەکاتی کەشفکردنی ئۆردووگای نازییەکاندا، ماوەیەکی زۆر دەسەڵاتی گوتاری ئاریایی لە خۆرئاوا بێبایەخ بووە و وەك "نەژادی ئاریایی" جیا لە هەندێ گوڤار کە بایەخی زانستییان گومانی زۆریان لەسەر بوو، یان هەندێ کات بە مەبەستی ئینتیمای نەژادپەرستانە و نازیزم، بێبایەخ و هەڵوەشاوەتەوە[7]. بەمەشەوە، ئێرانییەکان هەروەها بە شێوەی نائاسایی ئاماژە بە نەژادی ئاریایی و بانگەشەی ئەوان بۆ ئەوەی سەر بەم خێزانەن دەکەن، کە ئەورووپاییەکانیش لەخۆدەگرێت. تەنانەت ئەم ئاڕاستەیە لە بەرهەمە زانستییەکانیش بەرجەستەیە[8]. هەرچەندە دوو حیکایەتی ئاماژەپێدراو لە پێشەکی وتارەکە، زۆر دوورن لە گشتگیربوون، بەڵام وێنەیەکە لەوەی چەندە ڕیشەکانی ئەوەی لیۆن پولیاکوف بە "ئەفسانەی ئاریایی" ناوی دەنێت لە گوتاری نەتەوەگەرایی ئێراندا قووڵە و دەتوانین لەم بارەوە ئاماژە بە دەق جۆراوجۆر بدەین.

لەم توێژینەوەدا زاراوەکانی "ئاریایی" و "هیندۆئەورووپی" لە زۆر شوێن لە جیاتی یەکتر بەکاردەهێنرێت. زۆربەی کات "هیندۆئەرووپی"، "ئاریایی" و لە هەندێ سەرچاوەی کۆنتر "حافیتایت" (بە ئاماژە بە نموونەی کتێبی پیرۆز کە شەجەرەی ئەورووپاییەکان دەگەڕێتەوە سەر ژافی کوڕی نوح) ئاماژە بە پێکهاتەیەکی هاوشێوە دەدەن، ئەمەش لە کاتێك دایە زۆربەی کات لە کلاوڕۆژنەی جیاوازەوە سەیریان دەکرێت. لە سەرەتادا "ئاریایی" لە ئاست "هیندۆئەورووپی" کەوتە پێشتر و زیاتر فەرز کرا، لەبەرئەوەی وا بیر دەکرایەوە ئەم چەمکە، بەپێچەوانەی تێگەیشتنی جوگرافیایی کە لە چەمکی هیندۆئەورووپا (وەك شوێن) وەردەگیرێت و بە دروستکراوی زانایان دەهاتە ئەژمار، بە شێوەیەکی ئۆرگانیك لە مرۆڤەوە سەرچاوەی گرتووە[9]. لەڕاستیدا، چەمکی "ئاریایی" هەم لە بواری سیاسی قوورستر بوو و هەمیش لە بواری زانستییەوە بایەخێکی کەمتری (بۆ ئەگەری ڕەتکردنەوەی) هەیە، لە کاتێکدا کە چەمکی "هیندۆئەورووپی" زۆرتر لە بواری زمانناسییەوە بەکار دێت. ئەم توانا مانایییانە زۆر گرنگن، لەبەرئەوەی ئەم وتارە جیاوازییەکی جدی لە نێوان ئاریایی خۆناونراو، کە ئێرانییەکانی کۆن بەکاریان دەهێنا و "ئاریایی"، گرووپێکی نەژادی سەر بە سەدەی

نۆزدەیەم لەبەرچاو دەگرێت. دەبێت دووریی لە سەرلێشێواوی و بەکارهێنانی نابەجێی ئەوان بگرین: هەروەها کە دەبینین ئەوان لە بواری ماناییەوە دونیاگەلێکی جیاواز لە یەکترن. بەمشێوەیە، لە زمانی فارسی بە ئاسانی دەتوانین بانگەشە بکەین، کە لە ئەسڵدا ئاریایی مۆدێرن، هێنانی چەمکی ئەورووپایی "ئاریایی" بۆ نێو سنووری فارسییە نەك نوسخەی بەمۆدێرنکراوی خوازەی کۆنی ئاریا.

## هەڵهاتنی خۆری ئاریایی

بەپێی میتۆلۆژیای ئاریایی[10] مرۆڤایەتی دابەش دەبێت بەسەر چەند نەژاد و زۆربەی کات ئەورووپاییەکان، هەروەها ئێرانییەکان و هیندووەکان بە بەشێك لە ئەندامانی ئەم نەژادە پۆلێن دەکات[11]. ئەفسانەی ئاریایی ماوەیەکی زۆر بوو کە لە هزر و فیکری ئەورووپاییەکان بیچمی گرتبوو و تا ڕادەیەك لە سەرەتای سەدەی نۆزدەیەم هەتا ساڵەکانی دوای جەنگی دووەمی جیهانی بەردەوام بوو، لە ئەنجامدا لە چوارچێوەی تیۆری و پێناسەی چەمکەکانەوە بە شێوەیەکی بەرچاو گەشەی کرد.

لە سەرەتادا تەنیا دەزگایەکی فەلسەفی بوو، کە بۆ شیکردنەوەی هاوشێوەی نێوان زمانە ئەورووپی، ئێران و هیندییەکان بەکاردەهێنرا. بەمەشەوە زۆر خێرا، ڕەهەندێکی ئەنتروپۆلۆژیستییانە و بە خێرایی لایەنێکی سیاسی پەیداکرد. تۆمەتی سیاسی ئاریاییزم، کە بە وێنە ڕۆمانتیکەکان دەهێنرایە بەرچاو، بە تێپەڕبوونی کات توندبوو و دواتر بانگەشەی بۆ کرا، کە نەژادی ئاریایی مەحکومە بە چارەنووس و پێگەیەکی تایبەت و جیاواز و ئەویش باڵادەستی و سەرتربوونی نەژادیی لە ئاست ئەو شتانەیە، کە بە "نەژادەکانی دیکە" یان "نەژادە پەستەکان" دەناسران. ئەم شیکارییە لەبارەی پیاوی سپی پێست پاساوێکی شیاو بۆ هەوڵە ئێمپریالیستییەکان بوو، کە لەو کاتەدا ئەورووپاییەکان دەرگیری بوون. ئەم ڕەچەتە نەژادپەرستانە و سیاسی کراوە لە میتۆلۆژیای ئاریایی و کرانەوەی پێی ئەو بۆ نێو هزری ئێرانیی، کە بابەتی ئەم خوێندنەوەیە. هەرچەندە بۆ دەست نیشانکردن و ڕاڤەکردنی ئەم بەلاڕێداچوونە پێویستە لایەنە فەلسەفییەکانی زۆرتر شیکاریی بکرێت.

زۆربەی کات تیۆری میتۆلۆژیای ئاریایی پەیوەندی بە کەشفکردنی سێر ویلیام جۆنس[12] لە ساڵی (1786)ەوە هەیە[13]، کە ڕیشەکانی یۆنانی، لاتین، سانسکریت و فارسی بە هاوبەش دەزانێت[14]. خودی زاراوەی "ئاریایی" لەلایەن ئابرام هیاسێنت ئانکتێل دو پرون[15] (1806.1731) داهێنرا. خۆرهەڵاتناسی فەرەنسی لە ساڵی (-1755 1761) لە هیند دەژیا و فێری ژمارەیەك لە زمانەکانی فارسی، سانسکریت و زمانەکانی دیکەی خۆرهەڵات بوو، یەکەمین وەرگێڕانی ئاڤێستا . کۆمەڵەیەك دەقی

پیرۆزی زەردەشتییەکاذ بە هەموو زمانە ئەورووپاییەکان بڵاوکردەوە. لە وتارێك کە لە ساڵی (1863) پێشکەشی کرد، دو پرون یەکەمین جار زاراوەی ئاریایی بە زمانی فەرەنسی Aryen))ی لە نێو زمانە ئەورووپاییەکاندا بینیەوە[16]. دو پرون بە شێوەیەکی کاریگەر وشەی ئاریایی، زاراوەیەك کە لە ئاڤێستادا بینیبووەوە، بە ئەورووپایی کرد لەگەڵ وشەی ئاریۆ، زاراوەیەك کە هێرۆدۆێت بۆ مادەکان بەکار دەهێناو تێکەڵکرد ( کە لە دەقە لاتینکراوەکانیش هەیە). بەرهەمە یەکەمەکانی ئەو ئاڤێستا و وەرگێرانی ئەو بە فەرەنسی مایەوە و ئەم بە هیچ شێوەیەك لەگەڵ تیۆرییە زمانییەکانی جۆنس یەکیان نەدەگرتەوە. بەمەشەوە جێگای سەرنجە بزانین، کە زاراوەی ئاریایی لەهەمان سەرەتاوە وەرگیراوە لە خۆڕازاندنەوەی ئێرانییە کۆنەکان بووە، ئەم هاوکاتبوونە جێگای سەرنجە، کە لە دواییدا زیاتر لە بارەیەوە باس دەکەین.

گۆڕانکاری گرنگی مانایی لە ساڵی (1819) ڕوویدا، کاتێك کە فرایندریس شلیگێل، نووسەری پێشڕەو و ڕۆمانتیك، ئاماژەی بەوە دا، کە ئاریای دوك و ئاڤێستا پەیوەندییان بە مانای ئێهیرە (شانازی) لە زمانی ئەڵمانییەوە هەیە[17]، بۆیە ڕەنگدانەوەی "مانای شەرافەت و کرداری ماقووڵانە"یە[18]. شلیگێل چەمکی ئاریایی لە وەرگێڕانی ئاریا گۆڕی و ئەوی لە چوارچێوەی بابەتی نەژادی مۆدێرن بەکارهێنا، کە خێرا سەرنجی نووسەرانی هاوچەرخی خۆی ڕاکێشا. لەوە بەدواوە، زاراوەی ئاریایی، بە مانای تایبەت، لە سەرتاسەری ئەورووپادا برەوی پەیدا کرد. زۆری نەخایاند، لسێن (1876. 1800) مەسیحی هیندناسی نۆرویژی . ئەڵمانی، زۆرتر کەڵکی لەم وشەیە وەرگرت و لەژێر کاریگەریی ئەودا، ئەم زاراوەیە پێگەیەکی سەرتری لە نێو لقە ئەورووپاییەکانی سەر بە گرووپی ژێرمەنی پەیدا کرد[19].

بۆیە، مانای وشەی ئاریایی بەردەوام لە حاڵی گۆڕاندا بوو، لە سەرەتای ساڵەکانی (1940) تا ڕادەیەك بە مانای ناجوو و ئەڵمانی بوو[20]. لەهەمان سەرەتاوە هەمیشە لەسەر مانای ئەم وشەیە ناکۆکی هەبوو، لەهەمان سەرەتا هاودەنگی لەبارەی مانای ڕاستەقینەی نەبوو، هەتا ئەوەی کە لە ساڵی (1941) هانس سیگرێت بەرگری لە بەلاوەنانی ئەم وشەیە کرد[21]. هەمیشە لە نێوان کەڵك وەرگرتنی نەژادی مۆدێرن و شێوازە کۆنەکانی ڤیدایی هیندی یان ئاڤێستایی، بینەری پلەگەلێك لەسەر لێشیواوین و یەکێك لە ناسازگارییەکان کەمتر لەبارەیەوە لێکۆڵینەوە کراوە . هەڵبەتە کاریگەرترین . لە مێژووە. نوسخەی دیکە دوای کارەکانی جونس و شلیگێل بەدەرکەوتن، لە ساڵی (1813) تۆماس یانگ زاراوەی "هیندۆئەورووپی" داهێنا و لە ساڵی (1823) جولیوس فۆن کلاپروت جۆری ئەڵمانی ئەو "هیندۆئەڵمانی"

داهێنا[22]. ئیمتیازی وشەی "ئاریایی" لە کۆرتی ئەودا بوو و ئەم واقعیەتە، کە ئەم وشەیە لە شێوازی مۆدێرنی زاراوەی خۆیدا وشەیەکی ئێتنۆگرافیایی بووە. هەروەها ئەم وشەیە لە ئاست زاراوەی "هیندۆئەورووپی" کە زۆرتر زاراوەی زانستی و سارد دەهاتە ئەژمار، لە باری ماناییەوە شەوقێکی عاشقانەی زۆرتری هەبوو.

سیما بەرجەستەکانی فەلسەفە و خۆرهەڵاتناسی ڕۆڵیان لە ڕەوتی گەشەکردنی ئاریانیزم لە ئەورووپادا هەیە، دەتوانین گرنگترینی ئەوان بە ماکس فریدریش مولێر[23] (1823. 1900) بزانین، هەرچەندە پێویستە جەخت لەسەر ئەوە بکەینەوە، کە کاری ئەو لە بواری زمانناسی بوو، ئەو زۆر ئاگاداربوو دوور بگرێت لە ڕاڤە نەژادییەکان لە بارەی تیۆرییەکانی: ئەو ڕوونی دەکاتەوە "بۆ منی ئێتنوگرافیستێك کە باسی نەژادی ئاریایی، خوێنی ئاریایی، چاو و قژی ئاریایی دەکات، بە هەمان ڕادەی زمانناسێك کە باسی فەرهەنگی وشەی دلیسوسفاڵ یان ڕێزمانی زمانی براکیسفالیك دەکات، تاوانێکی گەورەیە."[24] زۆربەی بیرمەندانی فەرەنسی (پێویستە تەنیا ئێرنێست ڕێنان و ئارتور دو گوبینو لەبەرچاو بگرن)، بەریتانی و تەنانەت ئەمریکی لە لایەنگرانی بیروباوەڕی ئاریاییستی بوون و بەشداریيان لەم بوارەوە هەبوو، بەڵام ئاریاییزم لە کەشێکی ڕۆمانسی و دژە ڕۆشنگەری تازە سەرهەڵدەداو لەنێو ڕۆشنبیرانی ئەڵمانیادا گەشەی دەکات، لەبەرئەوەی ئەڵمانییەکان لە یەك وڵاتدا نەدەژیان و بۆیە کۆمەڵێک ئەفسانە کە لەبارەی بنەماڵە و سەرهەڵدانی بوون، بۆ ئەوان زۆرتر سەرنجڕاکێش بوو. هەرچەندە شیکردنەوەیەکی وەها لە باشترین حاڵەت لە ئاستی گریمانەدا ماوەتەوە و باشتر وایە بۆ پسپۆڕانی ئەم بوارە بەجێ بهێڵێت.

هێزی ئەفسانەی ئاریایی و هۆکارەکانی بەردەوامی ژیان و مانەوەی سەیری ئەو لە بەرامبەر گەشەکردنی زانستی و گوتارێك، دەبێت لە یاسادارکردنی ئەو لە بواری ئەزموونییەوە ببینین. زۆربەی پێغەمبەرانی (لایەنگران) ئاریاییگەرایی ئەوەندە بە متمانەی زانستییەوە بیروباوەڕی خۆیان پەسەند دەکرد، کە شوێنێکی کەمیان بۆ باس دەهێشتەوە. ئەم وتەیەی ڕاولینسۆن لەبەرچاو بگرن، کە بە ڕێکەوت لەبارەی ئێرانەوە بابەتگەلێکی زۆری نووسیوە:

لە ڕوانگەی ئێمەوە زانستی ئێتنۆگرافیا لە بواری ئاکارییەوە یەکلایی بووەتەوە و ئەم بابەتە لە سەرەوەی هەر جۆرە دوودڵی لۆژیکی سەلمێنراوە، کە نەژادە سەرەکییەکانی ئەورووپای مۆدێرن، سلتەکان، ئەڵمانییەکان، ئیتالیاییەکانی گراکو و سلاڤەکان سەرچاوەیەکی هاوبەشیان لەگەڵ نەژادی سەرەکی ناوچەی خۆرئاوای ئاسیادا، واتە هیندۆئێرانی هەیە[25].

ڕاولینسۆن ئەم داتایە بە ئەنجامی پێشکەوتن لە بواری "زانستی مۆدێرنی نانەزوان"[26] دەزانێت، ئەنجامێك کە یەکێك لە پڕ شانازیترین شانازییەکانی سەدەی نۆزدەیەمە، کە (مرۆڤ) دەستی پێڕاگەیشتووە[27].

هەرچەندە پرەنسیپی ئەفسانەی ئاریایی پێچرابوو بە زمانی زانستەوە، بەڵام لە ناوەڕۆکدا و بە ئاشکرا ناوەڕۆکێکی عاشقانەی هەبوو. تێکەڵاوێك لە چوارچێوە جیاوازەکانی هزر. زانستگەرایانە و ڕۆمانتیزم. سێ ئەنجامی بە دواوە هەبوو، کە کاریگەرییەکی خێرای لەسەر ئاراستەی ئەفسانەی ئاریایی هەبوو. سەرەتا و خێرا نزیکایەتی زمانی لە نێوان زمانە ئەورووپاییەکان وەك خزمایەتی نەژادی ڕاڤە کرا و لە ڕاستیدا، نەژاد بە جۆرێکی عاشقانە مانادار کرا. هیچ شتێك هەتا ئەم ئاستە شوێنی باس و دوودڵی ناهێڵێتەوە، لەبەر ئەوەی نموونەی جۆراوجۆر لەبارەی گرووپە جیاوازەکانی نەژادی هەیە، کە بە زمانی گرووپەکانی دیکە قسە دەکەن. بۆ نموونە، دەتوانین ئاماژە بە زۆربەی وڵاتانی ئەفریقایی بکەین، کە زمانی وڵاتی کۆلۆنیالیستی وەك زمانی قسەکردنی خۆیان (تەنانەت دوای کۆتایی هاتنی قۆناغی کۆلۆنیالی) هەڵبژاردووە. مێژوو پڕە لەم حاڵەتە هاوشێوانە، کە دەتوانین ئاماژە بە یەك بە یەکیان بکەین. بڵاوبوونەوەی بانتۆ، کۆچی هەزارەی خەڵکی بانتۆ زمان، کەڵك وەرگرتن لە زمانەکانی بانتۆ لە ئەفریقا، تەنانەت لە گرووپگەلێك بە میراتی زمانی بەتەواوی جیاواز گشتاند. زمانگەلێك لە چین، دوای پرۆسەیەکی دوور و درێژی کولتووری، ئەمڕۆ زمانی ئاخاوتنی زۆربەی خەڵکانێکە، کە هانی نین. لە ڕوانگەی زۆربەی نووسەرانەوە، ئەم سەرلێشواوییە لە زمان و نەژاد، تاوانی سەرەکی ئەفسانەی ئاریایی بوو[28].

دووەم، ئەم کارە زۆرتر لە بواری ڕەچەڵەك و خێزانییەوە بوو. دەتوانین بە باشی دوودڵی و زێدەڕۆیانەی نووسەرانی ئارياييستی لە هەوڵدان بۆ بینینەوەی خاڵی سەرهەڵدانی هاوبەش، لە هەوڵی ئەوان بۆ بە خۆجێیکردنی پەناگای سەرەکی ئارياييەکان ببینینەوە. ئەوان وا بیریان کردەوە خێڵێك لە نەژادی سەرەتایی (پەتی) ئاریایی یا (هێندۆئەورووپی سەرەتایی) هەبووە، کە هەموو نەوەکانی دواتر لەو جیا بوونەتەوە. بینینەوەی ئەم نیشتمانە سەرەکییە و یەکەمین ئاریایی یان (ئۆرهیمات)، وێناکردنی تایبەتمەندییە کولتوورییەکان و "نەژادی" ئارياييە ئۆرجێناڵەکان، یان داهێنانی (دروستکردنی) زمانی بزربووی ئەوان یەکێك بوو لە کێشە سەرەکییەکانی ئەم نووسەرانە. ئارياييستەکان بە کەڵك وەرگرتن لە سەرەداوەکان و پشتیوانی بە بەستنەوەیەکی لاواز، کۆمەڵێ گریمانەی ئازایانە (نەك بەتەواوی خەیاڵی) لەبارەی

نیشتمان و خانووی سەرەکی و سەرەتایی ئاریایی پێشکەشکرد. بۆ نموونە، گوتلێب ویلهێلم لایتس (1899.1840)، (زمانناس و ئەنترۆپۆلۆژیستی ئاماتۆر) سەردانی لاداخی کرد و کەوتە ژێر کاریگەریی تایبەتمەندییە جەستەیی و چاو کاڵی خۆجییەکانی ئەم ناوچەوە دڵنیا بوو، کە "لانکی نەژادی ئاریایی" کەشف کردووە[29]. دواتر ژمارەیەکی زۆر لە ژنانی ئەوروپایی. زۆرتر ئەڵمانی. گەشتیان بۆ ئەم ناوچەیە کرد بۆ ئەوەی لەلایەن ئاریاییە پەتییەکانی ناوچەوە دووگیان بکرێن. ئەم چیرۆکە و زۆر سیمای دیکە پیشانی دەدەن، توێژینەوە ئارایایستییەکان بۆ پێشخستنی گریمانەی تیۆری خۆیان متمانەی زۆریان بە واقعیەتە حیکایەتییەکان کردووە و زۆربەی ئاریاییستییەکان چەندە بە ئەزموونگەراییەوە سەرقاڵ ببوون. هێندەیان بە شێوەی گشتی ئاسیاوە، قەفقاس، دانوب یان نیمچە دوورگەی ئەسکاندەناڤیا، لە قوناغگەلێکی زەمەنیدا ژمارەیەك لەم زانایانە ئەوانیان بە لانکی ئارییاییەکان زانیوە. ئێرانیش پشکی خۆی لە چەمکسازیی جوگرافیایی ئاریاییستی وەك سەرچاوەی نەژادی دیاری کردووە، بۆ نموونە ئانکتێل دوپران، جونس و هێردێر، لە هەندێ حاڵەت، کۆی ئێرانیان (فارس) وەك لانکی سەرەکی نەژادی (هیندۆئەورووپییەکان) پێشنیار کردبوو[30]. ئەم واقعیەتە کە تەنانەت نەبینینەوەی هیچ بەڵگەیەك، چ لە پاشماوەی کەلاوەکان، ئامراز و کەلوپەل، کەتیبە، پارچەیەکی هونەری یان هەر شتێکی دەستکردی دیکە کە بە مانایەك لە ئاریاییە سەرەتاییەکان بەجێ مابێت، نەبووە هۆی ئەوەی ئەم داواکارییە بە شێوەیەکی جدی بەدواداچوونی بۆ نەکرێت و هێشتا هەتا ئەم دواییانەش بە بەهێزی خۆی مابووەوە[31]. جیا لەمە، هیچ بەرهەمێك لە خێڵێکی سەرەتایی و چیرۆکی کۆچکردنی ئەوان لە هیچ یەك لە حەماسەکان یا نەریتە زارەکییە هیندییەکان، ئێرانی یان ئەوروپی نابیندرێتەوە. سەرنجڕاکێش بوونی بنەماڵەیی بە ڕادەیەك بەهێز بوو، کە تەنانەت یەکپارچە بوونی بنەمایی تیۆرییە باسکراوەکان لەبارەی پرسی ڕیشە نەژادییەکان، ئەم کەسە زانایانە ناگەیەنێتە ئەو ئەنجامە کە لە گریمانەکانی ئاریاییستی کەموکوڕی ئەزموونی جدی هەیە.

سێیەم، هەستی خۆبەگەورە زانینێك کە لە ئاریاگەرایی ڕۆمانسیدا شاراوەیە، هەروەها هەوڵی نووسەران بۆ کەڵك وەرگرتن لە چاویلکەی نەژادپەرستانەی ئەو وەك ئامرازێك بۆ شیکردنەوەی مێژوو، بە شێوەی سروشتی و وەسواسانە لەبارەی پاکی نەژادی لێدەکەوێتەوە و تێکەڵبوونی نەژادی بە شتێکی ناشیرین هاتە ئەژمار. هەندێ کەس وەکو ئارتور دو گوبینو نەژادیان بە "بزوێنەری مێژوو" دەزانی و تێکەڵبوونی نەژادییان وەك هۆکاری سەرەکی دارمانی نەژادە باڵاکان

دەهێنایە ئەژمار[32]. ئەو ئەنتروپۆلۆژیستانەی کە لە بواری پرسی نەژادی چالاکبوون، قەبارەی کەللەسەری مرۆڤیان وەردەگرت و تایبەتمەندی فیزیاییان لە دەستەی نەژادی پۆلێن دەکرد و تایبەتمەندی دەروونناسیانەی بێکاتیان دەدایە پاڵ ئەوان، هەروەها حاڵەتی ناپەتی و تێکەڵاویان دەستنیشان دەکرد. نەژادێکی هەستیار، داهێنەر و نوێخواز (ئاریایی) ناسێنەری (دەستەبەندی) دەبوو و نەژادی دیکە سووک، نەگۆڕ، تەمبەڵ و گوێڕایەڵ (زۆربەی نەژادەکان). ئەم وشیارییە نەژادییە لە ڕادەبەدەر، بەریەککەوتنی نێوان نەژادی ئاریایی و سامی بە سەرنجدان بە پشکی ئەوان لە بنیاتنانی مێژووی مرۆڤایەتی زیاتر کرد و لەمڕووەوە، دژایەتیکردنی جولەکە گشتگیری ئەو ڕۆژانە بە پەنابردنە بەر نیمچە زانست، پاساوی بۆ دەهێنرایەوە. لە دواییدا ئایدیۆلۆژیای نازیزم ئەفسانەی ئاریایی گەیاندە لوتکەی لەنێوبەری خۆی. دوودڵی لە بارەی گرنگی پەتیبوونی نەژادی گەیشتە ئاستێك کە ڕێگای بۆ قۆناغی دواتر ئەو واتە "لەنێوچوون" ئامادە کرد.

لە دونیای هاوچەرخدا، ئاریایزم لە بنەماوە یان هی کتێبە مێژوویەکانە یان پەیوەندی بە نازیزمەوە هەیە. ئەنتروپۆلۆژیای نەژادی نیمچە زانستێکی بێ بایەخە، کە بە جێگرتنەوەی ئەنتروپۆلۆژیای کۆمەڵایەتی، گەشەکردنی جێنێتیکی یان کورتە مێژووی بایۆلۆژیا، بە هیچ شێوەیەك لە هیچ شوێنێکی دونیا بەو شێوازەی کە لە سەدەی نۆزدەیەم و سەرەتای سەدەی بیست باو بوو، وێنەی ناگوترێتەوە. چەمکی "نەژاد"ی مرۆڤ، هەرچەندە هێشتا لە گوتارە سیاسییەکان، بە تایبەت لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەکار دەهێنرێت، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی لە حاڵی هەڵوەشانەوە و لەنێوچوون دایە. کەڵك لە گۆڕانکاریی ژنوتایپی یان فنۆتایپی بۆ تاوتوێکردنی جیاوازیی بۆماوەیی و سیماناسانەی نێوان گرووپە مرۆییەکان یان تاکەکان وەردەگرێت، بەڵام بۆ پیشاندانی نموونەی ڕەفتاری نەگۆڕ یان باڵادەستی گرووپێکی دیاریکراو بەسەر ئەوانیتر بە شێوەی ئامرازی کەڵکی لێ وەرناگیریت. جیا لەمە، ئەم گۆڕانکارییە ئەوەندە هێدی هێدییە، کە " هەر هەوڵێك بۆ دانانی سنوور و دابەشکردن لە نێوان دیموگرافیای بایۆلۆژیا بە شێوەی سەرەڕۆیانە و زەینی نەلواو کردووە."[33] ئەنجوومەنە ناسراوەکانی ئەنتروپۆلۆژیا کەڵك وەرگرتن لە زاراوەی "نەژاد"یان قەدەغە کردووە[34]. ئەمڕۆ لە کۆمەڵگەی زانستییدا جۆرێك هاوڕایی لەبارەی ناوەڕۆکی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی نەژادەوە پەسەند کراوە[35].

لە بواری زمانناسییەوە، ڕوانگەی خێزانێك لە زمانە هیندۆئەورووپییەکان بە شێوەیەکی بەرفراوان پەسەند کراوە، هەرچەندە هەر شتێك (ڕاڤەیەك) زیاتر لەمە

بابەتی باس و مشتومڕی جدییە. لەبارەی بوونی خێزانە زمانی هیندۆئەورووپییەکانەوە، کە لە زمانێکی هاوبەشی پێش مێژوو یان گرووپێك لە زاراوە قسە پێکراوەکان لەلایەن خێڵێك کە منداڵەکانیان کۆچیان کردووە، یان بە هۆی دەسەڵاتی سەربازییەوە، زۆربەی سەرزەمین و خەڵکی دانیشتووی ئەورووپا، خۆرئاوا و باشووری ئاسیایان داگیرکردووە، هاوڕابوونێك هەیە، بۆیە پەرەیان بە تایبەتمەندییە زمانییەکان داوە. زمانناسانی هاوچەرخ هیچ باوەڕێکیان بە زمان لەگەڵ نەژاد و باڵادەستی کولتووری نییە. ڕوانگەی کەمایەتییەك کە لەوان وەك داهێنانی کولتووری زمانەکان، هاودەنگی ڕێکەوتی یان قەرزوەرگرتن ناودەبرێت، لە حاڵی بەرفراوانبوون دایە و باوەڕی کۆن لەبارەی سەرچاوگەی هاوبەشی زمانە هیندۆئەورووپییەکان و وتەبێژانی لایەنگری ئەم ئایدیانە ڕووبەڕووی قەیران دەکاتەوە، هەڵبەتە دەبێت بڵێین ئەم تیۆریانە زۆر جیگای باسن. بۆ نموونە، مریت ڕوڵێنی زمانناس، چەمکی جیاوازی زمانە هیندۆئەورووپییەکان بەم بەڵگاندنە، کە ”ئەم چەمکە لەگەڵ هیچ خێزانێکی زمانی دیکە پەیوەندی نییە پشت گوێ دەخات و ئەو بە شتێك زیاتر لە ئەفسانەیەکی زمانی نازانێت“ [36]. بەمشێوەیە، زمانناسانی دیکەش بانگەشە دەکەن، کە لەلایەك لەبارەی جیاوازیی ئارایی لە نێوان زمانە هیندۆئەورووپییەکان و لەلایەکی دیکە ”سامی“ یان ”تورکی“ لە ڕادەبەدەر زێدەڕۆیی کراوە. زمانناسێکی بەرجەستە و جێگەی باس وەکو جوزێف گرینبێرگ، چەمکی ”زمانە ئۆراسیاییەکان“ی پێشنیار کرد، خێزانێکی زمانی کە هەموو زمانەکانی باکووری ئۆراسیا لە گرووپێکی توندوتۆڵتر دادەنێت، کە بریتییە لە زمانە هیندۆئەورووپییەکان، هەڵبەتە وەکو نموونە زمانی ژاپۆنیش لەخۆ دەگرێت[37].

ئامانجی ئەم وتارە خستنەبەرباسی باسێکی تەکنیکی لەبارەی زمانناسی و ئەنتروپۆلۆژیا نییە، بەڵکو تەنیا بۆ جەختکردنەوە لەسەر ئەمە گرنگە، کە پرۆژەی ئایدیای ئاریاییزم بە شەرمەزاری سەیر دەکرێت و هۆکاری ئەو هاوشێوە بوونانەی کە لە نێوان زمانە هیندۆئەورووپاییەکاندا هەیە، هێشتا جێگەی باس و مشتومڕە، هەرچەندە هێشتا ئایدیای سەرچاوەی هاوبەش . جیا لە چەمکی نەژادی . بۆچوونی زاڵە. ڕەنگە کای فریز باشترین بژاردە بۆ ئۆرهیماتی پێشنیار کردووە: ” ڕەوتەکان لە سەرچاوگەوە ناین، بەڵکو ئەوان ئەنجامی بەریەککەوتنەکانن.“[38] ئێران و ماستاوچییەتی ئاریایی بە درێژایی سەدەی نۆزدەیەم، گوتاری ئاریاییستی بەشی سەرەکی نووسینی خۆرهەڵاتناسانی ئەورووپایی لەبارەی ئێران و هیندی بە خۆی تەرخان کرد. بەریەککەوتنی نەژادەکان کە بانگەشە دەکرا ئاشتی لەنێوانیان جێگیر نابێت، بووە میتۆدێکی

باو بۆ کردنەوەی نهێنی مەتەڵە مێژووییەکان چووە ڕیزی کارەکانی گوبینووە. ئێران و هیند لە بواری ئارییایگەراییەوە لە ڕێزی پێشەوەی باسەکان بوون و زۆربەی کات وەك یەکێك لە پڕ ڕووداوترین قوناغەکانی بەریەککەوتنی نێوان نەژادەکان وێنا دەکران. لەمبارەیەوە سەرنج بخەنە سەر بەشێکی کورت لە کتێبی کاریگەردانەری جۆرج ڕاولینسۆن لە ژێر ناوی "سەرچاوەی نەتەوەکان" (1887):

لە کاتێکدا کە شارستانییەتە ئارییاییەکان لە حاڵی پەرەسەندن و پێشکەوتندا بوون، لە خۆرئاواییترین شوێنی کیشوەری ئاسیا، .... ئاسیای بچووك، بەشی ناوەندی کیشوەر . دەشتی میزیۆپۆتامیا، بانی گەورەی ئێران و نیمچە دوورگەی هیند . گۆڕەپانی خەباتێك بوو، خەباتێکی نەك هەمیشە ئاشتیخوازانە، لە نێوان سێ گرووپی پێشکەوتوو و پەرەگرتوو. دوو گرووپی ئەوان.... ئارییایی بوون، لە کاتێکدا کە یەکێکی دیکە لەوان واتە ئاشوورییەکان، کەسایەتییەکی بەتەواوی جیاوازیان هەبوو[39].

کۆچ و شەڕەکانی سەردەمی کۆنی خۆرهەڵات دیسان لە چوارچێوەی خەباتی نەژادیدا خوێندرانەوە و وا گریمانە کرابوو، خەڵکی ئەو ناوچانە ئاگاداری بابەتی نەژاد بوون و تەنیا سەرنجیان داوەتە "باڵادەستی نەژادی" بەسەر ئەوانیتردا، بەڵام بەپێچەوانەی هەموو ئەم ڕاڤانەوە شوێنەوار و نیشانەیەك لە فیکرێکی وەها لە سەرچاوە مێژووییەکان لەبەر دەستدا نییە. ئەم ڕوانگە تایبەت بە مێژوو هەتا سەدەی بیستەمە، بۆ نموونە لە بەرهەمی کاریگەریی پرسی سایکس (1867 . 1945) و بە تایبەت مێژووی ئێران (1915)ی ئەو بەردەوام بوو:

خێڵە سامییەکان دزەیان کردبووە نێو ئیمپراتۆریای بابل و ئاشوورەوە، هەتا ئەو شوێنەی کە ئارییایە مادەکان و پارس شوێنی ئەوانیان گرتەوە. ئەوان لە ئاستی خۆیان بۆ ماوەی پێنج سەدە لە ژێر دەسەڵاتی نەژادێکی تۆرانیدا بوون، هەتا ئەوەی کە لە سەدەی سێیەمی زایینی، ئارییاییەکان دیسان باڵادەستی خۆیان بە دەستهێنایەوە[40].

دەکرێت ئەم وتانە چەند بەرامبەر بن. بەڵام بەهەرحاڵ، گوتاری ئارییایی هێدی هێدی باسێکی نوێی لە نێو ڕۆشنبیرانی خۆجێی خوێندەواری خۆرئاوا، کە حەزیان لە ئێران و هیند و شوێنەکانی دیکە بوو، دەستی پێکرد. لە هیند، ئارییایستە ئەورووپاییەکان و هاوکارانی خۆجێییان "سەرباشقەی ئارییایی لە مێژووی هیندیان وەك گێڕانەوەیەك لە هێرشی پاڵەوانەنان، کۆچەکان و نیشتەجێبوونی ئارییایی دروستکرد... کە نەك تەنیا پاشایەتییەکان و ئیمپراتۆریاکانیان بنیات نا، بەڵکو هەنگاویان بۆ پەرەپێدانی فەلسەفە و ئەدەبیاتی شکۆدار نا."[41] ڕەوتی برەوپێدان بە ئارییایی لە چەمکێکی فەلسەفییەوە بۆ گوتارێکی سیاسی لە خودی ئەورووپا خێرایی

زۆرتری هەبوو[42]. هیندووەکانی سەر بە چینی باڵای کۆمەڵگە کەڵکیان لە بانگەشەی ئاریایی بوونی خۆیان بۆ بەدەستهێنانی یەکسان و ئیمتیاز لەگەڵ ئەورووپاییەکان وەردەگرت (لە کاتێکدا ئەم ناوە و مافەیان بۆ هیندووەکانی چینەکانی خوارەوە نەدەدا) و تیۆرییەکانی نەژادی ئاریایی لە نێو زێندوگەرایانی ئایینی هیند و لە ئاراستەی برەوپێدان بە هەستی دژە مسوڵمانی بەکار دەهێنرا.

ئەفسانەی ئاریایی سەرباشقەیەکی سەرنجڕاکێشی لە مێژوو بۆ ئایدیۆلۆژیا ناسیۆنالیستەکان لە ناوچەکانی جیهان دەستەبەر کرد. لە تورکیا، یەکێك لەم ئایدیۆلۆژانە هاموز کوهێن بوو، کە دواتر ناوی خۆی گۆڕی بە مونس تەکین ئاڵپ (1961.1863)، بە ڕێکەوت ئەو جولەکەیە لە سالۆنیکا بوو، کە ئینتیماکانی دژەجولەکەیی ئاریاییگەرایی ئەوەندە ئازاریان نەدەدا. مونس تەکین بانگەشەی دەکرد، تورکەکان سەر بە "خێزانی گەورەی هیندۆئەورووپی"ن. بانگەشەکانی ئەو . بەپێچەوانەی بانگەشەی نەتەوەگەراکانی هاوکاری لە ئێران و هیند . پشتی بە هیچ یەك لە بانگەشە پێشووەکانی ئاریاییستەکان نەبەستبوو و بەتەواوی بەرهەمی خەیاڵی خۆی بوو. ئەو فیزیا و سیمای تورکی، واتە "ڕەنگی پەمەیی و بۆر، چاوی شین، خۆڵەمیشی یا سەوز، پشتی درێژ و باریك و جوانی بەرچاوی" ستایش دەکرد[43].

ئەو لە درێژەی قسەکانیدا دەڵێت: "تورکەکان ئاریایی پەتین و وشەی ئاریایی خۆی ڕیشەی تورکی هەیە. وشەی "ari" لە ڕاستیدا لە زاراوەی تورکی ("Tchagatai") بە مانای پەتی و پاقژە و وشەیەکە لە زمانی تورکی نوێ بەکار دەهێنرێت."[44] هەروەها ئەو بانگەشەی کرد، تورکەکان کشتوکاڵیان بۆ ئەورووپا هێنا و لەم بوارەوە هیچیان لە شارستانییەتەکانی سۆمەری، " یۆنانی . لاتین" و چین! کەم نییە. بەهەرحاڵ، فیکری تەکین ئاڵپ لادانێك لەم ئاوانەیە، کە پێشتر قوڕاو بوو و پیشانی دەدات، چلۆن دەتوانێت خۆ بەگەورەزانینی ئاریاییستی وەهم خوڵقێن، تەنانەت سەرتر لە لانکی سەرەکی ئافراندنی ئەو تێپەڕ بێت.

پێش ئەوەی باسی ئاریاییزم لە ئێران بکەین، پێویستە سەرەتا جەخت لەسەر ئەوە بکەمەوە، کە لە کۆی کۆمەڵە ئەدەبیاتی ئێران هیچ بەرهەمێك لە بارەی نەژادی ئاریایی نییە، کە باسی ئەوی کردبێت (نەژادی ئاریایی)، هەتا ئەوەی کە دەگەینە سەدەی بیستەم[45]. ڕووداوە کۆنەکان لە ئاریا لە سەردەمی ئەخمینی و ساسانی، ئاریوی یۆنانی (دواتر لاتین) هەیە و ئەوەی کە حەمزە ئیسفەهانی لە سەدەی دەیەمی زایینی ئاریا وەك جێگرەوەیەك بۆ ئێران بەکارهێناوە. بەڵام بەهەمان شێوە کە دەبینین، ئاریا ناوەڕۆکێکی زۆر سنووردارتری هەیە و هیچ کات ناتوانێت وەك شتێك بۆ هاوشێوەی "نەژاد" بەکاربێت[46]. ئەم پرسە

لەلایەك دوودڵییەك لەبارەی مۆدێرنبوونی چەمكەكە و لەلایەكی دیكەوە سەرچاوەی ئەورووپایی ئەو ناهێڵێتەوە. میرزا ئاغاخانی كرمانی، نووسەرێكی بونیاتگەرای نەتەوەیی بوو، كە لە چەندین كتێب بەبێ ڕێكەوت و ( بایەخ) كە ڕەنگە هەموویان لە ساڵەكانی (1890) نووسرابن، بۆ یەكەمینجار ڕووبەڕووی زاراوەی ئاریایی لە نووسراوە هاوچەرخەكانی ئێراندا بووەوە.

هەروەها كرمانی یەكەمین نووسەری ئێرانی بوو، تێگەیشتنێكی باشی لە تیۆرییە نەژادپەرستییەكان و دواتر en Vogue لە ئەورووپا پێشكەشكرد. ئەو لەو باوەڕەدابوو، ئەگەر كەسێك سەیری "ئێرانییەك، یۆنانییەك، بەریتانییەك و دواتر ڕەش پێستێكی سودانی، ئەسیوبیایی و عەرەب بكات، بە ڕوونی دەتوانێت دادوەری بكات كام یەك لەوان پاقژ و شارستانی و كامیان وەحشییە."[47] كاتێك باس لە ئاماژە پێشڕەوەكانی ئەو بۆ نەژادی ئاریایی دەكرێت، سەرنجڕاكێشە بزانن، كە كرمانی وشەی sariyan دێنێتەوە كە وەرگێڕانی فارسی Aryan بە ئینگلیزی یان aryen بە فەرەنسابیە، هەروەها كە نووسەرانی ئێران لەو كاتەدا هێشتا ئنولۆژیزمی ئەورووپاییان لەگەڵ زاراوەی ئاڤێستایی و فارسی كۆنی ariya تێكەڵ نەكردبوو (دواتر زیاتر باسی دەكەین). بە میتۆدێكی هاوشێوە، كرمان لە زمانە سامییەكان (Semitic) لە جیاتی وشەی سامی (sami)) كە نوسخەی خۆجێیكراوی ئەم زاراوەیە، لە وشەی (Seme-tik) كەڵك وەردەگرێت [48]. بەمشێوەیە، لە بەرهەمێكی دیكە بە ناوی "سێ نووسراو" ئەو كەڵك لە "خەڵكی باشی ئاریایی" و "خەڵكی گەورەی ئێران" لە جیاتی "مەجوس" یان "زەردەشتییەكانی كۆن" وەردەگرێت و ئەوان دەكاتە هاومانای یەكتر[49].

بەمشێوەیە، ئەو لە بەرهەمێكی دیكە ناوی "خەڵكی باشی ئاریایی بە دەستكەوتێكی باش" دەهێنێت.[50] گەڕانەوەی سێیەمی ئەو ڕەنگوبۆنێكی نەژادیتر پەیدا دەكات و ئەفسانەی ڕیشە هاوبەشەكان (نەژادی) بە زاراوەی كەمتر ئاڵۆز باس دەكات: " ئەوان دەڵێن ئەورووپا، ڕووسەكان، ڕۆم و ...تاد، لە سەرەتادا لە هەمان نەژادی ئێرانییەكان بوون و لەوێوە بوو، كە دواتر بە سەرتاسەری جیهاندا بڵاوبوونەوە."[51]

ماوەیەكی خایاند هەتا نووسەرانی ئێرانی لەگەڵ شەوقێكی نەژادپەرستانە بگونجێن، كە لە لای كرمانی هەبوو. هێدی هێدی، چەمكەكانی پەیوەندیدار بە نەژاد و پەتیبوونی نەژادی لە ڕاڤە مێژووییەكان سەر هەڵدەدەن، بەڵام هێشتا هیچ هەنگاوێك لە بواری بە سیاسیكردنی نەنراوە. ڕۆژنامەی سیاسی . كولتووری حەسەنی تەقی زادە، بە ناوی كاوە، كە بە ڕێكەوت لەلایەن پروپاگاندیستەكانی ئەڵمانیاوە پشتیوانی دەكرا و لە ساڵی (-1916

1922) لە بەرلین بڵاودەکرایەوە، هەندێ کات دەقی نەژادپەرستانەی چاپ دەکرد، کە ئاماژەی بە "نەژادی پەتیی ئێرانیی" دەکات[52]. کەم کەم گەڕانەوە بۆ چەمکی ئاریاییەکان بەدەردەکەوێت، بەڵام لە بواری ماناییەوە برەوپێدەری زاراوەیەك بوو، کە کرمانی پێشکەشی کرد، واتە ئەوەی کە بە باپیرانی هاوبەشی ئێرانی و هیندییەکان گوتراوە[53]. جەژنی نوێی نەورۆز، بە ئێمەیان گوتووە، کە جەژنی ساڵی نوێی . نەورۆز. " ڕێوڕەسمێکی ئاریایی" کۆنە[54]. هەروەها ئێمە فێردەبین، کە ئێرانییە کۆنەکان خاوەنی سیستەمێکی ڕۆژمێر بوون، کە پەیوەندی بە پێش لە مێژووی ئێرانەوە هەیە و لەمڕووەوە سەرچاوەی لە "نەژادی ئاریایی" وەرگرتووە. ئەم ئاماژە سەرەتاییانەی ئاریاییستی زیاتر لە ناوەڕۆکی سیاسی، ناوەڕۆکێکی فەلسەفییان هەبوو. بەتایبەت ئەوەی کە ناتوانین بانگەشە بکەین کاوە گۆڤارێك بە ڕوانگەی نەژادپەرستانە بووە: لەڕاستیدا، بەهەمان شێوە کە لە سەرەتای ئەم وتارەدا ئاماژەی پێدرا، تەقی زادە وتەیەکی کورت و جوان و دڵڕفێنی بۆ برەوپێدەرانی ئایدیای ئاریاییزم لە وڵاتی خۆی نەبوو. دەتوانین لەو سەردەمەدا لە هەموو کتێبەکانی پەیوەندیدار بە مێژووی ئێران کینایەی باش و کورت بۆ ئاریاییە کۆنەکان ببینینەوە. دەتوانین یەکێك لەم کینایانەی شایانی سەرنج لە کتێبێك کە بۆ قوتابیانی دواناوەندی لەلایەن عیسا سدیق (1978.1894) وەزیری پەروەردە و فێرکردن نووسراوە، ناو بێنین. ئەو لەم کتێبەدا، ڕیشەکانی ئێرانی ئەمڕۆ لە هاتنی دوو شەپۆلی ئاریاییەکان لە باکوورەوە بۆ بانی ئێران دەبینێتەوە[55].

کۆمەڵێ بەرهەم لە مێژوونووسانی دیکە، سادق ڕەزازادە شەفەق (1971.1897) پیشاندەری ئەوەیە، ئەو وشیارییەکی باشتری لە باسەکانی پەیوەندیدار لە ئەنجومەنە ئەورووپاییەکان لەبارەی پرسی ئاریاییەوە هەیە. بۆ نموونە، ئەو لە ساڵەکانی (1930) ئەم تیۆریایەی خستە بەرباس کە "نەژادی نوردیك" لە دانوبەوە سەرچاوەی گرتووە[56]. لەم قوناغەدا، لێکۆڵینەوەی من (نووسەر) پیشانی دەدات، ئەو یەکەمین نووسەری ئێرانییە، کە زاراوەی ئەورووپایی ئاریایی بە ariya ئاوەڵناو ariyayi) ) وەرگێڕاوە، لە جیاتی ئەوەی کە وەکو کرمانی ئەو بە -ari yan وەربگێڕێت. زاراوەی کۆنی ئاریا (ariya) لە سەردەمی ئانکتیل . دوپرونەوە [57] خولێکی تەواوی تێپەڕ کردووە و ئێستا تەنانەت لە خانووی سەرەکی خۆی مانایەکی دیکەی هەیە و شتێکی نوێیە. بەرهەمەکانی حەسەن پیرنیا (موشیر ئەلدەولە 1935.1871) کاریگەرتر بوون. ئەم مێژوونووسە نیشتمانپەروەرە، سیاسەتمەدارێکی پایەبەرز بوو، کە شەش خول ئەندامی پەرلەمان و، بیست و چوار خول وەزیر و چوار خول سەرۆك وەزیران بوو. کتێبە

مێژووییەکانی ئەو لە یەکەمینەکانی جۆری خۆی لە ئێرانی هاوچەرخ دایە، کە پەیڕەوی لە ستانداردەکانی میتۆدناسی مێژوویی ئەورووپا دەکات. بەمەشەوە ئەمانە زۆرتر کۆمەڵەیەك لە وانەی خوێندنی خۆرهەڵاتناسان بوون، کە وەك زۆربەی مێژوونووسانی هاوتەمەنی، پیرنیاش نەیتوانی شتێکی نوێیان پێ زیاد بکەن. ئەم خاڵە لاوازە نەبووە لەمپەر لە بەردەم ئەوەی کە بەرهەمەکانی ئەو کاریگەرییەکی گرنگ لە سەر تێگەیشتنی ئێرانییەکان لە مێژووی خۆیان نەبێت: لەڕاستیدا ئەو ئەندامی کۆمیسیۆنێك بوو، کە ڕاسپێردرابوو یەکەمین کتێبەکانی قوتابخانەکانی سەردەمی پەهلەوی بنووسنەوە[58]. بە سەرنجدان بە گرنگی زۆری بەرهەمە مێژووییەکانی ئەو لەو کاتەدا، کاریگەریی ئەو لەسەر جۆرێك شووناس کە ئەم کتێبە مەنهەجییانە لە نێو گەنجانی ئێرانی دروستیان کرد، شیاوی پشت گوێ خستن نییە.

کتێبی "مێژووی کۆنی ئێران" (مێژوویی ئێرانی کۆن، 1928)ی پیرنیا خاوەنی گرنگییەکی تایبەتە، یەکەمین کتێبی مەنهەجی مێژوو بوو، کە لە ژێر چاودێری وەزارەتی پەروەردە و فێرکردنی ئەو کات بڵاوکرایەوە[59]. ئەم کتێبە بریتییە لە بەشێك لەبارەی " نەژادەکان . نەژادی سپی پێست . خەڵکی هیندۆئەورووپی"، کە ناوەڕۆکی ئەو بە ئاشکرا پشتی بە "زانستی نەژاد" واتە زانستی جیاکردنەوەی نەژادەکان و شێواز و تایبەتمەندی تاکەکانی سەر بەوان بەستووبوو. ئەم بەشەی کتێبەکە بەتەواوی پشتی بەستووبوو[60] بە چۆنیەتی پۆلێنکردنی نەژادی ئەورووپایی مرۆڤ بە ئارییاییەکان/هیندۆئەورووپاییەکان، سامییەکان و هتد. بەو زاراوانەی کە لە نەریتی هاوبەشی ئایینە ئیبراهیمییەکان وەریگرتووە، بە تایبەت لە ئاماژەپێدان بە منداڵەکانی نوح، جافس، هام و شەم، وەك دەزگایەکی پۆلێنکردن ئاماژە بەوان دەدات. هەروەها ئەو وا گریمانە دەکات، باپیرانی ئارییاییەکانی ئەمڕۆ/هیندۆئەورووپی لە هەندێ لە سەرزەمینە یەکەمینەکانی وڵاتی کۆن دەژین، هەروەها ئەو بۆچوونێکی دیکە کە لە سەرەتای سەدەی بیستەم زۆر سەرنجی پێدەدرا، پێشکەش دەکات، کە لە سەر بنەمای ئەوەیە ئەم سەرزەمینە سەرەکییە هەمان نیمچە دوورگەی ئەسکەندەناڤیا بووە (لەمڕووەوە ناوی "نەژادی نوردیك")[61]ە. بۆیە ئەو دەگاتە ئەو ئەنجامە کە ئێرانییەکان لە ئەسکەندەناڤیاوە کۆچیان کردووە!

بەپێی نووسراوەکانی پیرنیا، ئاشکرایە کە ناوی ئێران لە چەمکی (خەڵکی ئاریایی) کۆنترە، لەبەر ئەوەی (ئێرانییەکان) وا ڕاهاتبوون کە خۆیان بە ئاریا بانگ بکەن، کە بە مانای ماقووڵ یان وەفادار دێت. ناوی کۆنی ئێران ئایران (áyrán) بوو، کە دواتر بە ئیران (eyrán) و لە دواییدا بە ئێران (irán) گۆڕا. هەروەها ئەو بانگەشەی کرد، کە ئاریان ڤیج[62]

بە مانای "سەرزەمینی ئارياييەکان"ە [63].
هەروەها کە دەبینین، هەموو ئەم بانگەشانە لەسەر بنەمای سەرلێشێواوی لە بواری چەمك و مانای ئاریا (ariya) و ئاریایی(Aryan)ە. بە شێوەیەکی گشتی پیرنیا قوتابییەکی باش بۆ لایەنگرانی نەژادپەرستی ئەوروپایی بوو: هەرچەندە شێوازی دەربڕینی ئەو بەتەواوی بەتاڵ بوو لە شەوق، بەڵام هەندێ کات لە ستاندارده زانستی و ئەکادیمیکەکانی خۆی دوور دەکەوتەوە و نووقمی دەمارگرژی نەژادپەرستانەی خۆی دەبوو. بۆ نموونە، ئەو ئاماژە بە "ناشیرینی" و " پەستی نەژادی و ئاکاری" دانیشتوانی ڕەسەنی" پێش لە ئاریایی" ئێران دەکات (ئاماژەیەك بە ئیلامییەکان[64] کە دەبێت بڵێین تا ڕادەیەك هیچ زانیارییەکی ورد لەو کاتەدا لەوان لەبەر دەستدا نییە)، بەمشێوەیە بانگەشە دەکات کە هەرچەندە لە سەرەتادا ئارياييە ئێرانییەکان لە بواری شارستانییەتەوە دواکەوتووتر لە دراوسێ سامییەکانی خۆیان بابلی و ئاشووری بوون، بەڵام لە "بواری ئاکارییەوە" لەوان سەرتر بوون[65]. ئەم گریمانانە درێژکردنەوەی ئایدیای ئارياييگەرايی ئەوروپاييە.

بۆیە شیاوی سەرسووڕمان نییە، کتێبە مەنهەجییەکانی قوتابخانەکان لە سەرەتاکانی سەردەمی پەهلەوی بەرهەمی ڕۆحی زاڵ بەسەر ئەو سەردەمی (نەژادپەرستی و خۆبەزلزانین) و برەوپێدانی ئەم جۆرە تیۆریانە بوون. کتێبێکی مەنهەجی بە ئاسانی برەو بەم جۆرە ئایدیانە دەدات: "خەڵکی ئێران بەشێك لە نەژادی ئاریایین و زمانی ئێستای ئەوان فارسییە."[66] کتێبێکی مەنهەجی جوگرافیا ڕیشەی ئێرانییەکان بە "گرووپێك لە تاکەکانی سەر بە نەژادی ئاریایی دەبەستێتەوە و "بەمشێوەیە نیشتمانی خۆیان ناو نا ئێران."[67] ئەم کتێبە مەنهەجییانە زۆرتر لە هەمووان "خەڵکی دیکە، بە تایبەت عەرەبەکان و مەغولەکانیان وەك هێرشبەرانی نائاریایی پیشاندەدا. ئەم پەیامە بە قووڵی لە زەینی نەوەی یەکەمی ئێرانییە خوێندەوارەکانی حکومەتی پەهلەوی جێگیر ببوو و ئەوان بە تایبەت پێشوازییان لە پڕوپاگەندەی ئارياييستی دەکرد، کە بە تازەیی لە بەرلینەوە سەرچاوەی گرتبوو.

ئاماژە بە بانگەشەی برایەتیی ئارياييەکان لە نێوان ئێرانیی و ئەڵمانییەکان کە لە ساڵەکانی (1930) بەدواوە بەرجەستەبوو، لە ڕاستیدا لە شەڕی یەکەمی جیهانییەوە دەستی پێکردبوو. وەحید دەستگردی (1879.1942)، شاعیر و چالاکی سیاسی، نامیلکەنووس و بونیادنەری ڕۆژنامەی ئەرمەغان، بە درێژایی شەڕی یەکەمی جیهانیی بەتوندی لایەنگر و هاودەنگی ئەڵمانیا بوو. ئەو لە شیعرێك بە ناوەڕۆکی سیاسی و لە ستایشی ئەڵمانیا[68] داوا لە ئێرانییەکان دەکات بچنە ڕیزی ئەڵمانییەکانەوە و لەدژی "ڕێوی ناشیرین" (بەریتانیا) و "ورچی فێڵباز" (ڕووسیا) شەڕ

بکەن. پاڵنەری سەرەکی لە هۆنینەوەی ئەم شیعرەدا یەکێتی "ئێرانییەکان و ئەڵمانییەکان لە بواری نەژادەوەیە.[69]" بە نەبوونی بەڵگەی ڕوون، قورسە بتوانین بڵێین هەڵویستی دەستگردی سەرچاوە لە کردار و بڕیاری دەزگای پڕوپاگەندەی ئەڵمانیا وەردەگرێت، نەك بەرهەمی لاوەکی بێزاریی بەرفراوان و قووڵ لە ئاست وڵاتانی ڕووسیا و بەریتانیا.

هەرچەندە باسکردنی بیروباوەڕی لەو چەشنە تا ڕادەیەك لە ساڵی (1915) هەتا کۆتایی شەڕی دووەمی جیهانیی دیار و بەڵگەدارە، بەڵام جیاکردنەوەی پڕوپاگەندەی سیاسی ڕەهای پێناسەکراو و کاریگەریی فیکری لە یەکتر دژوارە. لە سەرەتای سەردەمی پەهلەوی، ئەڵمانیا زۆر دزەی کردبووە نێو ئێرانەوە . هەرچەندە بەهۆی نیگەرانییەکانی بەریتانیا و ڕووسیا (دزەکردنی ئەوان لە ئێران) هەوراز و نشێوی هەبوو. ئەڵمانیا ڕۆڵێکی بەرجەستەی لە بە پیشەسازییکردنی وڵاتدا هەبوو، ژمارەیەکی زۆر لە پسپۆڕانی ئەڵمانی لە ئێراندا جێگیربوون، ژمارەیەك لەوان لە یانەی کۆمەڵایەتی ئەڵمانیا[70] لە تاران ئامادەییان هەبوو[71]. دوای شەڕی یەکەمی جیهانیی، بینەری گەشەکردنی کۆمەڵەکانی برادەری ئێران و ئەڵمانیا و پرۆگرامەکانی ئاڵوگۆڕی خوێندکارین. ئەم ئاڵوگۆڕانە پشکی خۆیان لە جێگیرکردنی ڕوانگە نەژادپەرستی و ئارایاییستییەکان لە ئێراندا هەبوو، لەبەرئەوەی لەو کاتەدا بەریەککەوتنی نەژادەکانی ئاریایی و سامی وەك بابەتێکی ڕوون لە زانکۆکانی ئەڵمانیا و (ناوچەکانی دیکەی ئەورووپا) جێگیر ببوو [72]. بەڵام دەبێت هەتا ساڵەکانی (1930) چاوەڕان بین بۆ سەرهەڵدانی پڕوپاگەندەی سیستەماتیکی ئەڵمانیا بە سەنتەربوونی ئەم جۆرە ناوەڕۆکانەوە.

بەریەککەوتنی ستراتیژی ئەڵمانیا لەلایەك و بەریتانیا و ڕووسیا لەلایەکی دیکەوە، تەنیا دەتوانێت هەوڵە پڕوپاگەندە توندەکان بۆ ڕاکێشانی دڵ و زەینی ئێرانییەکانی بە دواوە هەبێت[73]. بە سەرنجدان بە پێشینەی بێمتمانەیی ئێرانییەکان بە بەریتانیا و ناوهێنانی ئەم وڵاتە لەژێر ناوی "بەریتانیای زۆر ساختەچی"، ئەوان بە شێوەیەکی سروشتی ئینتیمایان بۆ ئەڵمانیا و پەیامی سەرنجڕاکێشی نیەت پاکی ئاریایی پێشاندا. بۆیە دەتوانین بانگەشە بکەین، بەستێنەکە بە زۆری ئامادەی پڕوپاگەندەی ئەڵمانییەکان بوو و هەڵبەتە پرۆژەی نووسینی ئەفسانەی ئاریاییش بە هۆکارەکە زیادبوو. لە ڕاستیدا، ئەڵمانییەکانیش بە هەمان هۆ لە نێو عەرەبەکان خۆشەویست بوون، بەبێ ئەوەی کە لایەنی نەژادی ئەوان ڕۆڵێکی کاریگەریی هەبێت. دەگووترێت کاتێك کە حیزبی کرێکارانی سۆسیالیستی نەتەوەیی ئەڵمانیا لە بەرلین و لە ساڵی (1933) باڵادەست بوو، خێرا بە جەختکردنەوە لەسەر نیەتپاکی ئەڵمانیا و

ئامانجی نائیمپریالیستی، دزەکردنی کولتووری و سیاسی لە ئێران دەست پێکرد.

لە ساڵی (1933)، عەبدولڕەحمان سەیف ئازاد، چالاکێکی بەدناوی ئێرانی بە فیکر و بۆچوونی نازیزم، بڵاوکردنەوەی گۆڤاری (نامەی ئێرانی کۆنی)[74] دەستپێکرد. بانگەشەی ئەوە کراوە، کە ئەم ڕۆژنامەیە لەژێر چاودێری ڕاستەوخۆی وەزارەتی پڕوپاگەندەی ئەڵمانیا بڵاودەکرایەوە[75]. بەپێی وتەی یەکێك لە سەرچاوەکان، سەرنووسەری ڕاستەقینەی گۆڤارەکە، کەسێك نەبوو جیا لە عەمید فۆن ویبران، ئەندامی حیزبی نازیی[76]. هەرچەندە ڕەنگە پڕوپاگەندەی جۆراوجۆر لەلایەن کۆمپانیا ئەڵمانییەکان (بەتایبەت زیمنس شوکرت) وەك نیشانەیەك لە دابینکردنی سەرچاوەی دارایی لەلایەن ئەڵمانیاوە لەبەرچاو بگیریت، بەڵام هیچ بەڵگەیەك کە ئاماژە بە ڕۆڵی چالاك لەلایەن حکومەتی ئادۆڵف هیتلەرەوە بدات، کە پشتیوانی یان چاودێری ئەم گۆڤارەی کردووە، نییە. جیا لەمە، بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامە لە کانوونی دووەمی (1933)، دروست مانگێك پێش لە بەدەسەڵات گەیشتنی هیتلەر وەك ڕاوێژکاری باڵای ئەڵمانیا، دەستی پێکرد. ئەم بابەتە دەستپێکردنی ڕەسمی وتارەکە بەدەر دەحات، هەرچەندە دەستێوەردانی دەزگای پڕوپاگەندەی بەرلین لە قۆناغی دواتر ڕەتناکاتەوە. بەهەر حاڵ بەسەختی دەتوانین ڕۆڵی نامەی ئێرانی کۆن وەك کەناڵێك بۆ پڕوپاگەندەی نازییەکان، چ بە شێوەی سەربەخۆ یان چاودێری، ڕەت بکەینەوە. بەشێك لە وتارێك لەم ڕۆژنامەیە بەمشێوەیەی خوارەوەیە:

کەسانێك کە خاوەنی هزر و داهێنانی زۆرتر لە توانایی خەیاڵ و کردارن، وەك ئاریایی دەناسرێن و کەسانێك کە بە سادەبوون ڕازین و فیکری ئەوان تا ڕادەیەك وەك خۆی ماوەتەوە، بە سامی ناودەبرێن ... (ئارياييەکان، لە هەر شوێن، هەر کاتێك گرنگ نییە، کە چ ناوێك لەسەر ئەوان دابنرێت، شایانی جێبەجێکردنی هەمان کاری داهێنەرانەن. ئێرانی، ئەڵمانی، بەریتانی، فەرەنسی، ئەمانە ناوە جیاوازەکانی ئارياييە، کە داهێنان لە فیکر و پراکتیکیان ڕاگەیاندووە و بە بۆنەی ئەم تایبەتمەندیانەوە لە سنووری زانستەکان ناسراون، هەرچەندە لە بواری ناونانەوە، شوێن و کات جیاوازن [77].

لە شوێنێکی دیکە، لەبارەی "سواستیکا"[78] دەگوترێت کە "لەنێو خێڵە ئاريايیەکان کە پێکهاتوو لە خەڵکی ئەڵمانیا و ئێرانیی بوون، باو بوو." نووسەری وتارەکە "بە شادمانییەوە دەڵێت کە جێی خۆشحاڵییە کە نیشانەی ئێران (ڕەنگە سواستیکا) پەیوەندی بە دوو هەزار ساڵ پێش لە زایینەوە هەیە، ئەمڕۆ بووەتە بەهانەیەك بۆ شانازیکردنی ئەڵمانییەکان بە خۆیان (کە لە نەژاد و خێزانی

ئێمەن)". لە درێژەی وتارەکەدا بانگەشە دەکات، کە ئێران "نەوەی سەرەکی هەموو ئارییەکانە". ئەم ڕۆژنامەیە بە باسکردنی ڕاپۆرتێك لەبارەی ڕێزگرتنێك لە بەرلین کە لەودا ڕێوڕەسمی ئاگرپەرستی بەڕێوە دەچوو، جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە دابونەریتی ئارییەکان "هەمان پێکردنی ئاگری پیرۆز بوو، لە جەژنی نازییەکان زیندوو بووەتەوە و زۆر ناخایەنێت کە هەموو دابونەریتی ئارییە کۆنەکان، هەموو ئەو شتانەی کە لە ئێرانی کۆن هەبوو، لە ئەڵمانیا زیندوو دەبێتەوە[79]" لە ژمارەیەکی دیکە ئالفرێد ڕۆزنبێرگ، یەکێك لە سەرەکیترین ئایدیۆلۆگەکانی حیزبی نازی، بۆ ئەوەی گوتبووی ئەڵمانیای ناسیۆنال سۆسیالیست دەبێت یاساکانی یۆنان و ڕۆما بگۆڕێت بە یاساکانی ئاریایی ئێرانی، زۆر ستایش کراوە [80].

ئەم گۆڤارە پڕە لە بانگەشەی پەیوەندیدار بە خزمایەتی نەژادی و بە دەگمەن دەرفەتێك بۆ ستایشکردنی ئاسۆ و ڕوانگەی هیتلەر لە ئەڵمانیا دەهێڵێتەوە. دەستکەوتە تەکنیکییەکانی ئەڵمانیا، پێشکەوتنی پیشەسازیی، پەروەردەی نەتەوە لە بواری وەرزش وەك ئامانجێك و تەنانەت هەواڵی دواکەوتوویی و بێبایەخی بڵاودەکردەوە. ئامانجی ڕۆژنامەی ئێرانی کۆن لە لاپەڕەی یەکەمی هەر ژمارەیەکی ئەو زۆرتر لە چوارچێوەی وشەکانی "ئێران"، "خوا" و "هێمای زەردەشتی" کە لەگەڵ سواستیکا: زیندووکردنەوەی شکۆداری پێش ئیسلام بوو، تێکەڵ و ڕێکدەخرا. ئەم ئامانجە بە ڕاسپاردەی بێکۆتایی بۆ پاککردنەوەی زمانی فارسی لە زیادە "نائارییەکان" درێژەی پێدەدرێت. بەردەوام دژایەتیکردنی جولەکە دووبارە دەکرێتەوە. شێوازیی دەربڕینی نەتەوەگەرایانە و خۆبەزلزانین لە بەرزترین پلەی لواو دایە و گەورەیی و شاکاری ئێرانییە کۆنەکان لە چوارچێوەی شکۆدارترین زاراوە لواوەکان باس دەکات. ئەم گۆڤارە خۆشەویستییەکی بەرچاوی لە نێو دەستەبژێرە خوێندەوارەکانی لایەنگری پاشایەتی هەبوو. پڕوپاگەندەی بەردەوامی فرۆشتنی ژمارەکانی ڕابردوو بینەری ئەم سەرکەوتنەیە.

بێگومان ئەم جارە پڕوپاگەندەی کولتووری بە پشتیوانی دەزگای پڕوپاگەندەی نازی دامەزراوەی (ئەنجومەنی فارسی ئەڵمانیا[81]) لە ساڵی (1934) توندتر بوو، کە پشتیوانی دارایی لە بڵاوکراوە جۆراوجۆرەکان، بەڕێوەبردنی کۆنفرانس و بە شێوەی گشتی ئاڵوگۆڕی کولتووری نێوان دوو وڵاتی ئاسان دەکرد[82]. لە ساڵی (1936) خزمایەتی نەژادی ڕەسمیەتی پەیداکرد، کە بە بڕیارێکی تایبەتی کابینەی ڕایش ئێرانییەکانی لە سنووری یاسا نەژادییەکانی نۆرنبێرگ وەك "ئاریایی ڕەسەن" لێخۆشبوونی بۆ دەرکردن (ئەم بابەتە ڕێگەی بۆ دیپلۆماتە ئێرانییەکانی جێگیر کرد، کە

لە پایتەختەکانی ئەورووپادا گیانی هەزاران جولەکەی ئێرانیی و نائێرانیی ڕزگار بکەن)[83]. نازییەکان تەنانەت بە دەستنیشانکردنی ڕاوێژکارێکی ئەڵمانی و بەکارهێنانی ژمارەیەك لە مامۆستایانی ئەڵمانی توانییان شوێن پێیەکی باش بۆ خۆیان لە بەشە گرنگەگانی پەروەردە و فێرکردنی پەهلەوی بکەنەوە [84]. بەپێی وتەی جۆرج لێنچوڤسکی کە دواتر وەك کارگێڕی ڕاگەیاندن لە باڵیۆزخانەی پۆلۆنیا لە تاران دەستنیشانکرا.

نازییەکان بۆ هاندان و پتەوکردنی برادەریی لە نێوان هەردوو نەتەوە (ئەڵمانیا و ئێران) کەڵکێکی زۆریان لە ئەفسانەی ئاریایی وەرگرت. پەسەندکردنی سواستیکا وەك هێمای حیزبی نازی بە مانای یەکێتی مەعنەوی لە نێوان ئارياييەکانی باکوور و نەتەوەی زەردەشت گوزارشتکرا ... حکومەتی ئەڵمانیا کۆمەڵێك لە کتێبەکانی لە لایەن کتێبخانەی زانستی ئەڵمانیاوە پێشکەش بە ئێران کرد، کە پێکهاتبوو لە (7500) بەرگ و هەڵبەتە ئەم کتێبانە بە وردی هەڵبژێردرابوون، هەوڵیان دەدا، خوێنەرانی ئێرانیی لەبارەی پەیامی کولتووری ئەڵمانیا لە خۆرهەڵات و خزمایەتی لە نێوان ڕایش ناسیۆنال سۆسیالیست و "کولتووری ئاریایی" ئێران بە قەناعەت بگەینن[85].

ڕادیۆ بەرلین کە بە زمانی فارسی بڵاودەکرایەوە، ڕێگەیەکی دیکە بوو کە ئەڵمانییەکان بۆ گواستنەوەی ئایدیای ئارياييستی بۆ ئێران کەڵکیان لێ وەردەگرت. بەڕێوەبەری ئەم پرۆگرامانە بەهرامی شارۆخ بوو. ئەو لە نێو خێزانێکی بەرجەستەی زەردەشتی لەدایکببوو، کوڕی کەیخوسرەو شاروخ ڕاوێژکاری ڕەزا شا بوو، لە ئەڵمانیا خوێندبووی و لەوێدا هۆگری بۆ فیکر و ئایدیاکانی نازیزم پەیداکردبوو. بەپێی وتەی سەرچاوەیەك، بارام شارۆخ یەکێك لە مامۆستاکانی جۆزێف کوبلێس بوو (هەڵبەتە ئەم بانگەشەیە نەسەلماوە)[86]. جێی سەرنجە بزانین، کە دوای شەڕی یەکەمی جیهانیی، محەمەد ڕەزا شا ئەوی بۆ پۆستی بەڕێوەبەری بڵاوکردنەوەی هەواڵ و پڕوپاگەندە دەستنیشانکرد. هەروەها بە ژمارەیەکی دیکە لە کەسانی نزیکی ئەو کە لەژێر کاریگەریی و ئیلهامی ئایدیای نازیزمدا بوون و لە لایەنگرانی پاشایەتی و حیزبی سۆسیالیست و نەتەوەگەرایی نەتەوەی ئێران بوون، پۆستی گرنگی پێدا.

### ئاريايیە هاوچەرخەکان و ئاریای کۆن[87]

ئەمڕۆ لایەنگرانی خوێندنەوەی ئارياييستی لە مێژووی ئێران، ناتوانن بیسەلمێنن، بانگەشەی ئەوان لەبارەی ئارياييبوون ڕیشەی لە ئایدیۆلۆژیایەکی ڕووخاو و بەدناوی ئەورووپاییدا نییە. ئەوان بیروباوەڕی خۆیان لەسەر بنەمای خۆپێناسەیەکی گریمانەکراو لە نەژادێك لە دانیشتوان لە بانی ئێران

وەك ئاریایی "لە سەردەمە زۆر کۆنەکان" بنیات ناوە. وا هەست دەکرێت ناوی ئێران و دووبارەبوونەوەی وشەی ئاریا ariya لە هەندێ سەرچاوەی پێش ئیسلام ئەم باوەڕەی بەهێز کردبێت. هەرچەندە بەڕاستی ئاریا ناوی خێڵێك بووە و ئاریایی نوسخەی بە مۆدێرنیزەکراوی ئەورووپایی بوو لەو زاراوە کۆنەیە، بەڵام لێرەدا بەڵگە بۆ ئەوە دێننەوە، کە ئەم تەعبیرانە بۆ گواستنەوە و گەیاندنی هەمان مانا زۆر دوورن و بە هیچ شێوەیەك ناتوانین ڕووداوە کۆنەکانی ئاریا بۆ پشتیوانی لە بانگەشە ئارییزمەکان بەکار بهێنین. لەیەکچوونی یان نەبوونی ئەو، لە نێوان وشەکانی ئاریا Ariya و ئاریان Ary-an لە زەمینە و پێکهاتەی ئێران، بە دەگمەن . یا دەتوانین بڵێین هیچ کات . بە شێوەیەکی جدی تاوتوێ نەکراوە و جێبەجێکردنی ئەم کارە پێویستی بە لادانی جدی لە نووسراو و بەڵگەنامە کۆنەکان هەیە.

زاراوەی ئاریا Ariya و گۆڕانکاری پەیوەندیدار بەم وشەیەوە چەندینجار لە سەرچاوە کۆنەکان ڕوویداوە. سەرەتا لە کتێبی ئاڤێستا بە airyanem vaejah ئاماژەی پێدراوە. لەڕاستیدا ئەم وشەیە ] لە واقعدا[ شوێنێکە کە لەودا ڕووداوی ئەفسانەیی ڕوویداوە و زۆربەی کات بە "دەشتی ئاریا" یان "گوستەرە" وەردەگێڕێت[88]. ناوی شوێنەکانی دیکەی هەڵگری وشەی ئاریا لە ئاڤێستادا هەیە، کە لە وێناکردنی چەندین پاڵەوانی ئەفسانەیی لە پەیوەندی لەگەڵ ئاریایی بوونی ئەواندا هاتووە، وەکو "تیژترین تیر لە نێو هەموو ئاریاییەکان" (ئارش) یان " پاڵەوانی ئاریاییەکان" ( کەیخوسرەو). دووەم، لەسەر کتێبەکانی نەخشی ڕۆستەم، بە دەسەڵات گەیشتنی پادشاگەلێك وەکو داریوش و خەشایارشا وەك ئەخمینی، پارسا، پارساهیا پوچا، ئاریا، ئاریاچیچا" ئەخمینییەك، پارسییەك، کوڕێکی پارسی، ئاریا، نەژادی ئاریا." سێیەم، لە دەستنووسی ئیلامی لە بیستۆن، خوای مەزدایی و زەردەشتی ئەهورامەزدا[89]، بە ناوی "خوای ئاریاس[90]" پێناسە کراوە، لە کاتێکدا کە لە دەستنووسێکی دیکە، ئاریایی وەك زمانێك باس دەکرێت.

ڕیگ ڤیدای[91] هیندی لە مانای هاوشێوە لەبارەی جۆرە جیاوازەکان لە ئاریا کەڵك وەردەگرێت و نووسەرانی دەقە ڤیداییەکانیش خۆیان بە ئاریا پێناسە دەکەن[92]. ڕەنگە خزمایەتی کولتووری لە نێوان نووسەرانی ئاڤێستا و ڕیگ ڤیدا بە هۆی بەرچاوبوونی هاوشێوەبوونی زمانییەوە، بەتایبەت لە پەیوەندی لەگەڵ بەشە کۆنترەکاندا بێت[93]. نابێت ڕوانگەیەکی بەراوردکاریی ئێمە لێرە ڕاگرێت لەبەرئەوەی باس لەبارەی مانای ئاریای سانسکریتی و پەیوەندی ئەو لەگەڵ نوسخەی ئێرانی هێشتا ڕێگایەکی بۆ پێشخستنی ئەم ئایدیا هەیە[94]. لە دواییدا و بە شێوەیەکی سنووردارتر، هێرۆدۆتوس میدیاکانی بە

ئاریوی ناو دەهێنا و ئەمە لە کاتێکدا بوو، کە پێش لەو هێلانیکوس لەو باوەڕەدا بوو، کە ئاریا تەنیا ناوێکی دیکەی ئێرانە[95].

ڕوون و ئاشکرایە کە لە سەرچاوە ئێرانییەکاندا ئاریا بە گرووپێك لە خەڵك دەگووترێت، کە خاوەنی میراتێکی کولتووری و زمانی هاوبەشن و خۆیان لە ژێر ناوی ئاریا لە بەرامبەر گرووپە نائارییاییەکان پێناسە دەکەن. ئاریاس بریتییە لە پارسەکان، میدیاکان، ئالانەکان، ساکاکان و گرووپگەلێکی دیکە کە بە شێوەیەکی بەربڵاو پەیوەندییان پێکەوە هەبوو. زۆربەی کات لە بواری ڕیشەناسییەوە پەسەندکراوە، کە ئاریا بە مانای "لەدایکبوونی باش"ە، کە ئایدیاکانی ئەشراف و خوایەتی بیر دەهێنێتەوە و بە تایبەت بۆ ناوێکی خێزانی شیاوە[96].

لەم بوار و چوارچێوەدا، لەو باوەڕەدان، کە زاراوەی ئێرانیش لە ئاریا وەرگیراوە. لە سەردەمی ساسانییەکان eran بە مانای "لە ئارییاییەکان"، بە شێوەیەکی بەربڵاو هاومانای "لە ئێرانییەکان" لەبەرچاو دەگیرا، لە کاتێکدا ئێرانشاری[97] (یان تەنانەت نوسخەی ڕوونتر لەو لە سەردەمی ئەشکانییەکان ئاریانشار[98] هۆی ناونانی ڕەسمی ئێمپراتۆریای ساسانییەکان بوو). بەڵگە دەهێننەوە، کە ئەم خوازانە بەشێك لە داهێنانی ساسانییەکان بوون، لە ڕاستیدا جۆرێك ئامرازی سیاسی بۆ بەهێزکردنی شەرعیەتی ئێمپراتۆریای نوێ بە ئاماژە بە ڕابردووە. داهێنرابێت یان نە، زاراوەی مۆدێرنی "ئێران" وەرگیراو لە eran و eran shahr جارێکی دیکە بە مانای "سەرزەمینیە ئارییاییەکان" وەرگیراوە. وا هەست دەکرێت هەموو ئەم توخمانە پشتیوانی لە خوێندنەوەی ئارییاییستی لە مێژووی ئێران دەکەن و پەسەندی دەکەن ،کە ئێرانییەکان " ئارییایی"ن، لەبەرئەوەی ئەوان خاوەنی وشیاری نەژادی تەواو بۆ جیاوازیی "ئەوانیتر" وەك " نائارییایی" بوون.

ئەم ڕاڤە دەلوا، ئەگەر دابەشکردنی مرۆڤایەتی بەسەر دەستەی بایۆلۆژیا، داهێنانی نیمچە زانستی مۆدێرن نەدەبوو، ئەگەر ئاریا و ئارییایی لە ڕاستیدا ئاماژەیان بە واقعیەتێك دەدا. سەرلێشێواوی لە نێوان وشەکانی ئاریا و ئارییایی یەکێك لە حاڵەتە توندەکانی ئاناکرونیزم یان ناوەختە، بابەتێك کە سەرچاوە کۆنەکان سەرتر لە ناسینی دەستکاری کردووە و ئەوان بۆ دانی بایەخ بە ئەفسانەی ئارییایی لە ئێران و شوێنەکانی دیکە بە ئەنقەست بەکارهێناوە. هەروەها کە دەبینین، ئاریا ناوێکی خێزانی بوو، کە لەلایەن گرووپێکی بەتەواوی سنووردار لە خەڵکی کۆن، کە خاوەنی کولتوور و زمانی هاوبەش بوون و لە باکووری هیند هەتا بانی ئێران بڵاو ببوونەوە، بەکاردەهێنرا، بەتایبەت کە هیچ خەڵکێکی خۆرئاوا یان ئەورووپایی لەم پانتاییەی پێناسەدا جێگایان نەبووەتەوە.

لەلایەکی دیکەوە، هەرچەندە ئاریایی مۆدێرن لە ئاریا وەرگیراوە، بەڵام بابەتێکی نەژادییە، کە لە سەدەی نۆزدەیەم لەدایکبووە و چەمکسازیی ئەو لەگەڵ پێشکەوتنە زانستە مۆدێرنەکان (بەتایبەت زمانناسی و داروینیزم) دەرفەتی بۆ ڕەخسا. ئەم چەمکەی هیندییەکان، ئێرانییەکان و ئەورووپاییە مۆدێرنەکان (نەك تەنیا ئێرانییەکان، میدیاکان، ساکاکان و ...هتد) لە ژێر هێشوویەکی نەژادی گەورە و یەکگرتوو بوو، تایبەتمەندییەکی بایۆلۆژیا و دەروونی بەوان دەبەخشی. ئەمانە شتێکی بەتەواوی یەکسان نین و ئەم ناسازگاربوونە سەرچاوە لەم واقعیەتە وەردەگرێت، کە زاراوەی ئاریایی (ئاریا) بۆ وێناکردنی ئایدیایەکی مۆدێرن (ئاریایی) بەکارهێنراوە.

ژمارەیەکی کەم لە نووسەران پێشتر لە زیانەکانی دروستبوو لە کەڵك وەرگرتن لە زاراوەی ئاریایی تێگەیشتوون. لە سەرەتای ساڵی (1941) لە کاتێکدا کە نازییەکان بەسەر ئەڵمانیادا زاڵبوون و مەدەنییەکان بەهۆی بێتوانایی لە سەلماندنی ئاریایی بوون دەکوژران، لێکۆڵەرێکی ئەڵمانی بە ناوی هانس سیگرێت[99]، پێشنیاری کرد، کەڵك وەرگرتن لە زاراوەی ئاریایی دەبێت وەلاوە بنرێت، لەبەرئەوەی ئێمە هەندێ وشەمان لەبەردەستدایە، کە بە مانای ئێرانی، هیندی . ئێرانی و هیندۆئەورووپی و خوێنی ئەڵمانییە، بۆیە شوێنێك بۆ وشەی (ئاریایی) کە ”ئاڵۆز و خاوەنی هەر جۆرە شەفافیەت و تایبەتمەندی زانستی” یە، بە هیچ شێوەیەك نییە[100]. لە پەیوەندی لەگەڵ دڵەڕواکێی ئێمە و لە پێکهاتە و بەستێنێکی بەتەواوی ئێرانی، لەم دواییانە ژان کلنێس[101] بەڵگەی هێناوەتەوە، کە ئاریا تەنیا لە کۆنتێکستی ئێرانی دایە، کە بە مانای خێڵێك شیاوی پەسەندکردنە (لە کاتێکدا دەقی ڤیدایی کە لەودا، بە پێی وتەی ئەو، وەها نییە). لەمڕووەوە نابێت ئەو بە هەمان شێوە کە هەیە دیسان بەرهەم بێنینەوە و نابێت بۆ هیچ زمانێکی نوێ کوپی بکەین” بەڵکو دەبێت وەربگیرێت و تەنیا وەرگێڕانی بایەخداری ئەو ” ئێرانی”یە: ”مۆڵەت بدەن لەگەڵ زاراوەی ”ئاریایی” خواحافیزی بکەین.

پێویست نییە لەبارەی ئەم واقعیەتەوە حەسرەت بخۆین: ئەم چەمکە لق و گەڵای زۆری هەیە”[102]. دوای ئەو دەتوانین بە ئاسوودەیی بەڵگە بێنینەوە، کە کاتێك داریۆش شا دەکەوێتە دووی نەژادی خۆی، مەبەستی ئەو ”من پادشایەکی ئەخمینی (بنەماڵەی دەسەڵاتدار)م. کوڕی قارسی ئێرانییەك (پێشینەی شوێن و جوگرافیا)، ئێرانی بە پێشینەیەکی ئێرانی ( ئێتنیسێتی یان میراتی کولتووری ئەو)”. بە سەرنجدان بەم ڕوانگەیە دەتوانین بە ئاسوودەیی ئێران بە مانای ”سەرزەمینی ئێرانییەکان” بزانین، نەك شتێك کەمتر و نە شتێك زیاتر. بەم گریمانە کە ئەم وڵاتە لە ڕاستیدا ” سەرزەمینی

ئارياييەكان" بێت، بە ماناى ئەوەيە، كە سەرزەمينى ئێرانييەكان، هينديەكان و هەموو ئەورووپاييەكانە، كە بە سادەيى نادروستە و لە سەرچاوە لە مەزەندەكردنى ئارياييگەرايى وەردەگرێت. ئەم پێناسەيە لەلايەن ماكس مولێر[103] برەوى پەيداكرد، كە لە ساڵى (1861) بانگەشەى كرد كە زاراوەى ariya لە زەند ئاڤێستا[104] پيشاندەرى خەڵك و سەرزەمينە و ماناى ئەو "ariyanem vaejah تۆرمى ئاريايى"يە، كە پيشاندەرى سەرچاوەى ئارياييەكانە [105]. لەو كاتەوە هەتا ئەمڕۆ، ئێران لە نووسراوە بەناوبانگ و زانستييەكان بە شێوەيەكى فراوان و بە هەڵە بە "سەرزەمينى ئارياييەكان" ناسێندراوە و ئاڵۆزى ناواخنى لەبارەى ئەوەى كە ئارياييەكان لەڕاستيدا چ كەسانێكنيان دروستكردووە [106]. ماناى ئێران لەژێر ناوى "پانايى يان سەرزەمينى ئارياييەكان يان ئێرانييەكان" بە تێپەڕبوون لە ئارياييزمى مۆدێرن بۆ سەرزەمينێك كە نەژادى پەتى لەودا دەژين، واتە ئارياييەكان، هەمان ئارياييەكانى دانيشتووى ئەورووپا، كە نائارياييەكان بە پێى پێناسەى ئەوان بەدەرن، دەگۆڕێت. من كەسێك كە "سەرزەمينى ئارياييەكان" وەك پێناسەيەك بۆ ئێران بەكار بهێنێت، تۆمەتبار ناكەم، كە نييەتى خراپ يان ستانداردى هاوەدەرى ئێزدواجى هەيە، بەڵام بە سەرنجدان بە پێشينەى زاراوەكانى ئاريا و ئاريايى، ئێزدواجيەتێك دروست دەبێت، ئێزدواجيەتێك كە بانگەشەكەرانى خوێندنەوەى ئاريايستى لە مێژووى ئێران لە ڕادەبەدەر خۆشحاڵ دەبن كە بتوانن ئەو بۆ پێشخستنى بانگەشە ناپيرۆزەكانى خۆيان لەبارەى خزمايەتى نەژادى لەگەڵ ئەورووپا بەكار بێنن.[107]"

لە كەڵك وەرگرتن لە دەستەواژەى "سەرزەمينى ئارياييەكان" ئاڵۆزييەكى زۆر هەيە. لە بوارى ماناييەوە، " سەرزەمينى ئارياييەكان" بەرهەمى قوناغێكە، كە باوەڕى بە هاوچەشنى دانيشتوان لە نێو سنوورە نەتەوەييەكان و بە واتايەكى ديكە هاوخوێنى نەتەوە و سەرزەمين هەبوو و پشتيوانى لەو دەكرد. "سەرزەمينى ئارياييەكان" لە نووسراوى ناسيۆناليستە ئێرانييەكان و لايەنگرانى پەهلەوى، ڕەنگدانەوەى ئايدياگەلێكى مۆدێرن وەكو "يەكبوونى نەتەوەيى" ئێرانى ئاريايى لە بەرامبەر دراوسێيەكانى ئەم سەرزەمينەيە، كە لە بوارى نەژادييەوە جياواز و ناهاوچەشنن. واقعيەتى بابەتەكە زۆر جياوازە، لەبەرئەوەى ئێران هيچ كات شوێنى ژيانى گرووپە مرۆييە يەكسان و هاوچەشنەكان نەبووە و بەڵگەى ئەم واقعيەتەيش سەرچاوە نووسراو و ماديە جۆراوجۆرەكانن، كە لە گۆشە و كەنارى ئەم سەرزەمينە لە زەمەنى دوورەوە هەبووە. مێژووى ئەم سەرزەمينە زنجيرەيەكى دوور و درێژ لە كۆچ و تێكەڵبوونى گرووپە

مرۆییەکان لە ئەنجامی شەڕ، پێکەوە گونجان و تێکەڵبوونی ئەوانە. ئەم بابەتە بە تایبەت لەبارەی بانی ئێران کە لە بواری جوگرافیاییەوە لە شوێنی بە یەك گەیشتنی ڕێڕەوی کۆچ و بازرگانی لە نێوان ئاسیای ناوەڕاست، خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و نیچمە کیشوەری هیند دایە، بەباشی بەڕاست دەگەڕێت. "بنەماڵەی ئیمپراتۆریای ئەخمینی، لە سەدەی شەشەمی پێش لە زایین، زۆرتر پێکهاتە و تێکەڵاوێك بوو لە ئەنجامی تێکەڵەیەك لە توخمگەلێك کە ئەمڕۆ ئەوان لە ژێر ناوی ئاریا و ئاناریا[108] ( نائاریایی) دەناسین". بۆیە ئەم ئایدیا و پێناسەی پەتیبوونی نەژادی پێشکەشکراو لەلایەن خۆرهەڵاتناسان و ئاریاییستەکان لە ئێران و سەرزەمینی ئاریایی، کە دەیانەوێت ئێمە باوەڕ بکەین، بە هیچ شێوەیەك دروست نییە، فرەچەشنی گرووپە مرۆییەکانی ئەم سەرزەمینە وەك نموونە لە ناوی پاشایەتی شاپورشای یەکەم لە ناوی "پادشای ئاریاس و نائاریاس" بەتەواوی دەبیندرێت[109].

لەڕاستیدا، خراپ نییە لەبیرمان بێت، کە لە کۆی 30 هەزار پارچە شوێنەواری کەشفکراو لە تەختی جەمشید، هیچ یەکیان بە زمانی فارسی نەنووسراون، بەڵکو زۆرتر بە ئیلامی و ژمارەیەك زمانی ئارامی نووسراون و ئەمە زمانی کەسانێکە کە بە مانای ئاریاییستی ئەوان بە "سامی" ناوهێنراون.[110] کاریگەری گرووپەکانی دیکە (ئەکەدی، ئاشووری و میسرییەکان و...) لە دیزاین و جۆری تەلارسازیی کەلاوەکانی ئەخمینی و ساسانی بەرجەستەیە. تەنانەت ڕۆژمێری ئاشووری بە بوونی ئاریبیەکان (عەرەبەکان) لە بانی ئێران ئاماژە بە سەدەی هەشتەمی پێش لە زایین دەکات و ئەمە زۆرتر دژیەکی لەگەڵ ئەفسانە پەتییەکانی نەژادی، پاوانکاری ئاریایی بانی ئێران یان بەریەککەوتن و شەڕی ئاشکرای ئاریاییەکان و سامییەکان هەیە. لە بەرامبەردا، ئەم سەرەداو و بەڵگانە پیشاندەری ئەوەیە، کە ئەم سەرزەمینە زۆرتر مەنجەڵێکی کوڵاو لە فرەچەشنی گرووپە مرۆیی و ئێتنیکییەکان بووە[111]. ئەم ڕوانگە کە مێژوو لەلایەن خەباتی خەڵکی لە بواری نەژادی ئاگاوە بیچم دەگرێت، واقعیەتێکی مێژوویی سادە، بەڵام گرنگ پشت گوێ دەخات: ئەوەی کە پەیوەندی نێوان ئێرانییەکان و "دراوسێ سامییەکان"ی ئەوان هەمیشە هەڵگری شەپۆلی کۆچی دوور و درێژ و ئاڵۆز، پێکەوەبوون و گونجان و پەیوەندی کولتووری، زمانی و مەعنەوی بووە. بەشی خۆرئاوای ئیمپراتۆریای ساسانییەکان، واتە عێراقی نائاریایی، بە "دڵی ئێرانشار" ناودەبرێت: ئاریاییستەکان لەم جۆرە ناونانە سوپریانە تێك دەشکێن و نارازی دەبن.

لە سەرەوەی چەند واقعیەتی باسکراو، نۆژەنکردنەوەی تەنانەت وێنەیەکی مەزەندەییش لە ئاسۆی ئیتنیکی، زمانی و

کولتووری . چ بگات بە ئاسۆیەکی نەژادی . لە ئێرانی پێش لە ئەخمینی ئەگەر نەلواو نەبێت، زۆر دژوارە. ئێمە بەڵگەی مادی زۆر کەممان لەبەردەستدایە و کاتێکیش ئەم بەڵگانە هەیە، زۆربەی کات ڕاڤەی جۆراوجۆر لەوان دەکرێت و گرووپێکی بەرفراوان لە شارەزایان (زمانناسان، شوێنەوارناسان، مێژوونووسان) بە زاراوە و میتۆدی ناسازگار و درك پێنەکراو کار لە سەر ئەوان دەکەن[112]. ئەوەی کە فارسی زمانێکی سەر بە گرووپی هیندۆئەورووپاییەکانە، تەنیا دڵنیاییە کە ئێمە هەمانە، بەڵام کەڵك وەرگرتن لەو بۆ ئەنجامێك لەبارەی ئیتنیکێتی، کۆچ، کێشانی فلێش و دانانی نیشانە لەسەر نەخشە گەورەکان، یان بانگەشەی ئەوەی کە ئێرانییەکان بە شێوازێکی سەیر و نامۆ هاوشێوەبوونێکی زۆرتریان لەگەڵ ئەڵمانییەکان هەیە، نەك بۆ نموونە عێراقییەکان یان تورکەکان، ڕوون و ئاشکرایە کە قسە و بانگەشەیەکی بێمانا و قۆڕە. ئەنجامە دەستەبەربووەکان لە شیکاریی وشە بەراوردکارییەکان، خوێندنەوەی بەرهەمی نەناسراو و (دەستکاری کراو) و هەوڵدان بۆ کەڵك وەرگرتن لەم توخمە سنووردارانە بۆ پێکهاتەی گێڕانەوەیەکی گەورە لە کۆچ و خزمایەتی (ئێرانییەکان و ئەورووپاییەکان) شیاوی باس و مشتومڕە.

کاتێك کرمانی، ڕەزا زادە . شەفەق و پیرنیا زاراوەی ئاریایی ( ÁRIYÁNدواتر ÁRI-YÁYI)یان خستە بەرباس، مانای سەرەکی وشەی ئاریایی بە مانای ئێرانی لەنێوچوو. بە دڵنیاییەوە دەتوانین بانگەشە بکەین، کە لە ئێرانی مۆدێرن لە وشەی ئاریایی ÁRIYÁYI بە مانای ئێران یان ئێرانی یان بۆ پیشاندانی کۆمەڵگەیەك بە زمان و کولتووری تایبەتەوە کەڵك وەرناگرێت، بەڵکو بە تایبەتی وەك بەڵگەیەك لە بانگەشەی پەیوەندی نەژادی ئێرانییەکان لەگەڵ ئەورووپاییەکان و هەڵبەتە پیشاندانی بەرهەڵستکارییکردنی عەرەب و سامییەکان. هەموو ئەو سەرچاوانەی لەسەرەوە ئاماژەیان پێدرا بە شێوازێك قەرزداری ئەم شێوازە تێڕوانینەی سەدەی نۆزدەیەم لە ئەورووپایە. بە لێدانی پردێك لە نێوان خوازەی کۆنی ئاریایی (ARIYA) لەگەڵ ئاریایی (ARYAN)ی مۆدێرن، ستراتیژییەکی نوێ لە دانانی سنووری نەژادەکان لەگەڵ عەرەب و تورکەکان و هاوکات بەستراوە بەبوونی نەژادی بە ئەورووپاییەکان و دەستکەوتەکانی ئەوانەوە . ئەوەی کە من بە ” بێمانایی“ ناوی دێنم . بە گەڕانەوە بۆ سەرچاوەکان یاسایی و شەرعی بوو.

ئامانجی ئێستای کەڵك وەرگرتن لە وشەی ئاریا بەمەبەستی شەرعیەتپێدان بە ئاریایی بوونی ئێران تەنیا سیاسییە. بۆ تێگەیشتن لە چییەتی پێشوازیی بەهەستی ئێرانییەکان لە ئایدیای ئارییایزم، دەبێت بە وردی سەیری

نەتەوەگەرایی ئێرانی بکەین، کە لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەیەم لە نێو نووسەرانی مۆدێرنیستیدا سەریهەڵدا و دواتر بووە ئایدیۆلۆژیای ڕەسمی حکومەتی پەهلەوی.

## نەتەوەگەرایی و پێشوازیی لە ئایدیای ئارياییزم

لە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەیەم، بژاردە لە خۆ ڕازییەکانی ئێرانی سەردەمی قاجار زەربەیەکی قورسیان لە دەسەڵاتی سەربازیی و بێبەزەییانەی وڵاتانی ئەورووپایی خوارد. شکستهێنانی قورسی سوپای ئێران زۆربەی ئێرانییە وشیارەکانی هەژاند و سەرنجی ئەوانی ئاڕاستەی کەمبوونەوەی دەسەڵاتی وڵات کرد. ئەم بەریەککەوتنە پڕ لە ئازارە لەگەڵ ڕووسیا و بەریتانیا و بیچمی بە ئینتیمای ئەوان کە هێدی هێدی ڕێگای بۆ دروستکردنی بزووتنەوەیەکی مۆدێرنیستی (بزاڤی نوێخوازی) خۆش کرد[113]. لە بنەمادا، مۆدێرنیستەکان (نوێخوازەکان) دەیانوویست لە ڕێگای چاکسازیی لە حکومەت و دامەزراوەکانییەوە، ئێران ناچار بە ڕۆشتنە نێو ڕێڕەوی مۆدێرنیزاسیۆن بکەن بۆ ئەوەی بتوانن دەستیان بە پێشکەوتنی وڵاتانی ئەورووپایی ڕابگات. بە داخەوە بۆ بژاردە نوێخوازەکان، ناوەڕۆکی سەرەڕۆیانەی دەسەڵاتداریەتی قاجار و خۆڕاگری دەربار و پیاوانی ئایینی ڕێگەی لە هەر جۆرە گۆڕانکاریی بنەمایی لانیکەم هەتا شۆڕشی دەستووری (1906) و هەڵبەتە تەنانەت دوای ئەو سەردەمە بوو.

لە ساڵەکانی (1860) بەرەو سەر، وەك یەکێك لە ئەنجامەکانی ئەم متبوونە سیاسییە، گرووپێك لە ڕۆشنبیران بە ڕابەریی میرزا فەتحعەلی ئاخوندزادە (1878.1812) بە شێوەیەکی بەردەوام هەڵوێستی ڕادیکاڵیانە لە باسە مۆدێرنەکان گرتەبەر. نووسراوەکانی ئەوان بە شێوازێکی نوێ لە پەیوەندی لەگەڵ ڕابردووی ئێران و ئەوەی کە داهاتووی ئەو چلۆن بێت، سەریهەڵدا و ئەم کەسانە بنەمای نەتەوەگەرایی ئایدیۆلۆژیکی ئێرانیان ئامادەکرد.

بەپێچەوانەی هاوتا مۆدێرنیستەکانی خۆیان، ڕێگاچارەی نەتەوەگەرایانی ئێرانیی لەبارەی کێشەکانی ئێران زیاتر لەوەی لە جۆری چاکسازیی بابەتی بێت زۆرتر گوتاری و ئەبستراکت بوو. هەرچەندە ئەوان لە مۆدێرنیزاسیۆنی ڕێککاریی سیاسی، کۆمەڵایەتی یان ئابووری وڵات (زۆرتر لە چوارچێوەی زاراوەگەلێکی تا ڕادەیەك ئاڵۆز و ئۆتۆپیایی) پشتیوانییان دەکرد، بەڵام گوتاری نەتەوەگەرایانەی ئەوان زۆرتر لە بارودۆخی ئارایی ئێران پەژارەی خۆیان پیشاندەدا و زۆرتر دەرگیری ستایش و هەستی نۆستالژیك بۆ ڕابردووی کۆنی شکۆدار و بزرببوو. ئەم بژاردانە بە سەرنجدان بەوەی کە بە باڵادەستی خودی ئێرانییەکان وێنایان دەکرد، بارودۆخی

ئارایی کە ئێران تووشی بووە زۆرتر وەك لادانێك دەهاتە ئەژمار. ئەم هەڵسەنگاندنە بەرزەفڕانە لە سروشتی ئێرانییەکان لەسەر بنەمای شکۆی ئێرانی پێش لە ئیسلام ئەنجامەدرا، کە لەلایەن لێکۆڵەرانی خۆرهەڵاتناسی کە لە ئێران کەسێك ئەوانی نەدەناسی، پەسەندکراو بوو. تەنانەت چاوخشاندنێکی خێرا بەسەر نووسراوەکانی سەدەی نۆزدەیەمی ئەوروپاییەکان لەبارەی ئێران، پەرێشانی خۆرهەڵاتناسان لەبارەی قوناغی پێش ئیسلام پیشاندەدات. دەتوانین بڵێین کە ئەم شەیدابوونە دوو هۆی سەرەکی هەبوو، یەکەم، ئەم قۆناغە لە مێژووی ئێران پەیوەندی بە پێش لە ئیسلامەوە هەبوو. هەستی خزمایەتی تایبەت لە ئاست ئیسلام و هەر شتێکی دیکە کە ڕەنگ و بۆنی ئیسلامی هەبوو لە ئەورووپاییەکان و نووسراوەکانی ئەوان لەبارەی خۆرهەڵات دەبینرا، لەم بوارەوە جێگای سەرسووڕمان نییە، کە خۆرهەڵاتناسان بە ڕێزێکی زۆرترەوە سەیری قوناغی پێش لە ئیسلام دەکەن[114]. دووەم، زۆربەی خۆرهەڵاتناسانی ئەورووپایی بە ئاڕاستەیەکی کلاسیك و لە ڕێگەی سەرچاوە یۆنانی و لاتینەکان سەیری بابەتەکانی خۆیان دەکرد. بۆیە ئەوان وەك کلاسیکگەراکان، لە ئیسلام بێزابوون و ئەویان بە دیاردەیەك دەبینی، کە خەتی بەسەر خۆرهەڵاتی کۆندا هێنا. بەمشێوەیە، مەسیحیەتیان خۆش دەویست، لەبەرئەوەی کۆتایی بە کۆنی خۆرئاوا هێنا. ڕەنگە بەکارهێنانی نەستی خوێندنەوەی ئەوان لە مێژووی ئەورووپا کاریگەری لەسەر خۆرهەڵاتناسی دانابێت.

ئەوەی کە ڕوانگە و بۆچوونی خۆرهەڵاتناسانی ئەورووپایی لەبارەی ئێرانی پێش لە ئیسلام تەنانەت بۆ نەتەوەگەرا سەرەتاییەکانیش گرنگ بوو، بە هۆی دۆخێکی پیرۆز بوو، کە زەمالەکانی لێکۆڵینەوەی ئەورووپا بە سەرنجدان بەو دەدران و هێشتاش هەروایە. بەهەمان شێوە، کە بە کورتی پێشتر ئاماژەمان پێدا، کاتێك کە مێژوونووسانی لۆکاڵی وەکو پیرنیا و فەرۆغی میتۆدی مۆدێرنی نووسینی مێژوویان بۆ مێژووی ئێران بەکارهێنا، بەرهەمی ئەوان بەتەواوی پشتی بە لێکۆڵینەوەی خۆرهەڵاتناسانی ئەوروپی بەستبوو. لە ڕوانگەی میتۆدۆلۆژییەوە پشت بەستن بە بەرهەمێکی ئەوروپی، بەتەواوی پشتی بە سەرچاوە سەرەکییەکان بەستبوو[115]. کۆی ئەدەبیاتی مۆدێرنیست و نەتەوەگەرایانە لە ئێران بریتییە لە هەڵویستی ستایشکارانەی دوور و درێژ لەبارەی ئەورووپا، زانست، زانایان، کەشفەکان و ئاواتی ئەوەی ئێران ببێت بە ئەورووپا، ئەویش ئەگەر بلوێت بە شەوێك جێبەجێ بکرێت. دەتوانین توخمێك لە گرێی خۆ بەکەمزانین ببینین، کە بە زووترین کات خۆی پیشاندەدات. بۆیە پەسەندکردنی

نووسەرانی ئەورووپایی وەك سێر جۆن مالکۆم، جۆرج ڕاولینسۆن و ئەوانیتر لەبارەی شارستانیەتی ڕابردووی ئێران وەك شارستانیەتی شیاوی ستایش بێگومان هانی بژاردە ئێرانییەکانی دا. ڕەنگە بە شێوەی نەستی . بۆ ئەوەی جەخت لەسەر دەستکەوتەکانی ئەو بکەنەوە. ئەوان هەوڵیاندا ئێرانی کۆن وەك بەرجەستەکەری ئێرانییەتی بنەمایی بناسێنن بۆ ئەوەی بتوانین بارودۆخی نالەباری ئێستای بگەیننە ئاستی لانیکەمی. ئەم شەوقە لەبارەی قۆناغی پێش لە ئیسلام. لە سەردەمی پەهلەوی هەتا ئەمڕۆ. یەکێك لە ستوونەکانی بونیادنەری نەتەوەگەرایی ئایدیۆلۆژیکی ئێرانە. هەروەها هەست دەکرێت ئێرانی پێش لە ئیسلام لەو شتەی سەردەمی قاجار نەیبوو (واتە دەسەڵات و پێشکەوتن) ئەو هەیبوو و لە هەمانکاتدا، دوورگرتن لەو سەردەمە شکۆدارەی ڕابردوو، ئەوی کردە خاڵێکی سەرەتای شیاو بۆ دەربڕینی گێڕانەوەی شەجەرەنامەی کۆمەڵگەی ئێرانیی. لەڕاستیدا نەتەوەکان هەمیشە پێیان خۆشە شەجەرە و مێژووی خۆیان دوور و درێژ و کۆن پیشان بدەن.

بۆ نموونە وێناکردنی یۆتۆپیایانەی ئاخوندزادە لەبارەی ئێرانی کۆن زیاتر لە هەر کۆمەڵگەیەکی ڕاستەقینەی مرۆیی هاوشێوەی باخی عەدەنە. ئەو قەڵەمڕەوێکی ئایدیال وێنا دەکات، کە لەودا خەڵك لەژێر سێبەری "حکومەتی پادشا خێرخوازەکان" دەژیان، کە لە ڕواڵەتدا بەدوور لە هەر جۆرە پەستی بوونێک. ئێرانییە کۆنەکان کە سوودیان لە نیعمەت و ڕەحمەتی خودایی وەردەگرت، هەژاری لە فەرهەنگ و زمانی ئەواندا مانایەکی نەبوو. پادشاکان ئاگاداری تەندروستی بێبەرامبەر، سیستەمی کارامە و دەسەڵاتداریەتی یاسا بۆ خەڵکیان دەستەبەر کردبوو، تا ڕادەیەك سزای کوشتن نەبوو[116]! میرزا ئاغاخانی کرمانی، قوتابی وەفاداری ئاخوندزادە کاتێك لە بارەی نەتەوەگەرایی دەینووسی[117]، تەنانەت سنوور دەبەزێنێت و بانگەشەی ئەوەی دەکرد، کە ئێرانی کۆن لە ئەورووپای هاوچەرخ پێشکەوتووتر بوو[118]. شەوقی کۆنگەرایی نەتەوەگەرایانە تەنانەت لە نەوەکانی دواتر بە تایبەت لە شیعرەکانی ئەبوئەلقاسم عارف قەزوینی، میرزداە عەشقی، میرزا محەمەد فەرۆخی یەزدی، ڕۆمانەکانی سادق هیدایەت، بوزورگی عەلەوی، بە شێوەیەکی بەردەوام ڕەنگی دایەوە و لە ڕاستیدا لە بنەماڵەی پەهلەویدا بوو، کە ئەم مۆرکە تایبەتەی نەتەوەگەرایی بووە ئایدیۆلۆژیای ڕەسمی دەسەڵاتداریەتی. تەنانەت ئەمڕۆ بانگەشە دەکرێت کە شتێك بە ناوی دەسەڵاتداری سەرەڕۆ لە ئێرانی کۆندا نەبووە و دڵڕەقی و بێبەزەیی دەسەڵاتداران بابەتێکی بەدەر بوو، هەڵبەتە هەتا کاتێك کە هێرشی عەرەبەکان، مەغولەکان و تورکەکان

ئەم دڵڕەق و ستەمانەی کردە باو، لێرە ئەوەی جێی سەرنجە، هەندێ کات ئەم بانگەشە ڕەهایانە ڕۆیشتوونەتە نێو کۆنفرانسە "زانستی"یەکانی ئێرانەوە[119].

ئەم جۆرە گێڕانەوانە ئێمە دەگەیننە ئەو ئەنجامە سروشتییە، کە ئێران بە شێوەی خودی پێشکەوتوو، بەڵام لە ئێستا دواکەوتوویەکی نابەجێ پیشان دەدات. گێڕانەوەیەکی وەها پێویستی بەوەیە، "ئەویتر"ی بێگانە قوربانی ببێت بۆ ئەوەی تاوانباری ڕۆخانی ئێران لە بەهەشت بناسرێت، بەپێچەوانەی ئەمە پێویستی تێگەیشتن و درکی لادەرانە، کە ئەمڕۆ ئێران لەودا دەژی، گەڕانێکی دوور و درێژ و پڕ لە ئازار لە مێژە، کە سروشتی مرۆڤ هۆگری بۆ ئەم جۆرە بابەتە پڕ لە ماندووبوونانە نییە. لە حاڵەتی پەسەندکردنی ئەم گێڕانەوەیە، ئەوە عەرەبەکانن و ئایینی ئەوان (ئیسلام)ە، کە دەبێت هەموو تاوانەکان لە ئەستۆ بگرن. دەق و نووسراوە سەرەتاییەکان لەگەڵ ناوەڕۆکی نەتەوەگەرایانە پڕ لە ڕەخنەی نەژادپەرستانەی توند لەدژی عەرەبەکانە. کرمانی ئەوان بە "ڕووت، کەڕی ڕووست، وەحشی، برسی و خوێڕی" وێنا دەکات[120]. هەروها دەڵێت: "من تفم تێدەکردن... چەتە ڕووتەکان، مشك خۆرە بێماڵ و حاڵەکان... مرۆڤە پەستەکان، ئاژەڵە وەحشییەکان.. دزەکانی وشترسوار، ڕەش پێستەکان و زەردپێستە ڕووشاوەکان، ئاژەڵ ئاساکان و تەنانەت خراپتر لە ئاژەڵ[121]" و....هتد. بەرهەمی ئەو سێ نووسراو (1890) تووڕەییەکی دوور و درێژ و بەتاڵ لە ناوەڕۆك لەدژی عەرەبەکانە، کە ئەو هەر شکستێکی ئێرانییەکانی لە چاوی ئەوانەوە دەبینی[122]. بەرهەم و نووسراوەکانی سادق هیدایەت (1903. 51) گەورەترین و کاریگەرترین ڕۆماننووسی ئێرانی، پڕ لە تایبەتمەندی و چەند گوزارشتێکی وەکو "مارمێلکە خۆرەکانی پێ پەتی و وەحشی"یە[123].

ئەم قوناغە سەرەتای هەوڵێك بوو بۆ لە ڕیشە هەڵکەندنی هەموو ئەو شتانە کە ئەم گرووپە لە نووسەران بە عەرەب و عەرەبی دەیانزانی و بۆیە بە " بێگانە" دەهاتنە ئەژمار. بۆ نموونە، جەلال ئەلدین میرزا قاجار (1702.1826) نووسەری پێش لە قۆناغی نەتەوەگەرایی، نووسین بە پارسی پەتی دەستی پێکرد (بەدوور لە هەر وشەیەکی نافارسی)، شێوازێك کە کەڵك وەرگرتن لە وشە عەرەبییەکان ئیدانە دەکات و هەتا ئەمڕۆ یەکێك لە تایبەتمەندییە بەرجەستەکانی نووسینی بە شێوازی نەتەوەگەرایی بووە. ئاخوندزادە ستایشی ئەم هەوڵەی جەلال ئەلدین میرزای کرد و ئەوی هاوشێوەی هەوڵەکانی خۆی بۆ "پاك کردنەوەی نەتەوەی ئێمە (ئێران) لە ئەلفوبێی عەرەبی" زانی[124]. ڕوونە کە ئەم هەستە دژە عەرەبییانە لەسەر بنەمای زانست و مەعریفەی ئەوان بونیاد

نەنراوە (هەرچەندە خودی ئاخوندزادە بەباشی زمانی عەرەبی زانیوە). ڕقی ئەم نووسەرانە تەنیا ئامرازێکی فیکری بوو، کە بۆ پاساوهێنانەوە بۆ دواکەوتوویی ئێران بەکار دەهێنرا، بەبێ ئەوەی کە بە قووڵی لە کەموکوڕی ڕاستەقینەی حکومەت و کۆمەڵگەی ئێران تێڕامابن. دامەزراوە ئارایەکان وەکو بنەماڵەی قاجار یان پیاوانی ئایینیش ئامانجی هێرشەکانی ئەوان بوون. بەمەشەوە، کەموکوڕی ئەوان لە قەناعەت هێنان بە کۆمەڵگە لەگەڵ ئاماژە بە هەندێ لە هۆکارە "بێگانەکان" وەکو ئیسلام کە زانستی ئەوانی لەکەدار و دەستکاری کردووە، شیکراوەتەوە. زۆر زوو، نەتەوەگەراکانی پێشڕەوی ئێرانیی تەنانەت لە پەسەندکردنی وڕێنەی ئەنتروپۆلۆژیستی نەژادی خۆشحاڵبوون تەنیا بەو مەرجەی بتوانن بۆ بێبایەخ کردنی عەرەبەکان بەکاری بێنن[125].

ئەم تاوتوێکردنە کورتە خێرا لە چۆنیەتی سەرهەڵدانی هەستی دژە عەرەبیی لە نێو ڕۆشنبیرانی نەتەوەگەرایی ئێران، بەباشی ئاڵۆزی ئەم سەردەمە و باسەکانی ئەو پیشان نادات. بەمەشەوە، ئەم بانگەشانە چەند سەرەداوێك دەخەنەڕوو، کە بۆچی ئەنجومەنە نەتەوەگەرا ئێرانییەکان ئەوەندە پێشوازییان لە ئایدیای ئارياییزم کردووە. ئاخوندزادە و شوێنکەوتووانی پێداگیرییان لەسەر پێشکەوتووبوونی خودی ئێرانییەکان دەکرد، لە کاتێکدا کە ئارياییزم جەختی لەسەر سەرڤانییە خودییەکانی نەژادی ئاریایی (وەك داهێنان، شارستانییەت، باڵادەستی و ...هتد) دەکردەوە. نەتەوەگەرا ئێرانییەکان، تاوانی ڕووخان و لەنێوچوونی ئێرانیان خستە ئەستۆی ئیسلام و عەرەبەکان، لە کاتێکدا کە ئاریاییگەرایی نەژادی سامی (عەرەب)ە، "پێستی تاوانکاری و سروشتی دژیەکی خوڵقێنی ئەو" پێناسە دەکرد و بێتوانایی عەرەبەکان لە "تێگەیشتنی لە جوانییە میتافیزیاییەکان" بۆ پاساوهێنانەوەی ئەم بۆچوونە دەکردە بەهانە[126]. ڕۆشنبیران لە جەلال ئەلدین میرزاوە هەتا محەمەد عەلی فلوئی (زەکائەلمولك) ژیانی خۆیان بۆ "پاککردنەوەی" زمانی فارسی لە وشە عەرەبییەکان و ئاخوندزادە و مولکەم خان بۆ ئەلفوبێ عەرەبیی تەرخان کرد، لە کاتێکدا کە ئارياییزم لادانی نەژادی (ئاماژە بە نەژادە نائارياییەکان و بە تایبەت عەرەب) کە گوبینۆ . دواتر نازییەکان . بە هۆکاری سەرەکی داڕمانی شارستانییەتیان دەهێنایە ئەژمار، بە توندی ئیدانە دەکرد.

ڕوانگەی خودگەرایانەی شاراوە لە ئارياییزم لەبارەی سامییەکان (هەرچەندە زۆرتر جولەکەکانی کردبووە ئامانج نەك عەرەبەکان) و ناکۆکی نێوان ئاریاییەکان و سامییەکان هەتا پێگەی پرەنسیپێکی زانستی پێشخست، کە بەتەواوی لە بێزاری

نەتەوەگەرایی ئایدیۆلۆژیکی ئێران لە عەرەبەکان ڕەنگی دەدایەوە و ئینتیمای بۆ ئەوە هەبوو ئێرانییەکان لەهەر جۆرە پەسەندکردنی بەرپرسیاریەتی لە بەرامبەر دارمانێك کە لەودا دەژیان، بەبێتاوان پێشان بدات. بەمشێوە، گرێی خۆ بە بچووك زانینی نەتەوەگەرایی لە بەرامبەر ئەورووپا تەنیا دەتوانێت پێشوازی لە پێکهاتەیەکی فیکری بکات، کە ئێرانییەکان لە بواری نەژادییەوە بە هاوشێوەی ئەورووپاییەکان پێناسە بکات، بەتایبەت ئەگەر ئەم پێکهاتە فیکرییە خۆی بەرهەمی هزری ئەورووپایی بێت. لە بواری سەیرکردنی ڕابردوو، ئەم دڵەڕاوکێیە هەبوو، کە چلۆن ئایدیای ناسیۆنالیزم ئایدیۆلۆژیکی تازە سەرهەڵداو و ئاریاییزم پێکەوە ناگونجێن. پێشکەشکردنی ڕێگەیەکی ئاسان بۆ زانایانی نەتەوەگەرا بۆ ڕزگاربوون لە کێشەی مێژوویی لەنێوچوون و دارمانی ئێران، جێگای سەرسووڕمان نییە، کە ئایدیای ئاریاییزم بووە ئەم ڕێگەچارەیەی ڕزگاریدەر و توخمی سەرەکی لە پێناسەی نەتەوەگەرایانە لە شوووناسی ئێرانیی. ئەمە باوەڕێکی ئاسان و سادە بوو، بەبێ ئەوەی بەڕاستی تەنانەت باوەڕێك بێت: شتێکی سەرتر لە قاور، تیۆرییەکی زانستی بوو. تیۆری زانستی کە لە ئەورووپادا پەرەی سەندبوو و خرابووە بەرباس. چلۆن دەلوێت ئەورووپاییەکان هەڵە بکەن؟

**خۆ بە خۆرهەڵاتی کردن و بێمانایی**

پێکەوەژیان لە نێوان نەتەوەگەرایی ئایدیۆلۆژیکی تازە سەرهەڵداو و ئاریاییزم بۆ شیکردنەوە و پاساوهێنانەوە، بەڵگەی پێشوازیی خێرا لە گوتاری ئاریایی لە ئێران ڕێگەیەکی دوور و درێژی تێپەڕ کردووە. بەمەشەوە، پێداگیری نائاسایی ئەو لە بەرامبەر میراتی مێژوویی ئاڵۆز و بەڵگەی زانستی دژیەکی پیشان دەدات، کە دەبێت ئەمە شتێك زیاتر لە باوەڕێکی خۆش و ئاسوودە بووبێت. من بەڵگە بۆ ئەوە دێنمەوە، کە ئاریاییزم لە ڕێگای دوو دیاردەوە بە یەکتر بەستراوە، من ئەوان بە خۆ بەخۆرهەڵاتیکردن و بێمانایی ناودەنێم، ڕۆڵی بنەمایی لە بیچمگرتنی سیاسەتی شووناسی ئێرانیی دەگێڕێت. لێرەدا چەمکی خۆ بە خۆرهەڵاتی کردن، بەتەواوی کتێبی کاریگەریی ئێدوارد سەعید و نووسراوەکانی ئەو لەبارەی خۆرهەڵاتناسی بە گریمانە وەرناگرێت. دەبێت جەخت لەسەر ئەوە بکەمەوە، کە زۆربەی نووسراوی ئەورووپاییەکان لەبارەی "خۆرهەڵات" ( لە ڕاستیدا هەر شتێك جیا لە ئەورووپا) لە سەدەی نۆزدەیەم بونیادگەرایانە و ڕق لەدڵانە، ئەگەر نەڵێم بەتەواوی نەژادپەرستانە بوون و گریمانەی تەواوی بۆ ئەو لەم بوارەوە هەیە. ئەم واقعیەتە (ڕق لە دڵابوونی بەرهەمە ئەورووپاییەکان) تەنانەت لەپێش کاری سەعیدیش سەرنجی پێدرابوو و

هەتا ڕادەیەکی زۆریش پەسەند کراوبوو.

خۆبەخۆرهەڵاتیکردن، تا ڕادەیەك لە نەبوونی هەستی دژیەکی ڕۆشنبیرانی ئێران لە ئاست هزری ئەورووپایی سەرچاوە دەگرێت (بەهەمان شێوە کە تاوتوێی ئێمە پیشانی دەدات بەتەواوی بەپێچەوانە بوو). بەپێچەوانەی سەرزەمینە خوازراوە ڕەسمییەکانەوە، نەتەوەگەرایی لە ئێراندا هەوڵی نەدا ئێرانییەکان لە هەژمۆنی کۆلۆنیالیستی ڕزگار بکات، بەڵکو لە بواری پێشکەوتنی سەربازیی، ئابووری و سیاسییەوە هەوڵیدا بگاتە ئاستی ئەورووپاییەکان[127]. بۆیە ئینتیما بۆ جیابوونەوە یان جیابوونەوە لە ئەورووپا کەمتر بوو، ئینتیما بۆ سەلماندن یان دوبارەکردنەوەی بێبڕانەوەی دەستکەوتەکانی پێش لە ئیسلام دووبارەبووەوە بۆ ئەوەی پیشانی بدەن، کە ئێرانییەکان لە ئەورووپا کەمتر نین، ئەگەریش ئەمە نەدەلوا) بە چاولێکەری ڕواڵەتی لە ئەورووپا و شێوازیی ئەوان پیشانی بدەن، کە ئێرانییەکانیش دەتوانن بە باشی ئەورووپاییەکان کار بکەن. نەبوونی ئینتیما بۆ جیابوونەوە لە ئەورووپا هاوڕێ لەگەڵ گرێی خۆبەبچووك زانین، کە پێشتر ئاماژەی پێدرا، بووە هۆی دەروونی بوونی دەمارگرژی خۆرهەڵاتناسی لە ئاست ئیسلام و خۆرهەڵات.

ئایدیۆلۆگە نەتەوەگەراکان لە ناخی دڵەوە پێشوازییان لە بێزاری خۆرهەڵاتناسان لە ئاست ئیسلام دەکرد و ڕەخنەکانی ئەوان لە دژی ئیسلام و پیاوانی ئایینی تەنانەت لە ئەورووپاییەکان ناشیرینتر و دەمارگرژانەتر بوو[128]. بەمشێوەیە لەگەڵ "خۆرهەڵاتییەکان"، بە تایبەت عەرەبەکان ڕەفتاریان دەکرد. لە هەندێ حاڵەت وەکو کرمانی، ئەوان تەنانەت دەمارگرژی خۆرهەڵاتناسان لە ئاست خودی ئێرانیان دیسان بەرهەم دەهێنایەوە[129]. خۆ بە خۆرهەڵاتی کردن، لایەنگری بێ ئەملاو ئەولا لە دەمارگرژی خۆرهەڵاتناسانە و دوورگرتن لە ڕۆیشتنە نێو باسەکان لە خۆرهەڵاتناسان بە ئامانجی نووسینی وەڵامێك لەدژی خودگەرایی ئەوان، دوورگرتن لە بەڵگەهێنانەوە لەبەرامبەر هەڵویستی نەژادپەرستانە کە لە زۆر لایەنەوە خودی نەتەوەگەرایی ئێرانیی دەکاتە ئامانجی خۆی، بابەتێکی بەتەواوی باو بوو[130]. لەبەرامبەردا، ئەوان دەمارگرژی خۆرهەڵاتناسییان دوبارە دەکردەوە و هەوڵیان دەدا، بەڵگە بۆ ئەوە بهێننەوە کە هەرچەندە ئەم دەمارگرژیانە لە ڕاستیدا دروستبوون، بەڵام بە هۆی پێشینەی مێژوویی و دەستکەوتەکانی پێش لە ئیسلام لەبارەی ئەوانەوە شیاوی گشتاندن نییە. ئارییایگەرایی بە ناساندنی توخمی "نەژادی باڵا" لە چوارچێوەی پارادایمێك یارمەتی بەهێزبوونی ئەم شێوازەی بیرکردنەوە دەدات. لە ژێر ئاڵای قورسی لووتبەرزی و

نیشتمانپەروەریی کە لەلایەن نەتەوەگەرایی ئایدیۆلۆژیکی ئێرانییەوە نمایش دەکرێت، خۆ بە خۆرهەڵاتکردن شتێك جیا لە ڕەنگدانەوەی ڕق لەخۆ لە جلوبەرگی گۆڕاودا نییە، ئینتیمای بێهیوایانە بە شتێك جیا لە "خۆرهەڵاتێك"ی ڕەها، ئەندامی "نەتەوەیەکی ئاسایی" چارەڕەش، دڵخۆشکردن بەوەی کە گرووپێك لە خەڵکی ئاریایی لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بە لاڕێدا ڕۆیشتوون. لەمڕووەوە، ستراتیژی خۆ بەخۆرهەڵاتکردن ئەمە بوو کە ئێرانییەکان پارێزگاریی لە گریمانەی ئەورووپایی لە مەڕ خۆرهەڵات بکەن، هەڵبەتە نەك بە شەڕ لەگەڵ ئەوان، بەڵکو بە لەباوشگرتن و ناساندنی ریزپەڕێك (ئێرانیی نایاب) لە هاوکێشەی گشتی.

هیچ شتێك زیاتر لە ئاریاییزم، نەتەوەگەرایی ئایدیۆلۆژیکی ئێرانیی، ناوەڕۆکی گوتار و نەژادپەرستی خودی ئەوی بەهێز نەکرد. ئارياییگەرایی، نەتەوەگەرایی ئێرانی بە تێکەڵاوێکی تیۆری سەروو ئاسایی چەکدار کرد. ئەم بابەتە بووە ستوونی سەرەکی بنەمای فیکری نەتەوەگەرایی ئێرانیی کە هەوڵی دەدا شادترین سیمای دارمانی ئێران شیکاری بکات: شکۆی ئێرانی کۆن ڕیشەی لە ئاریاییبوونی ئەو دایە، شکۆیەك کە بە هاتنی عەرەبەکان کاڵ بووەوە و لە داهاتوودا ئەگەر ئێران بیەوێت شکۆی خۆی بە دەست بێنێتەوە دەبێت کوێرکوێرانە خۆی بە خۆرئاوایی بکات.

ئەم پرۆگرامە گوتارێکی بەتەواوی سیاسی، پرۆژەیەك بۆ داهاتوو بە نیگایەك بۆ ڕابردوو، سیمایەکی دیکە لە نەتەوەگەرایی ئێرانیی نمایشکرد: سیاسەتی بێمانایی، یان هەوڵدان لە ڕێگەی گوتاری نەژادی ئارياییزم بۆ ڕزگاریی ئێران لە واقعیەتی ئیسلامی و خۆرهەڵاتی ئەو و بردنی ناچاری ئەو بۆ نێو دونیای دەستکردی خۆرئاوا.

زیهنییەتی بێمانایی ئەنجامی ڕاستەوخۆی ئارياییزم بوو. خۆ بە خۆرهەڵاتیکردن پێش لە ئارياییزمیش هەبوو و تەنیا بە زیادکردنی ئارياییزم و تام و بۆنی زانستگەرایی توندتر بوو. لەلایەکی دیکەوە، پارامێتری بێمانایی پێویستی بە توخمی خزمایەتی نەژادی لەگەڵ ئەورووپاییەکان هەبوو، بۆ ئەوەی لە بواری ماناییەوە لواو و شیاوی پاساوهێنانەوە بێت. وەك ستراتیژییەك، بێمانایی ئاڵۆزیی سووکایەتی پێکردنی شاراوە لە نەتەوەگەرایی ئایدیۆلۆژیك لە ئاست ئەورووپا لەبەرچاو دەگرێت. پێشتریش هەست بەم ئاڵۆزییە کراوە. ئەم ئاڵۆزییە بریتییە لە وەسواسبوونێکی سەیر بۆ سەلماندنی دواکەوتوو نەبوونی ئێران لە ڕێگەی گەڕانەوە بۆ نوستالۆژیای کۆنگەرایانە بوو. لە زۆربەی نووسراوە فیکرییەکان ئەم وەسواسە تەنانەت سەرتر لە ئەنجومەنە نەتەوەگەراییەکان و نوێخوازی شیاوی بینینە. بۆ نموونە عەبداڵ بەها عەباس (1921 . 1844)، ڕابەری بەهایی و کوڕی بونیادنەری

بەهائەڵلا، بە ئاماژەپێدان بە گەورەیی ئێرانی پێش لە ئیسلام ڕایدەگەینێت: "نابێت وا بیر بکەینەوە کە خەڵکی ئێران لە بواری زەینییەوە کەموکووڕییان هەیە، یان ئەوەی کە ... ئەوان لەوانیتر پەستترن."[131] تاکتیکێکی دیکە کە پیشانی دەدات ئێرانییەکان کەسانێکی سووک و بچووك نین، خۆی لە چاولێکەری ڕواڵەتی لە شێوازی ئەورووپاییەکان پیشاندەدات. لە ساڵی (1935)، ڕەزا شا پەهلەوی، بڕیاری لەسەر نەتەوەگەرایەکی ئایدیۆلۆژیك و سەربازیی دا کە لەسەر دانانی چەپو (کڵاوی بولێر) ئەورووپایی بۆ هەموو خەڵکی ئێران ئیجبارییە، ئەو بە شێوەی تایبەت و نهێنی بڕیاری خۆی بەم ڕستەیە پاساوی بۆ دەهێنێتەوە: "هەموو هەوڵی من بۆ ئەوەیە ئێمە وەکو ئەوان (ئەورووپاییەکان) بین بۆ ئەوەی بە سەروکەللەمان پێنەکەنن."[132] ئەم ڕستەیە بە ڕوونی و زۆر ئاشکرا بوونی زیهنییەتی بێمانایی تێدا ڕەنگە دەداتەوە.

بەپێی ڕوانگەی گشتی نەتەوەگەرایی ئایدیۆلۆژیك، ئایدیای بێمانایی ئامرازی تەنیا گوتارێکی دەستەبەر کرد، کە نەتەوەگەرا ئێرانییەکان ئەویان بۆ سارێژکردنی هەستی خۆ بە سووك زانین و بانگەشەی یەکسانی لەگەڵ ئەورووپا بەکاربێنن. ئەم باوەڕە بە شێوەیەکی قووڵ ڕیشەی لە زیهنیەتی ڕۆشنبیرانی پەهلەوی داکوتابوو بە شێوەیەك کە لە ساڵی (1934) بە ڕەسمی ناوی وڵاتەکە لە پێرشیاوە گۆڕا بە ئێران. بەهەمان شێوە کە پێشتر باسکرا، جێگەی گومان نییە، کە ئێران لە بواری مێژووییەوە بەتەواوی دروستە. بەمەشەوە، بەڵگاندنی حکومەتی پەهلەوی بۆ ئەم سەرچاوانەی گەڕانەوە[133] لەگەڵ "سێندرمی نابەجێی" تێکەڵ بووە. ڕاگەیەنراوی حکومەت لەبارەی گۆڕینی ناوی وڵات بەمشێوە بوو: "لەبەرئەوەی ئێران زێد و سەرچاوەی ئارياییەکان بووە، سروشتییە کە ئێمەش بمانەوێت کەڵك لەم ناوە وەربگرین، بەتایبەت لەبەرئەوەی کە ئەم ڕۆژانە لە وڵاتانی گەورەی جیهان دەنگ و هاتوهاواری زۆر لەبارەی نەژادی ئاریایی دەبیسرێت، کە پیشاندەری گەورەیی نەژاد و شارستانییەتی ئێرانی کۆنە."[134] بانگەشەی ئەوە دەکرێت کە ئایدیای سەرەتایی گۆڕینی ناوی ئێران لەلایەن بەرپرسانی ئەڵمانیاوە خرایە بەرباس و پێشنیاری درایە دیپلۆماتە ئێرانییەکان لە بەرلین[135].

بانگەشەی محەمەد ڕەزا شای پەهلەوی لەسەر بنەمای ئەوەی کە "ڕێکەوتێکی جوگرافیایی بوو" کە ئێران خۆی لە ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا بینیەوە، یەکێك لە نیشانەکانی ئەم دواییەی فیکری بێمانا لە ناسیۆنالیزمی ئێرانییە[136]. بە دەستکاریی کردنێکی سادەی ئایدیۆلۆژیك، مێژووی ئێرانی بە لاوە ناوە و واقعیەتی ئەزموونی ئارایی ئەو لەگەڵ دیاردەیەکی دەستکرد[137] بە ناوی

ئێرانی ئاریایی جێگەی گۆڕییەوە، کە ئێرانێکی ئەورووپاییە. تەنانەت بەپێی وتەی خودی ئەورووپاییەکان لە ماکس مولێر هەتا ئادۆڵف هیتلەرەوە بگەرەوە، پەیوەندی ئارياییگەرایی، خۆ بەخۆرهەڵاتکردن و بێمانایی یەکێك لە بەشەکانی تێکەڵاویی و ئەزەلی بەشە جیاوازەکانی ناپەیوەوندیدار بە یەکن. بۆ ڕوونبوونی ئاستی جەماوەرپەسەندبوونی، جێگیربوون و دیسان هەڵنەسەنگاندنەوەی گوتاری ئاریایی لە ئێران، دەبێت بە ڕێڕەوێکی دوور و درێژدا تێپەڕ بێت. هەروەها ئەم بابەتە تا ڕادەیەك بەڵگەی ئەوەی کە بۆچی میتۆدی نەتەوەگەرایی ئێران لە کارگێڕی مۆدێرنیتە لە بنەماوە گوتارێکە و بریتییە لە چاولێکەری کوێرکوێرانە لە شێوازە ئەورووپاییەکان، شی دەکاتەوە.

## ئەنجام

لە ڕێکەوتی دوانزەیەمی تشرینی (2001)، هەڵبژاردەی تۆپی پێی عێراق بە ئەنجامی (1-2) بە ئێرانی خانەخوێی دۆڕاند، "بەڵام ئەمە ڕێگەی لەوە نەگرت لایەنگرانی ئێرانیی لە کاتی بە جێهێشتنی گۆڕەپان، بەرد و دەبەی پلاستیکی نەگرنە یاریچییە عێراقییەکان پۆلیس هەتا شوێنی خۆگۆڕین پاسەوانی عێراقییەکانی کرد[138]" لەم بارەوە ئەزموونی تاڵتر و تۆقێنەرتر کاتێك بوو کە ئێرلەندییەکان لە یارییەکی سەرەتایی جامی جیهانیی لە تشرینی دووەمی (2001) بارانێك لە نارنجۆکی بچووکییان تێ گیرا. گۆڵچی ئێرلەندییەکان بە ڕاگەیاندنەکانی گوت کە یاریچییەکانی تیپەکە چاوەڕوانی "کەشێکی قورسیان" هەبوو، بەڵام ئەم ئەزموونە، زۆر خراپتر لەوەبوو کە پێشبینم دەکرد... ئەوان بە شێوەیەکی خراپ کەڵکیان لە ئێمە وەرگرت، بڕێکی زۆر بتڵی میوە و ڕووەکی پلاستیکی گەنیویان هەڵدا، لە بواری کەسایەتییەوە مرۆڤ دەبێت بەهێز بێت کە بتوانێت لەو بارودۆخە ڕزگاری بێت. تەنانەت کاتێك کە لە ڕێگەی فڕۆکەخانە و گەڕانەوەدا بووین، ڕێگا پڕبوو لە شوشەی شکاو بۆ ئەوەی بتوانن ڕێگە لە گەیشتنی ئێمە بە فڕۆکەخانە بگرن[139]" بەداخەوە لەم ساڵانەی دواییدا، ئاژاوەگێڕی تۆپی پێ لە ئێران توندتر بووە و ڕووداوی لەم جۆرە بەڵگەیە بۆ ئەم بانگەشەیە.

بەمەشەوە کاتێك تۆپی پێی ئەڵمانیا لە حەوتەمی تشرینی یەکەم (2004) بۆ یارییەکی دۆستانە بۆ تاران هات، پێشوازییەکی تەواو جیاوازیان لێکرا. نزیکەی (1500) لایەنگری ئێرانیی "پێشوازییەکی سەرکەوتووانەیان" لە هەڵبژاردەی ئەڵمانیا کرد و دروشمی "ئەڵمانیا، ئەڵمانیا" و "بەخێر بێن بۆ ئێران"یان گوتەوە. ڕاهێنەری تیپەکە ڕایگەیاند: "باوەڕ ناکرێت کاتێك تیپی میوانی و بەو شێوازە پێشوازیت لێ بکرێت". یەکێکی دیکە لە یاریچییەکانی هەڵبژاردەکە دەیگووت: "بە درێژایی تەمەنم شتێکی وام نەدیوە."[140] ئەم یارییە لە یاریگای

ئازادی و بە ئامادەبوونی (100) هەزار لایەنگری تیپی ئێران بەڕێوەچوو. ڕۆژنامەی سوددویچە زیتونێك[141] وێنای ”خۆشەویستی گاڵتەجاڕی تیپی ئەڵمانیا لە ئێرانی“ کرد، لە کاتێکدا کە ڕاهێنەری تیپەکە کەشی یاریگا ” بە شێوەیەکی باوەڕ پێنەکراو هەستیار … دەمارگرژی ئەرێنی“ وێنا دەکات[142].

کاتێك سروودی نیشتمانی ئەڵمانیا لێدرا، شەوقی ئێرانییەکان زیاتربوو. لەهەمان سەرەتاوە، ژمارەیەکی زۆر لە لایەنگرانی ئێرانی هەستانە سەر پێ و بە دەستە جەمعی سڵاوی نازییەکانیان بۆ میوانە ئەڵمانییەکان دەکرد، لە کاتێکدا کە کەسانێکیش پۆستەری نیچەیان بە دەستەوە بوو، هەموو ئەمانە لە بەرامبەر چاوی واق وەڕماوی لایەنگرانی ئەڵمانیی ڕوویدا[143]. بێژەری تەلەفزیۆنی (zdf)ی ئەڵمانیا ئاماژە بەوە دەدات و دەڵێت: ”بە خۆشییەوە ئێمە تەنیا گۆشەیەکی کەم و بچووک لە دیمەنەکان دەبینین، ژمارەیەکی زۆر لە خەڵك نابینین! زۆربەی خەڵك ڕاوەستاون و سڵاوی هیتلەری دەکەن.[144]“

بێگومان ئەم کۆمەڵە زۆرە لەلایەنگرانی ئێرانی هاودەردی لەگەڵ نازیزم یان تاوانگەلێك کە کردوویەتی ناکەن. ئێرانییەکان بەڕادەی زۆربەی خۆرئاواییەکان ئاشناییان لەگەڵ ئەم قۆناغە لەمێژووی ئەورووپا نییە. پێشوازیی نائاسایی لەتیپی ئەڵمانیا لەفرۆکەخانە پیشانی دەدات کە ئەوان هەوڵیاندەدا . هەرچەندە بە شێوەی ناخۆشیش . هەستی هاودەردری خۆیان پیشانی ئەڵمانیا بدەن. ئەوەی کە ئەم ئاستە لەهاودەردی لەمێژووی تۆپی پێی ئێران تەنیا بۆ ئەڵمانییەکان ڕوویداوە، پیشانی دەدات کە پەیامی بەناو برایەتی ئاریایی لەنێوان ئەڵمانییەکانو ئێرانییەکان کە چەندین دەیەی پێش لەلایەن دەزگای پڕوپاگەندەی ئەڵمانیا گواسترایەوە، هێشتا ڕەنگدانەوەیەکی بەرچاوی لەئێراندا هەیە.“[145] ئاریاییگەراییەکی وەها دواکەوتوو“ لەلایەنە جیاوازەکانی ژیانی ڕۆژانەی ئێرانیدا ڕەنگیداوەتەوە. ئەم ئاریاییگەراییە لەکولتووری جەماوەریی، ئەدەبیات و شانۆنامەکان، مۆسیقاو هونەرە هێماییەکان دەرکەوتنی زۆری هەیە. لەڕاستیدا، گوتاری ئاریایی بەشێوەیەکی وەها لەشووناسو تێکەیشتنی ئێرانییەکان لەخۆیان دزە کردووە، بەبێ هیچ کۆتوبەندو مەرجێك پەسەندکراوە.

گوتاری ئاریایی وەك بەرهەمی (ئایدیۆلۆژیای سیاسی) سەرەتا لە زمانناسی و دواتر لە ئەنترۆپۆلۆژیای نەژادی لە ئەورووپا مێژوویەکی پڕ لە هەوراز و نشێوی ئەزموون کردووە. سەرتر لە کەوای زانستی کە لەبەری کرا، زۆربەی کات وەك ئامرازێکی سیاسی، بە تایبەت لە هەوڵدان بۆ کۆتوبەندکردن (خەڵك و نەتەوەکان) بەکارهێنراوە. لە دواییدا لە دەزگای کوشتار و دەبەنگی ئەڵمانیای نازی گەیشتە لوتکەی خۆی. ئەم دیاردەیە

بۆ یەکەمینجار لە ئێران و لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم دەرکەوت، کاتێك گوتارێکی نەتەوەگەراییانەی ڕادیکاڵ بوو، هەوڵی دەدا بەڕێوەبەری بەریەککەوتن و ڕووبەڕووبونەوەی ئێران لەگەڵ ئەورووپا و مۆدێرنیتە بکات. وەڵامی ئەم بزووتنەوە بۆ قەیرانەکانی ئەو کات لە بنەماوە گوتاری بوو: ئەم بزووتنەوە وێنەیەك لە ئێرانێکی ئایدیالی پێش ئیسلام وێنا و پەسەند کرد، کە لەودا ئێرانییەکان بە شێوەیەکی خودی نەتەوەیەکی گەورە بۆ جێبەجێکردنی کارە گەورەکان دەناسرێت، بەڵام بە داخەوە لەلایەن عەرەبەکان و ئیسلام لە ڕێڕەوی گەیشتن بە گەورەیی و شکۆی لێگیراوە. عەرەبەکان و ئیسلام بەهانەیەکی باش بۆ پاساوهێنانەوەی کەموکووڕیی ئێرانییەکان بوون.

لەم زەمینە و پێکهاتەدا، گوتاری ئاریایی وەك دەستێکی غەیبی گەیشتە دادی. بە جەمسەری بوونی بابەتی "ئاریایی" و "سامی" و سازگاربوونی ئەو دیاردە نەژادپەرستییە دژەعەرەبە، ئەگەری خوێندنەوەی سادە و ئاسانی لە مێژوو لە بەردەوامی هێڵە نەژادییەکان دەستەبەر کرد و لە هەمووی گرنگتر، ئەم هەستەی لە نێو نەتەوەگەرایانی ئێرانی جووڵاند، کە ئەوان لە بواری نەژادییەوە لەگەڵ ئەورووپاییەکان یەکسانن و سەیر ئەوەیە کە هەموو ئەم بانگەشانە بە مۆری زانستی ئەورووپایی پەسەند کرا. گرێی خۆ بەبچوك زانینی نەتەوەگەرایانی ئێرانی و نەبوونی زیهنییەتی ڕزگاری لە کۆلۆنیالیزم ئەم ئەگەرەی هێنایە ئاراوە بۆ ئەوەی دەمارگرژییە ئەورووپاییەکان لە ئاست ئیسلام و خۆرهەڵات ببێتە هۆی ڕوودانی خۆبەخۆرهەڵاتیکردنی کامڵ لە ئێراندا. بە تێپەڕبوونی کات، سندوقی ئامرازی چەمکی ئاریاییزم ئەگەری پاراستنی گوتاری لە بەرامبەر پرسیار دروستکردن لەسەر هۆکاری سەرەکی کێشەکانی ئێران دەستەبەر دەکات. ئەم چەمکانە دەتوانێت پرۆژەی زیهنییەتی بێمانایی و ئەو وەهمە بێت کە لە ڕاستیدا ئێران ئەندامێك لە خێزانی وڵاتە ئەورووپاییەکان بوو، کە بە ڕێکەوت بە هۆی چارەڕەشییەوە، لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستی دواکەوتوو سەریهەڵدا.

بەکورتی، گوتاری ئاریاییستی لە ئێراندا سەرچاوە لە هزرە بێبایەخە ئەورووپاییەکان وەردەگرێت، کە شێوازیی ڕادیکاڵ بووی ئەو لە ئۆردوگای مەرگی ئەڵمانیای نازی بەدەرکەوت. لە ڕوانگەی لۆکاڵی و خۆجێی، ئاریاییزم لە گرێی خۆ بەبچووك زانین، دیسان نووسینەوە و دەستکاری کردنی نەژادی مێژوو و هەستی نەژادپەرستانەی ئیدانە کراوەوە سەرچاوە دەگرێت. ئاریاییزم وەك ڕێگایەکی میانبڕ بۆ مۆدێرنیتە، هیچ کات وەڵامێکی بۆ قەیرانەکانی بەردەمی چاکسازیی، نۆژەنکردنەوە و پێشکەوتن پێشکەش نەکرد. بەڵکو لایەنگرانی خۆی لە نیگایەکی بەتەواوی خاوەن

پرس و دەستکاریکراو لە جیهان خستۆتە دواوە. هەروەها ئەم گوتارە بێبایەخ بووە و ڕیشەی لە بەریەککەوتنی خەسارخوڵقێن لەگەڵ ئەورووپا هەیە، کە هەنووکە دوو سەدە مێژووی هەیە. کاتی ئەوە هاتووە کە بۆ دیسان هەڵسەنگاندنی ئەم شێوازە پڕ لە کەموکووڕییەی گوتاری شووناس، یان تەنانەت گۆڕینی پارادایم دەست بەکار بین.

## پەراوێزەکان

٢- ڤیدیۆی ئەم گۆرانییە بانگەشەی ئەوە دەکات ئەم شیعرانە هۆنراوەی فیردەوسی شاعیری گەورەی سەدەی دەیەمی زایینییە. پێویست بە وتن ناکات کە فیردەوسی هیچ کات ئاماژەی بە " نەژادی ئاریایی" نەداوە و ئەم بانگەشە زۆر زێدەڕۆیانەیە. دەق شیعری لە دوو شیعری مستەفای سەرخۆش، " پەیکی مێهر و خانووی مێهر" لە زمانی فرمێسك چاپ کراوە. مستەفا سەرخۆش ( تاران 1964).

3- Hasan Taqizadeh, Khatàbeh-ye Àqà-ye Seyyed Hasan Taqizàdeh dar Mozu'e Akhz-e Tamaddon-e Khàreji va Àzàdi, Vatan, Mellat, Tasàhol [Seyyed Hasan Taqizadeh's Lectures on the Subject of Grasping Foreign Civilization, Freedom, Country, Nation, Tolerance] (Tehran, 1339/1960), 36 .

4 - Taqizadeh, Khatàbeh-ye, 37.

5- 4In Kayhan International, 19 September 1973, quoted in Mangol Bayat-Philipp, "A Phoenix Too Frequent:

Historical Continuity in Modern Iranian Thought," Asian and African Studies, 12 (1978): 211.

6- Private discussion between Anthony Parsons and Homa Katouzian, 1987, conveyed to the author by

Homa Katouzian, 18 August 2009.

7- Lincoln gives an overview of these publications. See Bruce Lincoln, "Rewriting the German War God: Georges

Dumézil, Politics and Scholarship in the Late 1930s," History of Religions, 37, no. 3 (1998): 188, footnote 4

٨- ئەم بارودۆخە لە ئەنجوومەنە نەتەوەگەراکانی هیند لە هیندیش باوە کە لە دەرەوەی سنووری ئەم بابەتەیە و ئەوانەی پێیان خۆشە دەتوانن سەیری سەرچاوەکانی خوارەوە بکەن.

9- Stefan Arvidsson, Aryan Idols: Indo-European Mythology as Ideology and Science (Chicago, 2006), 21.

10- There is some consensus on the mythological aspect of Aryanism. See these two seminal works: Léon

Poliakov, Le Mythe Aryen: Essai sur les Sources du Racisme et des Nationalismes (Brussels, 1987); andArvidsson, Aryan Idols

١١- ئێران و هیند وەك سەرزەمینی سەرەکی و خۆجێی و ئایدیالی ئارییەکان، یان شوێنی ژیانی تاکەکان بە نەژادێکی تێکەڵەوە سەیر دەکران. بۆ نموونە گوبینۆ وا بیری دەکردەوە کە " نەتەوەی ئێران" لە نەژادی پارسی لە ژێر کاریگەریی زۆری سامی و تورکەکان پێکهاتووە.

12- Sir William Jones.

13- See Poliakov, Mythe Aryen; Arvidsson, Aryan Idols. It must be stressed that many scholars had already taken notice of the similarities between European vernaculars and some Asian languages before Jones. See Konrad Koerner, "Observations on the Sources, Transmission, and Meaning of 'Indo-European' and Related Terms in the Development of Linguistics," in Papers from the 3rd International Conference on Historical Linguistics, Amsterdam studies in the theory and history of linguistic science, IV: Current issues in linguistic theory, 13 (Amsterdam, 1982), 154–55

١٤- دەبێت جەخت لەسەر ئەوە بکەینەوە کە زۆربەی لێکۆڵەرانی پێش جۆنس ئاماژەیان بە هاوشێوەبوونی ئەورووپاییەکان لەگەڵ زمانە ئاسیاییەکان داوە.

15- Abraham-Hyacinthe Anquetil-Duperron.

16- The talk was published in 1768 in Histoire de l'Académie Royale des Inscriptions et Belles-Lettres, Vol. 31, partly quoted in Hans Siegert, "Zur Geschichte der Begriffe 'Arier' und 'arisch,'" Wörter und Sachen, 4 (1941–42): 86.

17- Siegert, "Zur Geschichte der Begriffe 'Arier' und 'arisch,'" 88–89.

18- Arvidsson, Aryan Idols, 21–22.

19- Koerner, "Observations on the Sources and Meaning of 'Indo-European,'" 170.

20- Siegert, "Zur Geschichte der Begriffe 'Arier' und 'arisch,'" 73

tinomies of Modernity: Essays on Race, Orient, Nation, ed. Vasant Kaiwar and Sucheta Mazumdar (Durham, NC and London, 2003), 24.

42- This fundamental text of Indian nationalism provides a good illustration: Surendranath Banerjea, "The Study of Indian History," in Nationalism in Asia and Africa, ed. Elie Kedourie (London, 1970), 225–44. For a detailed study of the topic see Trautmann, Aryans and British India.

43- Tekin Alp, "The Restoration of Turkish History," in Nationalism in Asia and Africa, ed. Elie Kedourie (New

York, 1970), 214.

44- Alp, "The Restoration of Turkish History," 219

45- Katouzian has reached similar conclusions. See Homa Katouzian, "Problems of Political Development in Iran: Democracy, Dictatorship or Arbitrary Government?," British Journal of Middle Eastern Studies, 22, no. 1–2 (1995): 16–17

46- It is useful to note that although nezhàd is an ancient word that often occurs in literature, its contemporary use is unmistakably that of "race" in the modern European sense.

47- Mirza Aqa Khan Kermani, Seh Maktub [Three Letters], ed. Bahram Choubine (Frankfurt, 2005),180–81.

48- Kermani, Seh Maktub, 269.

49- Kermani, Seh Maktub, 387.

50- Quoted in Mangol Bayat-Philipp, "Mirza Aqa Khan Kirmani: a Nineteenth Century Persian Nationalist, Middle Eastern Studies, 10, no. 1 (1974): 48."

51- Mirza Aqa Khan Kermani, Sad Khatàbeh [One Hundred Lectures], ed. Harun Vohouman (Los Angeles, 1386/2007), 56.

52- Oskar Mann, "Kàveh va Derafsh-e Kàviyàni" [Kaveh and his Standard], Kàveh, 24 January 1916: 3.

٥٣- جیا لەمە تەقی زادە " ئارياييەكان" لە ژێر ناويی خەڵكانێك پێناسە دەكات، كە لە سەردەمی پێش مێژوو لە ئاسيای ناوەڕاست دەژيان و سەرچاوەی سەرهەڵدانی هينديیەكان و ئێرانييەكان بوون. بە ئاشكحرا كەڵك وەرگرتن لەم وشە بۆ ئاماژە بۆ هيندوئەوروپاييەكان ڕەت دەكاتەوە. دروست بە پێچەوانەی ئەوەی كە " هەندێ كات لە ڕۆژنامە و كتێبەكانی ئێران دەبيندرێت."

54- Hasan Taqizadeh, "Nowruz-e Jamshidi" [Jamshidian Nowrouz], Kàveh, 18 April 1916: 2.

21- In Siegert, "Zur Geschichte der Begriffe 'Arier' und 'arisch.'"

22- See Siegert, "Zur Geschichte der Begriffe 'Arier' und 'arisch,'" 75–79. On the different uses of these

terms see Koerner, "Observations on the Sources and Meaning of 'Indo-European.'"

23- Max Friedrich Müller

24- Quoted in Koerner, "Observations on the Sources and Meaning of 'Indo-European,'" 170–71.

25- George Rawlinson, The Origin of Nations (New York, 1881), 176.

٢٦- علم القابی مدرن

27- Rawlinson, The Origin of Nations.

28- Poliakov, Mythe Aryen, 217

29- Kai Friese, "The Aryan Handshake," Transition, no. 83 (2000): 8.

30- Arvidsson, Aryan Idols, 52.

31- Arvidsson, Aryan Idols, 295.

32- See Arthur Comte de Gobineau, Essai sur l'Inégalité des Races Humaines (Paris, 1853). See also Poliakov, Mythe Aryen, 245–88.

33- American Anthropological Association Statement on 'Race', May 17, 1998," http://www.aaanet.org/stmts/racepp.htm.

34- See "American Anthropological Association Statement on 'Race', May 17, 1998".

35- Michael Banton's works are key in this regard. See Michael Banton, The Idea of Race (London, 1977); and idem, Racial and Ethnic Competition, Comparative ethnic and race relations series (Cambridge, 1983).

36- Merritt Ruhlen, On the Origin of Languages: Studies in Linguistic Taxonomy (Stanford, CA, 1994), 9

37- Joseph Greenberg, Indo-European and its Closest Relatives: The Eurasiatic Language Family, 2 vols (Stanford, CA, 2000 and 2002).

38- Friese, "Aryan Handshake," 29.

39- Rawlinson, The Origin of Nations, 86–87.

40- Percy M. Sykes, A History of Persia, 3rd ed. (London, 1951), 1: 501.

41- Vasant Kaiwar, "The Aryan Model of History and the Oriental Renaissance: The Politics of Identity in an Age of Revolutions, Colonialism and Nationalism," in An-

55- Isa Sadiq, Tàrikh-e Farhang-e Iràn [Cultural History of Iran] (Tehran, 1336/1957), 31.

56- Sadeq Rezazadeh Shafaq, Tàrikh-e Adabiyyàt-e Iràn barày-e Dabirestànhà [Literary History of Iran for High School Students] (Tehran, 1342/1963), 5–6.

57- Anquetil-Duperron.

58- Afshin Marashi, Nationalizing Iran: Culture, Power, and the State, 1870–1940, 1st ed. (Seattle,2008), 99

59- Marashi, Nationalizing Iran, 101.

60- Hasan Pirniya, Tàrikh-e Iràn-e Qadim: az Àqàz tà Enqeràz-e Sàsàniyàn [History of Ancient Iran:from the Beginnings to the Fall of the Sasanians] ([Tehran?], 1928?),8.

61- Pirniya, Tàrikh-e Iràn-e Qadim, 8–10.

٦٢- ariyana vaej ڤیجه، ڤیجه و بیجه، هەمووبان لە ڕیشەیەك و بە مانای سەرزەمینە كە بە گشتی ژمارەیەك لەوان بە مانای " پانتایی ئارییەكان" یان " سەرزەمینی ڕووبارەكانی ئاریایی، كانیاوە ئارییەكان" زانیوە.

63- Pirniya, Tàrikh-e Iràn-e Qadim, 12.

64- Elamites.

65- Pirniya, Tàrikh-e Iràn-e Qadim, 14 and 16.

66- Vezàrat-e Farhang (Ministry of Culture), Ketàb-e Chahàrom-e Ebtedàyi (4th Grade Textbook) (Tehran, 1310/1931), 276.

67- Vezàrat-e Ma'àref (Ministry of Education), Joqràfiyà-ye Panj Qat'eh barày-e Tadris dar Sàl-e Sheshom [Geography in Five Parts for Teaching at Sixth Grade], 6th ed. (Tehran, 1316/1937), 87.

68- Germania.

69- Quoted by Homa Katouzian, 'Introduction,' in Ahmad Kasravi, Qiyàm-e Sheikh Mohammad Khiyàbàni [The Revolt of Sheikh Mohammad Khiyabani], ed. Homa Katouzian (Tehran, 1376/1998), 39–40 .

70- das Deutsches Haus .

71- George Lenczowski, Russia and the West in Iran, 1918–1948: a Study in Big-Power Rivalry (New York, 1949), 162.

72- Poliakov, Mythe Aryen, 241.

73- See for instance Hossein Shahidi, "The BBC Persian Service, 1940–1953, and the Nationalization of Iranian Oil," Journal of Iranian Research and Analysis, 17, no. 1 (2001).

74- Nameme-ye Iràn Bàstàn

75- Miron Rezun, The Soviet Union and Iran: Soviet policy in Iran from the Beginnings of the Pahlavi .Dynasty until the Soviet Invasion in 1941 (Alphen aan den Rijn and Genève, 1981), 319 .

76- See Rezun, The Soviet Union and Iran, 319, esp. note 24.

77- "Mà Cherà Bartarim?" [Why are We Superior?], Nàmeh-ye Iràn Bàstàn, 14 October 1933.

78- Swastika خاچی شكاو.

79- "Cheguneh dar Àlmàn Jashnhà va Àdàb-e Àriyàyi va Iràni az Now Zendeh Mishavad" [How Aryan and Iranian Celebrations and Customs are Revived in Germany], Nàmeh-ye Iràn Bàstàn, 3 November 1933.

80- Tahqiqàt-e 'Elmi va Tàrikhi beh Khàmeh-ye yeki az Siyàsiyun-e Bozorg-e Doniyà, Ràje' beh Iràn-e Kohan" [Scientific and Historical Research into Ancient Iran, Authored by one of the Most Important Politicians of the World], Nàmeh-ye Iràn Bàstàn, 14 April 1934.

81- Deutsch-Persische Gesselschaft .

82- Lenczowski, Russia and the West in Iran, 159.

83- See for instance Abbas Milani, The Persian Sphinx: Amir Abbas Hoveyda and the Riddle of theIranian Revolution: a Biography (London, 2000), 76–77

84- Lenczowski, Russia and the West in Iran, 160.

85- Lenczowski, Russia and the West in Iran, 161.

86- Massoud Kazemzadeh, "The Day Democracy Died," Khaneh, 3, no. 34 (2003).

87- For the sake of simplicity, this article will use one single transliteration ariya, although in reality the Sanskrit, Avestic and Old Persian versions of the term differ slightly

88- See for instance H. W. Bailey, "Iranian Arya- and Daha-," Transactions of the Philological Society 58,no. 1 (1959): 94; and Emile Benveniste, "L'Eran-vez et l'Origine Légendaire des Iraniens," Bulletin of the .(School of Oriental Studies, University of London, 7, no. 2 (1934

89- Ahura-Mazda.

90- The God of ariyas .

91- Rig-Veda

92- Jean Kellens believes that the Sanskrit ariya

cannot be unequivocally taken for an ethnonym, whereas Avestic ariya can. See Jean Kellens, “Les Airiia- ne Sont Plus des Aryas: Ce Sont Déjà des Iraniens,” in Aryas, Aryens et Iraniens en Asie Centrale, ed. Gérard Fussman et al. (Paris, 2005), 240–42.

93- Rüdiger Schmitt, “Aryans,” in Encyclopædia Iranica, ed. Ehsan Yarshater (New York, 1987).

94- Excellent publications address this aspect of the topic. See for instance Gérard Fussman et al., Aryas,Aryens et Iraniens en Asie centrale, Publications de l’Institut de civilisation indienne (Paris, 2005). See in particular the article from Jean Kellens included in this volume.

95- For more details refer to H. W. Bailey, “Arya,” in Encyclopædia Iranica, ed. Ehsan Yarshater (New York, 1987).

96- Bailey, “Arya.”

97- eran shahr .

98- ariyan shahr .

99- Hans Siegert .

100- Siegert, “Zur Geschichte der Begriffe ‘Arier’ und ‘arisch,’” 99.

101- Jean Kellens.

102- Kellens, “Les Airiia- ne Sont Plus des Aryas: Ce Sont Déjà des Iraniens,” 242.

103- Max Müller .

-١٠٤ zand- Avesta ڕاڤەی پالەویی ئاڤێستا کە لە سەردەمی ساسانی بەجێماوە ناویان ناوە زەند. لە ئاڤێستا زەند بە مانای خێڵی زەردەشت و کتێبی ئاسمانی زەردەشتە و لە سەردەمی کۆن، کتێبی پیرۆزی ئێرانییەکان بە شیکردنەوەی پالەوی ئەو ناویان ناوە زەند ئاڤێستا.

105- Friedrich Max Müller, Lectures on the Science of Language: Delivered at the Royal Institution of Great Britain in April, May and June 1861, 5th rev. ed. (London, 1866), 268. Before him, no direct hint was made to such definition of Iran: Anquetil-Duperron for instance, believed that airyanem vaejah meant “l’Iran pur.” Quoted in Siegert, “Zur Geschichte der Begriffe ‘Arier’ und ‘arisch,’” 86.

106- Examples abound, even in highly influential and serious scholarly works for instance: Edward Granville Browne, A Literary History of Persia: From the Earliest Times until Firdawsí (London and Leipsic,1909), 4; and Richard N. Frye, Persia, rev. ed. (London, 1968), 13.

107- For a similar take on this topic, but from a slightly different and more polemical perspective, see-Mostafa Vaziri, Iran as Imagined Nation: the Construction of National Identity (New York, 1993), 75–81.

108- Gherardo Gnoli, The Idea of Iran: An Essay on its Origin, Serie orientale Roma (Roma, 1989), 14–15.

109- See D. N. McKenzie, “Eran, Eranšahr,” in Encyclopædia Iranica, ed. Ehsan Yarshater (New York,1998).

110- Reported by French archaeologist Roman Ghirshman in 1976, quoted in Vaziri, Iran as Imagined Nation, 79.

111- Vaziri, Iran as Imagined Nation, 78.

112- See the wise warnings of Fussman, “Entre Fantasmes, Science et Politique,” part. 785–88 and 813.

113- For more on this process refer to Monica M. Ringer, Education, Religion, and the Discourse of Cultural Reform in Qajar Iran, Bibliotheca Iranica. Intellectual traditions series no. 5 (Costa Mesa, CA, 2001), esp. chap. 1 and 2.

114- Traditional Arabic, Turkish or Persian texts show an equal disdain for anything Christian. For two contrasting views on these issues, see Edward W. Said, Orientalism (Harmondsworth, 1995): esp. chap. 1heading 2; and Bernard Lewis, The Muslim Discovery of Europe, 1st ed. (New York, 1982). For a perhaps more balanced view see Albert Hourani, Islam in European thought (Cambridge, 1991).

115- For a criticism of local historiography, see Vaziri, Iran as Imagined Nation, 151–67; Fereydoun Adamiyat and Thomas M. Ricks, “Problems in Iranian Historiography.” Iranian Studies, 4, no. 4 (1971); and Hamid Enayat, “The Politics of Iranology,” Iranian Studies, 6, no. 1 (1973).

116- Fath’ali Akhundzadeh, Maktubàt: Nàmehà-ye Kamàl od-Dowleh beh Shàhzàdeh Jalàl od-Dowleh [Maktubat: Letters from Kamal od-Dowleh to Prince Jalal od-Dowleh], ed. Bahram Choubine (Frankfurt, 2006), 291–92.

117- For instance, he claimed that the Sasanian revolutionary figure Mazdak laid the foundations of republicanism and égalité “two thousand years ago”. See Kermani, Seh Maktub, 267.

-١١٨ بۆ نموونە کرمانی بانگەشەی دەکرد کە کەسایەتی شۆڕشگێڕی سەردەمی ساسانی واتە مەزدەك بنەماکانی

کۆماریخوازی و دەستووری لە " دوو هەزار ساڵ پێش " بنیات ناوە. کرمانی، سێ نووسراو، 267 .

119- See for instance Morteza Sagheb-Far, "Iràn Bàstàn va Hoveyyat-e Iràni" [Ancient Iran and Iranian Identity], in Iràn: Hoveyyat, Meliyyat, Qowmeyyat [Iran: Identity, Nationhood, Ethnicity], ed. Hamid Ahmadi (Tehran, 1383/2004), 255.

120- Kermani, Seh Maktub, 128.

121- Kermani, Seh Maktub, 139.

١٢٢- هەر کاتێك ڕووبەڕووی یەکێك لە ئێنتما ناشیرینەکانی ئێرانییەکان دەبمەوە، تێدەگەم کە تۆی ئەو لەلایەن عەرەبەکانەوە چێندراوە. " سەیری کرمانی، سێ نووسراو، 265 بکەن."

123- Whenever I touch a branch of the ugly dispositions of Iranians I find its seed to be planted by Arabs." See Kermani, Seh Maktub, 265.

124- See Akhundzadeh to Jalal ed-Din Mirza, 15 June 1870, in Hamid Mohammadzadeh and HamidArasli, eds., Mirzà Fath'ali Àkhundof: Alefbà-ye Jadid va Maktubàt [Mirza Fathali Akhundov: the New Alphabet and the Maktubàt] (Baku, 1963), 172 .

125- Kermani, Seh Maktub, 180–81.

126- René Verneau and Emile Burnouf, cited in Poliakov, Mythe Aryen, 311 and 308.

١٢٧- پێویستە ئاماژە بەوە بدرێت کە لەبارەی وڵاتانی دیکە بە تایبەت هیند، ئامرازێك کە بۆ ڕزگاری خەڵکی لۆکاڵی لە هەژوونی خۆرئاوا . نەتەوەگەرایی . کەڵکی لێ وەرگیرا، خۆی بووە دیلی هەمان میراتی خۆرئاوا.

See Partha Chatterjee, Nationalist Thought and the Colonial World: a Derivative Discourse?) Minneapolis, 1993).

128- See in particular Akhundzadeh, Maktubàt; and Kermani, Seh Maktub.

129- "European philosophers write that [we excel] in all negative qualities." In Kermani, Seh Maktub, 263–64.

١٣٠- هەروەها کە پێشتر گوتمان، هەرچەندە ئێرانییەکان بەشێك لە نەژادی ئاریایی دێنە ئەژمار، بەڵام زۆربەی خۆرهەڵاتناسانیش ئەوان بە گرووپگەلێکی فرەچەشنی نەژادی و تێکەڵاو لەبەرچاو دەگرن و زۆربەی کات ئەوان وەك ئەورووپاییەکان ستایش ناکەن.

131- Quoted in Juan R. I. Cole, "Marking Boundaries, Marking Time: The Iranian Past and the Construction of the Self by Qajar Thinkers," Iranian Studies, 29, no. 1–2 (1996): 44.

132- From Mokhber ol-Saltaneh's memoirs, quoted in Homa Katouzian, State and Society in Iran: the Eclipse of the Qajars and the Emergence of the Pahlavis (London, 2006), 336.

133- Aux retour

134- File 102012/3201, no. 41749, 03.10.1313/ May 1934. Prime Ministry Files. Quoted in Firoozeh Kashani-Sabet, Frontier Fictions: Shaping the Iranian Nation, 1804–1946 (Princeton, NJ, 1999)

135- Homa Katouzian, The Persians: Ancient, Medieval, and Modern Iran (New Haven, CT, 2009):217–18.

136- See footnote 4.

137- Chimera.

138- "30 Iranian soccer fans appear in court for disturbing public order," Associated Press Newswires,16 October 2001.

139- Football—Given's blast ordeal—Interview—The Republic's World Cup hero talks of grenades and glory ...", The Observer, 25 November 2001.

140- Football—Accueil Triomphal pour les Allemands en Iran," Reuters—Les actualités en français, 7 October 2004.

141- Süddeutsche Zeitung .

142- "Kolossale Weihnachten in Teheran," Süddeutsche Zeitung, 11 October 2004.

143- "Kolossale Weihnachten in Teheran."

144- "Länderspiel Iran - Deutschland live im ZDF, 09.10.2004," in Zweites Deutsches Fernsehen (ZDF). A video of the scene is available on YouTube under "Iran v Germany, 2004, National anthems". http:// www.youtube.com/ watch?v=iH0gl6OXXt4&feature=PlayList&p=5D4016A8C8B4B254&playnext=1 &playnext_from=PL&index=2.

١٤٥- هەندێ ساتی پڕ لە هەستی برایەتیش لە نێوان یاری ئێران و ئەمریکا لە ئۆلمپیادی 1998 ڕوویدا بەڵام بەتەواوی جیاواز بوو. هەڵبەتە دەبێت ئاماژە بەوە بدەین کە یارییەکانی عێراق و ئێرلەندا یارییەکانی سەرەتای ئۆلۆمپیاد بوون، لە کاتێکدا کە یاریکردن لەگەڵ ئەڵمانیا دۆستانە بوو. بەمەشەوە ئەم ڕاستییە کە عێراقییەکان دۆڕاندیان و بە خراپی لەگەڵیان ڕەفتار کرا، لە کاتێکدا کە ئەڵمانییەکان سەرکەوتن و ئێرانییەکان جەژنیان بۆ ئەوان گرت، ئەم واقعیەتە پشت ڕاست دەکاتەوە کە هەستێك کە پەیوەندی بە تۆپی پێیەوە نییە، لە نێوان لایەنگراندا هەیە.

وەرزنامەی

# ئێرانناسی


# کەسایەتی

کەسایەتییەکانی ئێران (١)

# زیائەدین تەباتەبایی، ڕۆژنامەنووسێکی کودەتاچی



هەردی مەهدی



### زیائەدین تەباتەبایی

سەید زیائەدین تەباتەبایی (١٨٨٩-١٩٦٩ز)، یەکەمین کودەتاچی لە ئێرانی هاوچەرخ و ڕۆژنامەنووسێکی زمان توند و سیاسییەکی ناجێگیر و وتاربێژێکی کەموێنەی سەردەمی خۆی بوو، ئەستێرەی ئەو، پەیتاپەیتا دەدرەوشایەوە، بەڵام کورت و کەمئەنجام. هەر لە سەردەمی مەشرووتەوە وەک ڕەخنەگرێک و پاشان ڕۆژنامەنووسێکی دیار و سەرنووسەری چەند بڵاوکراوەیەک و لە پاش جەنگی جیهانی یەکەمیش ناوی وەک سیاسییەک دەردەکەوێت و تا ڕادەی ئەوەی بەهۆی کودەتایەکەوە لەگەڵ میرپەنج (پەهلەوی دواتر) دەبێتە سەرۆکوەزیران، بەڵام هەر زوو ئەستێرەی بەختی ئاوابوو، تا جارێکی دی لە پاش جەنگی جیهانی دووەم دەرکەوتەوە، گەرچی ئەمجارەش بە ئاواتەکانی نەگەیشت کە سەرۆکوەزیرانی حکومەت بوو.

تەباتەبایی لە ساڵی (١٨٨٩)ی زاینی لە شیراز لەدایکبووە، کوڕی سەید عەلی موجتەهیدی یەزدییە کە بە یەکێک وتاربێژە دیارەکان دادەنرێت و لە پیاوە ئاینییە ڕەخنەگرەکانی سەردەمی قاجار ناسراو بووە. تەباتەبایی هەر بە مناڵی لەگەڵ خێزانەکەیدا دەچێتە تەورێز، سەرەتاکانی خوێندنی خۆی لەوێ دەستپێکردووە و سەرەڕای وەرگرتنی وانە باوەکانی زمان، پاشتر فێری زمانەکانی ئینگلیزی، فەرەنسی و ڕووسی بووە.

پاش ئەوە دیسان دەگەڕێتەوە شیراز و یەک لەدوایەک ڕۆژنامەکانی "ئیسلام"(١٩٠٧) (بە هاوکاری خاڵی) و "ندای ئیسلام" (هاواری ئیسلام) دادەمەزرێنێت و دەوەشێنێت.

تەباتەبایی لەو دەمەدا، چەندین وتار و بابەتی ڕەخنەگرانە و "ریسالە"ی لە بارەی سیاسەتی گشتیی وڵات و لایەنگیری لە حکومەتی قانون و ئازادیی بڵاوکردەوە، ئەم بابەتانەی هیچکات دڵپەسەندی خاوەن موڵک و ئاغا و کەسایەتییە دیارەکانی ئەو سەردەمە نەبوون. هەر لەبەرئەوەشبوو لە دڵی واندا جێی نەگرت و کەوتنە بەرامبەری و نەیارییکردنی. تەباتەباییش هەر لەسەر ڕەخنە توندەکانی بەردەوام بوو و تا ئەوە بوو ڕەخنەلێگیراوەکان پەلاماریان دا و وەخت بوو گیان لەدەست بدات، بەڵام ڕزگاری بوو. لەسەردەمی "ئیستبدادی بچووک"یشدا، بەرەو تاران کەوتەڕێ و کەوتە ڕەخنەگرتن و نەیارییکردنی محەمەدعەلی شای قاجار، تەنانەت لەگەڵ باوکیدا لەم کارەیاندا پێکەوەبوون و لە یەکێک لە هەڵوێستە ڕەخنەییەکانیان بەرامبەر دەوڵەتی قاجار و شا، وەک نەیاری دەربڕین، لە مەزاری شاعەبدولعەزیم مانیان گرت و مانەوە، پاش تەواوبوونی مانگرتنەکەش، تەباتەبایی لەگەڵ گرووپێک لە هاوڕێیانی ڕادیکاڵ و توندئاژۆی ئەنجومەنێکیان بەناوی جیهانگیر-ەوە پێکهێنا. ئەو بوویە لینکی پەیوەندیی نێوان مانگرتووانی ڕەخنەگر و سەرانی مەشرووتەش

کە ئۆپۆزسیۆنی شای قاجار بوو و داوای چاکسازیی ڕیشەیی و دەزگاییکردنی دەوڵەتیان دەکرد.

چالاکییەکانی تەباتەبایی حکومەتی تووڕەکرد و هێزە ئەمنییەکانی دەسەڵات بەمەبەستی دەستگیرکردن وەدووی کەون، بەڵام ئەو زووتر هەستی بەمە کرد و ناچار پەنای بردە بەر باڵیۆزخانەی عوسمانی، بەڵام عوسمانەییەکان ئەویان قبووڵ نەکرد و ئەویش دەستبەجێ ڕووی کردە باڵیۆزخانەی بەریتانیا و ئەوانیش وەریان نەگرت، ئیتر ناچار ڕووی کردە باڵیۆحزخانەی نەمسا و ماوەیەک لەوێ مایەوە، بەڵام پاشتر بەهۆی فشاری ڕای گشتی و ملدان بۆ نارەزایەتییەکان، محەمەدعەلی شای قاجار لیخۆشبوونێکی گشتی دەرکرد و یەکێک لەوانەی لەم لێخۆشبوونە سوودمەند بوو، زیائەدینی تەباتەبایی بوو و ئیتر جارێکی دی ئازادانە کەوتەوە چالاکی.

پاش ئازادکردنی شاری تاران لەلایەن مەشرووتەخوازانەوە، تەباتەبایی ڕۆژنامەیەکی نوێی بەناوی "شەرق" وەشاند، بەڵام بەهۆی زمانی توند و زبری ڕۆژنامەکە لە کابینەی حکومەت و سیاسییەکان، سێ جار ڕاگیرا و بە یەکجاریش ناچار لە ژمارە (١٠٦) وەستێنرا.

زیائەدین لە خولی دووەمی پەرلەمانی ئێراندا، بەهۆی هێرشی توندی دژی پەرلەمان، دادگایی کرا و بە پێنج ساڵ زیندانی مەحکوم کرا و پاش ئەوەش بڕیار درا بەرەو ئەورووپا وەک سزایەک دوورخرایەوە. ئەو ناچار ملی ڕێی ئەورووپای گرت و پاش ماوەیەک دیسانەوە بەرەو ئێران گەڕایەوە، ئەمجارە ڕۆژنامەیەکی دیکەی لەسەر ستایلی پێشووتری بە ناوی ڕەعد (هەورەبرووسکە) دەرکرد. ئەم ڕۆژنامەیەی لایەنگری ڕاشکاوی سیاسەتی ئینگلیز لە ئێران بوو، وەک ئەوانی پێشووتریشی ڕۆژنامەکە زمانێکی توند و ڕەخنەگرانەی هەبوو. ڕۆژنامەکەی هێندە لایەنگری ئینگلیز بوو، تەنانەت پشتیوانی لە ڕیککەوتنی (١٩١٩) ی ئینگلیز-قاجاری لەسەردەمی کابینەی وسوقولدەولە کرد، لەکاتێکدا خەڵک و پەرلەمان و ئۆپۆزسیۆن زۆر دژی بوون.

تەباتەبایی بە کردەیی لە ساڵی (١٩٢٠)دا، کاری ڕۆژنامەوانی خستەلاوە و بەیەکجاریی یەکلابوویەوە بۆ سیاسەت. چەند هەنگاوێکی گرنگی سیاسییشی هاویشت کە ئەنجامەکەی کودەتاکەی سێی ئیسفەند بوو، کە خۆی وەک ڕێبەری کودەتاکە دەرکەوت، ئەم کودەتایە لە دیارترین و لوتکەی کاری سیاسیی تەباتەباییە و هەر بەمەش زۆرتر ناسراوە.

دۆخی خراپی ئابووریی و بژێوی خەڵک و دەستەمۆیی سیاسیی حکومەتی وسوقولدەولە و ناکاریی ئەحمەدشای قاجار و هەڵگەڕانەوە سیاسییەکانی ئەهواز و کوردستان و تەورێز و ...تاد، تووڕەیی و نارەزایی خەڵکی گەیاندبوویە و لوتکە. لە هاوینی (١٩٢٠)دا حکومەتی وسوقلدەولە دەستی لەکارکێشایەوە و کابینەی

موشیردەولە پێکهات و ئەویش هیچی پێنەکرا و پایزی هەمان ساڵ دەستی لەکارکێشایەوە و ئەعزەم ڕەشتی فەتحوڵڵا ئەکبەر (سپهدار) کرایە سەرۆکوەزیران. بەڵام پاش چەند مانگێک هیچی پێنەکرا و دۆخی خەڵک هەر خراپتر دەبوو، ئیتر سەرەتاکانی کودەتا ڕەخسا و بە پشتیوانی و دەستلەپشتدانی سیاسییەکانی ئینگلیز، ئەوانەی کەباوەڕیان بە کودەتا بوو و ئینگلیزیش چاوی لەسەریان بوو بۆ جێبەجێکردنی، فەیرۆز میرزای نەسرودەولە، سەید زیائەدین تەباتەبایی و سەردار ئەسعەدی بەختیاری بوون و هەر یەک لای خۆیەوە کاریان بۆ دەکرد. بەڵام دواجار جگە لە تەباتەبایی کەسی دییان هەلەکەی بۆ نەڕەخسا و ئەو بووە ڕوخساری سەرەکی کودەتا. لەم کودەتایەدا ژەنڕاڵ ئایرون ساید ژەنراڵی ئینگلیزی و فەرماندەی سوپای بەریتانی لە ئێران، ڕۆڵی گرنگی گێڕا و لەسەر پێشنیاری ئەویش ڕەزا میرپنجی پالانی (پەهلەویی دواتر) کرایە فەرماندەی هێزەکانی قوزاق و کرایە هاوبەشی کودەتاکەی سەیدزیا و پێکەوە کارەکەیان ئەنجام دا، زیا بەشە سیاسییەکەی و حکومەتداری، ڕەزاش بەشە سەربازیی و ئەمنییەکەی.

لەم کودەتایەدا، بەرهەم و ئەنجامە سیاسییەکەی بۆ خۆی نەبوو، بەڵکو زۆرتر ڕەزا خان بەرهەکەی خوارد و هەر ئەویش بە جۆرێک تەباتەبایی ناچارکرد پەراوێز بخرێتەوە و بگرە ڕەوانەی تاراوگەش بکرێت. تەنها چەند مانگی یەکەمی کودەتا تەباتەبایی خۆی نواند و هەڵی سیاسیی خۆی لە لوتکەی حکومەتدا لەدەستدا. سەرەتا وا کابینەکەی خۆی ناساند کە کابینەی شۆڕشگێڕ، بەهێز، چاکسازیی ئابووریی و کولتووری و دژبەری ڕێککەوتنی (١٩١٩)یە، بەڵام بەهۆی دەستگیریی زۆرێک نەیاران و سیاسییەکان، لەنێو حیزب و سیاسییەکاندا بە کابینەی ڕەش ناوبانگی دەرکرد.


چونکە ئەو بەهۆی خراپی بەڕێوەبردنی پەیوەندییەکانی و توندی لەگەڵ سیاسییەکان و کەسایەتییەکان و پێشینەی ناکۆکی لەگەڵ سەرانی سیاسەت و ڕۆڵگێڕدا، وایکرد نەتوانێت ڕایەڵەیەکی باش بۆ بەڕێوەبردنی پەیوەندیی سیاسیی خۆی دروست بکات، بۆیە هەر زوو بە دۆست و نەیارەوە لە سەرۆکوەزیرانیی دووریان خستەوە و نەیتوانی لەبەردەم پیلان و پلانەکانی ڕەزاخاندا خۆی بگرێت، چونکە ئەویش هەرچەند شەریکی زیا بوو، بەڵام ئەوە لە کەڵلەیدا دەگوزەرا کە خۆی ببێتە سەرۆکوەزیران و هەر واشی کرد. ئەو پێچەوانەی زیا، توانیبووی هەم دڵی سەرانی سیاسیی و هەم دڵی سەرباز و هێزە بەرگرییەکانی حکومەت بۆ خۆی مسۆگەر بکات. ئینگلیزیش هەر بەو ڕێڕەوەدا بیری دەکردەوە و پشتی لە دۆستەکەی خۆی (زیا) کرد و ڕەزامەندی لەسەر ڕەزاخان بوو. ئەوەبوو پاش (٩٣) ڕۆژ لە حوکمڕانی و سەرۆکوەزیریی (١٩٢١)،

بە فەرمانی ئەحمەدشای قاجار زیا لەکار دوورخرایەوە.

ئەو پاش دوورخستنەوەی لە سیاسەت و حکومەت، ڕووی کردە جنێف.

لەساڵی (١٩٣١) بە دەعوەتی ئەمین حسێنی ڕێبەر و موفتی فەلەستینی بۆ پشتیوانی دۆزی فەلەستین بانگهێشتی کۆنگرەی فەلەستین کرا، کە ئامانجی دژایەتی کۆچی جووەکان بوو بۆ فەلەستین، لەوێش سەرۆکایەتی کۆنگرەکەی کرد و بەڕێوەی برد، کە تێیدا چەندین کەسایەتیی جیهانیی سیاسیی و نێوچەیی بانگهێشت کرابوون. پاش دوو هەفتە گەڕایەوە سویسرا، بەڵام پاش ماوەیەک جارێکی دیکە گەڕایەوە فەلەستین و چەندین کۆمیتەی نیشتمانی دژبەری جووەکان پێکهێنا و لقیشی لە چەند وڵاتێکی عەرەبی کردەوە، پاش ئەوە دیسان گەڕایەوە سویسرا، بەڵام جارێکی دی لە (١٩٣٥)دا گەڕایەوە فەلەستین و بۆ ماوەی هەشت ساڵ نیشتەجێی فەلەستین بوو. لەمەشدا لەلایەن هەندێک لە موسڵمانانەوە پەنجەی تۆمەتی بۆ درێژدەکرێت کە هاوکاریی فرۆشتنی زەوی موسڵمانەکانی بە جووەکان کردووە.

لە کاتی شەڕی دووەمی جیهانی و ڕووداوەکانی پاش، ئینگلیز هەر چاوی لەسەر لانەبردوو، لە میهری (١٩٤٣) جارێکی دی گەڕاندیەوە ئێران، بەمەش خولی دووەمی سیاستکردنی زیائەدین لە ئێراندا دەستپێدەکات، ئەو وەک نوێنەری



شاری یەزد بووە پەرلەمانتار و هاوتا دەستی کردەوە بە کاری ڕۆژنامەوانی و ڕۆژنامەکانی کاروان و ڕەعدی دەرکرد و لە سیاسەتیشیدا دژایەتی ڕوونی بلۆکی شورەوی و حزبی تودەی دەکرد.

لەڕووی حزبایەتیشەوە حیزبی نیشتمان (وطن) و پاشان حزبی ئیرادەی نیشتمانی دامەزراند و وەک زمانحاڵی حزبەکەشی ڕۆژنامەی ڕەعدی ئیمروز و پاشان بڵاوکراوەی ڕوستا و چەندین دیکەی لەژێر سایەی حزبەکەیدا بڵاودەبوونەوە. ئەو یەکێتییەکی بەناوی "یەکێتی ڕۆژنامە نیشتمانییەکانی"یشی

وەک بەرەیەکی ڕۆژنامەوانی دروستکرد و هەریەک لە ڕۆژنامەکانی وەزیفە، کاروان، کانون، حور، کشوەر و ئیقدام ئەندامی بوون.

پاش جەنگی جیهانی دووەمیش ماوەیەک لەلایەن قەوام سەڵتەنەی سەرۆکوەزیرانەوە زیندای کرا گوایە دژی ئاسایشی نیشتمانی جووڵاوەتەوە. گەرچی دەوترێت ئەم قۆناغەی زیندانی لەسەر داوای سۆڤێت و حیزبی توودە بووە، چونکە تەباتەبایی لە نەیارە سەرسەختەکانی ئەو دوانە بوو.

زیائەدین پاش جەنگی جیهانی دووەم هەوڵی دا لە ڕێی ڕەزامەند محەمەد ڕەزاشا و ئینگلیزەوە ببێتەوە سەرۆکوەزیران بەڵام بەهۆی ناڕەزایی خەڵک و پەرلەمانتارانەوە سەرکەوتوو نەبوو، پاشتریش بە درەوشانەوەی کاری پەرلەمانی و سیاسییانەی موسەدەق ئیتر شانسی زیائەدین ڕۆژ دوای ڕۆژ کەم و کەمتر دەبوویەوە.

پاش زیندانیکردنەوەی لە (١٩٥٧)دا، لەوەبەدوا ئیتر لە سیاسەت دووری گرت و لە ئاوایی سەعادەت ئاباد لە تاران خۆی مەشغوڵی کشتوکاڵ کرد. بەڵام پەیتا پەیتا وەک هەڵگری پەیامی شا بۆ شای سعودیە و هەندێک لە وڵاتانی ئەورووپی دەردەکەوتەوە.

دەوترێت لە ژیانیدا سێ جار پرۆسەی هاوسەرگیری ئەنجامداوە، لە کۆتاییەکانی تەمەنی و هاوسەرگیری سێیەمی لەگەڵ یەکێک لە ژنەکانی ئاواییەکەی خۆی (ئەڵلائاوای قەزوین) کردووە و دوو کوڕ و کچێکی لەو ژنە بووە (سەدیقە و مەهدی و ئەحمەد).

سەرەنجام پاش ژیانێکی پڕ لە بەرزی و نزمی و هەڵپەی سیاسی و ئاڵۆز، لە مەشروتەوە بۆ دەسەڵاتخوازیی و کودەتا و فەلەستینەوە بۆ لایەنگری ئیمپریالیزم و ئینگلیز و لە دژایەتی ڕەزای پەهلەوییەوە بۆ لایەنگری حەمەڕەزای کوڕی لە ساڵی (١٩٦٩)دا و لەتەمەنی (٨٠) ساڵیدا مرد لە گۆڕستانی شا عەبدولعەزیمی حەسەنی شاری ڕەی بە خاک سپێردرا.

## پەراوێزو سەرچاوەکان:

* شا عەبدولەعەزیم: مەزارێکی پیرۆزی نێو تارانە و وەک باوی سەردەمی مەشرووتە و پێشتریش ڕەخنەگران و کەسایەتییە نارازییەکان و پیاوانی ئایینی شیعە لەوێدا گرد دەبوونەوە و جۆرێک لە حەسانەشی هەبوو لەڕووی پارێزراویی گیانییەوە بەهۆی پێگەی ئایینی و کۆمەڵایەتیی مەزارەکەوە.

- بهار, ملک الشعراء. ١٣٩٢. تاریخ مختصر احزاب سیاسی ایران(انقراض قاجاریه). چاپ نهم. تهران : انتشارات امیرکبیر, ١٣٩٢. جلد ٢ جلد.

- مدنی, سید جلال الدین. ١٣٧٨. تاریخ سیاسی معاصر ایران. نهم. قم : انتشارات اسلامی, ١٣٧٨. Vol. ٢ جلد.

- مستوفی, عبدالله. ١٣٨٤. شرح زندگانی من. چاپ: پنجم. تهران : ناشر: زوار, ١٣٨٤. جلد ٣ جلد.

- نظری, منوچهر. ١٣٩٠. رجال پارلمانی ایران(از مشروطه تا انقلاب اسلامی). چاپ اول. تهران : انتشارات فرهنگ معاصر, ١٣٩٠.

- مؤسسه مطالعات و پژوهش‌های سیاسی(١٤٠٠): سید ضیاء الدین طباطبایی که بود؟ https://psri.ir/?id=-jx4ze915

- مصاحبه با سید ضیاءالدین(حسن مجیدی)، رئیس الوزرای اسبق ایران(١٣٩٧): کودتا در ایران https://rb.gy/xuwwzo

- ویکی فقه(١٣٩٥): سیدضیاءالدین طباطبایی https://rb.gy/9dcfbu

وەرزنامەی
# ئێرانناسی

# ڕانانی کتێب

رانانی کتێب

# کتێبی ئێراننامە

## وەرزنامەی ئێراناسی



**ناوی کتێب:**
**ئێراننامە؛ سیستەم، سیاسەت و کولتوور**
**نووسەر: هەردی مەهدی میکە**
**دەزگای چاپ: دامەزراوەی درەو میدیا**
**بابەت: سیاسەت، مێژوو، مێژووی هاوچەرخی ئێران، ئێراناسی**
**دیزاینی ناوەوە: ئارام عوسمان**
**بەرگ: شێرکۆ خانزادی**
**نۆرەی چاپ: یەکەم**
**شوێنی چاپ: چاپخانەی پاندا- سلێمانی**
**شوێن: سلێمانی – هەرێمی کوردستان- عێراق**
**ژمارەی سپاردنی بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانەکانی هەرێمی کوردستان ( ١٥٣٧) ٢٠٢٢**

کتێبی **ئێراننامە** لە نووسینی **د. هەردی مەهدی میکە** (توێژەری بواری مێژووی ئێران و مامۆستای زانکۆی سلێمانی)، گوزەر و خوێندنەوەیەکی شرۆڤەیی گشتییە و دەروازەیەکە بۆ ناسینی سیستەم، سیاسەت و سیاسەتی کولتووری ئێرانی ئێستا بە ئاوڕدانەوەیەك بۆ سەردەمی پەهلەوی و بەراوردکردنی دۆخی سیاسی و سیاسەتە کولتوورییەکانی هەردوو ڕژێمی پەهلەوی و کۆماری ئیسلامیی ئێران و لێکەوتە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی ئەم سیاسەتانە لەسەر دۆخی ناوخۆیی و دەرەکی ئێران.

**کتێبی ئێراننامە لە چوار بەشی سەرەکی پێکهاتووە:**

**بەشی یەکەم:** شیرازەی سیاسی و دەزگا دەوڵەتییەکانی ئێران.

**بەشی دووەم:** ئێران لە سەردەمی ڕەئیسیدا و شۆڕشێك لە قەیراندا.

**بەشی سێیەم:** مافی پێکهاتە نەتەوییەکانی نێو ئێران.

**بەشێ چوارەم:** ئێران و هاوسێکانی (پرسە هەنووکەییەکان).

نووسەر لە بەشی یەکەمدا سەرەتا ناساندنی بۆ ئەو دامەزراوە و دەزگا گرنگانەی کۆماری ئیسلامیی ئێران کردووە کە لە چوارچێوەی ناوەندەکانی بڕیاری کۆماری ئیسلامیی ئێران، ڕۆڵی سیاسەتڕێژی و ئاڕاستەکرنی سیاسەتە ناوخۆیی و دەرەکییەکانی ئێران دەبین. ڕێبەرِ باڵای ئێران وەك گەرەترین و بەهێزترین ناوەندی بڕیاری ئێران، ئەنجومەنی پاسەوانی دەستوور (شورای نگهبان)، ئەنجومەنی



شارەزایانی ڕێبەری (شورای خبرگان رهبری)، ئەنجومەنی دیاریکردنی بەرژەوەندییەکانی رژێم (مجمع تشخیص مصلحت نظام)، پەرلەمان و سوپای پاسداران لەو دامەزراوە و دەزگایانەن کە نووسەر ناساندن و شرۆڤەی بۆ پێگە و کاریگەریان کردووە. ئەمە جیا لەوەی هەر لەم بەشەدا پرۆسەی هەڵبژاردن لە کۆماری ئیسلامیی ئێران، سیاسەتی ڕاگەیاندن، هەروەها سیاسەتی پۆشاك وەك بەشێك لە سیاسەتی کولتووری خراوەتەر بەر لێکۆڵینەوە و لەم تەوەرانەدا نووسەر ئاوڕی لە سیاسەتی ڕاگەیاندن و کولتووریی ڕژێمی پەهلەویش داوەتەوە.

بەشی دووەم بۆ کابینەی ئیبراهیمی رەئیسی، سەرۆککۆماری ئێستای ئێرانی و قەیرانەکانی بەردەمی تەرخانکراوە. نووسەر لەم بەشەدا جەختی سەرەکی خستووەتە سەر بەڕێوەچوونی دوایین هەڵبژاردنی سەرۆککۆماری ئێران لە ساڵی (٢٠٢١)، شێوازی بەڕێوەچوونی هەڵبژاردن، ئەنجامی هەڵبژاردن دەرهاویشتەکانی و کاریگەریی لەسەر ئایندەی سیاسەتی ناوخۆیی و دەرەکی ئێران، پێکهاتە سەرەکییەکانی کابینەی ڕەئیسی و ئاسۆی گۆڕانکارییەکانی ناوخۆ لە سایەی کابینەی حکومەتی ئوسوڵگەرا.

بەشی سێیەم تایبەتە بە بابەتی مافی

**بەشی دووەم بۆ کابینەی ئیبراهیمی رەئیسی، سەرۆککۆماری ئێستای ئێرانی و قەیرانەکانی بەردەمی تەرخانکراوە. نووسەر لەم بەشەدا جەختی سەرەکی خستووەتە سەر بەڕێوەچوونی دوایین هەڵبژاردنی سەرۆککۆماری ئێران لە ساڵی (٢٠٢١).**

پێکهاتە نەتەوییەکانی ئێستای ئێران و بەتایبەتی کورد؛ شوێن و پێگەی کورد لە سیاسەتی گشتی ئێران، تێڕوانینی دەسەڵاتی ناوەندیی ئێران بۆ کورد، لەمپەر و ئاڵەنگارییەکانی بەردەم پێکهاتەی کورد لە ئێران بۆ بەشداری لە پرۆسەی سیاسیی ئێران، شوێنی پێکهاتەکان و لە نێویاندا کورد لە دەستووری بنەڕەتی ئێران، ئەو بابەتانەن کە لە بەشی سێیەم تیشك خراوەتە سەری.

بەشی چوارەم و کۆتایی، سیاسەتی دەرەکی و پەیوەندییە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکانی ئێران لەخۆ دەگرێت. گۆڕانکارییە نوێیەکانی ئەفغانستان و دەرکەوتنی تاڵیبان، سیاسەتی ئێران بەرامبەر ئەم پێشهاتە نوێیە، کێشە مێژوویی و چارەسەرنەکراوەکانی نێوان ئێران و دەوڵەتی ئازربایجان و ئاورێك لە ڕەهەندە مێژوویی و سیاسییەکانی ناکۆکییەکانی نێوان ئەم دوو دەوڵەتە، جەنگی قەرەباغ و شیکردنەوەی هەڵوێستی ئێران بۆ ئەم قەیرانە، کاریگەرییەکانی ئەنجامی شەڕی قەرەباغ لەسەر نفوزی ئێران لە قەوقاز و ململانێی ئازەربایجان و ئەرمینیا و ڕەنگدانەوەی لە کێشمەکێشەکانی ئێران و تورکیا لەم ناوچەیە و ڕۆڵی وڵاتانی وەك ڕووسیا و ئیسرائیل، تەوەرە گرنگەکانی بەشی چوارەمی لەخۆ گرتووە.

**کتێبی ئێراننامە بۆ خوێندکارانی بەشەکانی زانستە ڕامیارییەکان وپەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، هەروەها بەشی مێژوو سەرچاوەیەکی بەسوودە ودەروازەیەکە بۆ ئاشنابوونێکی پوختی سیاسەتی ناوخۆیی ودەرەکیی کۆماری ئیسلامیی ئێران و ناساندنی دەزگا وناوەندەکانی هێزلە ئێران وتێگەیشتن لە چۆنێتی ڕۆڵبینیان لە گۆڕەپانی سیاسەتی ئێران.**

کتێبی ئێراننامە بۆ خوێندکارانی بەشەکانی زانستە ڕامیارییەکان و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، هەروەها بەشی مێژوو سەرچاوەیەکی بەسوودە و دەروازەیەکە بۆ ئاشنابوونێکی پوختی سیاسەتی ناوخۆیی و دەرەکیی کۆماری ئیسلامیی ئێران و ناساندنی دەزگا و ناوەندەکانی هێز لە ئێران و تێگەیشتن لە چۆنێتی ڕۆڵبینیان لە گۆڕەپانی سیاسەتی ئێران، هەروەها تێگەیشتن لە ئێرانی ئێستا و گرنگترین ئەو ئاڵەنگاری و گۆڕانکارییانەی کە ڕووبەڕووی بۆتەوە و کاریگەریی لەسەر ئایندەی ئێران دەبێت.

وەرزنامەی
# ئێرانناسی

# چەمکناسی

# ئێرانشەهری

ئامادەکردنی: هەورامان فەریق



مشومڕێکی قووڵ و درێژخایەن سەبارەت بە ناوی "ئێران" و مێژوو و ڕەگوڕیشەی ئێران لە ڕووی مێژوویی، سیاسی، کۆمەڵایەتی و جوگرافییەوە هەیە. لەو شوێنەوە کە بابەتی سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزم و دەوڵەت و نەتەوە هێندە نوێیە کە ئیدی بیانوویەك بۆ مشتومڕ سەبارەت بە سەرهەڵدانی چەمکی ئێران وەك نەتەوە و دەوڵەت نامێنێتەوە، بەڵام نزیکەی چوار دەیەیە کە چەمك و تیۆری ئیرانشەهری لە لایەن نووسەری ئێرانیی سەید جەوادی تەباتەبایییەوە وەك هزر، ئایدیا و تیۆرێکی نوێ و بەتایبەت لە هزری سیاسیدا خراوەتەڕوو. هەر لەو کاتەوە ئەم تیۆرە ڕووبەڕووی دوو ئاڕاستەی یار و نەیار بووەتەوە. هەندێك لەوانەی کە زۆر لە خەمی ئێران و پاراستنیدان و بەشان وباڵیدا هەڵدەدەن، تا سەر ئێسقان پشتیوانی لە بۆچوونەکانی دەکەن و ئەوانەش کە ڕەخنە لەم جۆرە تیۆرانە دەگرن و پێیانوایە کە ئەم جۆرە تیۆرانە جگە لە "تەوەهومی مێژووی پرشکۆ"ی ئێران و جۆرێك ڕەگەزپەرەستی و ڕەتکردنەوەی "ئەویدی نافارس" شتێکیتر نییە. لەم کورتەباسەدا زۆر بەکورتی ئایدیای ئیرانشەهری بە واتا نوێیەکەی "هزری سیاسی" ڕوون دەکەینەوە.

تەباتەبایی لە تیۆرەکەی خۆیدا سەبارەت بە ئێرانشەهری کە نزیکەی چل ساڵ بەرلە ئێستا و لە کتێبی "دەروازەیەك بۆ هزری سیاسی لە ئێران" بڵاوی کردۆتەوە، هەروەها لە کتێبی "خواجە نظام الملك"، سەرنجی لەسەر چەند دەستەواژەیەکی سەرەکی چڕ کردووەتەوە. لەوانە: تایبەتبوونی و جیاوازبوونی ئێران، جیاکردنەوەی هزری ئێرانیی و هزری ئیسلامیی، هزری دینی نەتەوەیی، ئایدیای نوێ لە کۆندا، شوێنەوارگەرایی و جیاکردنەوەی ئێرانشەهری لە ناسیۆنالیزم. مەبەستی ناوبراو زیاتر "بەردەوامیی مێژوویی و کولتووریی ئێرانە لە دۆخی داڕووخانی وردەوردەی هزر و داڕمانی مێژوویی"دا.

تەباتەبایی ئاماژە بەوە دەکات کە ئامانجی لە هێنانەکایەی ئەم چەمکە لایەنێکی جیاکردنەوەیە لە نێوان ئێران و وڵاتانی دیکەدا کە ئەو دەرفەتە بە مێژوونووس دەبەخشێت کە بتوانێت تایبەمەندییەکانی ئەو وڵاتە ڕوون بکاتەوە. هەر بۆیە سەرەتا لە تاووتوێکردنی "هزری سیاسی خواجە نیزامولمولك و ڕاڤەی سیاسەتنامەکەیەوە دەست پێدەکات. ئەو ڕەخنە لە نووسەرانی وەك ڕۆزتال و لمتۆن دەگرێت کە پێشتر وەك ئێرانناسانی دیکە گومانیان دەکرد کە هەرچی لە سەردەمی ئیسلامیدا بەرهەم هاتووە دەبێت بێ ئەملاوئەولا "ئیسلامیی" بێت. لە دەیەکانی کۆتایی سەدەی پێنجەمدا گومانی تێدا نەبوو کە ئێران ڕێگای خۆی لە دەزگای خەلافەت جیا کردووە و ڕێگەیەکی جیاوازی گرتووەتە بەر. هەندێك لەو بزوتنەوانەی سەردەمی ئیسلامیی وەها دابڕانێکی لە نێوان ئێران و دەزگای خەلافەتدا دروستکردبوو، کە گەڕانەوەی ئێران بۆ مەیدانی خەلافەت ئەگەری نەبوو. هزری ئێرانشەهری دوو بەشی مێژووی ئێران، واتە سەردەمی کۆن و سەردەمی پاش ئیسلام پێکەوە دەبەستێتەوە و بەردەوامیی مێژوویی، کولتووری و هزریی ئێران گەرەنتی دەکات.

ئەو دەڵێت ئێرانشەهری ناوێکە کە ساسانییەکان بۆ قەڵەمڕەوی بەرفراوانی خۆیان بەکاریان هێناوە. بەڵام نایشارێتەوە کە ڕاستە سەدەیەك زیاترە ئێرانناسی و مێژوونووسی ئێرانیی گۆڕانکاری بەسەرهاتووە، بەڵام هێشتا سەرەتاکانی نووسینەوەی مێژوویەکی گشتگیر فەراهەم نەبووە. ئەوەی هەیە بەکارهێنانی ئایدیۆلۆژیا سیاسییەکانە سەبارەت بەو مێژووە.

یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی مێژوویی ئێران بەردەوامیی مێژوویی ئەم وڵاتەیە، کە طەبەری لە سەرەتای سەردەمی ئیسلامیدا ئاماژەی پێکردوە. هەربۆیە بەکارهێنانی ئەم جۆرە چەمکانە مەقولەیەکی ڕوونی مێژوویی نییە کە لەسەر بنەمای ناوی کۆنی ئێران لە فارسی کۆن و ئاڤێستادا، سەرەتا لە زمانی پەهلەوی ساساندا بەکارهات و ئەم بەکارهێنانە تا یەکەمین سەدەکانی قۆناغی ئیسلامیش بەردەوامی هەبوو. لێرەوە ڕەخنە لە هەندێك بیرمەند و مێژوونووس دەگرێت لەبەرئەوەی کە ناکرێت قۆناغێکی مێژوویی بەبێ لەبەرچاوگرتنی قۆناغی پێش ئەوە بنووسرێتەوە. بۆ نموونە ئەو کارەی کە ئابراهامیان قۆناغی دەستپێکی لە دامەزراندنی حیزبی تودەوە

دەستپێکردووە.

تەباتەبایی بۆ سەلماندنی تیۆرەکەی وەك خۆی بانگەشەی بۆ دەکات پەنا بۆ بەڵگەی مێژوویی دەبات، بۆیە یەکێك لەو بەرهەمانەی کە دەستی بۆدەبات بەرهەمەکانی شێخی تووسی (طوسی)یە. تووسی لەگەڵ ئەوەی کە شارەزای زانستەکانی سەردەم بووە و هەم زانستە ئاینییەکانیشی زانیوە، بەڵام کاتێك سەبارەت بە سیاسەت دوواوە مەبەستی نەتەوایەتی بووە. تووسی یەکەمین کەسە کە سەبارەت بە هزری ئیرانشەهری قسەی هەبووە و بە جیاکردنەوەی نیزامنامەی شەریعەت لە نیزامنامەی سیاسەت، ڕێگەی دروستکردنی دەوڵەتی لەسەر بنەمای نیزامنامە سیاسییەکان داناوە. بۆیە تەباتەبایی دەڵێت کاتێك کە من باسی ئیرانشەهری دەکەم بە واتای بەردەوامیی هزری ئێرانیی دێت لە سەردەمی ئیسلامیدا. من ئەم زاراوەیەم لە شوێنکی ترەوە قەرز نەکردووە، بەڵکو ئەم وشەیە لە هەموو سەرچاوە ئێرانییەکاندا هاتووە و لێرەدا شار بە واتای دەوڵەت و (ایرانشهر) بە واتای وڵات و دەوڵەتی ئێرانە. ئێرانییەکان تەنانەت کاتێك کە هێشتا ئایینزای شیعە بەرباڵو نەبووبووەوە، ئیرانشەهریانە بیریان دەکردەوە، واتە کێشە و لەپێشتریان بەڕێوەبردنی دەوڵەت بوو. هەڵبەت حوکمەکانیشیان جێبەجێ دەکرد، بەڵام بابەتی ئیرانشەهریش لە گرنگترین لەپێشترەکان بوو.

ئەو بەڵکە بۆ بەکارهێنانی ئەو چەمکە دەهێنێتەوە کە لە تاوتوێکردنی هەندێك لە شەریعەتنامەنووسە زۆر گرنگەکانەوە کە لە ناوچەی کولتووریی ئێراندا بوونیان هەبووە لە بەسرەوە تا بەغدا و خۆراسانی گەورە، هیچ نووسەرێك نابینرێت کە سەبارەت بە خەلافەت قسەی کردبێت، چونکە بونیادی بیرکردنەوەی ئێمە لەتەك خەلافەتدا بە هیچ شێوەیەك سازگار نییە.

بەڕای تەباتەبایی ئێران هەر لە سەرەتاوە وڵاتێکی جیاواز و خاوەنی سیستەمێکی هزریی جیاواز لە جیهانی عەرەب بووە. ئیرانشەهر واتە ئێرانی گەورەی کولتووریی و ئەم سنوورە جوگرافییە لە بوخاراوە تا شام و میسری گرتووەتەوە. ئێران واقعییەتێکی مێژووییە و بەهیچ جۆرێك ئەم چەمکە دروستکراوی ڕەزاشا نییە و هەرکەس ئەو قسەیە دەکات نازانێت کە تا سەردەمی ڕەزاشا لە زمانە ئەوروپییەکاندا بە (پێرشیا) ناوی هاتووە و دواتر دەگەنەوە ئەو ئەنجامەی کە ئەم (پێرشیا) یە لە دۆخی جوگرفیای سیاسیی ئێراندا بەشێکە لە فارس و بۆیە پێشنیازی ئەوەیان کرد کە وشەی ئێران کە لانیکەم (٢٠٠٠) ساڵ مێژووی هەیە بەکار بهێنن.

تەباتەبایی بۆ سەلماندنی بۆچوونەکانی پەنا بۆ زۆر بەڵگە دەبات، لەوانەش بەکارهێنانی سەدان جاری وشەی ئێران لە شانامەی فردەوسی و بەرهەمە کۆنەکانی تردا بەڵگەیە لەسەر ڕاستییەکی ئاڵۆز کە بە ئاسانی ناتوانرێت نکۆڵی لێبکرێت و بەکارهێنانی هاوشانی چەمکی کۆنی "ڕەگەز" بە ڕەگەزپەرستانە پێناسە بکرێت. ئەوەی جێی تێڕامانە بەکارهێنانی وشەی ڕەگەز بەو واتا بایۆلۆجییە نییە

کە لە ئەدەبیاتی ئەورووپیدا بەکارهاتووە. هەر بۆیە ئەو هێرشی توند دەکاتە سەر ئەو کەسانەی کە نەیاری ئێرانشەهرین و پێیوایە کە ئەو کەسانە ئامانجگەلی ستراتیژیی دیکەیان هەیە کە بریتییە لە لاوازکردنی یەکگرتوویەك کە لە وڵاتدا هاتووەتە ئاراوە. ئەمە یەکگرتوویەکە کە لە زۆر جێگەی دنیادا و بەتایبەت لە وڵاتانی دراوسێدا وەك ئەفغانستان و عێراق نەهاتووەتە ئاراوە. سعودیە و سوریا بە وڵات نازانێت. پێیوایە کە ئامانجی سەرەکی نەیاران لاوازکردنی ئەو یەکگرتوویەیە کە بە شێوەیەکی سروشتی لە مێژووی گۆڕانکاریی ئێمەدا بەدی هاتووە. نەیارەکان بە دوای بەرژەوەندییە مافیاییەکانی خۆیانەوەن.

هەر لێرەوە ناوبراو ڕووبەڕووی کۆمەڵێك ڕەخنە دەکرێتەوە. هەندێك لە ڕەخنەکان هەڵێنجاوی خودی بۆچوونەکانی ئەون. بۆ نمونە ئەو خۆی ئاماژە بەوە دەکات کە کاتێك سەبارەت بە جیابوونەوەی هزری ئێرانیی لە هزری ئیسلامیی دەدوێت باس لەوەش دەکات کە هێشتا نەیانتوانیوە وردەکارییەکانی ئەم بۆچوونە بە تەواوی بخەنەڕوو.

هەروەها جیاوازی دەکات لە نێوان ئایینداریی ئێرانییەکان و ئایینداری موسوڵمانانیتر و بانگەشەی ئەوە دەکات کە ئایینداریی ئێرانییەکان بەشێك بووە لە کولتووری "نەتەوەیی" ئێرانییەکان، بەڵام دەستەوەستانە لە ڕوونکردنەوەیەکی ڕون سەبارەت بە پێناسەی "نەتەوایەتی"ی ئێرانیی و خۆشی ئاماژەی پێکردووە.

لە کۆتاییدا دەبێت ئاماژە بە گرنگترین ڕەخنە بکەم کە ڕووبەڕووی تیۆرەکەی تەباتەبایی دەبێتەوە ئەویش پەیوەستکردنی بابەتی ئێرانشەهرە بە نەتەوە و نەتەوایەتی و ناسیۆنالیزمەوە. بە قسەی تەباتەبایی بێت مێژووی ئێران دەگەڕێتەوە بە سەردەمانێکی زۆر پێش ئیسلام و سەردەمی زەردەشت، یان بوونی هەستی نەتەوایەتی ئێرانیی لە سەدەی سیانزەی زایینییەوە، بەڵام نابێت ئەوەمان لەبیر بچێت، نەتەوە بە واتا نوێیەکەی، ناسیۆنالیزم وەك بزووتنەوەیەکی مۆدێرن و هۆشیاری نەتەوەیی جگە لەوەی کە بەرهەم و زادەی ئەورووپان، لە سەدەی هەژدەی زایینییەوە دەرکەوتوون و پێش ئەو سەردەمە ئەم چەمکانە بوونیان نەبووە. هەر لەڕێوە تیۆری ئێرانشەهری تەباتەباییش لەرزۆك و فشۆڵ دێتەپێشچاو و ڕەنگە بخرێتە چوارچێوەی ئەو ڕەخنانەوە کە خۆی ئاڕاستەی نەیارەکانی دەکات.

**• بۆ نووسینی ئەم بابەتە سوود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە:**

١- رسالەای دربارە مفهوم ایرانشهر از جواد (tarikhirani.ir)
٢- ایران به عنوان ایرانشهر / جواد | مرکز دائرةالمعارف بزرگ اسلامی (cgie.org.ir)
٣- فیرحی داود (١٣٩٩)، ئیرانشەهری و مسالەی ایران، فصلنامه دولت پژوهی، مجله دانشکده حقوق و علوم سیاسی، سال پنجم، شماره ١٢ ، بهار ٢٣١١ ، صفحات ١٢ ٢، ص٤.
٤- طباطبایی، سیدجواد (١٣٩١)، ابن خلدون و علوم اجتماعی، تهران: ثالث.ص١٤١
٥- محامد تبریز عطا (١٣٩٦)، ایرانشری، عامل بقا یا استبداد؟ درنگی در آراء سید جوادطباطبایی و محمد علی همان کاتوزیان، فصلنامەی انجمن ایرانی مطالعات فرهنگی و ارتباطات، سال سیزدهم، شماره ٤٧، ص٨.

# هەندێک لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی





سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی
مرکز الدراسات المستقبلیة
Center For Future Studies

ڕاتانی ئایندەیی ژمارە (٥)

ئایندەی گفتوگۆ و ڕێککەوتنەکان
سێکوچەکەی هەولێر - بەغدا - واشنتۆن
دەرفەت و کۆسپەکان

سلێمانی
مۆزەیران 2020

www.centerfs.org


سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی
مرکز الدراسات المستقبلیة
Center For Future Studies

ڕاتانی ئایندەیی ژمارە (١)

ئایندەی عێراق و هەرێم
لە گێژاوی پرسە هەنووکەییەکاندا!

خۆپیشاندان، پێکهێنانەوەی حکومەت، پرۆژەی هەرێمی سوننەنشین و کشانەوەی ئەمریکا

شوبات ٢٠٢٠

www.centerfs.org


سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی
مرکز الدراسات المستقبلیة
Center For Future Studies

قراءات مستقبلية رقم (٥)

مستقبل الحوارات والاتفاقيات
ثلاثية أربيل - بغداد - واشنطن
الفرص و المعوقات

السليمانية
مزيران ٢٠٢٠

www.centerfs.org


سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی
مرکز الدراسات المستقبلیة
Center For Future Studies

ڕاتانی ئایندەیی ژمارە (٢)

پرسە دژوارەکانی هەرێمی کوردستان و ئایندەی چاکسازییان

ڤایرۆسی کۆرۆنا و ئاسایشی تەندروستی، کۆنگرەکان و دیموکراسیی ناوخۆیی پارتە سیاسیەکان

ئازار ٢٠٢٠

www.centerfs.org



English
کوردی
العربية
دەربارەی ئێمە
توێژەران


Center For Future Studies
رانانی داهاتووی ژمارە (٣)
ململانێ ئەستەمەکان لە عێراق و هەرێمی کوردستان
شیعە و پێکهێنانەوەی حکومەت، ناناوەندێتی، چارەنوسی دیلەکانی داعش
نیسان ٢٠٢٠
www.centerfs.org


Center For Future Studies
رانانی داهاتووی ژمارە (٤)
حکومەتی نوێی عێراق و قەیرانی ئابووریی هەرێمی کوردستان
لەمپەر و سیناریۆکان
ئایار 2020
www.centerfs.org


الدراسات السياسية و الأمنية
مجلة معتمدة يصدرها مركز الدراسات المستقبلية
ISSN: 2617-0949 (Online) ISSN: 2617-0930 (Print)
DOI: https://doi.org/10.31271/jopss
Issue DOI: 10.31271/020419
دور النخبة السياسية في تأزيم السلم الأهلي في العراق بعد عام ٢٠٠٣ ١١
المقومات الاقتصادية الادارية والسياسية لبناء الدولة: العراق حالة دراسية للمدة (٢٠١٣-٢٠١٧) ٧٧
رۆڵی نەوتی کەرکوک لە دابەشکردنەوەی خاکی کوردستان لە مێژووی هاوچەرخدا ١٧٩
Actors, Conflict, and Competition in Iraq's Disputed Territories After the Islamic State: The Cases of Northern Diyala and Eastern Salahaddin 205


Center for Future Studies
قراءات مستقبلية رقم (٥)
مستقبل الحوارات والاتفاقيات
ثلاثية أربيل – بغداد – واشنطون
الفرص و المعوقات
السليمانية
حزيران ٢٠٢٠
www.centerfs.org



THE FUTURE OF
KIRKUK
between
Erbil and Baghdad
2017-2018



ململانێ ئەستەمەکان لە عێراق و هەرێمی کوردستان
نیسان 2020
www.centerfs.org


سەرهەڵدانەوەی
گرووپە تیرۆریستییەکان
لەناوچە جێناکۆکەکان
2019


ئایندەی کەرکوک
لەنێوان هەولێرو بەغدا


ئایندەی عێراق و هەرێم
لە کێزاوی پرسە هەنووکەییەکاندا
www.centerfs.org


The Reemergence of the
Terrorist Groups
in the Disputed Territories
2019


الدراسات السياسية و الأمنية
مجلة معتمدة يصدرها مركز الدراسات المستقبلية


پرسە دژوارەکانی هەرێمی کوردستان و ئایندەی چاکسازییان
www.centerfs.org


انتعاش الجماعات الارهابية
في المناطق المتنازع عليها
2019





























وەرزنامەی

# ئێرانناسی



CFS

Center for Future Studies

گۆڤارێکە گرنگی بە توێژینەوەی سراتیجی و ئایندەیی سەبارەت
بە ئێران دەدات، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی دەریدەکات

ژمارە (٤)، ساڵی یەکەم، تەممزوی ٢٠٢٢